


بەراوردێك لەنێوان

# قورئان و زانستدا

تەها وەهاب

# بەراوردێک

# لەنێوان قورئانو زانستدا

نووسینی:

تەهاوەهاب

**پێشکەش بە قوتابیانو خوێندکارانی کوردستان، بەو هیوایەی بە پەرۆشەوە لە هەوڵی یەکلایی کردنەوەی ئەو دووفاقیە زانســـتی ئاینیەدا بن کە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئێستای کوردستاندا بوونی هەیە.**


ناوی کتێب: بەراوردێک لەنێوان قورئانو زانستدا

نوسینی: تەها وەهاب

بەرگ: ئارام عەلی

هەڵەچن: عەتا سەقزی

تیراژ:

نرخ:

چاپ: چاپخانەی ئاوێنە

چاپی یەکەم - ساڵی ٢٠٠٩

ژمارەی سپاردن: ژمارە ١٤٢٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

# پێشەکی

کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان، بە حوکمی موسڵمانبوونی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی، ماوەی زیاتر لە چواردە سەدەیە لە ژێر کاریگەرییەکانی ئاینی ئیسلامدایە.
کولتوری ئیسلام لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا رەنگدانەوەو ئامادەیی هەیە. لایەنەکانی ئابوریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، پەروەردەو زانست، یاساو حوکمو رەوشتو سەرجەم نەریتەکانی کۆمەڵگاکەمان بە بیروبۆچوونەکانی ئاینی ئیسلام موتوربەکراون. کورد جگە لەوەی لەو ماوە دوورو درێژەدا، بۆ چارەنووسی خۆی وەک نەتەوە، نەیتوانیوە سوودێک لە موسڵمانبوونی خۆیو ئاینی ئیسلام وەرگرێت، لە زۆر رووی دیکەشەوە ئاینی ئیسلام هۆیەکی سەرەکی بووە لە بەدواکەوتوویی هێشتنەوەو بە داخراوی مانەوەی کۆمەڵگای کوردستاندا. بە تایبەت لە سەردەمی سەرهەڵدانی زانستی نوێوە تاکو ئێستاش، کورد نەیتوانیوە سنورێک بۆ رێگرییەکانی بەردەمی کۆمەڵگاکەی خۆی دابنێتو هەنگاوی پێویستو دروست لە بونیادی هەمەلایەنەی خۆیدا بەرێتەپێشەوە.
ئێستا گەلی کورد لە کوردستانی باشوور کە هەلومەرجێکی مێژوویی گرنگو لەباری بۆ رەخساوە، ئەوە ماوەی حەڤدە ساڵە خۆی حوکمی خۆی دەکاتو کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، دیسان وەک پێویست سوودمان لەم دەرفەتە مێژووییە وەرنەگرتووە. بۆ نموونە سیستەمی پەروەردە وەک لایەنێکی گرنگو کاریگەر لە سەر هەموو لایەنەکانی دیکەی بونیادی شوناسو داهاتووی کۆمەڵ، هێشتا هەر هەمان سیستەمە کۆنەکەیەو بەرنامەکانی خوێندن لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، دەستێکی ئەوتۆی گۆڕانی بۆ نەبراوە.
قوتابییانو خوێندکارانی کوردستان جگە لەوەی کە خۆیان لە خێزانو کۆمەڵدا لە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدان، لە قوتابخانەش هەر لە پۆلەکانی سەرەتاییەوە وانەی ئاینییان دەدرێتێو مێشکی منداڵان هەر لەو تەمەنەوە دەخرێتە ژێر باری قورسی دەقی ئایەتەکانی قورئان بە زمانی عەرەبی.
لە قۆناغەکانی ناوەندییو ئامادەییشدا، هاوڕێ لە گەڵ وانەزانستیەکانی وەک: فیزیا، کیمیا، زیندەوەرناسی، کۆمەڵناسیو...هتد، وانەی ئاینیش دەخوێنن!.
ئەوان لە لایەک لە وانەی فیزیادا سەبارەت بە گەردوون ئەو زانیارییە زانستیە وەردەگرن کە، پێکهاتەکانی لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا دروستبوون. بە هۆی هێزی راکێشانی نێوانیانەوە، پەیوەندیو سیستەمی سوڕانەوەیان هەمیشە بەردەوامە.
لە وانەی کیمیادا، لە پێناسەی ماتریاڵدا ئەوە فێر دەبن کە ماتریاڵ بریتییە لە هەموو شتێک جێگایەکی لە بۆشاییدا داگیرکردبێتو کێشی هەبێت. ماتریاڵ هەرگیز لە ناوناچێتو لە هیچەوە دروست نابێت.
لە وانەی زیندەوەرناسیشدا، سەبارەت بە پەیدابوونی مرۆڤ ئەوە فێر دەبن کە مرۆڤ بەر لە

ملیۆنەها ساڵ لە ئەنجامی گەشەسەندنی گیانەوەری دیکەی نزیکی مرۆڤ پەیدا بووە. مرۆڤی سەرەتا هوشیارییان نەبووە، بەڵکو لە تاقیکردنەوەکانی ژیانی رۆژانەی بە کۆمەڵدا، زمانو هوشیارییو زانستیان پەیدا کردووە.

کەچی لە لایەکی دیکەوە مامۆستای وانەی ئاین دێتو، بە پێچەوانەی هەموو ئەو وانە زانستییانەوە قوتابیان فێر دەکات کە خودا گەردوونو هەموو زیندەوەرانی لە ماوەی شەش رۆژدا دروست کردووە! . پێیان دەڵێت هەر لە سەرەتاوە خودا مرۆڤی بە رێکوپێکیو ئەقڵو هوشیارییەوە ئافراندووە! . لە رۆژی قیامەتدا، خودا خۆی نەبێت هەموو گەردوون بە جارێ لە ناو دەبات!!.

هەروەها لەوانەی ئایندا قوتابیان وەها تێدەگەیەنرێن کە، هەموو زانستەکانی مرۆڤ لە دەقی ئایەتەکانی قورئانەوە وەرگیراون!.

بەڵێ، لە سیستەمی پەروەردەی کوردستاندا هێشتا خوێندکاران دووچاری ئەم دووفاقیو دۆگما پەروەردەییەن. ئەمە هۆیەکی سەرەکی داخرانی مەعریفیو داخستنی دەرگاکانە بە رووی ئەقڵو بیرکردنەوەی زانستیدا.

ئەوەی زیاتر بۆ نووسینی ئەم کتێبە منی هاندا، رەخنەگرییە لەو سیستەمە نادروستەی ئێستای پەروەردە لە کوردستان کە ئاینو زانستی لەوانەکانی قوتابخانەدا هاوجووتو ئاوێزانی یەکترکردووە. هەروەها رەخنەگرییە لەو دیدە کە پێیوایە هەموو زانستەکان لەقورئانەوە وەرگیراون. لەم نووسینەدا گەڕاومەتەوە بۆ دەقی ئایەتەکان، نموونەم لێوەرگرتوونو لە گەڵ تیۆرو بەڵگەکانی زانستی نوێدا بەراوردم کردوون. بە گوێرەی توانا لەو هەلومەرجو زەمینەیە دواوم کە ئایەتەکانی قورئانی تێدا هاتوونەتە بەرهەم. لەوێوە ناکۆکییەکانی نێوان قورئانو زانستم لە بواری جیاجیادا باس کردووە. ئەمە پەیامی راستەوخۆو سەرەکی ئەم کتێبەیە.

لەرێگای دەرخستنی ناکۆکییەکانی نێوان قورئانو زانستەوە، دەمەوێت قوتابیانو خوێندکارانی کوردستان هان بدەم بۆ پرسیارو گومانو رەخنەگرتن.. رەخنەگرتن لە پەروەردەکردنی نازانستییانەیان.. رەخنەگرتن لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستان، کە لەپشتی سیستەمی پەروەردەیەکی ئاوا ناکۆکدایە.

**تەهاوەهاب**

**سێپتامبەری ٢٠٠٨/ هۆڵەندا**

# لێکدانەوەی مانای هەندێک وشە:

ئافراندن: خولقاندن
راڤەکردن: لێکدانەوە
قەڵش: درز
هەستوندەک: کۆڵەکە
هەیڤ: مانگ
رۆزی: بژیو، خۆراک
پەروەرندە: خودا، پەرستیار
بەژ:وشکانی
رکە: پێشبڕکێ، کێ بەر کێ
جەخت: سووربوون لە سەر
پەل پەل کردن: پارچەپارچەکردن
دەئاژوێ: دەبزوێنێ
تەیرۆکان: تەرزە
توخن کەوتن: نزیک کەوتنەوە
جووتە: جووتەی نێرو مێ
یەکتاپەرستی: یەک خوداپەرستی
مریان: مردووان
پاتاڵ: مەڕوماڵات
وڵسات: ئاژەڵ
هەرگا: هەرجار، هەرکات
زوها: وشکە
غەیب: نادیار
رۆژی سەڵا: رۆژی کۆتایی، رۆژی قیامەت
گومڕا: ئەو کەسەی رێی هەڵەی گرتووە
هەڵاواردن: جیاکردنەوە
نەوی کردن: دانەواندن
فرزەند: نەوە،وەچە
تۆرەمە: رەچەڵەک، بنەڕەت
کارلێک: کارتێکەر

ڕامان: سەرنجدان، لێوردبوونەوە
چێ بوون: دروستبوون
لاک: لاشە، جەستە. زیاتر بۆ ئاژەڵ بە کار دێت.
سەر ژێ کردن: سەربڕین
گۆارا: چارەسەر، شیفا
تراو: شلەمەنی
پۆشەن: هەر شتێک بۆ داپۆشین بەکار بهێنرێت
هێلکۆکە: هێلکەیوردو بچووک
کەنیزەک: ئافرەتی بە دیلگیراو
نەست: ئاوەزی ناوەکی
قوتار: رزگار
مشە: زۆر
شلێتو پلێت: تێکەڵو پێکەڵ
موعجیزە: پەڕجوو
سەیوان: چەتر
کەوی: دەستەمۆ
نگۆرە: ئێوارە
هەڕەت: سەردەم
حەڕی: قوڕ
بل: جگە، بێجگە
شەوڕۆیی: بە شەو رۆیشتن
یاری: یارمەتی
وەکۆ بن: کۆببنەوە
گوێزینگ: رەقیانەی قاچ
پێشاو: ئاودەست
چارەوێ: ئاژەڵی بارهەڵگرتنو سواربوون
زۆزان: کوێستان
خودان: خاوەن
ڕەنێو: بەرهەم

لجەم: لە کن، لە لا
جەلە کردن: شەتەکدان، بەستنەوە
نەواڵ: شیوو دۆڵ
گەمی: کەشتی
قەتیس: وەستاو
غەنیمەت: دەسکەوت
تەرز: شێوە
پەسن: ستایش، پێداهەڵگوتن
پندر: کزر، توندبوونەوەی شلەمەنی، زیاتر بۆ خوێن بەکار دێت.
شلوێ: لیخن، لێڵ
شب: چون، وەک
گەوچن: هەرچی بە ئەڵقە چنرابێت.

# دەروازە

پێش ئـــەوەی بچینە ناو باسو بابەتەکانی شـــیکردنەوەو بەراوردکارییو دەستنیشـــانکردنی جیاوازییو ناکۆکییەکانی نێوان قورئانو زانســـت، باشـــتروایە بۆ کردنەوەی دەرگای باسەکە، کورتە روونکردنەوەیەک بۆوەبیرهێنانەوەو زیاتر ناســـاندنی دەستەواژەکانی: زانست، قورئان، زانستەکانی قورئانو زانایانی ئیسلام بدەین.

## زانست چییە؟

زانســـت بریتییە لەدەسکەوتەکانی هزرو هوشیارییو داهێنانەکانی مرۆڤایەتی لە سەر ئاستی جیهان، لە بوارەکانی ژیانو سروشتو گەردووندا.
بەهۆی زانستەکانەوە مرۆڤ توانیویەتی بە شێوەی وردو بابەتیی بچێتە بنجو بناوانی دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی سروشتو کۆمەڵو بۆ خزمەتی ژیانو مرۆڤایەتی دەستیان بۆ ببەن. زانستەکانی مرۆڤایەتی گەلێک بوارو رشتەی جۆراوجۆری فراوانی گرتۆتەوە، بۆ نموونە:
زانســـتەکانی فیزیـــا، کیمیا، گەردووناســـی، زیندەوەرزانی، کۆمەڵناســـی، دەروونناســـی، پزیشـــکیو....هتد. هەر یەکێک لەو بوارانەش چەندین بوارو رشـــتەی جیاجیای دیکەیان لێ دەبێتەوە. ژیانو سروشتو گەردوون خۆیان سەرچاوەو بۆتەی هەموو زانستەکانن. تایبەتمەندی سەرجەم زانستەکانیش ئەوەیە بەردەوام لە گۆڕانو نوێبوونەوەو پێشکەوتندان. بەم پێیە هیچ زانســـتێک ســـنوورێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەموو زانســـتەکان رێژەیین، لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامی سروشـــتو ژیاندا، مرۆڤ پەرەیان پێدەدات، یانی هـــەمیشـــە لەحاڵەتی گۆڕانو پەرەسەندنێکی بێ کۆتاییدان.

## قورئان:

قورئـــان لـــە چەند ئایەتێکدا ئاوا پێناســـەی خۆی دەکات: - (تنزيل الكتـــاب من الله العزيز الحكيم)الزمر/١.
واتا: (نازڵ بوونی ئەم کتێبە«قورئان»لەلایەن خوای عەزیزو حەکیمەوەیە).
- (كتاب انزلناه اليك لتخرج الناس من الظلمات الى النور)ابراهيم/١.
واتا: (ئەمە کتێبێکە بۆ تۆمان نازڵ کردووە تا خەڵک لە تاریکاییەوە بەرەو رووناکی ببەی).
-(كتاب ربك لا مبدل لكلماته)الكهف/ ٢٧.
واتا: (هیچ کەسێ نییە بتوانێ قسەکانی خودا بگۆڕێ).
مانای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوە پێناسەیەکی روونی قورئان بەم جۆرەی خوارەوە دەدەن بە

دەســـتەوە: (قورئان قســـەی پیرۆزی خودایە، لە خوداوە بۆ محەمەدی پێغەمبەر وەحیکراوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ ڕێگای ڕووناکی ئیســـلام ڕێنوێنی بکات. قورئان کتێبێکی هەمیشەییە، فەرمانو باسو ئەرکو حوکمەکانی هەتاهەتایین.

ســـورەتو ئایەتەکانی بە هیچ شـــێوەیەک لە لایەن مرۆڤەوە گۆڕانو دەســـکاری هەڵناگرن.. یانـــی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤ لە هەموو ســـەردەمە جیاوازەکاندا دەبێت بە بێ هیچ گومانو دوودڵییەک ســـەرجەم ئایەتەکانی قورئانیان وەک بەرنامەی نەگۆڕو هەمیشەیی بۆ سەرتاپای لایەنەکانی ژیان قبوڵ بێتو بە کردەوە جێبەجێی بکەن)١.

لەواقیعدا قورئان کتێبیکی ئاینییە، یانی بڕواو ئیمانە نەک زانست. بەرنامەی ئاینی موسڵمانانە، لەزۆر لایەنی ژیانو بوون بە گوێرەی ئاستی هوشیارییو رۆشنبیریی سەردەمەکەی خۆی قسەی کردووەو گەلێک بابەتی جۆراوجۆری بە خۆوەگرتووە، بۆ نموونە:

- ئەفسانەی کۆنو داستانو بەسەرهاتەکانی پێغەمبەرانو ئاینەکانی دیکەی پێش ئیسلام.
- بیروباوەڕەکانی ئاینی ئیســـلام سەبارەت بە یەک خوداناسی، تواناو دەسەڵاتی ڕەهای خودا، حەڵاڵو حەرام، رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوەی ئەودنیا، بەهەشتو پاداشت، دۆزەخو شێوەکانی عەزاب، فریشتە، جنۆکە، شەیتان، موعجیزەو..........هتد.
- بابەتی رەخنە لە هەندێک لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای پێش ئیسلام
- هەندێک چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو سەردەمە.
- ململانێی سیاسی لەگەڵ نەیارانو ئـــاینەکـــانی دیکە بـــۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام.
- بابەتی ئەرکو فەرزو رەوشتە ئیسلامییەکان.
- بابەتی بڕیارو یاساو حوکمە ئیسلامیەکان.

- هەروەها ئەگەر بەوردی قورئان بخوێنینەوە، لە باسو بابەتەکانیدا رەنگدانەوەیەکی ئاستی زانســـتەکانمان بە گوێرەی ئەو ســـەردەمە بۆ روون دەبێتەوە. لە بەشـــەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا باسی ئەم بابەتە دەکەین.

قورئان لەلایەک بە هەلومەرجو زەمینەی مادیو رۆحی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی خۆی ئاشـــنامان دەکات، لەلایەکی دیکە بەرنامەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام بۆ کۆمەڵگای عەرەبســـتان خوازیاری بووە، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەســـەڵاتی ئیسلام بەڕابەری محەمەد بە ئەنجامی گەیاندووە لە سورەتو ئایەتەکانیدا دەخوێنینەوە.

خاڵێکی دیکە کە شـــایانی باسە لەســـەر قورئان ئەوەیە (بە گوێرەی ئایەتەکان) قورئان بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە: - (ومن یبتغ غیر الأسلام دینا فلن یقبل منه) آل عمران/٨٥. واتا: (وە هەرکەسێ بێجگە لە ئیسلام دینێ تر هەڵبژێرێ، هەرگیز لێی قەبوڵ ناکرێ).

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چواردە ســـەدە بە ســـەر نووســـینو ئامانجێک کـــە لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا راگەیەندراوە، یانی ئەوە کە ئاینی ئیســـلام دەبێ ببێتە ئاینی تاقانەو هەمیشەیی

سەرجەم مرۆڤایەتیو قورئانیش ببێتە بەرنامەی ژیانو بیروباوەڕیان! دەبینین هەروا بێ ئاکام ماوەتەوە.

ئەمـــە بەڵگەیەکی واقیعییە کە ئیســـلامیش ئاینێکـــە وەک ئاینەکانی دیکـــەی کۆنو نوێی کۆمەڵـــگای مرۆڤ، قورئانیش کتێبێکە وەک کتێبە پیرۆزەکانی هەر ئاینێکی دیکە. کۆمەڵێک مرۆڤ بڕوایان پێی هەیەو کۆمەڵێکی زۆری دیکەش بڕوایان پێی نییە.

قورئان ئەگەرچی خۆی ســـورەتو ئایەتەکانی بە هەمیشـــەیی دەزانێت! بەڵام زانیارییەکانی تایبەتن بە سەدەکانی پێش زانست، هەر بۆیە بۆچوونەکانی لە گەڵ گۆڕانو بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی ژیانو سروشـــتو گەردووندا، هەروەها لە گەڵ زانســـتەکانی مرۆڤایەتیدا تووشـــی ناکۆکیو دواکەوتوویی‌و بەجێمان هاتووە.

لـــە خوێندنەوەی هەردوو پێناســـەی زانســـتو قورئاندا، ناکۆکییەکـــی بنەڕەتی لە میتۆدی لێکدانەوەیاندا ڕووندەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە:

زانســـت دەیەوێت ژیانو سروشـــتو گەردوون وەک خۆیان لەواقیعدا، چۆن هەمیشە لە حاڵی گۆڕانو پەرەســـەندندان، بە شـــێوەیەکی بابەتی ببینێتو لێیان بکۆڵێتەوە. بەڵام قورئان بە پێچەوانەی زانســـتەوە ناوەرۆکی ســـورەتو ئایەتەکانی بۆ هەمیشـــە داڕێژراونو هیچ گۆڕانو خوێندنەوەیەکـــی نوێ بۆ ســـەردەمە جیاوازەکانو ئاڵوگۆڕەکانی ژیانو سروشـــتو گەردوون هەڵناگرن. هەر بۆیە بۆچوونەکانی قورئان لەو بوارانەدا لەگەڵ سەردەمانی دوای سەردەمەکەی خۆی نەهاتۆتەوەو تووشـــی ناکۆکـــیو دواکەوتوویی‌و بەجێمان هاتووە. لـــە ململانێی نێوان زانستو ئاینەکاندا بەگشتی، هەتا هاتووە دەسکەوتەکانی زانست زیاتر کۆمەڵایەتی بوونەتەوەو ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی رووڵەسەرترو رۆڵی ئاین لە دەسەڵاتو ژیانی کۆمەڵگاکاندا کاڵتر بۆتەوە.

## زانستەکانی قورئان:

لە مێژووی ئیســـلامدا، بەتایبەت لە ســـاڵانی کۆتایی ســـەدەی دووەمی کۆچی بەدواوە تاکو ئێســـتا، بڕوادارو شـــارەزاکانی ئیســـلام چەندین بواریان بۆ لێکۆڵینەوەو راڤەکردنی شێوەی داڕشـــتنو ناوەرۆکی سورەتو ئایەتەکانی قورئان دەستنیشان کردووە. بەدرێژایی ئەو مێژووە دەیانو ســـەدان کتێبو دانراو لەو بوارانەدا نووسراون. بەشـــێک لەو بوارانەیان راستەوخۆ لە باسو بابەتی ئایەتەکانی قورئان وەرگرتووە، وەک: مەحکەمو موتەشـــابیە، ناسخو مەنسوخ، ئایەتەکانی ئەحکامو...هتد. هەندێکی دیکەشـــیان بە گوێرەی شـــارەزاییو پسپۆری خۆیان، بـــواری دیکەیان لێ هەڵهێنجاوەو لێکۆڵینەوەیان لەســـەر ئایەتەکانـــی قورئان کردووە، وەک: ئەسباب ئەلنزول، ئیعجاز، ئیعراب، تەجوید، راڤەکاریو رەوانبێژی و...هتد.

شـــایانی باسە ســـەرجەمی نووســـەرانی ئیســـلام لە کۆنەوە ئەو بوارانەیان بە (زانستەکانی

قورئان) ناســـاندووەو هەموو ئەو بیریارو نووسەرانەی ئیسلامیشیان بە (زانایـــانی ئیســـلام) نـاوزەدکــردووە. لەواقیعدا بەکاربردنی ئەو دوو دەســـتەواژەیە (زانستەکانی قورئان، زانایانی ئیســـلام) لــــە رووی ماناو ناوەرۆکـــەوە هیچ لە جێی خۆیانـــدا نین. چونکە نە ئـــەو بوارانە زانســـتینو نە قورئانیش زانستە. لە هیچ سورەتێکی قورئاندا باسێکی زانستی دروستو روون لەسەر لایەنێکی ژیانو سروشـــتو گەردوون نەکراوە. هەموو ئەو بوارو لێکۆڵینەوانەش کە بە زانســـتەکانی قورئان ناوبراون، زیاتر ڕاڤەکردنی ناوەرۆکو شـــێوەی دارشتنی ئایەتەکانو لە چوارچێوەی دیدو بۆچوونەکانی قورئان تێپەڕیان نەکردووە.

بۆ نموونە: بواری تەفســـیری قورئان، کە تا ئێســـتا ســـەدان کتێبی لە سەر نووسراوە، هەر لە روانگەی خودی قورئانەوە ئایەتەکانی قورئان شـــیدەکاتەوەو مەبەستەکانی بۆ موسڵمانان روونده‌کاتـــەوە بـــۆ ئەوەی تێبگـــەنو جێبەجێی بکەن. هیچ یەکێک لەو زانایانەی ئیســـلام، تەنانەت لە یەک خاڵیشـــدا، نەک لەسەر ناوەرۆکی ئایەتەکان، بەڵکو لەسەر شێوەی دارشتنو زمانەوانیـــش، بـــە درێژایی مێژووی ئیســـلام بۆیان نەبووە رەخنەیەکی بچووک لە ســـنووری لایەنگریو بڕواداری خۆیاندا لە قورئان بگرن. ئەگەر حاڵەتێکی وەهاش زۆر بە کەمی روویدابێت، ئەوا رەخنەگرەکە بە لادەر لە ئیسلامو بە کافر هاتۆتە ئەژمارو حوکمو سزای خۆی وەرگرتووە. هیچ زانایەکی ئیســـلام بە هۆی زانســـتەکانی قورئانەوە نەیتوانیوە داهێنانێکی زانستی بکات. تا ئەمڕۆ ســـەدانو بگرە هەزاران تیوری زانستی لە رشتە جیاوازەکانی زانستدا دۆزراونەتەوە، لــــە بواری تەکنۆلۆژیدا بە هـــەزاران ئامێری جۆراوجۆر بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی داهێنراون، هیچ یەکێک لەوانە بە پشـــت بەستن بە زانســـتەکانی قورئان یاخود بە سوودوەرگرتن لە ئایەتێکی قورئان دانەهێنراون.

هیچ (زانایەکی ئیسلام) بە پشت بەستن بە (زانستەکانی قورئان) ناتوانێ بزانێت ئاخۆ کەیو لــــە چ رۆژو کاتژمێرو خولەکێکدا مانگ یا خـــۆر دەگیرێن؟ ئاوو هەوای هەفتەی داهاتوو چۆن دەبێت؟ تەمەنی زەوی چەندە؟ خۆرو مانگو ئەســـتێرەکان چەند لە زەوییەوە دوورن؟، ژنێکی سکپڕ کوڕی دەبێت یان کچ؟ و.....هتد. وەڵامی دروستی هیچ پرسیارێکی زانستی لە قورئاندا بوونی نیە. لەســـەر ئەم بنەمایانە دەســـتەواژەی زانســـتەکانی قورئان لە جێی خۆیدا نییە، بەڵکو ئەو بوارانە دەکرێ بە زانیاریەکانی قورئان ناو ببرێن. ئەو زانیارییانەی قورئان تایبەتن بـــە پەیڕەوانو بڕوادارانی ئاینی ئیســـلام نەک بە هەموو مرۆڤایەتـــی. تایبەتمەندیو مەرجی زانستو داهێنانی زانستی ئەوەیە کە سوودی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هەبێت، نەک بۆ بەشێکی دیاریکراو لە مرۆڤایەتی، بۆ نموونە: وزەی کارەبا داهێنانێکی زانســـتییە، زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤایەتی بە هەموو ئاینو بیروباوەڕە جیاجیاکانیانەوە لەوزەی کارەبا سوودمەندن.

هەروەها دەســـتەواژەی زانایانی ئیسلام بە هەمان شێوە لە جێی خۆیدا نیە. ئەو کەسایەتیە بڕوادارە موســـڵمانەی لە روانگەی ئاینییەوە کارو توێژینەوە لەســـەر بوارێکی ئاینەکەی خۆی دەکات، ناکرێ بە زانا ناو ببرێت، چونکە لە لایەک توێژینەوەکەی لە بواری زانســـتدا نییە، لە

لایەکی دیکەش توێژینەوەکەی لەســـەر بنەمای زانســـتی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئاینییە. ســـوودی تێکۆشـــانو لێکۆڵینەوەکەی تەنها ئاینییەو بۆ پەیڕەوانـــی ئاینەکەی خۆیەتی. ئەم حاڵەتە بۆهەموو ئاینەکان هەمان شـــێوەیە. لەواقیعدا زانای ئایـــن، یاخود زانای بواری ئاین ئەو توێژەرەوە داهێنەرەیە کە بە شـــێوەیەکی زانســـتی لە بواری ئاینێـــک یا چەند ئاینێکدا توێژینەوەی وردو زانســـتیانەی هەبێت، بەبێ لایەنگری لە هیچ ئاینێکی دیاریکراو. یانی بە بێ ئەوەی خۆی بە بیروباوەڕێکی ئاینی دیاریکراوەوە بەستبێتەوە. کەسێک کە خۆی بە بیروباوەڕ موســـڵمان بێت، ناتوانێ لیکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئاینی ئیسلام بکاتو ئیسلامەوەک خۆی، بە شێوەیەکی زانستیانە بناسێت.

لەســـەر ئەو بنەمایە بەکارهێنانی دەســـتەواژەیەکی دیکە لە جێگای (زانایانی ئیســـلام)، بۆ نموونە: (مامۆســـتایانی ئاینی ئیسلام، بیرمەندانی ئیسلام) یا هەرووشەیەکی دیکە کە مانای دروســـت بدات، گونجاوترە. چونکە مرۆڤی زانا بە مانای وشەکە ئەو حاڵەتەیە لە رۆشنبیر کە بە داهێنانێک لە بوارێک لە بوارە زانستیەکاندا خزمەتێک بە سەرجەم مرۆڤایەتی بکات.

# بەشی یەکەم

# دروستبوونی گەردوون

لەو سەردەمانەوە کە هوشیاری مرۆڤ گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە ژیانو دەوروبەری خۆی رابمێنێو پرسیاری لەسەر بکات، هەتا ئێستا ئەم پرسیارە: گەردوون چۆن دروستبووە؟ یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی مرۆڤایەتی. مرۆڤ لە پێناوی مانەوەو درێژەدان بە ژیاندا پێویستی بەوە هەبووە دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی گەردوونو سروشتی دەوروبەری بناسێت. بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەو دیاردەو ئاڵوگۆڕانە بگونجێنێ هەوڵیداوە لە چۆنێتی دروستبوونی گەردوونو هۆکانی روودانیان تێبگات. بۆیە بە درێژایی مێژوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، مرۆڤ هزری خۆی خستۆتە کارو لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە. رادەی ناسینو تێگەیشتنی مرۆڤ لە دیاردەو ئاڵوگۆڕەکان، هەردەم رەنگدانەوەی ئاستی هوشیارییو پلەی زانستی قۆناغو سەردەمە جیاجیاکان بووە. لە سەردەمە سەرەتاییەکانی هوشیاری مرۆڤدا، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا مانگو ئەستێرەیان بە هەڵسوڕێنەری هەموو دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی گەردوونو کۆمەڵیش زانیوە. ئەوانیان بە خودا ناسیوەو پەرستوویانن.

لە سەردەمانێکی دیکەدا مرۆڤ بە دەستی خۆیان پەیکەری خوداکانیان لە بەردو دار داتاشیوەو بە هەڵسوڕێنەری هەموو گەردوونیان داناونو پەرستوویانن.

لە سەردەمانێکی دواتردا، مرۆڤ بڕوایان بە خودایەک هێناوە کە بە بیروبۆچوونی خۆیان لە ئاسمان نیشتەجێیەو بە خولقێنەری گەردوونو هەموو ئاڵوگۆڕەکانیان زانیوە. ئەم بیروباوەڕە لەو ئاینانەدا کە بە ئاسمانی ناسراون (جوولەکە، دیانو ئیسلام) بەڕوونی لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا باسکراون. لەواقیعدا گەڕاندنەوەی دروستبوونی گەردوون بۆ خوداکان بە گشتی، بیروبۆچوونو وەڵامی ئەو سەردەمانەی هزری مرۆڤن کە هێشتا زانستەکانو بیرکردنەوەی زانستی بۆ ناسینی دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی گەردوونو سروشتو کۆمەڵ لە ئارادا نەبوون.

لەو سەردەمانەشەوە کە مرۆڤ پێشڕەوی زانستی کردووە، هەتا هاتووە زیاتر پەی بە نهێنییەکانی بوونی گەردوون براوە.

لە بەرانبەر بەرەوپێشەوەچوونە بەردەوامەکانی زانستو داهێنانە زانستییەکاندا، بۆ ناسینو تێگەیشتن لە ئەسڵی گەردوونو سەرچاوەو هۆی ئاڵوگۆڕەکانی سروشتو کۆمەڵ، هەتا هاتووە بیروبۆچوونە ئاینیەکان بە گشتی، کاڵتر بوونەتەوەو پەراوێزکەوتوون، یا هەندێکیان وەلانراون. بە تایبەت لەم سەردەمەی زانستی نوێدا کەلێنی نێوان زانستو ئاینەکان یەکجار فراوان بۆتەوە.

# ئەسڵی گەردوون لە روانگەی قورئانەوە

قورئان سەرجەم لە (٢٢) ئایەتدا باسی دروستبوونی زەویو ئاسمانەکانی کردووە (بقرة/١٩٠، ١٦٤، ٢٨، أنعام/٧٣،أعراف/٥٤،توبـة/١١٦، یونس/٦،٥،إبراهیم/٣٣، ٣٢، أسـراء/٤٤، أنبیاء/٣٠،٣١،٣٢،٣٣،٦٥، فصلت/٩،١٠،١١،١٢، قاف/٦،الملك/٣).

مەبەستی قورئان لە دەستەواژەی زەویو ئاسمانەکان، سەرجەمی گەردوونە.

بە گشـتی ناوەرۆکـی بۆچوونی قورئان لەو ئایەتانەدا ئەوەیە کـە، خودا بە فەرمانی خۆی گەردوونی بە بێ هیچ ماتریالێک ئافراندووە، بۆ نموونە:

- (و هو الذي خلق السماوات‌والأرض بالحق‌ويوم يقول كن فيكون)الأنعام/٧٣.

واتا: (هەر خۆیەتی بۆ راسـتی، ئەم ئاسـمانانەو زەمینەی بەرهەم هێنـاوە. هەر رۆژێکی بۆ دروستبوونی هەر شتێک فەرمان بدا ببە! دەبێ).

بەگوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سـەرەوە، خودا لەئافراندنی گەردووندا هیچ ماتریالێکی لە بەر دەسـتدا نەبووە، بەڵکو تەنها فەرمانەکەی بەس بووە بۆ دروسـتبوونی دەسـبەجێی زەویو ئاسمانەکان.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت:

-(أو لم ير الذين كفروا أن السماوات‌و الأرض كانتا رتقا ففتقناهما) الأنبیاء/٣٠.

واتا: (ئاخۆ خودانەناسـەکان ئەمە نازانن، کە عاسـمانەکان‌و زەمیـن یەکپارچە بوون، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن).

تەبەری لە تەفسـیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (زەویو ئاسمانەکان پێکەوە نووسابوون، خودا ئاسمانی بەرزکردەوەو زەوی دانا،وە بە هەوا نێوانیانی پڕ کردەوە)

٢. بەڵام لە سورەتی فصلت دا جۆرێکی دیکە باس دەکات:

- (قـل أإنكـم لتكفرون بالذي خلـق الأرض في يومين‌و تجعلون له أنـدادا ذلك رب العالمين) فصلـت/٩. واتا: (ئاخۆ ئێوە لە کەسـێکی کە بە دوو رۆژ ئەم زەمینەی‌وەدی هێنا، حاشـا دەکەن‌و هاوتای بۆ پەیدا دەکەن).

- (ثم آستوى إلى السماء‌وهي دخان فقال لهاو للأرض آئتيا طوعا أو كرها قالتا أتينا طائعين) فصلت/١١.

واتا: (پاشان رووی نا لە بەرزایی کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوان‌و بە زەمینی گووت: خۆش یا ناخۆش دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان‌وا بە خۆشی هاتین).

- (فقضاهن سبع سماوات في يومين)فصلت/١٢.

واتا: (ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژداوەدی هێنا).

لەمانای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە خودا لە پێشدا زەوی دروستکردووە، یانی کاتێک زەوی دروسـتکردووە هێشـتا ئاسـمانەکان نەبوون. زەوی دروسـتکردووە ئنجا

پەرژاوەتە سەر دروستکردنی ئاسمانەکان. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە زەوی‌و ئاسمانەکان یەکپارچە نەبوون. ئەمەش پێچەوانەو ناکۆکە لە گەڵ ئایەتی پێشووتردا.
شایانی باسە چیرۆکی ئافراندنی گەردوون لەسەر فەرمانی خودا، لە کتێبی تەورات‌و ئینجیلەوە وەرگیراوە. لە پێشەکی سفری تەکوین دا کە بەشی یەکەمی تەوراتە، دەڵێت: (کتێبی تەکوین کاری خودا راڤە دەکات، سەرەتا بە ئافراندنی گەردوون دەستی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە گەردوون یەکجار گەورەیە، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی خودادا دەمێنێتەوە)٣.
تەورات لە ئیسحاحی دووەمی سفری تەکوین دا دەڵێت: (ئافراندنی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و هەرچی لە نێوانیاندایە تەواوکران، رۆژی حەوتەم خودا ئەو کارەی خۆی تەواو کردبوو)٤.
بێگومان بۆچوونی قورئان‌و ئاینە ئاسمانییەکان بە گشتی لەگەڵ تیورەکانی زانست سەبارەت بە ئەسڵی دروستبوونی گەردوون تەواو ناکۆکن.

# ئەسڵی گەردوون لە روانگەی زانستەوە

زانستی گەردووناسی تاکو ئێستا لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە گەردوون لە بنەڕەتدا چۆن درووستبووە؟ چەند پێشڕەوییەکی کردووەو جار لە دوای جار زانایان بە تاقیکردنەوەو بەڵگەی زانستی زیاتر لەو نهێنیە گەردوونیە نزیک بوونەتەوە، بۆ نموونە: تیوری هێزی راکێشان، تیوری گەردوونی هاوسەنگ‌و یەکسان، تیوری تەقینەوەی گەورە. ئەمانە ئەو تیورە زانستیانەن کە هەریەکەیان رادەیەک لە راستیە زانستیەکانیان بە بەڵگەوە خستۆتە روو. سەرجەم پێشڕەوی‌و هەنگاوەکانی زانستی گەردووناسی پێکەوە ئەنجام‌و بەڵگەی دروستیان لەسەر چۆنێتی دروستبوونی گەردوون هەیە.
لەناو ئەو تیوریانەدا زۆربەی زانایانی گەردووناسی زیاتر جەخت لەسەر راستی‌و دروستی تیوری تەقینەوەی گەورەو بەڵگەکانی دەکەن. هەر بۆیە بۆچوونەکانی ئەم تیورە لە لایەن زانستی نوێوە پشتڕاست دەکرێتەوەو لە بەرنامەی خوێندنی زانستیدا لەسەر ئاستی جیهان دەخوێندرێت.
**تیوری تەقینەوەی گەورە (٥):** سەرەتای تیوری تەقینەوەی گەورە دەگەڕێتەوە بۆزانای گەردووناسی ئەمریکایی (ئێدڤین هابل). ئەو بە هۆی بەکارهێنانی چەمکی (درەوشانەوەی ئەستێران)ەوە دووری نێوان ئەستێرانی دەستنیشان‌و پێوانە دەکرد. هەر تەنێک کە روون (شەفاف) نەبێت، بەهۆی گەرمکردنەوە تیشکێکی تایبەت دەدات، کە شەبەنگەکەی پەیوەندی بە پلەی گەرمی ئەو تیشکەوە هەیە. هەروەها هابل لە چاودێریکردنی جووڵەو رەوتی ئەستێران‌و کاکێشاندا ئەوەی سەلماند کە، گۆڕانی رەنگی کاکێشانەکان بەرەو سوور نیشانەی دوورکەوتنەوەی کاکێشانەکانە لە یەکتر، گۆڕانی رەنگیان بەرەو شین نیشانەی نزیک

بوونەوەیانە لە یەکتر، یاخود لە ئێمەوە. بەم پێیە ئەو لایوابوو کاکێشانەکان لە سەردەمێکدا تـــەواو نزیکی یەک بوون، لە چڕیو پلەی گەرمابییەکی یەکجار بەرزدا. زانایەکی دیکە بە ناوی (دۆبلەر) ئەو راســـتییەی دۆزییەوە کە تێکچڕژانی شـــەپۆلان لە سەرچاوە شەپۆلییەکەوە، بە گوێرەی جیاوازی لە توندیو خێرایی ســـەرچاوە شـــەپۆلییەکە، جیـــاوازن. بۆ نموونە: ئەگەر سەرچاوەی تیشـــکێک لێمان دوور کەوێتەوە ئەوا تێکچڕژانی شەپۆلە تیشکەکان کەمو کەمتر دەبنەوە، یانی رەنگیان بەرەو ســـوور هەڵدەگەڕێن، بەڵام ئەگەر ســـەرچاوە تیشکییەکە لێمان نزیک کەوێتەوە، ئەوا رەنگی تێکچڕژانی شەپۆلە تیشکەکان بەرەو شین هەڵدەگەڕێن.
هەروەها لە ســـاڵی ١٩٣٥دا هەردوو زانای ئەمریکاییو ئینگلیزی (رۆبرتســـۆنوولکر) ئەوەیان ســـەلماند کە گەردوون لە حاڵەتێکی چڕیی زۆرەوە بەردەوام فراوان دەبێتەوە، بە رادەیەک کە ئەو چڕییـــە ناتوانێ بەر بەو فراوانبوونە بەردەوامە بگرێت کـــە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاترو بەردەوامی هەسارەکان لە یەکتر.
لێـــرەوە ئەوان وتیان کە گەردوونی ســـەرەتا لە چڕییەوزەیەکی بـــەرز لە پلەیەکی گەرماییو فشـــارێکی یەکجار بەرزدا بووە. بە هۆی ئەم فراوان بوونە بەردەوامەوە پلەی گەرما هەمیشـــە دابەزیوەو سارد بوونەتەوە.
هەروەها زانایانی گەردووونناســـیی، ســـووڕانەوەی بەردەوامی کاکێشانەکان، بە زاڵبوونیان بە ســـەر هێزی راکێشـــانی نێوانیاندا، دەگەڕێننەوە بۆ هێزێک کە بۆتە هۆی ئەم دوورکەوتنەوە بەردەوامەیان. ئەم هێزەش بێ ســـنوورو بێ کۆتاییە.. لەمەوە گەیشـــتوونەتە ئەو ئەنجامە کە قەبارەی گەردوون لە ســـەرەتادا بچووک بووە بە رادەی سفر، بە هۆی ئەو وزە بێ سنوورەوە کە هەیبووە، تەقینەوەی گەورە روویداوە.
بەڵگەیەکی دیکە لە ســـەر دروســـتیی تیـــوری تەقینەوەی گەورە ئەوەیە کە، پێشـــینەیەک لە تیشـــکی مایکرۆویڤز لە سەرتاســـەری گەردووندا هەیە.(زانایانی فیزیای گەردووونناسی ئەم سەردەمە، هەبوونی پێشینەیەک لە تیشکی مایکرۆویڤز لە گەردووندا بە بەڵگەی هەرە بەهێزی ئەو راستییە دادەنێن کە گەردوون لە سەرەتادا گەرم بووە)٦.
بەم شـــێوەیە تیوری تەقینەوەی گەورە پێیوایە پێش دروســـتبوونی ماتریال وزەیەکی چڕ لە پلەیەکـــی گەرمایـــی بێ کۆتاییو بێ قەبارەدا هەبووە.. یانی هێشـــتا نە گەردوون هەبووە نە ماتریالو نە شـــوێنو نە کات. لەو وزە بـــێ قەبارەیە تەقینەوەیەک بەرپابووە. بە تێپەڕبوونی یەک بەش لە ١٠ توان ١٢ی یەک چرکە، پێکهاتێک لە شـــێوەی شـــلەیەکی لینجی سەرەتاییدا لە گەرمایی یەک بلیار پلەی ســـەدی دا دروســـت بووە. ئەمە تەقینەوەی گەورە بووە. پاش تێپەڕبوونـــی یەک بەش لە دەهەزار بەشـــی یەک چرکە بەســـەر تەقینەوەکـــەدا، نیۆترۆناتو پرۆتۆنات بە شـــێوەیەکی جـــودا لە یەکتر پێکهاتوون، یانی پێش ئـــەوەی لە ناوکی ئەتۆمدا یـــەک بگـــرن. لەم حاڵەدا پلەی گەرما دابەزیوە بۆ نزیکەی هەزار ملیار پلەی ســـەدی.. پاش تێپەڕبوونی یەک چرکە بەســـەر تەقینەوەی گەورەدا، تەنهـــا ناوکی ئەتۆمەکان بە یەکگرتنی

نیۆترۆن‌و پرۆتۆن دروســـت بوون، لە پلەی گەرمایی نزیکەی ١٠ ملیار پلەی سەدی دا.. پاش تێپەڕینی ٣ خولەک بەســـەر تەقینەوەی گەورەدا، پێکهاتی نەوەوی دروســـت بووە، لە پلەی گەرمایی نزیکەی ١ ملیار پلەی سەدی دا.. پاش تێپەڕینی ٣٠٠ هەزار ساڵ بەسەر تەقینەوەی گەورەدا ئەتۆمەکان دروســـت بوون، لە پلەی گەرمایی نزیکەی ٣ هەزار پلەی سەدی دا. پاش تێپەڕبوونی یەک ملیۆن ساڵ بەسەر تەقینەوەی گەورەدا، پلەی گەرمای ئەو پێکهاتە دابەزیوە بۆ ١٠٠٠ کالڤن. لەم پلەیەدا ماتریال بە هۆی هێزی راکێشانەوە دووچاری داڕمان هاتووە، لەم داڕمانەی ماتریالدا ئەستێران دروست بوون.

پاش تێپەڕبوونی ١٥ ملیار ساڵ، کە ئیدی ئەم سەردەمەیە، پلەی گەرمای گەردوون دابەزیوە بـــۆ ٢،٧ کالڤن. ئەو رەگەزانەی کە ئەســـتێرانیان پێکهێناوە بریتی بـــوون لە نزیکەی ٪٧٥ هایدرۆجین، ٪٢٥ هیلیۆم، هەروەها نزیکەی ٪١ رەگەزی دیکەی ســـووکتر. لە ناو ئەستێراندا ناوکی هایدرۆجین بە ئاسانی دەگۆڕێت بۆ ناوکی هیلیۆم. لەم گۆڕانە ناوکییە بەردەوامەدا،وزەی بەردەوام لە ئەستێراندا بەرپا دەبن. هەروەک لە ئەستێرەی خۆرداوزەی خۆر بەردەوام دروست دەبێت‌و دروســـت دەبێتەوە.. بەهۆی ئەو گۆڕانە ناوکییە بەردەوامەوە، بەردەوام ئەســـتێرانی نوێ دروســـت دەبن. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو هەســـارەو ئەستێران مێژووی دروســـتبوونیان پێکەوە نییە. ئەستێرەی خۆر مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ١٣ ملیار ساڵ، ئەستێرەی زەوی مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ٤ ملیار ساڵ،......هتد.

لە پەنجاکانی ســـەدەی بیســـتەمدا زانای گەردووناسی ئینگلیز فرێد هۆیل (-٢٠٠١ ١٩١٥) لە نامەیەکی زانســـتیدا ئەوەی روونکردەوە لە هەلومەرجی هەر ئەستێرەیەکدا، کە لە خۆر کۆنتر بێت، ئەو بارە دەڕەخســـێت کە سێ جەستۆکەی ئالفا، یانی سێ ناوکی هیلیۆم ٤- ، پێکەوە یەک بگرن دەســـبەجێ ناوکێکی نوێی کاربۆن ١٢- پێک دێنـــن، ئەم یەکگرتنەی لە تاقیگەدا سەلماند.

هەرکات لە ناو ئەستێرەدا کاربۆن١٢- پێکهات، ئەوا پێکهاتی دیکەی نەوەوی بە دوادا دێت.. بە زیادبوونی یەک جەستۆکەی دیکەی ئالفا، ئۆکسیژن ١٦- پێکدێت.. هەروەها بە یەکگرتنی دیکە رەگەزی دیکەی‌وەک نیۆن٢٠-، مەغنیسیۆم٢٤-، سلیکۆن٢٨- پێکدێن. لە هەر یەکێک لەو یەکگرتن‌و گۆڕانە نەوەوییانەدا وزەش دروست دەبێت. هەروەها لەو پرۆسەی گۆڕانانەدا کاتێک چەند جووت لە ناوکی ســـلیکۆن٢٨- یەکدەگرن، رەگەزەکانی کۆمەڵەی ئاســـن٥٦-، کۆباڵت، نیکڵ پێکدێن.

ئەمە مانای ئەوەیە ناوکی هەر ئەتۆمێک لەو رەگەزانەی کە لە هایدرۆژین‌و هیلیۆم قورسترن، لە ناو ئەستێراندا پێکهاتوون‌و لە بۆشایی گەردووندا بڵاوبوونەتەوە، بوونەتە کەرەسەی خاوی دروستبوونی بەردەوامی هەسارەو ئەستێرانی نوێ.

ئەگەر وزەیەکی زیاتر هەبێت، رەگەزەکانی دیکەی لە ئاســـن قورســـتر پێکدێن. لە بەر ئەوەی ئەو رەگەزە قورسانە بە شێوەیەکی خاوتروزەیان لێ کۆدەبێتەوە.. ئەگەر یەک ناوکی رەگەزە

قورسـەکان بۆ نموونە یۆرانیۆم ٢٣٥- پارچـە پارچە بێت، دەبێتە هۆی پەیدابوونی وزەیەکی یەکجار زۆر.

پرۆسـەی پێکهاتنـی هەموو ئەو رەگەزانەی کە لە گەردووندا هـەن، دەکرێ لە تاقیگەدا لە سـەر زەوی ئەنجام بدرێن.. هەروەها بە تێکەڵکردنی زانیارییەکانی ئەو تاقیکردنەوانە لە گەڵ ئەو زانیارییانەی کە لە سـەر ئەسـتێران وەرگیراون، دەکرێ بگەینە وێنەیەک لە پرۆسـەی پێکهاتنـی نەوەوی بـۆ بەرهەمهێنانی رەگەزە دیاریکراوەکان. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت کە زانایانی گەردووناسـیی تێگەیشتنێکی تەواو دروستیان لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو چەند خولەکە سـەرەتاییەی تەقینەوەی گەورەدا روویانداوە، هەروەها پێکهاتنی گەردوونو هەرچی لەناو ئەستێراندا بەرێوە دەچێت، هەیە.

# ماوەی دروستبوونی گەردوون:

ســـەبارەت بە ماوەی دروســـتبوونی گەردوون، با پێکەوە ئەم چەند نموونەیە لە ئایەتەکانی قورئان بخوێنینەوە:- (إن ربكم الله الذي خلق الســـماواتوالأرض في ستة أيام ثم آستوى على العرش)الأعراف/٥٤.

واتا: (راهێنەرتان خودایەکە ئاســـمانەکانو زەمینی لە شـــەش رۆژدا دروست کرد، ئەوجارەکە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا).

- (قل أئنكم لتكفرون بالذي خلق الأرض في يومينو تجعلون له أندادا ذلك رب العالمين.و جعل فيها رواسي من فوقهاو بارک فيهاو قدر فيها أقواتها في أربعة أيام سواء للسائلين. ثم آستوى إلى السماءو هي دخان فقال لهاو للأرض آئتيا طوعا أو كرها قالتا أتينا طائعين. فقضاهن سبع سماوات في يومين) فصلت/٩ ،١٠ ،١١،١٢.

واتا (ئاخۆ ئێوە لە کەســـێک کە بە دوو رۆژ ئەم زەمینەیوەدیهێنا حاشـــا دەکەنو هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە کە راهێنەری هەموو جیهانە. کەژو کۆشـــی لە زەمین بەرز کردەوەو پیتی تێخست، هەر لە ماوەی چوار رۆژاندا بۆ هەرکێ بژیوی دەوێ- بە یەکسانی- بژیوی بۆ دابین کرد. پاشان رووی نا لە بەرزایی، کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوانو بە زەمینی گوت: خۆش یا ناخۆش دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان: وا بە خۆشـــی هاتین، ئەوســـاکە حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژداوەدیهێنا).

بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتانەی ســـەرەوە، خودا زەویو ئاسمانەکانی لە ماوەی شەش رۆژدا دروستکردووە.

ســـەرەتا بە دروســـتکردنی زەوی دەســـتی پێکردووەو چوار رۆژی خایاندووە، لەو چوار رۆژە دوو رۆژی یەکەمیان زەمینی دروســـتکرد، دوو رۆژیش کەژو کێوەکانی لەســـەر دروســـتکرد، هەروەها پیتی تێخستو بەروبوومەکانی زەوی دروستکرد. لە ماوەی دوو رۆژیشدا ئاسمانەکانی دروســـتکردووە! [ ئیبن عەباس دەگێڕێتـــەوە: جوولەکەیەک هات بـــۆ لای پێغەمبەر(دخ)وە دەربارەی ئافراندنی ئاسمانەکانو زەوی پرسیاری لێ کرد، پێغەمبەر ئاواوەلامی دایەوە: خودا زەوی لە رۆژی یەک شـــەممەو دووشەممەدا ئافراند، شاخو کێوەکانو هەرچی شتی بەسوودیان تێدایە لە رۆژی ســـێ شـــەممەدا ئافراند، لە رۆژی چوارشـــەممەدا دارودرەختو ئاوو ئاوەدانی ئافراند، لە رۆژی پێنج شـــەممەدا ئاســـمانی ئافراند، لە رۆژی هەینی دا ئەســـتێرەکانو خۆرو مانگو فریشـــتە، ئنجا ئادەمی ئافراندو لە بەهەشـــتدا جێگیری کرد،وە فەرمانی بە ئیبلیس دا کە کڕنوشـــی بۆ ببات، دوای ئەوە لە بەهەشـــت دەری کرد. جوولەکەکە پرسی: چی تر ئەی محەمەد؟ووتی: ئنجا لەســـەر تەختی فەرمانڕەوایـــی دامەزرا. جوولەکەکە وتی: ئەگەر تەواوت کردایە ئەتپێکا! دوای ئەوە (لە شەممەدا) پشووی وەرگرت. پێغەمبەر(دخ) یەکجار تووڕەبوو، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی:

- (و لقد خلقنا السماوات‌و الأرض‌و ما بينهما في ستة أيام‌و ما مسنامن لغوب. فاصبر على ما يقولون)قاف/٣٨، ٣٩ ] ٧ . واتا: (ئەم ئاسمانان‌و زەمینەو هەرچی لە ناویاندا هەیە بە شەش ڕۆژ وەدیمان هێناو هیچ ماندوویيشـــمان تووش نەهات. ســا خۆ بگرە لە بەرانبەر ئەو شتانەی ئەوان ئێژن). لێرەدا دەکرێ لە چەند خاڵێکدا لە سەر بۆچوونی قورئان بدوێین:

١- بابەتی ئافراندنی زەوی‌و ئاسمانەکان لە ماوەی شەش ڕۆژدا، لە تەوراتە وەوەرگیراوە کە نزیکەی هەزار ساڵ پێش قورئان ئەو بابەتەی بەم شێوەیە لە سفری تەکوین ئیسحاحی (١،٢) دا باس کردووە: (ئاسمانەکان‌و زەمین‌و هەرچی تێدایە ئافراند، لە ڕۆژی حەوتەمدا خودا کاری ئافراندنی تەواو کردبوو، پشووی‌وەرگرت)٨.

٢- دروســـتکردنی زەوی لە ماوەی چوار ڕۆژداو ئاســـمانەکان لە مـــاوەی دوو ڕۆژدا، لەگەڵ زانیاریەکانی زانستی گەردوونناسیدا نایەتەوە، چونکە بە گوێرەی زانست: زانایانی گەردوونناسی ســـەلماندوویانە زەوی دوای ئەوەی‌وەک تۆپێکی ئاگرین لە خۆر جیا بۆتەوە، ملیۆنان ســـاڵی پێویســـت بووە تاوردەوردە سارد بۆتەوە. زانایان تەمەنی زەوی بە نزیکەی (٤،٦) ملیار ساڵ مەزەندە دەکەن.

* ئەم‌وێنەیەی خوارەوە، بەردێکی کۆنە، تەمەنی نزیکەی ٢ ملیار ســـاڵە. لە چەندین چینی یەک لە سەر یەکی کلس پێکهاتووە، بە دەوری ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سیانۆ بەکتریا دا. سیانۆ بەکتریا بریتیە لەکۆنترین بوونەوەرە ناسراوەکان.



**تێبینی: ســـەرجەم وێنەکانی ئەم کتێبە بەکامیرای نووســـەر لە مۆزەخانـــەی(Natuurhistorische museum) لەشاری ڤیەننا / نەمسا گیراون.**

هیچ لۆژیک لەوەدا نییە کە خودا بۆ دروستکردنی یەک ئەستێرە (کە زەوییە) چوار رۆژی پێویست بووە، بەڵام بۆ دروستکردنی ئاسمانەکان، کە لە ملیارەها ئەستێرە پێکهاتووەو ملیۆنەهایان لە زەوی زۆر گەورەترن، دوو رۆژی پێویست بووە!!.

٣- خودا لە ماوەی چوار رۆژدا زەوی دروستکردووە، دوای ئەوە ئاسمانەکانی دروستکردووە.

مانایوایە لە کاتی دروستکردنی زەویدا هێشتا ئاسمانەکان دروست نەبوون، خۆر دروست نەبووە، دیاردەی شەوو رۆژ نەبووە، تیشکی خۆر نەبووە تا بگاتە سەر زەویو رووناکی بکاتەوەو رۆژگار دروست ببێت.. کەواتە لە رووی لۆژیکو زانستییەوە ناکرێ کە هێشتا خۆرو رۆژگار لە ئارادا نەبووبن، درێژیی ماوەی رۆژگار بکرێ بە پێوانەو بووترێت زەوی لە چوار رۆژدا دروستکردووە. ٤- لەو سێ ئایەتەی سەرەوەدا، ئەو ماوەیەی کە خودا پێویستی بووە بۆ دروستکردنی زەویو ئاسمانەکان، واتە شەش رۆژ، لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ناکۆکن: -(و هو الذي خلق السماواتو الأرض بالحقو يوم يقول كن فيكون) الأنعام/٧٣. واتا: (هەر خۆیەتی بۆ راستی، ئەم ئاسمانانو زەمینەی بەرهەم هێناوە، هەر رۆژێکی بۆ دروستبوونی هەر شتێ فەرمان بدا: ببە! دەبێ).

-(إنا كل شيء خلقناه بقدر.و ما أمرنا إلاواحدة كلمح بالبصر)القمر/٤٩، ٥٠.

واتا: (ئێمە هەموو بوونەوەرمان بە ئەندازە ئافراندووە. کاری ئێمە یەکجارەیەو هەر لە چاوتروکانێکدا کۆتایی دێ). مانای ئەو ئایەتانەی سەرەوە فەرمانی کتوپڕو دەسبەجێ دەگەیەنێت. بەڵام ئافراندنی گەردوون، بەگوێرەی سێ ئایەتەکەی پێشووتر،کە شەش رۆژی خایاندووە، ماوەی شەش رۆژ نە دەسبەجێیەو نە چاوتروکانە!. ئەمە لە حاڵێکدا لە سورەتی حەج، ئایەتی (٤٧) دا دەڵێت: -(و إن يوما عند ربك كألف سنة مما تعدون)الحج/٤٧.

واتا: (تاقە رۆژێک لە کن پەروەرندەت بە قەد هەزار ساڵە کە ئێوە حیسابی دەکەن).

یانی بەم حسابەیان: ٦ جار ١٠٠٠ = ٦٠٠٠ ساڵی پێویست بووە بۆ دروستکردنی گەردوون!، یانی ناکۆکی ئایەتەکان قووڵتر دەبێتەوە. لە لایەکی دیکە لە سورەتی مەعارج ئایەتی (٤)دا دەڵێت: - (تعرج الملائكةو الروح إليه في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة)المعارج/٤.

واتا: (فریشتەکانو جوبرائیل لە رۆژێکا بەرەو ئەو پێ هەڵادەچن، کە رێی پەنجا هەزار ساڵە). لێرەدا بە گوێرەی ئەم ئایەتە کە رۆژێک پەنجا هەزار ساڵە، یانی خودا گەردوونی بە ٦ جار ٥٠٠٠٠ = ٣٠٠٠٠٠ ساڵ دروستکردووە!، بەم حسابەیان ناکۆکییەکە لە گەڵ سێ ئایەتی پێشووتردا زۆر قووڵتر دەبێتەوە.

لەواقیعدا ئەم حسابانەی قورئان لە دروستبوونی گەردووندا، هەموویان لەگەڵ بۆچوونی زانستی نوێدا، کە پێشتر باسمان کرد، یەکجار ناکۆکن.

# دیاردەو پێکهاتەکانی گەردوون لەڕوانگەی قورئانەوە:

لەم باسەدا سەرەتا دیدو بۆچوونەکانی قورئان سەبارەت بە دیاردەو پێکهاتەکانی گەردوون، بەوەرگرتنی چەند نموونە لە ئایەتەکانی قورئان، دەخەینە روو. دوای ئەوە لە روانگەی زانستییەوە بە گوێرەی دەسکەوتەکانی تا ئێستای زانستی گەردوونناسی تیشک دەخەینە سەر بابەتەکە، لەوێوە جیاوازیو ناکۆکیەکانی نێوان قورئانو زانستمان لەو بوارەدا بۆ روون دەبێتەوە.

قورئان لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ئاوا باسی پێکهاتەکانی گەردوون دەکات:

-(إن ربكم الله الذي خلق السماواتو الأرض في ستة أيام ثم آستوى على العرش يغشى الليل النهار يطلبه حثيثاوالشمسوالقمروالنجوم مسخرات بأمره)الأعراف/٥٤.

واتا: (راهێنەرتان خودایە کە ئاسمانەکانو زەمینی لە شەش رۆژاندا دروستکرد، ئەوجارەکە لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا، رۆژی بە شەوێ دەپۆشێ، خۆرو مانگو ئەستێرانی بەدیهێناو هەر لەژێر فەرمانی ئەودان).

-(تسبح له السماوات السبعو الأرضو من فيهن)الأسراء/٤٤.

واتا: (حەوت ئاسمانانو زەوینو هەرچی لە ناو ئەواندایە هەر پاکانەی خودا دەکەن).

بە گوێرەی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە خودا گەردوونی لە زەویو حەوت چین ئاسمانو خۆرو مانگو ئەستێرەکانو هەرچی لە نێوان زەویو ئاسماندایە ئافراندووە.

دوای تەواوبوونی ئاسمانەکان، خودا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی، لە سەروو ئاسمانی حەوتەمەوە، جێگیر بووەو لەوێوە هەموو پێکهاتەکانی گەردوون هەڵدەسوڕێنێو ئاگای لەوردو درشتی هەموو دیاردەو رووداوەکان هەیە!. هەروەها جگە لەم دیاردانە، قورئان بە گرنگییەوە باسی بەهەشتو دۆزەخی کردووە.

ئێستا با بۆچوونەکانی قورئان لە سەر پێکهاتەکانی گەردوون باس بکەین:

**زەوی:** قورئان هەمیشە کە باسی ئافراندنی گەردوون دەکات، دەڵێت ئاسمانەکانو زەوی. بۆ نموونە، هەروەک لە مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا روونە، زەوی بە تەنها لە لایەکو هەموو دیاردەکانی دیکە لە لاکەی دیکە!. لە ئافراندنی گەردوونیشدا، هەروەک لە ئایەتەکانی پێشتردا روونمان کردەوە، خودا لەپێشدا بە دروستکردنی زەوی، ئنجا دواتر ئاسمانەکان دەستی پێکردووە..

هەروەها لە ماوەی دروستکردنی زەویدا خودا چوار رۆژ کاتی پێویست بووە، بەڵام لە دروستکردنی سەرجەم دیاردەکانی دیکەو حەوت ئاسماندا تەنها دوو رۆژ کاتی پێویست بووە. یانی دروستکردنی زەوی دوو ئەوەندەی دروستکردنی ئاسمانەکان بۆ خودا گرانتر بووە، بۆیە

دوو ئەوەندە کاتیویســـتووە!. ئەم بۆچوونانەی قورئان ســـەبارەت بە گەورەو گرنگتر دانانی زەوی، رەنگدانەوەو درێژەی ئەو بۆچوونە تیوریە ناڕاســـتەی ســـەدەکانی ناوەڕاستە، کەوا باو بووە زەوی چەقی گەردوونەو خۆرو مانگو ئەستێرەکانیش بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوە.

تەوراتو ئینجیلیش هەمان بۆچوونیان پەسەندبووە.

تیورو بیروبۆچوونی زاڵو باوی سەدەکانی ناوەڕاست، لە دیوی دیارو دەرەوەی دیاردەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، یانی لە بەر چاوی مرۆڤدا وادیارە کە زەوی وەستاوەو خۆرو ئەستێرەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە.

لە سەدەی دووەمی زاینیدا زانای گەردووناس (پەتلیمۆس) لەو روانگەیەوە کە زەوی چەقی گەردوونە، هێڵکارییەکی لەســـەر سوڕانەوەی خۆرو مانگو ئەستێرەکان بە دەوری زەویدا دانا. هێڵکارییەکەی پەتلیمۆس لەو ســـەردەمەدا تەواو لەگەڵ بیروبۆچوونە ئاینیەکانی مەســـیحیو کەنیسەدا بوو. کەنیســـە پێیوابوو کە مرۆڤ پیرۆزترین ئافەریدەی دەستکردی خودایە، بۆیە زەویش کە مرۆڤی لەسەر دەژی گرنگترینەو چەقی گەردوونە.

هەروەها زاناو فەیلەسوفی گریکی بە ناوبانگ ئەرەستۆ (٣٨٤ — ٣٢٦) پ ز، لەسەر هەمان بۆچوون کە زەوی چەقی گەردوونە، گەردوونی بە دوو بەشـــی دیاریکراو لە دوو بازنەی لە ناو یـــەکو دیاریکـــراودا دانا.. بازنەی یەکەم لە زەوییەوە کە چەقـــی گەردوونە تا مانگ، بازنەی دووەمیش لە دوای مانگەوە تا ئەســـتێرەکان. ئەرەســـتۆ لەو دابەشـــکردنەدا باســـی بۆشایی ئاســـمانی نەکردووە. بە کورتی، بۆچوونی قورئان ســـەبارەت بـــە زەوی رەنگدانەوەی هەمان تیوری باوی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتە، کە زەوی چەقی گەردوونە. هەروەها داڕشتنی داستانی ئافراندنی زەوی لە قورئاندا دووبارەو وتنەوەی داســـتانو بیروبۆچوونەکانی تەوراتو ئینجیلەو هیچ ئەوانی تێنەپەڕاندووە.

**ئاسمان:** قورئان سەبارەت بە ئاسمان ئاوا دەڵێت: -(فقضاهن سبع سماوات في يومينو أوحى في كل سماء أمرهاو زيننا السماء الدنيا بمصابيحو حفظا ذلك تقدير العزيز العليم)فصلت/١٢.

واتا: (ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژداوەدیهێنا، هەر ئاسمانەی فەرمانی کاری خۆی بۆ نارد، نزیکتر ئاسمانیشـــمان بە چرایان رازاندەوەو پاراســـتمان، خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە).

-(و جعلنا السماء سقفا محفوظاو هم عن اياتها معرضون)الأنبياء/٣٢.واتا: (ئاسمانیشمان کردە میچێکی پارێزراو، کەچی ئەوان لەو گشـــت نیشـــانانەی تێیدان، خۆ دەبوێرن). لە مانای ئەو دوو ئایەتەی ســـەرەوەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە: خودا ئاســـمانەکانی لە حەوت چینی یەک لەســـەر یەک دروستکردووە!. ئەو ئاسمانە شینەی کە مرۆڤ بە چاو دەیبینێ، ئەوە ئاسمانی یەکەمـــە. هەموو ئەســـتێرەکانیش وەک چرا بە بن میچی ئەم یەکەم چینەی ئاســـماندا بڵاو بوونەتەوە.. بڵاوبوونەوەی ئەســـتێرەکانیش، بە دیمەنی جوانو درەوشانەوەو بریسکە بریسکو شۆڕوشـــەوقیانەوە، بۆ رازاندنەوەی چینی یەکەمی ئاســـمانە! تا مرۆڤ بە جوانییان سەرسام

ببن‌و سەریان لە کاری خودا سووڕبمێنێ‌و باوەڕبهێنن!.

لە ئایەتی دووەمدا ئەوە روونە کە قورئان پێیوایە ئەو ئاسمانە شینە میچێکی ماتریالییە، ئەستێرەکانیش لە بۆشایی ژێریدا راگیراون. یانی چینی یەکەم ئەستوورییەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، دیوی سەرەوەی سەربانەکەیەتی!. لە سەروو ئاسمانی یەکەمەوە ئاسمانی دووەم هەیە، یانی کۆتایی ئاسمانی یەکەم، سەرەتا یاخود بنی ئاسمانی دووەمە!.. بەم شێوەیە قورئان پێیوایە حەوت چین ئاسمانی یەک لەسەر یەک هەیە! وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:- (الذي خلق سبع سماوات طباقا ما ترى في خلق الرحمان من تفاوت فارجع البصر هل ترى من فطور) الملك/٣.

واتا: (ئەو کەسەی حەوت ئاسمانی چین لەسەر چینی سازداوە، لە دەسکاری ئەو خودایە هیچ ناڕێکی نابینی، جارێکی تر تەماشا کە، ئاخۆ قەڵشێکی تێدایە؟).

لە دیدی قورئانەوە ئەم میچانەی ئاسمانەکان بە هۆی ئەوەی دەسکردی خودان، یەکجار مەحکەم‌و رێکو پێکو هیچ درزو کون‌و کەلەبەرێکیان تێدا نییە. هەر بە فەرمانی خودا ئەو ئاسمانانە بە بێ هیچ کۆڵەکەیەک لە نێوان بنمیچی ئاسمان‌و سەر زەویدا راوەستاون‌و ناکەونە خوارەوە! وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت: -(الله الذي رفع السماوات بغير عمد ترونها)الرعد/٢.

واتا: (خودایەکە ئاسمانەکانی بەرزۆکرد، بێ هەستوندەک، کە لێودیارن)

- (و يمسك السماء أن تقع على الأرض إلا باذنه)الحج/٦٥.

واتا: (ئەم ئاسمانانەی راگرتووە کە بە سەر عەرزدا نەکەوێ، مەگەر خۆی ئیزنی لەسەر بێ).

لەواقیعدا ئەو بیروبۆچوونانەی قورئان سەبارەت بە ئاسمان کە لە حەوت چین پێکهاتووە، هیچ بنەمایەکی راست‌و زانستی نییە. ئەگەر ئێستا لەم سەردەمەی زانستدا، هەندێ راوبۆچوونی ئاینی بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی قورئان، چینە گازییەکانی دەوری زەوی بە چینەکانی ئاسمان لێکدەدەنەوەو وایادەنێن قورئان کە باسی حەوت چین ئاسمانی کردووە ئەوە پێشبینییەکی زانستییە لە قورئاندا! بێگومان ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. لە بەر ئەوەی ئەو چینە گازییانە مەودایەکی دووری دیاریکراویان تەنها بە دەوری گۆی زەویدا هەیە، کە بریتین لە:

١- ترۆپۆسفیر: نزمترین بەشی چینە گازییەکانە بە دەوری زەویدا، لە ئاستی دەریاوە دەستپێدەکات تا بەرزی نزیکەی-١٦ ١٨کم.

٢- ستراتۆسفیر: چینی دووەمی گازییە کە لە سەروو چینی ترۆپۆسفیرەوە دەوری گۆی زەوی داوە. لە بەرزی نزیکەی ١٧ کم لە سەر ئاستی دەریاوە دەستپێدەکات تا بەرزایی نزیکەی ٥٠ کم.

٣- مێسۆسفیر: چینی سێیەمی گازییە بە دەوری گۆی زەویدا لە سەروو چینی ستراتۆسفیرەوە. لە بەرزایی نزیکەی ٥٠ کم لە سەر ئاستی دەریاوە دەستپێدەکات تا نزیکەی-٨٠ ٨٥ کم. لە

پێکهاتی ئەم چینەدا گازی ئۆزۆن بە چڕی هەیە.
گازی ئۆزۆن تیشکی سەروو وەنەوشەیی، کە تیشکێکی مەترسیدارە بۆ سەر ژیان، هەڵئەمژێو نایەڵێ بگاتە سەر زەوی. بەم جۆرە ژیان لە مەترسی ئەو تیشکە دەپارێزێ.
٤- تێرمۆسفیر: چینی چوارەمی گازییە بە دەوری گۆی زەویدا لە سەروو چینی مێسۆسفیرەوە. لە بەرزایی نزیکەی ٨٠-٨٥ کم لە سەر ئاستی دەریاوە دەستپێدەکات تا بەرزایی نزیکەی ٥٠٠- ١٠٠٠ کم.
٥- ئێکسۆسفیر: ئەم بەشە چینی دەرەوەی گازییە بە دەوری گۆی زەویدا، کە لە بەرزایی نزیکەی-٥٠٠ ١٠٠٠ کم لە سەر ئاستی دەریاوە دەستپێدەکات تا بەرزایی نزیکەی ١٠٠٠٠ کم. لە سەروو ئەم پێنج چینە گازییەوە بۆشایی بێ سنووری ئاسمانو ئەستێرەکانی دیکەی گەردوونە کە بەردەوامو بێ کۆتاییە.
بەردە ئاسمانیەکان (شهاب) کە خۆیان گڕگرتوونو بە هۆی هێزی راکێشانەوە رووەو زەوی دێن، بەهۆی ئەم چینە گازییانەی زەویەوە سارد دەبنەوە، ورد دەبنو بە پارچەی بچووک دەکەونە سەر زەوی. ساڵانە لە نێوان سەد تا هەزار تەن بەردی ئاسمانی دەکەونە سەر زەوی. ئەم دووێنەیەی خوارەوە دوو نموونەن لەو بەردانەی کە لە ئاسمانەوە کەوتوونەتە سەر زەوی:



**وێنەی (١)، ئەم بەردە ئاسمانییە ساڵی ١٩٧٧ لە نەمسا دۆزراوەتەوە. تەمەنی دروستبوونی ٤،٥٦ ملیار ساڵە. پێکهاتەی کیمیاویی ئەم بەردە نزیکیی تەواوی لە گەڵ ئەو ماتریالانەدا هەیە کە گۆی زەوییان لێ دروستبووە.**



**وێنەی (٢)، ئەم بەردە ئاسمانییە لە ساڵی ١٨٦٨ لە ئۆکرانیا دۆزراوەتەوە. تەمەنی نزیکەی ٢،١ ملیار ساڵە.**

**خۆرو مانگ:** قورئان لە بارەی خۆرو مانگەوە لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ئاوا دەڵێت:

-(و سخر لكم الشمسوالقمر دائبين)إبراهيم/٣٣.

واتا: (خۆرو هەیڤی بۆ ئێوە خستۆتە بەرکار،وەستانو وچانیان نییە).

-(و هو الذي خلق الليلو النهاروالشمسوالقمر كل في فلك يسبحون)الأنبياء/٣٣.

واتا: (هەر خۆیەتی شـــەوو ڕۆژو خۆرو هەیڤی دروســـتکردو هەر یەک لە شوێنی خۆیاندا مەلە دەکەن).لە ڕوانگەی ئەو دوو ئایەتەی ســـەرەوە خودا خۆرو مانگی لە پێناوی خزمەتی مرۆڤدا ئافراندووە. هەردووکیانی خســـتۆتە کار بێوەســـتان لە گەڕدانو دەسوڕێنەوە تا ئەو ئەرکەی خۆیـــان، کە ڕێکخســـتنی کارەکانی مرۆڤـــە! جێبەجێ بکەن!. یانی لـــە ڕوانگەی قورئانەوە، حیکمەتی بوونو دەرکەوتنی خۆر ئەوەیە ڕووناکی بۆ مرۆڤ بدات. تا بتوانن بە ڕووناکی بچنە سەر کارەکانیانو بە درێژایی ڕۆژ بژیوی ژیان پەیدا بکەن!.

ئاوابوونـــی خۆرو هۆی بوونو دەرکەوتنی مانگیش بۆ ئەوەیە تاریکی شـــەو بۆ مرۆڤ دابێو دوای هیلاکیو ماندووبوونی ڕۆژ پشووەرگرنو بحەسێنەوە!،وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێ:

-(و جعلنا آية النهار مبصرة لتبتغوا فضلا من ربكم)الأسراء/١٢.

واتا: (نیشـــانی ڕۆژیشـــمان کردە هۆی دیتنێ، تا بگەڕێن بە شـــوێن ڕۆزی کە پەروەرندەتان دەیدا).

– (هو الذي جعل لكم الليل لتسكنوا فيه)يونس/٦٧.

واتا: (هەر خۆیەتی شەوی بۆ ئێوە هێناوە کە تێیدا بحەسێنەوە). ئەم خوێندنەوەیەی قورئان بۆ بوونو سـوڕانەوەی خۆرو مانگو هۆی دروسـتبوونی دیاردەی شەوو رۆژ، خوێندنەوەیەکی سـەرەتاییو بێ بنەمای زانستییە. رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی سەرەتاییو نازانستی باوی ئەو سەردەمەی پێش زانستە، کە تەنیا بە هەستی بینین لە دیوی دەرەوەی دیاردەکانیان روانیوە. بە بینینی چاو وادیارە کە زەوی چەقێک بێتو خۆرو مانگ هەردووکیان بە دەوریدا بسوڕێنەوە. بۆیە قورئانیش هەروەک بۆچوونی باوی سـەردەمەکەی خۆی، درکی بەو راسـتییە زانستییە نەکردووە کە خۆر بە دەوری زەویدا ناسـوڕێتەوە، بەڵکو زەوی بە دەوری خۆیداو بە دەوری خۆریشدا دەسوڕێتەوە. دیاردەی شەوو رۆژیش لە ئەنجامی سوڕانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا دروست دەبێت، نەک لە بەر خاتری مرۆڤ.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەربارەی خۆرو مانگ دەڵێت:- (هو الذي جعل الشمس ضياءوالقمر نوراو قدره منازل لتعلموا عدد السنينوالحسـاب)يونس/٥. واتا: (ئەو خۆیەتی خۆری کردە تیشکدەرو هەیڤی کردە تریفەدارو چەند قۆناغی بۆ دیاری کرد تا هەژماری سـاڵەکانو حیسـابتانی پێ بزانن).

بە گوێرەی مانای ئەم ئایەتەی سـەرەوە مانگ رووناکـی دەدات!. بێگومان ئەم بۆچوونەی قورئان سـەبارەت بە رووناکی مانگ، تەنیا لە بینینی چاوەوەیە، بۆیە کەموکوڕو نازانستییە. چونکـە لەواقیعـدا مانگ خۆی گڕی نییەو رووناکی نادات، بەڵکو ئـەو تریفەیەی کە دەیدات پەرچدانەوەی تیشـکی خۆرە کە دەکەوێتە سـەری، لە چاوی مرۆڤدا وەها دەنوێنێ کە مانگ رووناکی بدات.

زانایان کە لەسـەر مانگەوە سـەیری زەوییان کردووەو وێنەیان گرتووە، بە هەمان شـێوەی مانگ، زەویش خڕو تریفەدارە لە بۆشایی گەردووندا. هەروەها لە هەمان ئایەتدا دەڵێت، خودا لەبەر خاتری مرۆڤ ئەو تریفەیەی مانگی لە حاڵەتو شێوەی جیاجیادا خولقاندووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانن حسابی ساڵو مانگی پێ بکەن!.

لەم بارەوە [مەعاز کوڕی جەبەلو سەعلەبە کوڕی غنمە لە پێغەمبەری خودایان پرسی: هۆی چییـە مانگ بە باریکی وەک تاڵە دەزوویەک دەردەکەوێتو ئنجا وردەوردە گەورە دەنوێنێ تا بە تەواوی خڕو پڕ دەبێت؟ دوای ئەوەش دیسان باریک دەبێتەوە، لە حاڵەتێکدا نامێنێتەوە؟. ئەوە بوو ئەم ئایەتە دابەزی: (يسـألونك عن الأهلة قـل هي مواقيت للناسو الحج)بقرة/١٨٩] ٩.

واتا: (دەربـارەی مانگ نوێ بوونەوە لێت دەپرسـن، بێژە بـۆ زانینی وەختو چوونە حەجی مەردمە).بێگومـان ئەو بۆچوونەی قورئان لەگەڵ بۆچوونی زانسـتدا تـەواو ناکۆکە، چونکە دەرکەوتنـی مانگ لە شـێوەو حاڵەتی جیاجیـادا لە پێناوی مرۆڤدا رێـک نەخراوە. بەڵکو دیاردەیەکی هەمیشـەییو بەردەوامی سروشـتە. هۆی ئەوەیە کاتێک تیشکی خۆر بە تەواوی دەیدات لە مانگ، بە تەواوی خڕو پڕ لە ئێمەوە دیارە. بەڵام کاتێک زەوی بە هەر رادەیەک لە

ســـوڕانەوەی خۆیدا دەچێتە نێوان خۆرو مانگەوە، بەو رادەیە تیشکی خۆر لە بەشێکی مانگ نادات، یانی ئەو بەشـــە لە مانگ کە تیشکی خۆری بەر ناکەوێت، بە هۆی سێبەری زەوییەوە لە ئێمەوە دیار نابێت. ئەو بەشـــەی مانگ کە تیشـــکی خۆری بەردەکەوێت، لە شێوەی دەمە داس دا لە ئێمەوە دیار دەبێت.

ڕوودانـــی ئـــەم دیاردەیە هیچ پەیوەنـــدی بە مرۆڤـــەوە نییە، ئەوە مرۆڤە کە ســـوودی لە دووبارەبوونـــەوەی ئەو دیاردە بەردەوامە سروشـــتییە وەرگرتووەو لە حســـابکردنی کاتدا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆی، لە گەڵ دیاردەو ئاڵوگۆڕە سروشتییەکاندا خۆی گونجاندووە.

یانی بەکارهێنانی ئەو دیاردەیە بۆ حســـابی ســـاڵو مانگو ڕۆژ، لە داهێنانی مرۆڤ خۆیەتی. دیـــاردەی قۆناغی جیاجیای مانگ، بە ملیۆنەها ســـاڵ پێش پەیدابوونی مرۆڤ لە سروشـــتدا هەبووە. کاتێکیش مرۆڤ دەربارەی ئاڵوگۆڕەکانی سروشـــت، بۆ نموونە، ساڵو مانگو هەفتەو ڕۆژ زانســـتی پەیداکردووە، ئیدی پێویســـتی بەوە نەماوە ســـەیری مانگ لە ئاسمان بکات تا بزانێ چەندی مانگە، بەڵکو سەیری ڕۆژژمێرەکەی دەکات. یاخود لەو کاتەوە مرۆڤ کاتژمێری داهێناوە، ئیدی پێویستی بەوە نەماوە سەیری خۆرو سێبەر بکات تا بزانێ کات چەندە؟ بەڵکو سەیری کاتژمێرەکەی دەکات.

**ئەســـتێرەکان:** سەبارەت بە ئەستێرەکانی ئاســـمان قورئان دەڵێت: -(و هو الذي جعل لكم النجوم لتهتدوا بها في ظلمات البروالبحر)الأنعام/٩٧.

واتا: (هەر ئەویشە ئەستێرەی بۆ خستوونەڕوو، تا بەوانە لە تاریکی بەژو زەریا ڕێ پەیداکەن). بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە، یانی خودا ئەستێرەکانی ئاسمانی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە هۆی ناسینەوەو نیشانەکردنی ئەستێرانەوە ڕێگاکانی هاتوچۆو سەفەرەکانی خۆیان لەووشکانیو دەریادا ڕێک بخەنو هەڵە نەکەن!.

ناوەڕۆکـــی ئەم ئایەتـــە بەڕوونی ڕەنگدانەوەی ڕادەی پێشـــکەوتنی زانســـتی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستانی سەردەمی محەمەدە. مرۆڤی ئەو سەردەمە بۆ هاتوچۆو کاروانکـــردن ســـوودیان لەو ڕادە دیاریکراوەی ئەستێرەناســـی وەرگرتووە کە بە هۆی بینینی چاوەوە هەیانبووە. لە ســـەردەمی محەمەددا لە عەرەبســـتان، کە ئۆتۆمبیلو شـــەمەنەفەرو کەشتی خێراو پێشکەوتوو و فڕۆکە نەبووە، هاتوچۆو کاروانەکانی بازرگانی بە شێوەی کاروانی درێژخایەن، بەهۆی ئاژەڵەوە (بە تایبەت وشـــتر) بووە. کاروانە بازرگانییەکانی ناوخۆو وڵاتانی دەوروبەری عەرەبستان چەندین هەفتەو مانگیان خایاندووە، کە زۆر جار شەوانیش بە ڕێگاوە بوون.. بۆ دۆزینەوەی ئاراســـتەی ڕێگاکانی ئەو شـــوێنانەی مەبەســـتیان بووە، کەڵکیان لە دەرکەوتنو ناسینەوەی ئەستێرانوەرگرتووە.

لەم ڕوانگەیەوەیە کە قورئان پێیوایە ئەســـتێرەکانی ئاســـمان دیاریـــیو ڕەحمەتی خودان بۆ مرۆڤو لە پێناوی هاتوچۆکانی ئەواندا دروستی کردوون!. ئەو ئایەتەی سەرەوە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستە نزمو سەرەتاییەی زانستی ئەستێرەناسییە کە لەو سەردەمەدا هەبووە.

بەڵام لەم سەردەمەی زانستدا، بە هۆی پێشڕەوییەکانی تەکنۆلۆژی گەشەسەندنی هاتوچۆوە، ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی قورئان بەســـەرچووەو کاری پێ ناکرێ.. شـــەوو رۆژ ملیۆنەها مرۆڤ لە هاتوچۆو ســـەفەریو وشـــکانیو دەریاییو هەواییدان بە بێ ئەوەی پێویستیان بە سەیری ئەستێرەو ئەستێرەناسی هەبێت.

هەروەها بوونی ئەســـتێران بۆ رازاندنەوەی ئاســـمان نییە، وەک قورئان پێیوایە لەم ئایەتەی خوارەوەدا: -(و زینا السماء الدنیا بمصابیحو حفظا ذلك تقدیر العزیز العلیم)فصلت/١٢.

واتا: (نزیکترین ئاسمانیشـــمان بە چرایان رازاندەوەو پاراستمان، خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە).

لە راســـتیدا درەوشانەوەی ئەستێران لە شەوانی ســـاماڵدا جوانو سەرنج راکێشە، بەڵام هیچ رشـــتەیەکی زانســـت پەســـەندی ئەو بۆچوونەی قورئان ناکات کە ملیارەها ئەستێرە، لەوانە ملیۆنەهایان بە گوێرەی زانیارییەکانی زانستی گەردووnناسی لە زەوی زۆر گەورەترن (دواتر ئەو زانیارییانە باس دەکەین)، بۆ رازاندنەوەی دیکۆری ئاســـمان بن! تا مرۆڤ بە دیمەنی جوانیان سەرسام بنو باوەڕ بە تواناو دەسەڵاتی خوداو ئاینی ئیسلام بهێنن!.

**بەهەشـــتو دۆزەخ:** باسی بەهەشـــتو دۆزەخ یەکێکە لەو باســـە گرنگانەی قورئان کە ئاینی ئیســـلامی لە ســـەر بنیاتنراوە. بەشـــێکی بەرچاوی ئایەتەکانی قورئان تەرخانی ئەم باسەن. قورئان، بەهەشت وەک جێگاو شـــوێنو مەنزڵی کۆتایی باوەڕداران، دۆزەخیش وەک جێگای بێ بڕوایان بە ئاینی ئیسلام لە دنیایەکی دیکەدا باس دەکات.

شـــایانی باسە کە چەمکی بەهەشـــتو دۆزەخ بیروبۆچوونو داهێنانی قورئان نییە، بەڵکو لە دێرزەمانەوە تاکو ئێستا زۆربەی زۆری کۆمەڵگاو ئاینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بڕوایان بەم دوو چەمکە هەبووەو جێگاو شوێنی بەرچاویان لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا هەیە.

یۆنانییە کۆنەکان، بابلییەکان، میسرییە کۆنەکان، ئاینی زەردەشتی، هندۆز، بەهایی، هەروەها ئەو ئاینانەش کە بە ئاســـمانی ناســـراون، جوولەکە، دیان، دوای هەموو ئەوانەش، ئیســـلام، سەرجەم بڕوایان بە هەبوونی بەهەشتو دۆزەخ هەبووەو هەیە.

هەموو ئەو ئاینانە هەروەک چۆن لە عیبادەتو ئەرکو فەرزە ئاینییەکانیاندا جیاوازن، ئاواش هەر یەکەیان پێناسەی تایبەتو جیایان بۆ بەهەشتو دۆزەخ هەیە. زۆرینەی ئاینەکان پێیانوایە بەهەشتو دۆزەخ لە دنیایەکی نادیاردان. دوای مردنو حیسابو کیتاب، مرۆڤەکان بە گوێرەی بڕوای ئاینیو کارو کردەوەکانیان لە چاکەو خراپە، دەخرێنە بەهەشت یان دۆزەخەوە.

لـــە روانگەی قورئانەوە بەهەشـــت جێگایەکی یەکجار فراوانی پڕ لـــە باخو باخاتو ئاووهەوای خۆشە، لەوێدا بەهەشـــتییەکان لە هەموو پێداویستییەکانی ژیانێکی سەراسەر پڕ لە خۆشیو بە مەیلی دڵی خۆیان بەهرەمەندن.

-(ســـابقوا إلی مغفرة من ربکمو جنة عرضها کعرض الســـماءو الآرض أعدت للذین آمنوا باللهو رسله)الحدید/٢١.

واتا: (ركه بكەن بۆ بەخشینی پەروەرندەو ئەو بەهەشتەش كە پانایی، بە پانایی ئەم ئاسمانو زەمینەیەو بۆ ئەوانە ئامادەیە كە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەرانی خودا هەیە).
لە ئایەتێكی دیكەدا هەر دەربارەی بەهەشت، دەڵێت:-(مثل الجنة التيوعد المتقون فيها أنهار من ماء غير إسنو أنهار من عسل مصفىو لهم فيها من كل الثمرات)محمد/١٥.
واتا: (ئەو بەهەشـــتەی خودا بە پارێزگارانی بەڵێنداوە چۆن چۆنییە؟ چەندین روباری وایتێدا، ئاوەكەیان شـــلوێ نابێ، چەند روباری شـــیری تێدا هەرگیز تامی نەگۆڕاوە. چەندین روباری شەرابی پێدا دەڕوا، تا دەیخۆن كەیفی پێ دەكەن. چەند روباریش لە هەنگوینی پاڵاوتە هەن. هـــەر میوەیەكیش بخوازن تێدا هەیە). هەروەها لە روانگەی قورئانەوە، دۆزەخ (جەهەننەم)١٠ جێگایەكی تایبەتی فراوانە بۆ ئازارو ئەشكەنجەدانو تۆڵەسەندنەوە لەو مرۆڤانەی كە موسڵمان نەبوون، یا موسڵمان بوونو ئایەتەكانی قورئانیان جێبەجێ نەكردووە.. دوای مردن سەرلەنوێ زیندووكراونەتەوەو بە رۆحو جەستە هەمیشە ئازاری جۆراوجۆر دەدرێن. بۆ نموونە:
-(يصهر به ما في بطونهمو الجلود.و لهم مقامع من حديد. كلما أرادوا أن يخرجوا منها من غم أعيدوا فيهاو ذوقوا عذاب الحريق)الحج/ ١٩ — ٢٢. واتا: (جا كەســـانێ كە كافربوون، جلكیان لە ئاگر بۆ دەبڕدرێو ئاوی كوڵاوو ســـووتێنەر بە ســـەر سەریاندا دەكرێت، بە جۆرێكیوا هەم دڵو دەروونیـــانو هەم پێســـتو رواڵەتیان دادەتوڵێو دەبێتە ئاوو بۆ ئەوان گورزی ئاســـنین هەیـــە، هەر كاتێ بیانەوێ لە خەمو خەفەتی دوژە بڕۆنە دەرێ، دووبارە دەگێڕدرێنەوە نێویو پێیان دەگوترێ عەزابی سووتێنەر بچێژن). لەواقیعدا مەبەستی هەرە گرنگی قورئان لە باسی بەهەشتو دۆزەخدا، بۆ سەرنجڕاكێشـــانی خەڵكی ئەو سەردەمەی كۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەربستانە. لە لایەک بە بەڵێنو مژدەو مزگێنی بە پاداشتی ژیانی خۆش بۆ موسڵمانانی بڕوادار لە بەهەشـــتی دنیای غەیبی دوای مردندا. لەلایەكی دیكە بە هەڕەشـــەو ترساندنی بێ بڕوایان بە ئازارو ئەشكەنجەی سەختی جۆراوجۆر، لە دۆزەخی دنیای غەیبی دوای مردندا. بۆ ئەوەیە بە هەر رێگایەک بێت بە ئاینی ئیســـلام قایل بن. یانی بەهەشتو دۆزەخ ئامرازی قایل كردنن بە ئیســـلام. لە ســـەردەمی محەمەددا باوەڕ بە خورافەو غەیب رەگو ریشەی قووڵیان لە ناو كۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستاندا هەبوو. خەڵكی گومانیان لە سەر غەیبو هێزی غەیبیو دنیـــای غەیبی نەبوو. لەم رێگایەوە، یانـــی لە رێگای بەكارهێنانو قووڵتركردنەوەی باوەڕ بە غەیبو زیندوبوونەوەی دوای مردن لە دنیای غەیبدا، محەمەد وەک رابەرێكی خوازیاری گۆڕان، كە كۆمەڵگاكەی خۆی بە باشـــی دەناســـی، كاریگەری گەورەی لەسەر خەڵكی كۆمەڵگاكەی هەبوو، بۆ راكێشانیان بەرەو ئاینەكەی. لەگەڵ پێشكەوتنی بوارەكانی زانستدا لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بە تایبەت لە ســـەردەمی سەرهەڵدانی زانستی نوێوە، هەتا هاتووە نهێنییەكانی گەردوون زیاتر ئاشكرا كراون. هەر هەنگاوێكی بوارە زانستییەكان بەرەو پێشەوە، رووناكییەكی زیاتری خستۆتە بەر چاوو بیركردنەوەی مرۆڤ بۆ ناسینی واقیعیانەی دەوروبەر، ئەمەش بۆتە هۆی هەنگاوێک بەرەو دواوەو كشانەوەو كاڵتر بوونەوەی باوەڕ بە غەیب بە گشتی.

لە روانگەی زانســـتی ئەم ســـەردەمەوە، باوەڕ بە غەیب، بنەمایەکی راستو واقیعی نییە. لە دەرەوەی گەردوونی بەرجەســـتەدا، هیچ بوارێکی زانســـت ئاماژە بـــە ژیانو دنیایەکی دیکەی خۆش یا ناخۆش نەکردووەو ناکات. هەبوون بریتییە لەم گەردوونە ماتریالییە، بە ســـەرجەم دیاردەو پێکهاتەکانیەوە. لەم گەردوونەدا جگە لە ماتریال لە شـــێوەو حاڵەتی جیاجیادا، بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، کە زانســـت دەتوانێت بچێتە ناو هەموو قووڵاییو نهێنییەکانیو بیدۆزێتـــەوەو بیناســـێ، هیچی دیکەی تێدا پەســـەند نەکردووە. ماتریال هەموو شـــتێکە کە بۆشـــاییەکی لە گەردووندا داگیرکردووەو کێشی هەیە، هەرگیز لە ناوناچێتو لە نەبوونیشەوە دروســـت نابێت. ماتریال لە شـــێوەی رەقو شـــلو گازدا لە گەردووندا هەیەو لە حاڵەتێکەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی دیکە.

# پێکهاتی گەردوون لەڕوانگەی زانستی نوێوە:

بە گوێرەی دەسکەوتەکانی تا ئێستای زانستی گەردووناسی، کە بە هۆی جۆرەکانی تەلەسکۆبی چاو، تەلەسکۆبی رادیۆیی، گەشتی ئاسمانی، لێکۆڵینەوەو ناسینی زانستییانەی ئەستێرانەوە بەدەســـت هاتووە، زانایانی گەردووناســـی بە بەڵگەی زانستی سەلماندویانە کە: گەردوون لە بۆشـــاییەکی بەرفراوانی بێ سنوور پێکهاتووە. ملیارەها ئەســـتێرە لە قەوارەو کێشو دووری جیاجیا لەم زەوییەی ئێمەوە (کە زەویش یەکێکە لەو ئەســـتێرانە) لە بۆشـــایی گەردووندا بە هۆی هێزی راکێشانەوە هەر یەک لە مەداری خۆیاندا دەسوڕێنەوە. زانستی نوێی گەردووناسی بـــە بەڵگە بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی داوەتەوە کـــە زەوی چەقی گەردوون بێتو رۆژو مانگو ئەســـتێران بە دەوریدا بسوڕێنەوە. بە گوێرەی زانســـتی نوێ، زەوی هەسارەیەکە بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوەو تیشکو گەرمای لە خۆروەردەگرێت.

لە ساڵی ١٤٧٣ز دا زانای گەردووناسی پۆلۆنی کۆپەرنیکۆس (١٤٣٧- ١٥٤٣)ز، تەلەسکۆبێکی یەکجار بەهێزی، بە گوێرەی ئەو سەردەمە، دروستکردو بە بەڵگە سەلماندی کە:

١- زەوی بە دەوری خۆردا دەســـوڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەو ســـوڕانەوەیە دیاردەی وەرزەکانی ساڵ دروست دەبن.

٢- زەوی بە دەوری خۆیدا دەســـوڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەو ســـوڕانەوەیە دیاردەی شەوو رۆژ پەیدا بووە.

٣- مانگ بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.

کۆپەرنیکۆس بەم دۆزینەوەو تیورەی دەرگای شۆڕشـــێکی زانستی لە ئەورووپا کردەوە. ئەو لە سەرەتادا بەهۆی ترسی لە کەنیسە، دوودڵ بوو لە بڵاوکردنەوەی تیورەکەی، چونکە تیورەکەی لەگـــەڵ بیروبۆچوونی ئاینیو باوی ئەو ســـەردەمەی کەنیســـەدا تەواو ناکـــۆک بوو. بەڵام بۆ خۆشـــبەختی ئەو، لە لایەن کەسایەتی پاپاوە دەستخۆشی لێ کرا، هەرچەندە پیاوانی ئاینیو

کەنیسـەـ بە گشتی دژی تیورەکەی بوون. لە دوای کۆپەرنیکۆس زانای گەردووناسی ئیتالی، برونـۆ (١٥٤٨- ١٦٠٠)ز کە لـە بەرگریکەرانی تیورەکەی کۆپەرنیکۆس بوو، کاری لەسـەر فراوانکردنی دەکرد، لە ساڵی ١٦٠٠ز لە دادگایەکدا کە کەنیسە بۆیان دانا، بڕیاری بە زیندوویی سـووتاندنی دراو بڕیارەکەی لە سەر جێبەجێکرا. هەروەها زانای گەردووناسی ئیتالی، گالیلۆ (١٥٦٤- ١٦٤٢)ز لە سـاڵی ١٦٠٩ز دا بە هۆی دروسـتکردنی تەلەسـکۆبێکی بەهێزەوە ئەو راستییانەی دۆزییەوەو سەلماندی کە خۆر بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، ئەستێرەی مشتەری چوار مانگی سـەر بە خۆی هەیە، بە دەوریدا دەسـوڕێنەوە. ئەستێرەی زوهرە وەکو مانگ بە چەند شێوەیەک، لە باریکەوە بۆ بازنەی تەواو دەردەکەوێت. گالیلۆ بە هۆی کێشەی بەردەوامی لە گەڵ کەنیسـەدا، بە هۆی بیروبۆچوونو کتێبە زانستییەکانیەوە لە بواری فیزیاو ماتماتیکو گەردووناسـیدا، چەندین جار لە لایەن کەنیسـەوە ئاگادار کراوەتەوەو هەڕەشەی لێ کراوە، دراوە بە دادگاو ئازار دراوە، تا لە دواجاردا دادگا بڕیاری بە زۆر مانەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا بە سەردا سەپاندو، هەر لەو بارەدا لە ساڵی ١٦٤٢ ز دا لە ماڵەکەی خۆیدا مردووە.

بەڵێ زانایانی وەکو برونۆو گالیلۆ سـووتێندرانو لە ناوبران، بەڵام راسـتیو دروستی تیورە زانستییەکانیان لە بواری گەردووناسیدا بوون بە بناغەی زانستی نوێی ئەم سەردەمە. بە گوێرەی زانیارییەکانی زانسـتی گەردووناسی، ئەم زەویەی کە ئێمە لە سەری دەژین، هەسارەیەکە لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر،واتا ئەو هەسارانەی کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە.

**کۆمەڵەی خۆر:** لە خۆر خۆیو نۆ هەسارەی دیکەو چەندین مانگو نزیکەی ١٥٠٠ ئەستێرەی بچووکو ئەستێرەی کلکدار پێکهاتووە. زەوی یەکێکە لەو نۆ هەسارەیە، کە بریتین لە: زەوی، عەتـارد، زوهرە، مەریخ، مشـتەری، زوحەل، ئۆرانۆن، نیپتۆنو پلۆتـۆن.وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە:



**وێنەی (١)، کۆمەڵەی خۆر.**

لەوانە شەشـــیان مانگی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بریتین لە: زوحەل، حەڤدە مانگی هەیە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە. مشتەری، چواردە مانگی هەیە. ئۆرانۆن، پێنج مانگی هەیە. نیپتۆن، دوو مانگی هەیە. پلۆتۆن، یەک مانگی هەیە. زەوی، یەک مانگی هەیە، کە بە ئاسانی بە چاو دەیبینین.

لە ناو ئەو نۆ هەسارەیەدا، زوهرە، کێشو قەوارەی هێندەی کێشو قەوارەی زەوییە. زوحەل، قەوارەی (٧،٧٤٣) جار ئەوەندەی قەوارەی زەوییە، ٩٦ ئەوەندەی زەویش قورسە. مشتەری، ٣١٧ جـــار لە زەوی قورســـترە. خودی خۆر قەبارەکەی ١،٣ ملیۆن جـــار لە قەوارەی زەوی گەورەترە. قورســـایی خۆر ٣٣٣،٤٠٠ جار لە زەوی قورســـترە. خۆر ماوەی ١٥٠ ملیۆن کم لە زەوییەوە دوورە. تیشـــکی خۆر لە ماوەی ٨ چرکەدا دەگاتە ســـەر زەوی. پلۆتۆن، دوورترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرە لە خۆر خۆیەوە، کە نزیکەی ٦ ملیار کم دەبێت. واتا ٤٠ ئەوەندەی مـــاوەی نێوان خۆرو زەوی دوورە لە خۆرەوە. تیشـــکی خۆر مـــاوەی ٦ کاتژمێری پێدەچێت تا دەگاتە هەســـارەی پلۆتۆن. ئەمە لە کاتێکدا کە خێرایی تیشـــکی خـــۆر ٣٠٠ هەزار کم لە چرکەیەکدایە. لە گەردووندا ملیۆنەها ئەســـتێرە هەن کە لە زەوی گەورەترن. کۆمەڵەی خۆر بەشـــێکی یەکجار بچووکە لە گەلەئەســـتێرەی کاکێشان، کە لە کەناری پێچێک لە پێچەکانیدا جێگیرە. گەلەئەستێرەی کاکێشان لە ملیارەها کۆمەڵە ئەستێرە پێکهاتووە.

(زانایان بە هۆی تەلەسکۆبی بەهێزەوە لە شێوەو قەبارەو پێکهاتەی کاکێشانیان کۆڵیوەتەوە، شـــێوەی پێچاوپێچـــەو پێکهاتووە لە نزیکـــەی ١٥٠ ملیار ئەســـتێرە) ١١. وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە.



**وێنەی (٢)،**

**گەلەئەستێرەی کاکێشان.**

تیشکی خۆر بەو خێراییەی خۆیەوە (٣٠٠ هەزار کم/چرکە) ماوەی ٩٠ هەزار ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی بگاتە نێوان هەر دوو ئەســـتێرەی دوو جەمســـەرەکەی گەلەئەســـتێرەی کاکێشان. بۆیە زانایانی گەردووناســـی دووری نێوان ئەســـتێران بە بڕی خێرایی تیشک لە ساڵدا پێوانە

دەکەن، کە پێی دەوترێت ساڵی تیشک. هەموو گەردوونیش لە ملیارەها گەلەئەستێرەی وەکو کاکێشـــان پێکهاتووە، کە لە بۆشـــایی فراوانو بێ سنووری ئەم گەردوونەدا دەسوڕێنەوە.. لە راســـتیدا فراوانی گەردوونو ناســـینی پێکهاتەکانی، بە زانستی ئەم سەردەمەش هێشتا تەواو مەزەندە ناکرێت!.

# دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەند بەزەوی

وەک پێشـــترو وتمان، لە روانگەی قورئانەوە خودا گەردوونـــی لە پێناوی مرۆڤدا ئافراندووە. یانی زەوی کە مرۆڤی لە سەر دەژیو، هەرچی لە نێوان زەویو ئاسماندایە، بەگشتی سەرجەم دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانو بەروبوومی سروشـــت، نیعمەتو رەحمەتی خودان بۆ مرۆڤ! مرۆڤیشی بۆیە ئافراندووە تا لەو بەرهەمو دیاردانەی دەسکردی خوداورد بنەوەو تێفکرن، لەو رێگایەشەوە لە تواناو گەورەیيو دەســـەڵاتی رەهای خودا تێبگەنو بیپەرستن. قورئان کە باسی سروشتو ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەند بە زەوی دەکات، لە چەندین ئایەتدا جەخت لە ســـەر ئەوە دەکات کە ئەوانە هەموو لە پێناوی مرۆڤدان، بۆ نموونە:

**شاخو کێوو بوومەلەرزە:-** (و ألقى في الأرض رواسي أن تميد بكمو أنهاراو سبلا لعلكم تهتدون) النحل/١٥.

واتا: (کێوە هەڵەمووتەکانی لەم زەمینە کردە لەنگەر، هەتا ئێوە نەلەرزێنێو چۆمو رێبازیشـــی نیشاندان، تا ئێوە رێ بدۆزنەوە).

بـــە گوێـــرەی مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوە، خودا شـــاخو کێوەکانی بۆ هاوســـەنگی زەویو خاڵیکردنەوەی کاریگەری بوومەلەرزە دروســـتکردووە!. هەروەها روبارو چۆمەکانیشی بۆ ئەوە دروستکردووە تا بە هۆی ئەوانەوە مرۆڤ بتوانن رێگاکانی هاتوچۆی خۆیان بدوزنەوە!.

لە بارەی شاخو کێوەکانەوە، ئەنس کوڕی مالک لە محەمەد دەگێڕێتەوە: (ئەنس کوڕی مالک دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر وتی: کاتێک کە خودا زەوی دروســـتکرد هاوسەنگ نەبوو، لە بەرئەوە شاخەکانیشـــی لە سەر دروستکرد، ئنجا هاوســـەنگ بوو) ١٢. بۆچوونی ئەو ئایەتو وتەیەی محەمەد لە ســـەرەوەدا، لەو روانگە ئاینییە رووتەوەیە کە خودا هیچ شـــتێکی بە بێ حیکمەت دروســـت نەکردووە. لە دروستکردنی شـــاخەکانی گۆی زەویدا حیکمەت ئەوەیە مرۆڤەکان بە ئارامی، دوور لە مەترســـیو کارەساتی کوشتاری بە کۆمەڵو کاولکاری بوومەلەرزە بژین! ئەم بۆچوونەی قورئان لە گەڵ بۆچوونی زانســـتی زەوی- ناســـی ناکۆکە، رەنگدانەوەی نەناسینی دروســـتی چۆنێتی دروســـتبوونی چینەکانی زەویو توێکڵی دەرەوەی گۆی زەوییە. نەزانییە سەبارەت بە چۆنێتی دروستبوونی شاخەکانو هۆی روودانی بوومەلەرزە.

**بە گوێرەی زانیارییەکانی زانستی زەوی- ناسی:** (شاخەکان بە هۆی گۆڕانکاریی توندی سەر رووی زەوییەوە دروســـتبوون. ئەم گۆڕانکارییانە ملیۆنان ســـاڵ لەمەوبەر لە سەر رووی زەوی

روویانداوە. چوار جۆر شاخ بەم شێوانەی خوارەوە دروست بوون:
**جۆری یەکەم:** شـــاخە گڕكانییەكان، ئەم شـــاخانە لە خۆڵەمێش‌و كانـــزای تواوەی گڕكانی دروست بوون. رووی زەوی بە هۆی جموجووڵەكانی ناخیەوە لە هەندێ شوێندا درزی تێبووەو لەم درزانەوە مادەكانی ناو زەوی بە شێوەی تواوەی گڕكانی دێنە دەرەوە. شاخە گڕكانییەكان بە شێوەی هەڕەمن‌و چاڵ یان دەمێک لە لووتكەكەیاندایە. شاخی واسۆڤیوس لە ئیتالیا، فۆجی یاما لە ژاپۆن‌و هودورانیر لە ئەمریكا، لە شاخە گڕكانییە بەناوبانگەكانی جیهانن.
**جۆری دووەم:** شـــاخە چەند سووچەكانن. ئەم شـــاخانە، لە چەندین سووچ یا گۆشەی بەرد دروســـت بوون. ئەم گۆشانە بە هۆی هاتنەوە یەكو گوشاری زۆری ناخی زەوی دروستبوون. زنجیرە چیای ئەلب بەم شێوەیە دروست بووە.
**جۆری ســـێیەم:** ئەو شـــاخانەی شـــێوەی گومەزیان هەیە. كاتێ كانزای تواوەی ناو زەوی بە گوشارێكی زۆر دێتە دەرەوە، بە شێوەی گومەز ساردبووەتەوەو سەرەنجام شاخە گومەزییەكان دروســـت بوون، شـــاخە گومەزییەكانی بلال هێلز لە داكۆتای باشووری ئەمریكا نموونەی ئەم جۆرە شاخانەیە.
**جۆری چوارەم:** شاخە پارچە پارچەكانن. ئەم شاخانە لە ئەنجامی شەقبوونی توێژەكانی زەوی دروســـت بوون. هەندێ جار جووڵەی لە پڕو زەبەلاحی توێژەكان‌و بەردەكانی ناخی زەوی بە جۆرێكە كە هەموو پارچە بەردەكان لە ناو زەوی دێنە دەرەوەو شـــاخە پارچەییەكان دروست ئەكەن. زنجیرە چیاكانی سیرانڤادار لە كالیفۆرنیای ئەمریكا نموونەی ئەم شاخە پارچانەن.
ملیۆنان ســـاڵ درێژەئەكێشێ تا شاخەكان دروست ئەبن. هەڵبەتە لە گەڵ تێپەڕبوونی كات، شـــاخەكان وێران ئەبن. باران، زریان، ئاوی توانەوەی بەفر ئەبنە هۆی هەڵوەشـــانی بەشێ لە خۆڵ‌و بەردی شاخەكان)١٣.
زۆر جاران رووداوی بوومەلەرزە شـــارو شـــاخ‌و دێهاتی پێكەوە وێران كردووەو هەزاران مرۆڤی گـــەورەو بچووكی پێكەوە لە ناوبردووە. ئەگەر بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی پێشـــوو بوایە، دەبوو شـــاخەكان لەو ســـاتانەدا هاوسەنگی زەوییان بپاراســـتایەو بوومەلەرزە رووی نەدایەو مـــرۆڤـی بە كـــۆمـــەڵ نەكوشتایە!.
بـــەڵام لەواقیعدا، نە شـــاخ‌و كێوەكان بۆ بەرگری كردن لە مرۆڤ لـــە بەرانبەر بوومەلەرزەدا دروســـتبوون، نە بوومەلەرزەش بۆ سزاو تۆڵەســـەندنی خودایی روودەدات، وەک لە سورەتی ئەعرافدا دەڵێت:
-(قـــال الذين آســـتكبروا إنا بالذي امنتم به كافرون. فعقروا الناقـــة‌و عتوا عن أمر ربهم‌و قالوا يـــا صالح أئتنا بما تعدنا إن كنت من المرســـلين. فأخذتهم الرجفة فأصبحوا في دارهم جاثمين) الأعراف/٧٦، ٧٧، ٧٨.
واتا: (خۆبەزلزانەكان گوتیان: ئێمە لەوەی كە بڕواتان پێ هێناوە حاشـــا دەكەین. لە فەرمانی خودای خۆیان‌وازیان هێناو وشـــترەكەیان پەل پەل كرد، گوتیان: ســـاڵح! ئەگەر راســـتە تۆ

پێغەمبەری، چۆنت هەڕەشە لێکردین بە جێی بێنە. زۆر بە توندی بوومەلەرزەیەکیان بۆ هات، هەر لە ناو ماڵەکانیاندا هەموو مردن).

هـــۆی روودانی بوومەلەرزە لە رووی زانســـتییەوە ئەوەیە کـــە رووی زەوی لە چینی بەردی، جیـــاواز لە رووی درێژیو کورتییەوە، پێکهاتووە. گوشـــاری نایەکســـانی ناخی زەوی، کە لە شـــوێنێکدا کەمترو لە شوێنێکی دیکەدا زیاترە، دەبێتە هۆی جووڵاندنی چینەکانو بەردەکانی رووی زەوی. ئـــەم جووڵاندنە دەبێتە هۆی ترازانو درزبردنی چینی بەردەکان. بە روودانی ئەم حاڵەتە ئەو ناوچەیە لە زەوی تووشـــی لەرینەوە دەبێتو هەندێک جار دەبێتە هۆی کاولکاریی شـــارو کوشـــتاری بە کۆمەڵی هەزاران مـــرۆڤ پێکەوە. لە هەندێک ناوچـــە، بە هۆی ئەوەی چینەکانی رووی زەوی ناڕێکن، زیاتر تووشی رووداوی بوومەلەرزە دەبن، بۆ نموونە ژاپۆن.

کەوایـــە بوومەلەرزە دیاردەیەکە پەیوەندی بە سروشـــتی پێکهاتـــی زەوییەوە هەیە، نەک بە سروشتی چاکو خراپی مرۆڤەوە. لە کاتێکیشدا کە لە شارو ئاوەدانییەکان دەداتو بە کۆمەڵ مرۆڤ لە ناو دەبات، ئەو مرۆڤانە قوربانیی ئەو روداوە سروشتییەن، نە تاوانبارنو نە تووشی سزای خودایی هاتوون.

**هـــەورو باو بـــارانو تەرزە:** ســـەبارەت بـــەو دیاردانە، با پێکـــەوە ئەم ئایەتانـــەی قورئان بخوێنینەوە:

-(ألم تر أن الله يزجى سحابا ثم يؤلف بينه ثم يجعله ركاما فترى الودق يخرج من خلالهو ينزل من السماء من جبال فيها من برد )النور/**٤٣**.

واتا: (ئەتۆ نەتدیوە خودا هەورێک لە ســـەرەخۆ دەئاژوێ، پاشـــان چەند پارچەی لێک دەداو دەیانکا بە هەورێکی پڕ؟ ئەوسا تۆ دەبینی دڵۆپەی بارانی لێ دێتە دەر، «هەر خوداشە» لەو حەوایەو لەو کێوانە تەیرۆکان دادەبارێنێ).

-(و هو الذي أنزل من السماء ماء فأخرجنا به نبات كل شئ)الأنعام/**٩٣**.

واتا: (هەر خۆیەتی لە حەواوە ئاوێکی بۆ ئێوە باراند، هەموو رووەکمان پێ رووواند).

-(و هو الذي يرســـل الرياح بشـــرا بين يدي رحمته حتى إذا أقلت ســـحابا ثقالا سقناه لبلد ميت فأنزلنا به الماء )الأعراف/**٥٧**.

واتا: (هەر خۆیەتی پێش باران «کە بەزەییەکە لە خواوە» بایەکانو بە مزگێنی بۆ هەڵدەکا، کاتێ ئەو بایانە هەوری بارگرانیان بەرزەوە کرد، بەرەو وڵاتێکی مردوو دەیخەینە رێو ئەوســـا ئاوی پێ دەنێرینە خوارەوە).

بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتانەی سەرەوە، هەورو باو باران دەسکردو بەزەییو رەحمەتی خودان بۆ مرۆڤ!. خودا گەواڵە هەورەکان لە ئاســـماندا دروســـت دەکات، ئنجا (با)کان هەڵدەکەنو مزگێنـــی بە مرۆڤ دەدەن کە خودا بارانیان بۆ دەبارێنێ.. دوای ئەوە خودا گەواڵە هەورەکان دەخاتـــە رێ، دەیانباتو دەیانهێنێت، لە یەکیان نزیک دەخاتـــەوەو چڕیان دەکاتەوە، بە ئاو ئاوســـیان دەکاتو لە ئەنجامدا لە هەر کوێ خۆی حەز بکات، لەو هەورانە دڵۆپە ئاوی باران

دەردەهێنێتووەک ڕەحمەتی خۆی بۆ مرۆڤ، بۆ کشـــتوکاڵو پێویســـتییەکانیان دەیبارێنیَ!، لە هـــەر کوێیەکیش پێی ناخۆش بێت نایبارێنیَ!. کەس ناتونـــیَ بزانیَ بۆچی خۆدای گەورە هەورەکان بە نایەکسانی دابەش دەکاو ئەو جیاوازییە بیَ ئەندازەیە لە باران بارینیدا، بە درێژایی مێژووی زەویو هەورو باران، کردووەو دەکات؟!.

خـــودای گەورە هەر خۆی دەزانیَ بۆچی بـــۆ خەڵکی هەندیَ ناوچە بارانی زۆر دەبارێنیَ؟ بە ڕادەیەک کە وڵاتیان هەمیشـــە بەهارو ســـەوزو پاراوە.. هەندیَ ناوچەی دیکەش بە ڕادەیەک کەمبارانە کە تەنانەت ئاوی خواردنەوەشیان بە زەحمەت دەست دەکەوێت!. مرۆڤی بیَ چارەی ناوچـــە بیابانەکانی ڕووی زەوی بۆچی ئەو ژیانەووشـــکو برنگو گەرمو ســـەختە لە چارەیان نووسراوە؟.

لە ڕاســـتیدا بیروبۆچوونی ئەو ئایەتانەی سەرەوە ســـەبارەت بە هەورو باران، ڕەنگدانەوەی بـــاوەڕی ئاینییە، کە هۆی هەموو دیاردەو ڕووداوەکان بە شـــێوەیەکی ڕەها دەگەڕێنێتەوە بۆ خودا. ئەو ئایەتانە توانای پرســـیارو گومان لە مرۆڤ دەســـێننەوەو هزرو هوشیاری ڕۆڵێکیان لە ناســـینو تێگەیشتنی دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەردا، وەک چۆن لەواقیعدا هەن، نامێنیَ. لە سەردەمی محەمەددا سەبارەت بە باران بارین، ئاستی زانیاریی تەنها ئەوەندە بڕی کردووە کە لە دیتنی چاو تێپەڕی نەکردووە. هەر ئەوەندە زانستیان دەربارەی باران پەیدا کردووە کە دڵۆپەکانی لە هەور دێنە دەر.. بەڵام دەربارەی چۆنێتی دروســـتبوونی هەورەکانو بە گشـــتی سووڕی ئاو لە سروشتدا زانیارییەکی ڕاستو دروستیان نەبووە.

لەو سەردەمەدا ئەو ڕاستییە زانستییە نەزانراوە، یاخود قورئان درکی بەو ڕاستییە زانستییە ســـەرەتاییە نەکردووە کە بە هۆی گەرمی تیشکی خۆرەوە ڕێژەیەک لە ئاوی سەر زەوی دەبن بە هەڵمی ئاو، بەو هۆیەوە کە کێشـــی هەڵمی ئاو لە کێشـــی هەوا ســـووکترە، هەڵمەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاســـمان. لە کۆبوونەوەو چڕبوونـــەوەی هەڵمی ئاودا هەورەکان پێک دێن. بەڵام قورئان ئەوەندەی باســـکردووە کە هەورەکان بە هۆی (با)وە دەجووڵێن، چونکە ئەو دیاردەیە بە ئاسانی بە چاو دەبینرێتو پێویست بە زانست ناکات.

بـــە هۆی باوە هـــەورەکان دەجووڵێن، کۆو چڕ دەبنەوە، لە کاتێکدا کە بایەکی ســـاردتریان وەبەردەکەویَ چڕی هەڵمە ئاوەکە زیاتر دەبیَ، تا ئەو ڕادەیەی شێوەی دڵۆپە ئاوی بارانی لیَ دروست دەبێت. کێشـــی دڵۆپەکانی باران لە کێشی هەوا قورسترن، بە هۆی هێزی ڕاکێشانی زەوییەوە ڕووەو زەوی دێنو دەبارێن.

بەم شێوەیە هەورو باران دیاردەو ئاڵوگۆڕی سروشتن، لە پێناوی مرۆڤدا پەیدا نەبوون، پێش پەیدابوونی مرۆڤیش هەر هەبوون. لە هەلومەرجی ئاوو بارانو گۆڕانەکانی سروشـــتدا ژیان بە گشتیو ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی پەیدا بوون. باران بارینو چەندایەتییەکەی بە گوێرەی ناوچە جیاجیاکانی ڕووی زەوی، دیاردەو یاســـای سروشـــتە، پەیوەندی بە مـــرۆڤو ئاینو ڕەفتاری مرۆڤەوە نییە. بەڵکو ئەوە مرۆڤە بە درێژایی مێژووی خۆی، خۆی لە گەڵ دیاردەی ئاوی باران

گونجاندووەو سوودی لێوەرگرتووە.
یاساکانی سروشت، لەوانەش باران، بە ئیرادەیەکی دیاریکراوی سەرو سروشت ناگەڕین، بەڵکو پەیوەندییان بە پێکهاتی خودی سروشـــتو گۆڕانە سروشتییەکانەوە هەیە. بە گوێرەی حەزی مرۆڤـو پێداویســـتییەکانی مرۆڤیش ناسوڕێن. هەر ئەو بارانەی کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەندە، زۆرجاران بۆتە هۆی لافاوو کارەســـاتی یەکجار گەورەی بە ســـەر مرۆڤـــدا هێناوە. یاخود بە پێچەوانەوە، کەمی باران دیسان برسێتیو مردنو کارەساتی گەورەی بە سەر مرۆڤدا هێناوە.
کەواتە راستی ئەوەیە کە هەور، با، باران، لافاو....هتد دیاردەی سروشتن. نە باران رەحمەتو بەزەییـــە لە خوداوە، نە لافاویش بۆ تۆڵە ســـەندنە لەمرۆڤ! وەک لـــەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:
-(و أمطرنا عليهم مطرا فانظر كيف كان عاقبة المجرمين)الأعراف/٨٤.
واتا: (بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران! دە بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو تاوانبارانە چۆن بوو).
لەم ئایەتەی سەرەوەدا، مەبەست هۆزی (لووت)ە، کە بێ فەرمانی خودایان کردووە.
قورئـــانوا بـــاس دەکات کە هەموویان نێرباز بوون! خوداش لـــە تۆڵەی ئەوەدا نوقمی لافاوی بارانی کردوون!.
ناســـینی هەورو باران لە ئایەتەکانی قورئاندا، جگە لەوەی رەنگدانەوەی ئاســـتی هوشیاریو زانســـتی ســـەردەمەکەی محەمەدن، هەروەها تەواو رەنگدانەوەی کـــەشو هەوای دیاریکراوی سروشـــتی نیمچە دوورگەی عەرەبســـتانن. ئەوەتا هەر لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا (ئایەتی ٤٣ سورەتی النور) باسی دیاردەکانی هەور، باران، با، تەرزە دەکات، چونکە ئەو دیاردە سروشتیانە لە کەشو هەوای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتاندا هەن. لە کێوەکانی دەوروبەری شاری مەککەو شاری تائیف، لە زستاندا جگە لە باران هەندێک جار تەرزەش دەبارێت، بۆیە قورئان ئاماژەی پێ داوە. بەڵام بە هیچ شـــێوەیەک قورئان باسی دیاردەی بەفربارینی نەکردووە کە لە ناوچە کوێســـتانەکانی زەوی دەبارێت!. یانی بە هۆی ئەوەی بەفر لە نیمچە دوورگەی عەرەبســـتان نابـــارێو محەمەد زانیاریی دەربارەی ناوچە دوورە کوێســـتانو بەفراوییەکان نەبووە، بۆیە لە قورئاندا ئەو دیاردە سروشتییەی فەرامۆش کردووەو باسی نەکردووە.
**هەورەگرمـــەو هەورەبروســـکە:** یەکێک لـــە ســـورەتەکانی قورئان بە نـــاوی «الرعد»واتا هەورەگرمەوەیە. بێگومان ناونانی سورەتێکی قورئان بە ناوی دیاردەی هەورەگرمەوە، گرنگیدانی قورئانە بەم دیاردەیە. بەڵام گرنگییەک کە قورئان داویەتی بەم دیاردەیە، لەو رووەوە نییە کە هانی مرۆڤ بدات دیاردەی هەورەگرمە بەو شێوەیەی کە لەواقیعدا روو دەدات بناسنو خۆیان لەگەڵ کاریگەرییەکانی بگونجێننو بپارێزن!، بەڵکو گرنگی قورئان بەم دیاردەیە لەو رووەوەیە کە ئەوە بەڵایەکی خوداییە! مرۆڤ پێویستە هەمیشە لێی بترسێت.
لە سورەتی رەعددا دەڵێت: -(هو الذي يريكم البرق خوفاو طمعاو ينشئ السحاب الثقال.و يسبح الرعد بحمدهوالملائكة من خيفتهو يرسل الصواعق فيصيب بها من يشاء)الرعد/١٢، ١٣.

واتا: (هەر خۆیەتی بۆ ترسانو تەماداری بروسکەتان بەر چاو دێنێو هەوری پڕ رادەوەستێنێ. هەورەکانو فریشـــتەکان لە سامی ئەم هەمیشە هەر پەسن دەدەن. هەورەتریشقەش دەنێرێ، کێ حەز بکا تووشی دەکا).

بە گوێرەی مانای ئەو دوو ئایەتەی ســـەرەوە، خودا دیاردەی هەورە گرمەو هەورە بروسکەی بۆ ترســـاندنی بـــێ بڕوایان خولقانـــدووە، تا بە چاوو گوێـــی خۆیان ئەو دیاردە بە ســـامو سەرسوڕهێنەرەی دەسکردی خودا ببینەو ببیستن، لە ترسی ئەوەی بەریان بکەوێو بیانکوژێ موسڵمان بوونی خۆیان رابگەیەنن!

لەکتێبی (اســـباب النزول)دا، ســـەبارەت بە هۆی دابەزینی ئەو دوو ئایەتەی ســـەرەوە ئاوا دەڵێت:

[نیســـائیو بەزار لـــە ئەنس کوڕی مالیک دەگێڕنەوەووتوویەتـــی: پێغەمبەر (دخ) یەکێک لە یارانی خۆی بۆ لای یەکێک لە گەورەپیاوانی جاهیلی نارد، بەو مەبەســـتەی کە باوەڕ بە خودا بهێنێت. گەورە پیاوەکە ووتی ئەو خودایەی ئێوە لە ئاســـنە یان لە مس، یان لە زیو یان لە زێـــڕە؟ نێردراوەکـــە گەڕایەوەو ئەمەی بۆ پێغەمبەر(دخ) گێڕایـــەوە. ئەوە بوو جاری دووەمو ســـێیەمیش ناردیەوە، هەر بڕوای نەهێنا. بۆیە خودا هەورە بروسکەیەکی بۆ ناردو سووتاندی. ئەو ئایەتەی سەرەوە بەو بۆنەیەوە دابەزی]١٤.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(يسألك أهل الكتاب أن تنزل عليهم كتابامن السماء فقد سألوا موسى أكبر من ذلك فقالوا أرنا الله جهرة فأخذتهم الصاعقة بظلمهم)النساء/١٥٣.

واتا: (ئەوانەی ئەهلی کتێبن لێت دەخوازن کتێبێکیان بە تایبەتی لە ئاسمانەوە بۆ بێنی، هەر ئەوانە ئەوی لە موســـایان دەویســـت زۆر لەم کارەش گرنگتر بوو، گوتیان خوامان بە ئاشکرا پێ نیشـــان دە! لە سزای ئەم بەدفەڕیەدا بەر هەورەتریشقە کەوتن). لەو ئایەتەی سەرەوەدا، هەورەبروســـکە ئەو ئامرازەیە کە خودا بۆ ســـزادانو تۆڵەســـەندن لەو کەســـانەی کە داوای بەڵگەیان لە موسا کردووە، بە کاری هێناوە. بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی موسا، قورئان لەو ئایەتەدا بە ناڕاستەوخۆ ئەو کەسانە دەترسێنێ کە داوای بەڵگەیان لە محەمەد کردووە.

ئـــەم بۆچوونـــەی قورئان لەوێوە ســـەرچاوەی گرتووە کە، لە ســـەردەمی محەمەددا مرۆڤی کۆمەڵـــگای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتان، پەییان بە هۆ ئەســـڵیو زانســـتییەکانی روودانی دیاردەی هەورەبروســـکە نەبردووە. بۆیە محەمەد بۆ ترســـاندنی خەڵکو نەیارانی خۆی پەنای بۆ بردووە.

بێگومـــان ناوەرۆکی ئەم بیروبۆچوونەی قورئان لە ســـەر ئەو بنەمایە بووە کە بیرکردنەوەی خورافـــی لە کۆمەڵگای عەرەبســـتاندا رەگێکی قووڵی هەبوو.. ئـــەوان پێیانوابوو کە دیاردەو رووداوە سروشـــتییەکان هەندێکیـــان رەحمەتی خوداو هەندێکـــی دیکەیان غەزەبی خودان بۆ مرۆڤ! .وایان دەزانی ئەو جۆرە رووداوانە، نیشـــانەو بەڵگەی تووڕەبوونی خودان لە مرۆڤ! لە کاتێکـــدا کە مرۆڤ باوەڕیان بە خودا نەبێـــت!، خودا هەرواو بە بێ هۆ لە کەس تووڕە نابێو

تووشی کارەســـاتی ناکات.. هەر کارەساتێک، وەک لافاو، بوومەلەرزە، هەورەبروسکەو.......
هتد، ئەوانە بەرەنجامی بێ بڕوایی‌و خراپی مرۆڤ خۆیەتی، بۆیە لە لایەن خوداوە تووشی لەو جۆرە غەزەبانە دێن!!. ئەمە بەو مانایە کە بۆچوونەکانی قورئان، ســـەبارەت بە هۆی رووداني هەورەبروســـکەو هەورەگرمە، لەو خورافاتەنەوە سەرچاوەی گرتووەو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە.

لـــە راســـتیدا رووداني ئـــەو دیاردەیە هیـــچ پەیوەندییەکی بە مرۆڤەوە نییە، لە ســـەر هەر ئاین‌و باوەڕێک بن یا نەبن. بەڵکو لە رووی زانســـتییەوە هەورەگرمەو هەورەبروسکە دیاردەی سروشتین، لە کاتێکدا روو دەدەن کە دوو پەڵە هەوری بارگاوی بەر یەکتر دەکەون، یاخود لە نێوان هەورو زەویدا روو دەدات.

# ئەنجامگیریی بەشی یەكەم

لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەو بەراوردكاریی نێوان بۆچوونەكانی قورئانو زانستی گەردووناسیدا، دەگەینە ئەو راستییە كە قورئانو زانست لەو بوارەدا تەواو جیاوازو ناكۆكن. ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە بوچوونەكانی قورئان رەنگدانەوەی ئەو سەردەمانەیە كە خورافە بە سەر زەینو مێشكی مرۆڤدا زاڵ بووە. بۆچوونەكانی زانستی گەردووناسی لە سەر بنەمای سەدان تاقیكردنەوەو سەلماندنی بەڵگەی زانستی راستو دروستن. لە كورتەی ئەم بەشەدا بە پشت بەستن بە بۆچوونەكانی زانستی گەردووناسی دەتوانین بڵێین كە:

١- هەموو پێكهاتەكانی گەردوون پێكەوە بە فەرمانێكی سەرو سروشت دروست نەبوون. لە دوای تەقینەوەی گەورە، ملیارەها گەلە ئەستێرە دروست بوون، هەتا ئێستاش دروستبوونی ئەستێرانی نوێ هەر بەردەوامە.

٢- گەردوون بە گشتی لە ماوەی شەش رۆژدا دروستنەبووە. هەر بۆ نموونە ئەستێرەی زەوی دوای ئەوەی وەك قەبارەیەكی ئاگرین لە خۆر جیابۆتەوە، ملیۆنەها ساڵی خایاندووە تا وردەوردە سارد بۆتەوەو دوای ملیۆنەها ساڵیش ئنجا ژیانی لە سەر دروستبووە.

٣- ئاسمان لە حەوت چین پێكنەهاتووە، بەڵكو بۆشاییەكی بەرفراوانی بێ سنوورە، لەملیارەها گەلە ئەستێرە پێكهاتووە. هەر گەلە ئەستێرەیەكیش لە ملیۆنەها كۆمەڵە ئەستێرە پێكهاتووە.

٤- زەوی چەقی گەردوون نییە، بەڵكو ئەستێرەیەكی سەر بە كۆمەڵەی خۆرە، كە بە دەوری خۆیو بە دەوری خۆریشدا دەسورێتەوە.

٥- خۆرو مانگو ئەستێران لە پێناوی رێكخستننی كاروبارەكانی مرۆڤدا دروست نەبوون، بەڵكو دیاردەی سروشتن. هەر یەكێك لەو ئەستێرانە بە هۆی هێزی راكێشانەوە لە مەداری خۆیاندا دەسورێنەوە. مرۆڤ سوڕانەوەو ئاڵوگۆڕی دیاردەكانی سروشت بە یاساكانی سروشت ناو دەبات. ٦- شاخو كێوەكان بۆ باڵانسی زەویو پاراستنی مرۆڤ لە دیاردەی رووداني بوومەلەرزە دروست نەبوون، بەڵكو لە ئەنجامی جووڵانی چینە بەردەكانو گۆڕانەكانی توێكڵی زەویدا، لە ملیۆنەها ساڵدا دروست بوونو دەبن.

٧- هەور، باران، لافاو، هەورەگرمەو هەورەبروسكە، لە دیاردەو ئاڵوگۆڕەكانی سەر بە سروشتی زەوین. زیندەوەرانیش بە گشتی لە ژێر كاریگەری ئەو سروشتەدان. ئەوە بیروبۆچوونە ئاینییەكانی مرۆڤن كە ئەو دیاردانەوەك رەحمەت یان غەزەبی سەرو سروشت لێكدەدەنەوە.

٨- بەهەشتو دۆزەخ چەمكی ئاینی رووتن، لە گەڵ هیچ بوارێكی زانستدا نایەنەوە، بەڵكو تەنها لە بۆچوونە ئاینییەكانەوە سەرچاوەیان گرتووەو لە بیرو زەینی مرۆڤی سەر بە ئاینە جیاجیاكاندا جێگایان هەیە.

# پەراوێزی بەشی یەکەم

١ - نووسەر، ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، چاپی دووەم، ل ٣٢.
-٢ طبري، مختصر تفسير الطبري، ص٣٢٤.
-٣ الكتاب المقدس، ص١.
-٤ الكتاب المقدس، سفر التكوين، إصحاح ٢.
-٥ ئەم زانیاریانەم سەبارەت بە تیوری تەقینەوەی گەورە، لە کتێبی (الثورة العلمية الحديثةو ما بعدها)وەرگرتووە، لە نووسینی علي الشوك، ص٢٧٤.
-٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.
-٧ جلال الدين السيوطي، أسباب النزول، ص٢٤٤. ٨
-٨ الكتاب المقدس، سفر التكوين، إصحاح ١، ٢.
-٩ جلال الدين السيوطي، أسباب النزول، ص ٣٤٠.
-١٠ جەهەننەم، وشەیەکی عیبرییە بە مانای دۆزەخ.
-١١ د. سۆنیتا گۆپتا، بانکی زانیاریی بۆ نەوجەوانان، ل ٧٩ .
-١٢ إبن كثير، البدايةو النهاية، ج١، ص٢١.
-١٣ د. سۆنیتا گۆپتا، بانکی زانیاری بۆ نەوجەوانان، ص٤٤.
-١٤ جلال الدين السيوطي، أسباب النزول، ص١٥١.

# بەشی دووەم

# زیندەوەران

## زیندەوەران چۆن دروستبوون؟

مــرۆڤ بۆ ئەوەی لە بوونــی خۆیو زیندەوەرانی دیکەی دەوروبەری لە سروشــتدا تێبگات، بە گوێرەی ســەردەمە جیاجیاکانی گۆڕانو پێشــکەوتنی هزرو هوشیاری، بە دوایوەڵامی ئەو پرسیارەی خۆیدا گەڕاوەو کارو لێکۆڵینەوەی لە سەرکردووە. لەو بوارەدا چەندەها بیروبۆچوونی جیاواز، لە چەندەها کتێبو سەرچاوەدا نووسراون.

هەندێک بیروبۆچوون پێیانوایە ژیانی زیندەوەران لە ئاو پەیدابووە. هەندێکی دیکە پێیانوایە ژیــان لە چەنــد پێکهاتێکی ناو هەوا پێکهاتووە. هەندێــک وای بۆدەچن زیندەوەران لە خاک پەیدابــوون. هەندێکی دیکە دەڵێن زیندەوەران لە تێکەڵبوونــی چەند رەگەزێک پەیدا بوون. بۆچوونێکی دیکە دەڵێن زیندەوەران لە بنەڕەتدا لە ئاسمانەوە دابەزیون.

پێش زانست، ئاینە جۆراوجۆرەکان بە گوێرەی سەردەمەکانی خۆیان، هەر یەکەو بە بۆچوونی خۆی، وەڵامیان بەو پرســیارە داوەتەوە. بۆ نموونە لەو ئاینانەدا کە بە ئاســمانی ناســراون (جوولەکە، دیان، ئیســلام) دروســتبوونی هەموو زیندەوەران دەگەڕێننەوە بۆ بڕیارو تواناو دەسەڵاتی خودا. دەڵێن خودا زیندەوەرانی لە خاک دروستکردووە.

ئێمە لەم بەشەدا، سەرەتا هەوڵ دەدەین لە روانگەی قورئانەوە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەی ســەرەوەدا بچین. دوای ئەوە، روانگەو بۆچوونی زانســتی نوێ ســەبارەت بە دروســتبوونی جۆرەکانــی زیندەوەران بــاس دەکەین. لە درێژەی باســەکەدا، ناکۆکییەکانی نێوان قورئانو زانست دەخەینە روو.

## دروستبوونی زیندەوەران لەڕوانگەی قورئانەوە:

پێش چوونەناو باسەکە، سەرەتا با بزانین لە روانگەی قورئانەوە زیندەوەران کامانەن؟ قورئان لە ئایەتی ١٠ی سورەتی (فصلت)دا دەڵێت:- (و جعل فيها رواسي من فوقها وبارك فيها وقدر فيها أقواتها في أربعة أيام سواء للسائلين) فصلت/١٠

واتا: (کەژو کۆشــی لە زەمین بەرزکردەوەو پیتی تێخســت، هەر لە ماوەی چوار رۆژاندا، بۆ هەرکێ بژیوی دەوێ، بە یەکسانی، بژیوی بۆ دابینکرد).

بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سەرەوە، زیندەوەران لە سروشتدا بریتین لەو گیاندارانە کە بۆ ژیانو مانەوە پێویستیان بە بژیو هەبێت، واتا پێویستیان بە خۆراک هەبێت بۆ ئەوەی بیخۆنو پێی بژین. ئەوانەش بریتین لە: مرۆڤ، گیانلەبەران، رووەک.
هەروەها لە روانگەی قورئانەوە زیندەوەرانێکی دیکە هەن کە غەیبین! مرۆڤ نایانبینن، ئەوانیش ژیانیان هەیەو لە ژێر فەرمانو دەسەڵاتی خوداداان، وەک: فریشتە، جنۆکە، شەیتان.
هەموو جۆرەکانی زیندەوەرانو بژیوەکانیان، بە بڕیارێکی خودایی لە ماوەی چوار رۆژدا، ئافراندراون (خولقێندراون).   مەبەستی قورئان لەوشەی ئافراندن ئەوەیە کە خودا هەموو دیاردە جۆراوجۆرەکانی، لە گیاندارو بێ گیان، بە جیا هەر یەکەیان لە سەر شێوەیەکی ئامادەکراوو دیاریکراوی نەگۆڕ دروستکردووە. یانی لە یەکەم رۆژی دروستبوونیانەوە چۆن بوون، هەروا دەمێننەوە، هیچ گۆڕانێک قبوڵ ناکەن!. بۆ نموونە، زەوی ئەمڕۆ چۆنە بە هەموو شاخو شیوو دۆڵو روبارەکانیەوە، لە سەرەتاوە هەر بەو شێوەیە دروستبووەو هەرواش دەمێنێتەوە!. زیندەوەران ئێستا جۆرەکانو شێوەکانیان چۆنەو چۆن دەژین، یەکەم رۆژی دروستبوونیشیان هەروابوون! هیچ هێزێکیش جگە لە توانا ویستی خودا، ناتوانێ گۆڕانیان بە سەردا بهێنێت!. خودا خۆی کەی بیەوێت، ژیان دەوەستێنێو کۆتایی پێ دێنێت!.
ئێستا لە درێژەی ئەم باسەدا، لە روانگەی قورئانەوە باسی چۆنێتی پەیدابوونو ژیانی جۆرەکانی زیندەوەران دەکەین.

# دروستبوونی مرۆڤ لەڕوانگەی قورئانەوە:

با پێکەوە ئەم چەند نموونە ئایەتەی خوارەوە بخوێنینەوە: -(و لقد خلقنا الأنسان من صلصال من حماء مسنون)الحجر/٢٦.
واتا: (ئێمە مرۆڤمان دروستکرد لە قوڕە رەشەی بۆگەنیوی رەق هەڵاتوو).
-(فإذا سويتەو نفخت فيه من روحي فقعوا له ساجدين)الحجر/٢٩.
واتا: (هەرگا رێکوپێکم کردو لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد. ئێوە بۆ سوژدەبردن داوەرنەوەو دەمەوڕوو بن).
-(لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم)التين/٤.
واتا: (ئێمە مرۆڤمان لە رێکترین شێوەدا وەدیهێناوە).
- (و يا آدم اسكن أنتو زوجك الجنة فكلا من حيث شئتماو لا تقربا هذه الشجرة فتكونا من الظالمين)الأعراف/١٩.
واتا: (ئەی ئادەم، تۆ وێڕای ژنت لە بەهەشت بحەوێنەوە، لە هەرکوێدا هەرچی دەخۆن بە ئارەزوی خۆتان بکەن، هەر توخنی ئەو داری هانا مەکەون، دەنا ئێوە لە ناهەقیکاران دەبن).

لە مانای ئەو ئایەتانەی سەرەوەدا پێکەوە، چۆنێتی دروستبوونی مرۆڤو چیرۆکی ئادەم وەک یەکەم مرۆڤی دەستکردی خودا دەخوێنینەوە. بە گوێرەی ئەو ئایەتانە، خودا پەیکەری ئادەمی لە قوڕ لە سـەر شـێوەی مرۆڤ، لە بەهەشتدا دروستکردووە.. ئنجا لە رۆحی خۆی فووی بە پەیکەرەکەدا کردووەو، لە چاوتروکانێکدا گیانی بە بەردا کردووە. دەسـبەجێ کردوویەتی بە مرۆڤێکی خاوەن ئەقڵو هوشیاریو زمان!.

[ئیمام ئەحمەد لە ئەبی موساوە دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر وتوویەتی: خودا ئادەمی لە هەندێک گڵ دروسـتکرد، کـە لە هەموو شـوێنە جیاجیاکانی زەوییەوە وەریگـرت، بۆیە بەنی ئادەم هەندێکیان سوروسپیو هەندێکیان رەشن]١.

بەم شـێوەیە خودا ئادەمی بە تەنیا لە بەهەشـتدا دروسـتکرد. ئادەم لە گەڵ ئەوەشدا لە بەهەشتدا بووە، بەڵام لە تەنیایی بێزار بووە. بۆ ئەوەی تەنیایی هەراسانی نەکات، خودا هەر لە لەشـی ئادەم پارچەیەکی کردەوەو لەو پارچەیە ژنێکی بۆ دروستکرد!، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:

-(هو الذي خلقكم من نفسواحدةو جعل منها زوجها ليسكن اليها)الأعراف/١٨٩.

واتا: (هەر ئەو ئێوەی لە یەک کەس وەدیهێناوە، ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو پێکهێنا، کە لەوڕا بحەسـێتەوە). لە راستیدا قورئان چیرۆکی دروسـتکردنی ئادەمو ژنەکەی، بە دەستکارییەوە لەتەوراتەوەوەرگرتووە. لە تەوراتدا کە نزیکەی هەزار ساڵ پێش قورئان نووسراوە، دەڵێت: (خودا ئادەمی لە خۆڵی زەوی دروستکرد، لە لووتیەوە فووی پێدا کردو ژیانی پێ بەخشی، ئاوا ئادەم بووە خاوەنی ژیان)٢.

(خوداوەند خەوێکی قووڵی لە ئادەم خسـت، لە کاتی نوسـتنیدا یەکێک لە پەراسـووەکانی دەرهێناو جێگاکەی بە گۆشـت داپۆشـییەوە. خوداوەند لەو پەراسـووەی ئادەم ژنێکی بۆ دروستکرد)٣.

(ئادەم ژنەکەی ناو نا حەوا، چونکە دایکی هەموو ژیانە)٤. ئەبی هەریرە، هەر لەو بارەیەوە کە ژن لە پەراسـوو دروسـتبووە وتەیەکی محەمەد دەگێڕێتەوە، دەڵێـت: [پێغەمبەر وتی: (ئامۆژگاری ژنان بە چاکە بکەن، ژن لە پەراسوو دروستبووە، پەراسوو هەمیشە خوارە، ئەگەر بتەوێ راسـتی بکەیتەوە دەشـکێت، ئەگەر وازی لێ بهێنیت هەر بە خواریی دەمێنێتەوە، لە بەر ئەوە ئامۆژگارییان بە چاکە بکەن)]٥. دوای دروستبوونی ئادەمو حەوا لە بەهەشتدا، بەو شێوەیەی سـەرەوە، قورئان چیرۆکی دەرکردنیان لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی دەگێڕێتەوە. واباسـدەکات کە دارێک لە بەهەشـتدا بـووە، خودا پێی راگەیاندوون کە لـە بەری ئەو دارە نەخۆن! ئەگەر لێی بخۆن کارێکی خراپ دەکەن!: -(فلما ذاقا الشـجرة بدت لهما سـوئاتهماو طفقا يخصفان عليهما منورق الجنةو ناداهما ربهما ألم أنهكما عن تلكما الشـجرةو أقل لكما إن الشيطان لكما عدو مبين)الأعراف/٢٢.

واتا: (دوای ئەوەی لە بەری دارەکەیان چەشت، عەیبو عاریان کەوتە دەرو کۆششیان کرد بە

گەڵای بەهەشت داپۆشن، پەروەرندە گازی کردن: ئاخر من بە ئێوەم نەگوت توخنی ئەم دارە مەکەون؟ پێشم ڕانەگەیاندن بە ئاشکرا شەیتان دوژمنی ئێوەیە؟).

لە بەر ئەوەی بە قسەی خودایان نەکردووە، خودا پێیوتن: -(قال اهبطوا بعضكم لبعض عدوو لكم في الأرض مستقرو متاع إلى حين)الأعراف/٢٤.

واتا: (گوتـــی داگەڕێنە خوارێ، ئێوە دوژمنی یەکتریـــن، تا ماوەیەک جێگاو مایەی ژیانتان لە زەوی دەبێت).

بەم شـــێوەیە لە ســـزای ئەوەدا کە ئادەمو حـــەوا لە فەرمانی خودا دەرچوونو بە قســـەی شەیتانیان کرد،خودا لە بەهەشت دەریکردن بۆ سەر زەوی!. چیرۆکی دەرکردنی ئادەمو حەوا لە بەهەشـــتەوە بۆ سەر زەوی، بە هەمان شێوە بە دەســـتکارییەوە لە تەوراتەوە وەرگیراوە. تەورات ئاوا دەڵێت: (خوداوەند ئادەمی راســـپارد، وتی: لە هەموو دارەکانی بەهەشـــت بخۆ، تەنهـــا لە داری زانینی چاکەو خراپە مەخۆ، چونکە هەر ڕۆژێک لەو دارە بخۆیت هەر بە مردن دەمریت)٦.

ئەم چیرۆکەی تەورات بەردەوام دەبێت: (لە ناو هەموو زیندەوەرانی وشکانیدا مار فێڵبازترینی هەر هەموویان بوو، بە ژنەکەی ئادەمی گوت: بە ڕاست خوداوەند پێیگوتن کە لە بەری هەموو دارەکانی بەهەشـــت نەخۆن؟ ژنەکە بە مارەکەی گوت: لە بەری دارەکانی بەهەشت دەخۆین، بـــەڵام خوداوەنـــد گوتی تەنها لە بەری ئەو دارەی کە لە ناوەڕاســـتی بەهەشـــتدایە مەخۆنو دەســـتکاری مەکەن، بـــۆ ئەوە کە نەمرن. مارەکە بە ژنەکەی گـــوت: نامرن، بەڵام خوداوەند دەزانێ ئەو ڕۆژەی لە بەری ئەو دارە بخۆن، چاوتان دەکرێتەوەو وەک خوداوەند چاکەو خراپە دەزانـــن. ژنەکە پێیوابوو بەری ئەو دارە بۆ خواردن بە تامەو چاویش دەکاتەوەو دەبێتە هۆی تێگەیشـــتن، بۆیە لە بەری دارەکەی کردەوەو بەشـــی پیاوەکەیشـــی دا، هەردووکیان پێکەوە خواردیـــان. ئیدی چاوانیان کرانەوەو زانییان کە رووتـــن. خوداوەند بە ئادەمی گوت: ئایا لە بـــەری ئەو دارەت خوارد کـــە ئامۆژگاریم کردیت لێی نەخۆیت؟ ئادەم گوتی: ئەو ژنەی کە بۆ هاودەنگی پێتبەخشیم، لە بەری دارەکەی دامێ، منیش خواردم. لە بەر ئەوە خوداوەند ئادەمی لە بەهەشـــتی عەدن دەرکرد بۆ سەر ئەو زەوییەی کە لێوەی هێنرابوو، بۆ ئەوەی بیکێڵێ)٧. بەگوێـــرەی ئەو دوو چیرۆکەی تەوراتو قورئان، هەردووکیان لە ســـەر ئەوە کۆکن کە ئادەمو حەوا لە بەهەشتدا دروستبوون!.

لە ســـەر ئەو بەهەشتەی کە ئادەمو حەوای تێدا دروســـتبوون، ڕاڤەکارانی ئیسلام بیرو رای جیاوازیـــان هەیە: (هەندێکیان وتوویانە ئەو بەهەشـــتەی کە ئادەمی تیا بووە، لە ئاســـمانەو جەننەتولمەئوایە. هەندێکی دیکەیان وتوویانە بەهەشتی هەمیشەیی نەبووە، چونکە پێیوترا لە بەری ئەو دارە مەخۆ!، هەروەها لە بەرئەوەی تیایدا نووســـتو دەرکراو ئیبلیس چووە ناوی.. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە جەننەتولمەئوا بێت)٨. یانی هەندێک لە ڕاڤەکاران پێیانوایە کە بەهەشتەکەی ئادەم لە سەر زەوی بووە. بە هەرحاڵ، ئادەمو حەوا لە ئاسمان دروستبووبن یا

لە سەر زەوی، گرنگ ئەوەیە کە قورئان پێیوایە ئەوان یەکەم پیاوو ژنی سەر زەوین!.

## - زۆربوونی مرۆڤ لە سەر زەوی، لەڕوانگەی قورئانەوە

دوای ئەوەی ئادەمو حەوا وەک یەکەم جووتە مرۆڤ (پیاوو ژن) دابەزینە سـەر زەوی! ئیدی خودا کەسـی دیکەی لە قوڕ دروسـتنەکرد. بەڵکو ئادەمو حەوا پێکەوە جووت بوون، ئادەم تنۆکە ئاوێکی کردە لەشـی حەواوەو منداڵیان خسـتەوە: -(والله خلقكم من تراب ثم من نطفة ثم جعلكم أزواجا) فاطر/١١.

واتا: (خـودا هەوەڵ ئێوەی لە گڵ، پاشـانیش لە تنۆکەیەک وەدیهێنا، پاشـان جووتەی لێ پێکهینان). بەم شـێوەیە خودا کوڕو کچی بە ئادەمو حەوا بەخشـی. بە هۆی ئەوەی ئادەمو حەواو منداڵەکانیان تاکە خێزانی سەر زەوی بوون! کەسی دیکە نەبووە تا تێکەڵیان بنو ژنو ژنخوازییان لە گەڵدا بکەن. قورئان ئەوەی باس نەکردووە، یاخود پاسـاوێکی تێدا نییە بۆ ئەوەی کە خێزانی ئادەم چۆن زۆر بوونو پەرەیان سەندووە؟!.

بێگومان لەو حاڵەدا وەڵام هەر ئەوەیە کە، کوڕوکچی ئادەمو حەوا خۆیان پێکەوە جووتبوونو نەوەی دووەمو سێیەمو.......هتد لە دایکبوونو هاتوونەتە ژیانەوە.. یانی ئادەمو حەوا باپیرە گەورەو دایەگەورەی منداڵانێکن کە لە جووتبوونی خوشکو براکان لە دایکبوون.

بـە گوێرەی چیرۆکی ئادەمو حەوا، ئەگـەروا نەبوایە، ژیانی مرۆڤ دوای منداڵەکانی ئادەمو حەوا دەوەستاو درێژەی نەدەبوو!. بڕوانە ئەم ئایەتەی خوارەوە:- (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكرو أنثىو جعلناكم شعوباو قبائل لتعارفوا)الحجرات/١٣.

واتا: (ئـەی خەڵکینە هەر لـە نێرو مێوێکەوە ئێوەمان بەدیهێنـاو کردوومانن بە چەند گەلو هۆزێک هەتا یەکتری بناسـن). بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سـەرەوە، رەچەڵەکی هەموو مرۆڤی سـەر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ جووتبوونی ئـادەمو حەوا، ئنجا جووتبوونی منداڵەکانیان لـە گـەڵ یەکتر، تا وردەوردەو نەوە لـە دوای نەوە مرۆڤ زۆر بوونو لـە یەکتر جیاو دوور کەوتوونەتەوەو بە ناوچە جیاجیاکانی سـەر زەویدا بڵاوبوونەتـەوە! بەم جۆرە خودا گەلانی جیاجیای پێکهێناوە!.

## ـ خودا کەی ئادەمی دروستکردووە؟

وەک باسمان کرد، قورئان داستانی ئادەمو حەوای لە تەوراتەوە وەرگرتووەو بڕوای پێکردووە. بۆیـە لە چەند ئایەتێکدا تەسـدیقی کردووە، بۆ نموونە: -(نـزل عليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديهو أنزل التوراةو الأنجيل)آل عمران/٢. واتا: (ئەم کتێبەی بە راسـت بۆ تۆ ناردووە، باوەڕ بەو کتێبانەش دەکا کە بەر لەوی لە خواوە بە رێ کراون، تەوراتو ئینجیلیشی لە بەرا هەنارد).

-(و من قبله كتاب موسى إماماو رحمةو هذا كتاب مصدق لسانا عربيا)الأحقاق/١٢.

واتا: (لە پێش ئەمیش کتێبی موســـا پێشـــەواو بەزەیی بوو، ئەم قورئانە ئەویشی بە راست زانیوەو بـــە زمانی عەرەبییە). بە گوێرەی زانیارییەکانی تـــەورات (٩)، کە قورئان بڕوای پێ کردووەوەک سەرچاوە پشتی پێ بەستووە، مێژووی بەرەی ئادەم لە ئادەم خۆیەوە تا دەگاتە ئیبراهیم، بیست نەوەی یەک لە دوای یەکن، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:

| نەوەکانی ئادەم | درێژی تەمەنیان |
|---|---|
| ١ ـ ئادەم | ٩٣٠ |
| ٢-شیتا | ٩١٢ |
| ٣- ئانوش | ٩٠٥ |
| ٤- قینان | ٩١٠ |
| ٥- مهلئیل | ٨٩٥ |
| ٦- یارد | ٩٦٢ |
| ٧- ئەخنوخ | ٣٦٥ |
| ٨-متوشالح | ٩٦٩ |
| ٩- لامک | ٧٧٧ |
| ١٠- نوح | ٩٥٠ |
| ١١- سام | ٦٠٠ |
| ١٢- ئەرفکشاد | ٤٣٨ |
| ١٣- شالح | ٤٣٣ |
| ١٤- عابر | ٤٦٤ |
| ١٥- فالج | ٢٣٩ |
| ١٦- رعو | ٢٣٩ |
| ١٧- سروج | ٢٣٠ |
| ١٨- ناحور | ١٤٨ |
| ١٩- تارح | ٢٥٠ |
| ٢٠-ئیبراهیم | ١٧٥ |
| | ............................... + |
| | ١١٧٨١ ساڵ |

(ئیبراهیـــم تەمەنی ٧٥ ســـاڵ بووە، خودا پێـــی ڕاگەیاندووە کە وڵاتی خـــۆی، زەوی ئوری کلدانییەکان، بە جێبهێڵێو بەرەو زەوی کەنعان بچێت)١٠.

(ئیبراهیم ١٩٠٠ ساڵ پێش زایین، لە تەمەنی ٧٥ساڵیدا چۆتە فەلەستین)١١.

بەم شێوەیە لە دروستبوونی ئادەمەوە تا ئیبراهیم، لە گەڵ ئەو تەمەنە درێژە ئەفسانییانەشدا، کـــۆی ئەو مێژووە بریتییە لە ١١٧٨١ ســـاڵ. کە لە قورئاندا بـــە چەرخەکانی جاهیلی یەکەم ناسراوە.

مێژووی چوونی ئیبراهیم تا لەدایکبوونی عیســا، بریتییە لە ١٩٠٠ ســاڵ. ئەو ماوە مێژووییە بە مێژووی پێش زایین ناودەبرێت. مێژووی لە دایکبوونی عیسا ش تا ئێستا بریتییە لە ٢٠٠٨ ساڵ. ئەو ماوە مێژووییە بە مێژووی زایینی ناسراوە.

کەواتە بە لێکدانەوەی ئەو حسابە، کۆی هەموو مێژووی مرۆڤ دەکاتە:

١١٧٨١ ساڵ، مێژووی جاهیلی یەکەم

١٩٠٠ ساڵ، مێژووی پێش زایین

٢٠٠٨ ساڵ، مێژووی زایینی

+ ...............................

١٥٦٨٩ ساڵ

مانای وایە: لە روانگەی قورئانو تەوراتەوە سەرجەم تەمەنی بەرەی مرۆڤ، لە دروستبوونیەوە تا ئەمڕۆ، بریتییە لە ١٥٦٨٩ ساڵ!!!.

## ـ مەبەستی خودا لە دروستکردنی مرۆڤ چیبووە؟!

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا قورئان دەڵێت:-(فأقموجهك للدين حنيفا فطرت الله التي فطر الناس عليها لا تبديل لخلق الله)الروم/٣٠.

واتا: (تۆ هەر روو لەم دینە بکەو هەر بەرەو هەق هەنگاو بنێ، دینێکی بنەڕەتییەو لە سروشتا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرســتی وەدیهێناوە). لە مانای ئەو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە روونده‌بێتەوە کە خودا مرۆڤی بۆ پەرستنی خۆی دروستکردووە.

هەر لە دروستکردنی ئادەمەوە هوشیارییەکی ئامادەو دیاریکراوی بە مرۆڤ بەخشیوە، تا بتوانێ بەو هوشــیارییەی بیر لەوە بکاتەوە کە خودایەک لە ئاسمان هەیە، مرۆڤـو سروشتو زەویو هەموو بەروبوومەکانی لە جوانترین شــێوەدا دروستکردووە. مەبەستی خودا لە دروستکردنی هەمــوو دیاردەکانــی گەردووندا ئەوەیە تا مرۆڤ لە ســەیری ئەوانەوە لــە تواناو گەورەییو دەســەڵاتی خودا تێبگاتو بیپەرستێ! ئەوە حیکمەتی دروستبوونی گەردوونو مرۆڤە لە لایەن خوداوە، کاری خوداش گۆڕانی بە سەردا نایەت!.

# گیانەوەرانی دیکە:

ســـەبارەت بە چۆنێتی دروســـتبوونی گیانەوەرانی دیکە، قورئان باســـی سەرەتاو رەچەڵەکی جۆرەکانی گیانەوەرانی بە روونی نەکردووە. تەنیا ئەوەندە لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت: -(والله خلق كل دابة من ماء فمنهم من يمشـــي على بطنهو منهم من يمشـــي على رجلينو منهم من يمشي على أربع يخلق الله ما يشاء)النور/٤٥.

واتا: (خودا هەموو جانەوەری لە ئاو بەرهەمهێناوە، هەیە زگەخشـــکێ دەکاو، هەیە لە ســـەر دوو پێ دەڕواو هەیە لە سەر چوار پەلانە، خودا هەر شتێ حەزێ بکا سازی ئەدا). لە مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوەداو لە قورئانیشدا بە گشتی، روون نییە یەکەمجار خودا گیانەوەرانی لە چی دروســـتکرد؟ هەر لە قوڕ یا لە ماتریالێکی دیکە؟ روونینەکردۆتەوە ئاخۆ ئەو ئاوە ئاوی ئاســـاییە؟ یاخود ئاوی لەشی نێرەی گیانەوەرانە؟! هەروەها باسی ئەوەی نەکردووە ئاخۆ لە پێشـــدا نێرەکانی گیانەوەرانی دروستکردووە، ئنجا دواتر مێیەکان؟! هەروەک چۆن لە مرۆڤدا لە پێشـــدا ئادەمو دواتر حەوا ی لە پارچەیەکی لەشی ئادەم دروستکرد!.. ئەگەروایە ئەی لە چ رۆحێـــک خودا گیانی بە بەردا کـــردوون؟!. ئاخۆ هەموو گیانەوەرە جیاجیاکانی پێکەوە لە رۆژێک دروست کردووە؟.... هتد.

قورئان گرنگیی بە هەندێک لە گیانداران داوەو زۆربەیانی فەرامۆش کردووە. لەو گیاندارانەی کە گرنگی پێداون، چەند ســـورەتێکی بە ناویانەوە ناو ناوە، کە ئەمانەن: ســـورەتی بەقەرە، ئەنعام، ئەلنەحل، ئەلنەمل، ئەلعەنکەبوت، ئەلفیل. هەروەها قورئان کۆمەڵێک چیرۆکی کورتو درێژی لە سەر گیانداران باسکردووە، کە هەر هەموویان ناوەرۆکەکانیان ئەفسانەن، گەلێکیان لە تەوراتو ئینجیلەوەوەرگیراون، رەنگدانەوەی ئەو ســـەردەمانەن کە ئاینەکانو خورافە لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤدا بە گشتی رەگوڕیشەی قووڵو برەویان هەبووە.

لەو چیرۆکانەی قورئان:

| **ناوی چیرۆک** | **سورەت** |
|---|---|
| ١- چیرۆکی مانگاکەی بەنی ئیسرائیل | البقرة /٦٧ |
| ٢- قەلە رەشەکە لە گەڵ قابیلو هابیل دا | المائدة/٢٦ |
| ٣- سەگەکەی ئەسحاب ئەلکەهف | الكهف/٩ |
| ٤- نەهەنگەکەی یونسی قوت دا | الصافات/١٣٨ |
| ٥- مارەکەی موسا | طه/-٩ ٢٤ |
| ٦-پەپوسلێمانکەی سەربازی سولەیمان | النمل/-٢١ |
| ٧- پەلەوەرەکانی ئیبراهیم | البقرة/٢٦٠ |
| ٨- گوێدرێژەکەی عوزەیر | البقرة/٢٥٩ |

٩- گورگە بێ تاوانەکە لە گەڵ یوسف دا — یوسف/-١١ ١٨
١٠- ماسییەکە لە گەڵ موساو خدر دا — الكهف/٦٠
١١- نەوەدو نۆ مەڕەکە — صاد/٢١-٢٦
١٢- مەڕی هۆزەکە — الأنبياء/-٧٨ ٧٩
١٣- مۆرانە — السبأ /١٤
١٤- مێرووولەکەی سولەیمان — النمل/-١٧ ١٩
١٥- بەرانەکە — الصافات/-١٠٠ ١٠٧
١٦-وشترەکە — الأعراف/-٧٣ ٧٩
١٧- فیل لە گەڵ خاوەن فیلەکاندا — الفيل/-١ ٥
١٨-ئەو کۆمەڵەی خودا کردنی بە مەیمون — الأعراف (١٦٣ ١٦٦)١٢.

لێرەدا بە پێویستی نازانم دەقی ئایەتەکانی هەموو ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە بنووسینەوەو باسیان بکەین، بەڵام خوێنەر ئەگەر بیەوێت، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ قورئانو بە گوێرەی ناوی سورەتەکانو ژمارەی ئایەتەکان، کە لەو خشتەیەی سەرەوەدا ئاماژەم پێ کردوون، بیانخوێنێتەوە.

تەنیا بۆ نموونە، لێرەدا با دەقی ئایەتی یەکێک لەو کورتە چیرۆکانە بخوێنینەوە،کە دەڵێت: -(و إذ قال إبراهيم رب أرني كيف تحي الموتى قال أو لم تؤمن قال بلىو لكن ليطمئن قلبي قال فخذ أربعة من الطير فصرهن إليك ثم اجعل على كل جبل منهن جزءا ثم ادعهن يأتينك سعياو اعلم أن الله عزيز حكيم)البقرة/٢٦٠.

واتا: (ئەوساش کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم! ئەتۆ مریان چلۆن زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشانمدە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشتا باوەڕت نییە؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام من گەرەکمە ئیتر بە تەواوی دڵنیا بم. گوتی: دەسا چوار مەل بگرەو پەل پەلیانکەو بیانکە چوار کوت، هەر کوتێکیان بە سەر کەژێکەوە دانێو بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆ لات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەسەڵاتو لە کار زانە).

## مەبەست لە دروستکردنی گیانەوەران، لە روانگەی قورئانەوە:

لە قورئاندا چەندین ئایەت سەبارەت بە هۆو مەبەستی خودا لە دروستبوونی گیانەوەراندا دەخوێنینەوە، بۆ نموونە:- (أو لم يروا أنا خلقنا لهم مما عملت أيدينا أنعاما فهم لها مالكون) يس/٧١.

واتا: (ئاخۆ هێشتا نەیاندیوە ئێمە بە دەستی توانامان پاتاڵمان بۆ بەرهەم هێنان، ئەوان بوونەتە خاوەنیان).- (و من الأنعام حمولةو فرشا كلوا مما رزقكم اللهو لا تتبعوا خطوات الشيطان)الأنعام/١٤٢.

واتا: (لــە ماڵاتیــش بڕێکی بۆ بارلێنانو بڕێکی بۆ کوڵکە خــوری بە دی هێنا، لەوەی وا خوا کردوویەتیە ڕۆزی بۆتان، بخۆنو ڕێو شوێنی شەیتان مەگرنەبەر).
-(و الخيلو البغالو الحمير لتركبوهاو زينةو يخلق ما لا تعلمون)النحل/٨.
واتا: (ئەســپو ئێسترو کەریشی، هەم بۆ ســواریو هەم بۆ خۆ بە جوان رانانی ئێوە چێکرد، شتی وەهاش دروست دەکا کە نایزانن).
-(و هو الذي سخر البحر لتأكلوا منه لحما طريا)النحل/١٤.
واتا: (هەر ئەویشە زەریای خستۆتە بەر دەستو کە گۆشتی تازەی لێ بخۆن).
-(و إن لكــم فــي الأنعام لعبرة نســقيكم مما في بطونه من بين فرثو دم لبنا خالصا ســائغا للشاربين) النحل/٦٦.
واتا: (لەوڵساتیشــا بۆ ئێوە پەندێک هەیە: لە ناو سکیان، لە نێوانی ریخو خوێن را، شیرێکی پاکو رەوانو دەرخوارد ئەدەین، بۆ ئەوانەیوەخۆرەوەن گۆارایە).
-(و أوحــى ربــك إلى النحل أن اتخذي من الجبال بيوتاو من الشــجرو مما يعرشــون. ثم كلي من كل الثمرات فاســلكي ســبل ربك ذللا يخرج من بطونها شــراب مختلف ألوانه فيه شــفاء للناس)النحل/٦٨،٦.واتا: (خوا مێشــەنگوینی رائەســپارد کە: لە کاوانو دارانو ئەو شــوێنی هەڵیدەبەســتن، شــوێنی ژینی خۆت هەڵبەستە. پاشــان لە گش بەروبوو بژیوت بمژە، ئیتر رێگــەی راهێنەری خــۆت بگرە بەر، لە دەروونی تراوێکی هەمەڕەنگە دێتە دەرێ، شــفای بۆ مەردم تێدایە). لە مانای ئەو ئایەتانەی ســەرەوەدا بە گشــتی ئەوە رووندەبێتەوە کە، خودا گیانەوەرانی بۆ مەبەســتی ســوودی مرۆڤ دروســتکردووە. هەر لە پێناوی خزمەتی مرۆڤدا، خودا گیانەوەرانی بۆ رامو دەســتەمۆ کردوون! مرۆڤ بۆ ئاسانکردنی کارەکانی خۆی سواریان دەبێو بۆ گواستنەوەو بارکردن بە کاریان دەهێنێ! خودا بەروبوومێکی بە ئاژەڵو گیانەوەران بەخشیوە، وەک: شیر، هەنگوین، خوریو... هتد، تا مرۆڤ سوودیان لێوەرگرن!. خودا رێگای بە مرۆڤداوە کەی ئارەزو بکەن گیانداران سەربڕنو گۆشتەکەیان بخۆن!، پێستەکەیان بکەن بە پێڵاوو هەرچی حەز دەکەن!، خورییەکەیان بکەن بە جلوبەرگو.......هتد

بەم شــێوەیە بە گوێرەی قورئان، حیکمەت لە دروســتکردنی گیانەوەراندا لە لایەن خوداوە، تەنیا بۆ خزمەتی مرۆڤە!. لە راستیدا ئەم شێوە پەیوەندییە پڕ لە دژایەتییەی مرۆڤ، کە لە گەڵ گیانەوەرانی دیکە بەرپای کردووە، بە هەزاران ســاڵ پێش هاتنە کایەی قورئان دەستی پێکردووە. مرۆڤ لە هەڵبژاردنو خواردنی گۆشتی گیانەوەراندا مۆڵەتی لە قورئان وەرنەگرتووە، بەڵکو لە کۆنەوە مرۆڤ لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، لە گەڵ دەوروبەرەکەیدا لەوانەش لە گەڵ گیانەوەران، ململانێی کردووە، بە زەبری هێزو بە کارهێنانی هوشــیاری، دەســەڵاتی بە سەر گیانەوەرانو سروشتی دەوروبەری خۆیدا پەیداکردووە. بە گوێرەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵو گەشــەی هوشیاری مرۆڤ گۆڕانی بە ســەردا هاتووە. لە بەشێکی داهاتوودا بە درێژی باسی پەیوەندی نێوان مرۆڤو زیندەوەرانو تێکەڵییان بە دەوروبەرو سروشتەوە دەکەین.

# دروستبوونی رووەک لەڕوانگەی قورئانەوە:

وەک پێشتر وتمان، لە روانگەی قورئانەوە خودا ئەم زەویەو هەموو بەروبوومەکانی بۆ سوودی مرۆڤ دروستکردووە!.

هەروەک چۆن خودا هەموو گیانەوەرانی دیکەی بۆ سوودو قازانجی مرۆڤ دروستکردووە! بە هەمان شێوە هەرچی رووەکی سەر زەمینیشە بۆ هەمان مەبەستو لە هەمان رۆژەوە، لە سەر فەرمانی خودا رواونو دەژین!. وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا دەخوێنینەوە:

-(الله الذي خلق السماواتو الأرضو أنزل من السماء ماء فأخرج به من الثمرات رزقا لكم) إبراهيم/٣٢. واتا: (ئەو خودایە ئاسمانەکانو زەمینی داهێناوەو لە حەواوە ئاوێکی داباراندووە، بەروبووی بژیوی ئێوەی پێ دەڕوێنێ).

مانای وایە ئەگەر مرۆڤ نەخولقایە، خودا نە بارانی دەبارانو نە هیچ سەوزاییو رووەکێکیش دەڕوان!!.

-(و هو الذي أنشأ جنات معروشاتو غير معروشاتو النخلو الزرع مختلفا أكلهو الزيتونو الرمان متشابهاو غير متشابه كلوا من ثمره إذا أثمر)الأنعام/١٤١.

واتا: (هەر ئەویشە باغاتی وەدیهێناوە، هێندێک داربەستیان گەرەکەو هێندێکیشیان داربەستیان ناوێ، داری خورماو مەزراو کێڵگەی بە دیهێنا، کە لە خواردنا لێکجیان، زەیتونو دارهەناریشی چێ کردووە، کە بە رواڵەت وەک یەکو لە تامو رەنگا جیاوازن، هەرگا میوەیان پێدەگا لێی بخۆن).

لەو ئایەتەی سەرەوەدا دەڵێت، خودا باغەکانی میوەی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، بۆ ئەوەی لێی بخۆن!. -(و يعلم ما في البرو البحر ما تسقط منورقة إلا يعلمهاو لا حبة في ظلمات الأرضو لا رطبو لا يابس إلا في كتاب مبين)الأنعام/ ٥٩.

واتا: (هەرچی لە زەریاو بەژدایە دەیزانێ، هیچ گەڵایەک لە هیچ شوێنێ بێ زانینی ئەو ناوەرێ، هەرچی دەنکەو لە تاریکایی زەویداو هەرچی تەڕە یان زوهایە، لە ناو دەفتەرێکی ئاشکرایە).

یانی لە روانگەی قورئانەوە، هەرچی گژوگیاو سەوزاییو دڕکو داڵە، هەرچی رووەکی سەر زەویو بن زەویو ناو ئاوو دارو درەختی بەردارو بێ بەر، لە شیرینو ترشو تاڵو تیژ، هەتا ئەو رووەکانەش کە بۆ مرف زیانیان هەیەو هەندێکیان کوشندەن، هەر هەموویان چڵ بە چڵو دار بە داریان، بە ئاگاداریو فەرمانی خودا، بۆ خواردنو خزمەتی مرۆڤ دەڕوێنو دەژین! گەڵای هیچ دارێک بە بێ ئاگاداریو فەرمانی خودا ناوەرێت!!.

# فریشتە، جنۆکە، شەیتان:

لە قورئاندا، جگە لە زیندەوەرانی ســەر زەوی، سێ جۆری دیکەی زیندەوەران باسکراون کە بریتین لە: فریشتە، جنۆکە، شەیتان.
ئەم زیندەوەرانەش ئافەریدەی دەســتی خودان. خودا لە شــێوەی نادیار (غەیب)دا دروستی کــردوون. یانی لە لایەن مرۆڤەوە نابینرێن، بەڵام ئەوان دەتوانن مرۆڤ بینن‌و پەیوەندییان لە گەڵ مرۆڤەکاندا هەیە!.
چەمکی فریشــتە، جنۆکە، شــەیتان، لە هزرو هوشــیاری مرۆڤدا زۆر لە قورئان کۆنترن. لە زۆربەی ئاینەکانی مێژووی مرۆڤدا، بە جیاوازییەوە لە پێناسەو مانادا، بە کار هاتوون.

**فریشــتە:** بە گوێرەی قورئان خودا ئەم زیندەوەرە نادیارانەی لە حاڵەتی جیاو بۆ مەبەستو کاری جیــاواز ئافرانــدووە، بۆ نموونە: لە قورئاندا گەلێک جار باســی فریشــتە هاتووەو بە گرنگییەوە باسی کردوون. بە موسڵمانان دەڵێ پێویستە لە سەریان بڕوایان بە خوداو فریشتە هەبێت، هەرکەس بڕوا بە فریشتە نەکات سەری لێ شێواوەو رێی‌وون کردووە،وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:
-(و من یکفر باللهو ملائکتەو کتبەو رسلەو الیوم الآخر فقد ظل ظلالا بعیدا)النساء/١٣٦.
واتا: (هەر کەسێک لە خوداو فریشتەکانی‌و کتێبانی‌و پێغەمبەرەکانی خوداو رۆژی سەڵا حاشا بکا، لە رادەبەدەر گومڕایە).
بە گوێرەی قورئان، خودا فریشــتەکانی بۆیە دروســتکردووە تا بەشێک لە کارو فەرمانەکانی خۆی ســەبارەت بە گەردوون‌و زیندەوەران بەوان بســپێرێت. ئەوانیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە فەرمانەکانی سەر شانی خۆیان جێبەجێ دەکەن!، بۆ نموونە:
قورئــان بە جوبرائیلــدا بۆ محەمەد نێردراوە. هەروەها جوبرائیل لێپرســراوی فوو کردنە بە منداڵداندا. (جوبرائیل فریشــتەی لێپرســراوی فوو کردنە بە منداڵداندا، هەروەک چۆن فووی کرد بە منداڵدانی مەریەم داو عیسا بە بێ بوونی باوک لە دایکبوو)١٣.
ئیســرافیل لێپرســراوی فووکردنە بە (صور)دا، بۆ رۆژی کۆتایی هێنان بە ژیان‌و گەردوون!.
رەقیب‌و عەتید فریشتەی سەر شانی راستو چەپی مرۆڤن، لێپرسراوی نووسینەوەی کردەوەی چاکەو خراپەی مرۆڤەکان: -(إذ یتلقی الملتقیان عن الیمین‌و عن الشمال قعید)قاف/١٧.
واتا: (لە لای راستو چەپیشەوە جووتێ فریشتە رۆنیشتون « بۆی دەنووسن»).
ئیزرائیل (ملک الموت) لێپرســراوی گیانکێشان‌و مراندنە: -(قل یتوفاکم ملك الموت الذي‌و کل بکم ثم الی ربکم ترجعون )السجدة/١١
واتا: (بێژە، ئەو فریشــتەی کە ئێوەی دراوەتە دەســت، دەومرێنێ‌و پاشان دەبرێنەوە بۆ لای پەروەرندەو). مونکیرو نەکیر لێپرسراوی لێکۆڵینەوەن لەگەڵ مرۆ، لەگۆڕدا.

مالک لێپرسراوی ئاگری دۆزەخو ئەشکەنجەدانی جەهەننەمییەکانە.
ڕەعد لێپرسراوی جوڵاندنی هەورەکانە. میکائیل لێپرسراوی باران بارینو کشتوکاڵە.
عەرشی خودا لە سەر شانی فریشتە لە ئاسماندا ڕاگیراوە:-(و الملك على أرجائهاو يحمل عرش ربك فوقهم يومئذ ثمانية)الحاقة/١٧.
واتا: (فریشتە دەچنە کەنارانو تەختی پەروەرندەی تۆ، لە سەر سەری ئەوانەوە، لەو ڕۆژەدا، هەشت فریشتە هەڵی دەگرن).
دەبینین زۆرینەی ناوی ئەو فریشـــتانەی کە لە قورئاندا هاتوون، وشە یا ناوی زمانی عیبریو ئارامی کۆنن. بێگومان قورئان ئەم ناوانەی لە تەوراتو ئینجیلەوە وەرگرتووە. قورئان پێیوایە فریشـــتەکان هەر هەموویان موسڵمانن!، تەورات پێیوایە فریشـــتەکان هەموویان جوولەکەن! ئینجیلیش پێیوایە هەموو فریشتەکان دیانن.. ئەمە خاڵێکی ناکۆکی نێوان ئەو ئاینانەیە.

**جنۆکە:** وەک لە قورئاندا هاتووە، جنۆکە جۆرێکە لەو زیندەوەرە نادیارانەی کە خودا لە ئاگر دروستی کردوون: -(و الجان خلقناه من قبل من نار السموم)الحجر/٢٨.
واتا: (لەمەوبەریش جنۆکەمان ئافراندووە، لە ئاگرێکی بە هاڵاو).
باوەڕ بە جنۆکە لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبســـتاندا، پێش هاتنە کایەی ئیســـلامو قورئان، ڕیشەیەکی قووڵی هەبووە. قورئان ئەم دیاردەیەی بۆ هەتا هەتایە درێژە پێداوە.
یەکێـــک لە ســـورەتەکانی قورئان، کە لـــە ٢٨ ئایەت پێکهاتووە، بە ناوی ســـورەتی (الجن) جنۆکەوەیە. ئەمە بۆ خۆی گرنگییەکە کە قورئان بۆ جنۆکەی داناوە، بەو مەبەستەی خەڵکی نیمچـــە دوورگەی عەرەبســـتان بە پارێزگاری لـــە بیروڕا کۆنەکانی خۆیانـــەوە، دەتوانن ببنە موسڵمان.. موسڵمانان دەبێت باوەڕیان بە بوونی جنۆکە هەبێت!
خـــودا جنۆکەو مرۆڤی بۆ پەرســـتنی خۆی دروســـتکردووە:-(و ما خلقـــت الجنو الأنس إلا ليعبدون) الذاريات/ ٥٦.
واتا: (من هەر بۆیە جندۆکەو مرۆم دروستکرد، بمپەرستن).
قورئان، بۆ ئەوەی ئەوە بســـەلمێنێ کە، بوون بە موســـڵمان هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاســـتییەو، ئەوەش کە نەبووە بە موسڵمان ڕێگای هەڵەی گرتووە، بە خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەبستان دەڵێت: جنۆکەکانیش هەندێکیان بوون بە موسڵمان:
-(و انا منا المسلمونو منا القاسطون فمن أسلم فأولئك تحروا رشدا )الجن/١٤.
واتا: (وا هەندێکمان موســـڵمانین، هەندێکیشمان لە ڕێ لادەر، ئەوانەی کە موسڵمانن، ڕێگەی ڕاستیان دیوەتەوە).
مەبەستی ئەم ئایەتە بۆ هاندانی ئەو خەڵکانەیە کە لە سەردەمی محەمەددا هێشتا موسڵمان نەبوون، بۆ ئەوەی چاو لە جنۆکەکان بکەنو وەک ئەوانەیان کە موســـڵمانن، ڕێگای ڕاســـت بدۆزنەوەو موسڵمان بوونی خۆیان ڕابگەیەنن.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(و إذا صرفنا إليك نفرا من الجن يســتمعون القرآن فلما حضروه قالوا أنصتوا فلما قضىولوا إلى قومهم منذرين)الأحقاق/**٢٩.**

واتا: (هەندێکیش لە جندۆکانمان ناردە لای تۆ، کە گوێ لەم قورئانە بگرن، کاتێ هاتن گوتیان: مات بن‌و گوێ بدەن. وەختێ بیستیان، هاتنەوە ناو خێڵەکەیان‌و ترسی خوایان وەبەرنان).

مەبەســتی ئەو ئایەتەی سەرەوە ئەوەیە کە، خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەبستان لە دەوری محەمــەد کۆبنەوە، ئەوەتــا جنۆکەکانیش کە ئێوە بڕواتان پێیــان هەیە، لە دەوری محەمەد کۆبوونەتــەوەو گوێ لە قورئان دەگرن! دە ئێوەش چاو لە جنۆکەکان بکەن‌و موســڵمان بن‌و گوێ لە قورئان بگرن!.

**شــەیتان:** وشەی شەیتان کە لە قورئاندا بە کارهاتووە، لەوشەی (سیتن)ی زمانی عیبرییەوە لە تەوراتەوە وەریگرتووە، کە ئەویش لە بنەڕەتدا لەوشــەی (ســیتانا)ی ئارامی وەریگرتووە. سیتانا لە زمانی ئارامیدا ناوی یەکێک لە فریشتە نزیکەکانی خودا بووە، بەڵام لە خۆبایی بووەو لە ئاســمان دەرکراوە. چەمکی شەیتان لە زۆرینەی ئاینەکۆنەکانی پێش ئاینە ئاسمانییەکاندا بەکارهاتووە.پەیدابوونی شــەیتان لە هەر سێ ئاینە ئاسمانییەکەدا (جوولەکە، دیان، ئیسلام) دەگەڕێتەوە بۆ هەمان چیرۆکی ســەرپێچیکردنی فریشــتەیەکی هەرەنزیکی خودا، یانی ئاینە ئاسمانیەکان ئەم چیرۆکەیان لە ئاینەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە.

لە تەوراتدا دەڵێت: (شــەیتان لە شــێوەی مارێکی فێڵبازدا خۆی دەرخستو ئادەم‌و حەوای هەڵخەڵەتاند کە، لە بەری ئەو دارەی بەهەشت بخۆن کە خودا لێی قەدەغە کردبوون)١٤.

لە ئینجیلیشــدا ئاوا هاتووە: (شەیتان زیندەوەرێکی رۆحی پیس‌و خراپەیە، دەسەڵاتی بە سەر کۆمەڵێک زیندەوەری دیکەدا هەیە، کە ئەوانیش شەیتانن)١٥.

بە گوێرەی قورئانیش، کاتێک خودا ئادەمی ئافراندووە، بە فەرمانی خودا هەموو فریشتەکان ســوژدەیان بۆ ئادەم بردووە، بەڵام (ئیبلیس)ی فریشــتەی نزیکی خودا بە فەرمانی خودای نەکردووەو سوژدەی بۆ ئادەم نەبردووە! وتوویەتی:

(ئادەم لە قوڕ دروســتکراوە، من لە ئاگر دروســتکراوم! بۆیە سوژدەی بۆ نابەم). ئیدی لەو کاتەوە هەتا رۆژی قیامەت لە رەحمەتی خودا دەرکراوەو خودا بە لەعنەتی کردووە!،وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:- (قلنا للملائكة اســجدوا لآدم فســجدوا إلا إبليس لم يكن من الساجدين)الأعراف/**١١.**

واتا: (بە فریشــتانمان گوت: ســەر بۆ ئادەم نەوی بکەن، هەموویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ، ئەو لە کۆڕی کڕنوش بەران خۆی هەڵاوارد).

-(لعنه اللهو قال لأتخذن من عبادك نصيبا مفروضا)النساء/**١١٨.**

واتا: (خودا بە نەحلەتی کردووە، ئەویش لە جوابا گوتوویە: شەرتە لە عەبدەکانی تۆ بەشێک بۆ خۆم گل دەمەوە). ئیتر لەو کاتەوە، بە گوێرەی قورئان، ئیبلیس ناوی شــەیتانەو دوژمنی

خودایە! . کاری لەخشتەبردنی مرۆڤە.
لــە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(يا بني آدم لا يفتننكم الشــيطان كما أخرج أبويكم من الجنة) الأعراف/٢٧.
واتا: (ئەی فرزەندەکانی ئادەم، شەیتان نەتانخەڵەتێنێ هەروەک باوکو دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن دا).
لە ئایەتێکی دیکەشدا دەربارەی شەیتان دەڵێت:
-(إنه يراكم هوو قبيله من حيث لا ترونهم)الأعراف/٢٧.
واتا: (شەیتانو دەستەو بەستەکەی لە لایەکەوە دەتانبینن کە ئێوە ئەوان نابینن).
لەواقیعدا چەمکەکانی فریشتە، جنۆکە، شەیتان جگە لە بۆچوونێکی ئاینی رووت، کە لە باوەڕ بە غەیبەوە سەرچاوەی گرتووە، بە هیچ جۆرێک لە گەڵ بیرکردنەوەی زانستیانەدا نایەنەوە.
نــە لە هیچ ئاینێکی کۆنو نوێی مرۆڤایەتیداو نە هیچ کەسو رابەرو بیرمەندێکی ئاینی تەنیا یەک بەڵگەی زانستییان لە سەر بوونی فریشتەو جنۆکەو شەیتان نییە.

# دروستبوونی زیندەوەران لەڕوانگەی زانستەوە:

وەک لە بەشـــی پێشوودا باســـمان کرد، بە گوێرەی تیورەکانی زانســـتی گەردووناسی، ئەم زەوییەی کە ئێمە لە سەری دەژین قەوارەیەکی ئاگرین بووە لە خۆر جیابۆتەوە . لەو قۆناغەدا کە زەوی قەوارەیەکی ئاگرین بووە، بەرگێکی ئەســـتووری چڕی هەڵمین دەوریداوە . لە ماوەی دوورو درێژی ساردبونەوەی زەویدا، وردەوردە ئەو هەورە چڕەش ساردبۆتەوە، گۆڕاوە بە ئاوو داباریوەتە سەر زەوی. لەو شوێنانەی زەویدا کۆبۆتەوە کە چاڵو چۆڵ بوون، بەم شێوەیە ئاوی ســـەر زەوی پێکهاتووە . دیوی دەرەوەی زەوی لە ئاوووشـــکانی پێکهاتووە . بێگومان قوڵایی ناوەوەی زەوی هەر لە حاڵەتی شلەیەکی ئاگرینی ماتریالیدایە .

زەوی، دوای ســـاردبوونەوەش لە حاڵەتی گۆڕاندا بووە، پێش ئەوەی هیچ ژیانێکی لە ســـەر پەیـــدا بێـــت. پەیدابوونی ئاو لە ســـەر خاکـــی دەرەوەی زەوی، بە یارمەتی تیشـــکی خۆر، هەلومەرجێکی لەباری پێکهێناوە بـــۆ پەیدابوونی حاڵەتی ژیان. لەو هەلومەرجە دیاریکراوەی ئەو کاتەی زەویدا، ســـادەترین حاڵەتی ژیان لە شـــێوەی خانە (خلية)یەکدا لە ناو ئاودا پەیدا بووە، زانایانی زیندەوەرناســـی بە (پرۆتۆپلازم) ناویان لێناوە. پرۆتۆپلازم بریتییە لە حاڵەتی یەکەمو سەرەتای ژیان.. حاڵەتێکی شلەمەنی سادەی ژیانە کە بە هۆی میکرۆسکۆبەوە نەبێ بـــە چاو نابینرێت. پرۆتۆپـــلازم پێکهاتووە لە ناوک (نواة)، کە شـــێوەیەکی خڕی هەیەو بە ســـایتۆپلازم دەورەدراوە. زانســـتی زیندەوەرناسی ئەوەی ســـەلماندووە کە خانە بچووکترین حاڵەتی ژیانە، یانی بچووکترین زیندەوەرە.. لە سروشتدا زیندەوەران هەن یەک خانەیین، یانی لەشیان لە یەک خانە پێکهاتووەو ژیانیان هەیە. هەشیانە چەند خانەیین.

## جۆرەکانی زیندەوەران بریتین لە:

١ **گیانداران:** بەشـــێکی سەرەکی زیندەوەرانن، کە لە سەر خواردنی زیندەوەرانی دیکەی وەک رووەکو ئاژەڵ دەژین. لەشـــیان فرەخانەییە . مرۆڤیش بەشـــێکە لە گیانداران، لە شێوەیەکی گەشەسەندوودا .

٢ـ **رووەک:** بەشـــێکی دیکەی سەرەکییە لە زیندەوەران، کە نزیکەی ٣٠٠ هەزار جۆری هەیە . وەک دارو درەخـــت، گوڵو گژوگیا . تایبەتمەندی هەموو جۆرەکانی رووەک ئەوەیە کە، خۆیان خواردەمەنی خۆیان جێبەجێدەکەن.

٣ـ **جۆرەکانی قارچکو کەڕوو و قەوزە:** ئەمانە لە سەر ریشاڵی رووەکو گیانداران دەژین.

٤ـ **جۆرێک زیندەوەرانی یەکخانەیی هەن کە لە ناو ئاو یان لە ناو خوێنی زیندەوەرانی دیکەدا دەژین، وەک:** ئەمیبا، ڤایرۆس، پرامیسیۆم، کە بە چاو نابینرێن. ئەمانە دەبنە هۆی نەخۆشی بۆ ئەو زیندەوەرەی کە لە سەری دەژین.

**٥- جۆرێکی دیکە لە زیندەوەران هەن کە بە پرۆتیست ناو دەبرێن.** ئەمانە نە لە گیانەوەرانن، نە لە رووەکن، نە سەر بە دنیای قارچکن، بەڵکو دنیایەکی تایبەتو سەربەخۆیان هەیە.
هەندێک لە زانایانی زیندەوەرناس بە گیانداریان دەزانن و هەندێکیش بە رووەکیان دەناسن. ئەم جۆرە زیندەوەرانە هەیانە یەک خانەیین و دەجووڵێن.
پەیدابوونی ژیان لە شێوەی یەک خانەیی و دواتر فرەخانەیی لە شێوەی سادەدا، ئنجا ئاڵۆزتر، تۆرەمەو بنەڕەتی هەموو شێوەکانی ژیانە. سەرەکی ترین خاڵی هاوبەشی سەرجەم زیندەوەران ئەوەیە کە، لەشـــی هەر هەموویان، لەوردترینەوە تـــا گەورەترینیان، لە خانەکان پێکهاتوون. زانستی زیندەوەرناسی تا ئێستا گەلێک هەنگاوی گەورەی بۆ دۆزینەوەی راستییە ئاڵۆزەکانی چۆنێتی پەیدابوونی ژیان و گەشـــەی زیندەوەران بە گشـــتی بەرەوپێشـــەوە ناوە. لەم بوارەدا گەلێک زانا لێکۆڵینەوەو کتێبیان نووسیوە. لەوانە، زانای زیندەوەرناسی بریتانی چارلز داروین (١٨٠٩-١٨٨٢). داروین لە تیورە بەناوبانگەکەیدا «تیوری گەشەســەندن» کە لە کتێبێکی گرنگدا بە ناوی (رەچەڵەکی جۆرەکان) ســاڵی ١٨٥٩ز بڵاویکردەوە، نزیکەی بیســت ســاڵ کارو تاقیکردنەوەو بەدواداچوونی بۆ بە دەســتهێنانی بەڵگە زانســتییەکانی کردووە. داروین لە تیورەکەیــدا پێیوایە هەموو پێکهاتەکانی گەردوون، ماتریالو شــێوەکانی بوونی ماتریال، زیندەوەران بە گشــتی، یانی رووەکو گیانداران و مرۆڤ، هەمیشـــە لە گۆڕان و گەشەکردنێکی بەردەوامدان. داروین سەلماندوویەتی کە رەچەڵەکی ژیان لە پەیدابوونی پرۆتۆپلازمەوە دەستی پێکردووە. لە ئەنجامی گەشەسەندنی جۆری زیندەوەرانی سەرەتاو سادە بەرەو ئاڵۆزو ئاڵۆزتر، لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا، جۆرەکانی دیکە پەیدابوون. یانی هەموو زیندەوەران یەک رەچەڵەکی ســـەرەتاو هاوبەشـــیان هەیە. لەم رووەوە دەڵێت: (هەر هەموو گیانـــداران و رووەک لە یەک رەچەڵەکی سەرەتایی هاوبەشەوە پەیدابوون. هەموو زیندەوەران لە چەندین رووەوە هاوبەشن، لـــە پێکهاتی کیمیاییدا، لە پێکهاتی خانەییدا، لەو یاســـایانەدا کە لە گەشـــەکردنیاندا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، لە زاووزێدا، هەروەها لە کاریگەری کارلیکە زەرەرمەندەکان لە سەریان)١٦.
داروین لە تیورەکەیدا باســـی لەوە کردووە کە، جۆرەکانی زیندەوەران ســـەربەخۆ نەخولقاون، بەڵکو بەرهەمی پەرەســـەندنی جۆرێک لە جۆرێکی دیکەن، لـــەم رووەوە دەڵێت: (من کاتێک کە تەماشـــای هەموو جۆرەکانـــی زیندەوەران دەکەم، وایاندەبینم کە بەرهەمی پرۆســـەیەکی خولقاندنی تایبەتو جودا لە یەک نین، بەڵکو بەرهەمی زنجیرەیەکی بەردەوامی پەرەسەندنن، هەندێـــک لـــە هەندێکی دیکـــە)١٧. دوای پەیدابوونی زیندەوەرانی یـــەک خانەیی، هەر لەم زیندەوەرانە زیندەوەرانی چەندخانەیی لە ئاودا پەیدابوون.
ئەم زیندەوەرە سەرەتاییانە پێکهاتێکی سادەیان هەبووە، وەک: مەرجان، قەندیلی دەریا. لەم زیندەوەرە سادانە گیانەوەرانی جۆری کرمی ئاوی پەیدابوون،وەک: لەش نەرمەکان، بۆ نموونە لوول پێچەکان (الحلازين) ئەمانە سەرەتای جۆری ماسین.. لە هەندێک لەم زیندەوەرە ئاوییانە، دڕکدارەکان پەیدابوون،وەک: ئەستێرەی دەریا، ژیژکی دەریا. لە ئەنجامی پەرەسەندنی هەندێک

لەمانە پێســـت رەقەکان پەیدا بوون،وەک، قرژاڵ. لەموێنانەی خوارەوەدا هەندێک گیانەوەری ئاوی یەکجار کۆن دەبینین:



**وێنەی (١): هەندێک گیانەوەری ســـەرەتایی ئاوی، کە لە چینەکانی زەویدا گۆڕاون بە بەرد. تەمەنی بە بەرد بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠ ملیۆن ساڵ.**



**وێنەی (٢): ئەستێرەیەکی دەریا (نجم البحر) کە لە چینەکانی زەویدا گۆڕاوە بە بەرد.**



**وێنەی (٣): قەندیلی دەریا، تەمەنی گۆڕانیان بە بەرد دەگەڕێتەوە بۆ پێنج ملیۆن ساڵ. ئەم بەردە لە دەریای سپی ناوەڕاست دۆزراوەتەوە.**



**وێنەی (٤): چەند کرمێکی هێلکە شـــەیتانۆکە، تەمەنی بە بەرد بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ ملیۆن ساڵ. ئەم بەردە لە بریتانیا دۆزراوەتەوە.**

هەموو ئەو زیندەوەرانە لەشـــیان نەرمو بێ ئێسک بووە. لە پەرەسەندنی ئەم زیندەوەرە لەش نەرمانە، گۆڕانێکی بالاّتر پێکهاتووە کە بریتی بووە لە پەیدابوونی نەرمە ئێســـکی درێژ لە ناو پشتدا.

ئەم جۆرە زیندەوەرە زیاتر پەرەیان ســـەندووە تا ئەو نەرمە ئێســـکە شـــێوەی رەقو بڕگە بڕگەی لێپەیدابووە، کە بە بڕبڕەی پشـــت ناســـراوە. لەمانەش ئەو ماســـییانە پەیدابوون کە پەیکەرەئێسکی رەقو توندیان هەبووە. وەک لەوێنەی (٥)دا لە خوارەوە دەیبینین:



**وێنـــەی (٥): ئـــەم گیانەوەرە ئاوییە تەمەنـــی بە بەردبوونی ٤١٠ ملیۆن ســـاڵە. لەبەریتانیا دۆزراوەتەوە**



**وێنەی (٦): پەیکەرە ئێسکی گەورەترین ماسی راوکەر، تەمەنی ٣٨٠ ملیۆن ساڵە. لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.**

دواتر جۆرێک لە ماسی پەیدابوون کە، توانای ژیانیان لە ئاوو لە لیتاویشدا هەبووە. ژیانی ئەم جۆرە ماسییانە لە لیتاودا، بۆتە هۆی ئەوە کە جگە لە ریشاڵەکانی هەناسەدانیان ئەندامێکی دیکەی هەناسەدانیانوەک جۆرێک لە سییەکان لە لەشدا پەیدابووە. لەم جۆرە زیندەوەرانەش جۆرێکی دیکە پەیدابوون کە، توانایان پەیداکردووە لە ئاوو لەووشکانیشـــدا بژین،وەک: بۆق، کیسەڵ، تیمساح.



**وێنەی (٧)، پەیکەرە ئێســکی گەورەترین کیسەڵ، درێژی ٤،٦ م و تەمەنی ٧٤ ملیۆن ساڵە، لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.**

لەم زیندەوەرانەش، زیندەوەرانی خشۆک پەیدابوون. لە هەندێک لە زیندەوەرە خشۆکەکانیش، باڵــدار پەیدابــوون.. هەروەها لە هەندێک لە زیندەوەرە خشــۆکەکان، گیانــەوەرە گواندارە شیردەرەکان پەیدابوون.



**وێنەی (٨): پەیکەرە ئێســکی گیانەوەرێکی خشــۆک، تەمەنی ٦٥ ملیۆن ساڵە، لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.**



**وێنەی (٩): یەکەم باڵندە، لە شێوەی دیناسۆردایە. بە داخەوەم کە ئەو زانیاریەی لە سەری نووسرابوو، تۆمارم نەکردووە.**



**وێنەی (١٠)، ئەم باڵندەیە تەمەنی ٨٠ ملیۆن ساڵە، لە نەمسا دۆزراوەتەوە.**


لە گیانەوەرە شیردەرە خشۆکەکانیش، گیانەوەرانێکی دیکەی باڵاتر پەیدابوون کە توانای بازدان یان راکردنیان هەبووە، وەک کەنغەرو کەرکەدەنو کلکدارەکانی وەک مەیمون.



**وێنەی (١١): ئەم گیاندارە بە قەبارەوەک ئەســپو کەرکەدەنە، گۆشــت خۆر بووە، تەمەنی نزیکەی ٣٠ ملیۆن ساڵە، لە خوارووی داکۆتا لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.**



**وێنەی (١٢): ئەمە پەیکەرە ئێسکی دیناسۆرێکە کە بە هۆی درێژییەوە نەکراوێنەی هەموو لەشی بە تەواوی بگرم. درێژی ١٨م، کلکو ملیان زۆر درێژ بووە، کێشیان ١٠٠ — ١٧٠ تەن بووە، گژوگیایان خواردووە. لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.**




لە پرۆسەی گەشەکردنی جۆرێک لە مەیمونە کلکدارەکان، مەیمونی بێ کلک پەیدابوون، وەک، شەمبازی. ئەمانە ئەو جۆرە زیندەوەرانە بوون کە مرۆڤی سەرەتاییان لێ پەیدابووە.

**وێنەی (١٣): لەم وێنەیەدا ئەو گۆڕانە چۆنایەتیە روون دەبێتەوە کە لە جۆرێک لە جۆرەکانی مەیموونەوە لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا مرۆڤی سەرەتایی لێ پەیدا بووە.**

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە، بە هۆی گۆڕانو گەشـــەی زیندەوەرانەوە، لە ســـادەوە بـــۆ ئاڵۆزو ئاڵۆزتر، هەموو جۆرەکانی زیندەوەران لـــە پەیوەندییەکی زنجیرەییدا، جۆرێک لە جۆرێکی دیکە پەیدابووە.. مرۆڤیش گیاندارێکی گەشەســـەندووە. لە گۆڕانی زیندەوەراندا، لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە، داروین دەڵێت: (ئەگەر تەماشـــای هەردوو بەشە سەرەکییەکە، دنیای گیاندارانو دنیای رووک بکەین، دەبینین هەندێک لە شێوە زیندەوەرە سەرەتاییەکان لە نێوان ئەو دوو بەشـــەدان. تەنانەت زانایان ململانێیان هەبووە لە سەر ئەوەی ئەو زیندەوەرانە ســـەر بە گیانداران یان سەر بە رووەک بن. هەروەکو مامۆستا «ئاساجرای» ئاماژەی پێداوە، زۆربەی زیندەوەرە قەوزەییەکان لە پێشدا بوونەوەری گیانداری بوونو دواتر گۆڕاون بە جۆری رووەک)١٨.

داروین باســـی ئەوەی کردووە کە، زیندەوەران خۆیان بەرهەمی گۆڕانەکانی سروشـــتن، بۆیە هەمیشـــە لە گۆڕاندانو وەک خۆیان نامێننەوە. داروین لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەدا، کە هێشتا زانستی زیندەوەرناسی هەنگاوی ئەوتۆی بەرەوپێش نەنابوو، تیورەکەی بڵاوکردەوەو شۆڕشێکی لە هزری مرۆڤایەتیدا ئەنجام دا.

لـــەو کتێبەدا رەخنـــەی لە تیورو باوەڕە کۆنو ئاینییەکان گرت کـــە، پێیانوابوو زیندەوەران هەر جۆرەو بە شێوەی سەربەخۆو جودا لە یەک، لە لایەن هێزێکی نادیاری سەرو سروشتەوە خولقـــاونو هیچ گۆڕانیان بە ســـەردا نایەت. لە بەرانبەر بۆچوونـــە ئاینییەکاندا، داروین ئەو یاســـایانەی سروشـــتی دۆزییەوە کە دەبنە هۆی پەیدابوونو رەوتی هەمیشـــە بەردەوامو لە گۆڕاندا بوونی ژیان. ئەو دەڵێت: (ژیان بە یاساگەلێک کە لە دەورماندا کار دەکەن، پەیدابووەو بەردەوامە. ئەم یاسایانەش بە فراوانترین مانا بریتین لە: گەشەو زاووزێ، گۆڕان لە ژێر کاریگەری راســـتەوخۆو ناڕاســـتەوخۆی هەلومەرجی دەرەکی ژیان، دیاردەی بەکارهێنانو بەکارنەهێنانی ئەندامـــی لەش، زۆربوونی زینـــدەوەران دەبێتە هۆی ململانێ لە پێناوی مانەوەدا، لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا هەڵبژاردنی سروشـــت بۆ ئەو جۆرە زیندەوەرەیە کە خۆی دەگونجێنێ، بە لە ناوچوونی ئەوەی لە گەڵ هەلومەرجی نوێدا لاوازەو خۆی بۆ ناگونجێت)١٩.

# پەیدابوونی مرۆڤ لەڕوانگەی زانستییەوە:

لە باسـی دروسـتبوونی زیندەوەراندا، لە بەر ڕۆشنایی (تیوری گەشەسـەندن)ی داروینداد، ئاماژەمان بەوە دا کە: مرۆڤ گیانداریێکی گەشەسـەندووە. ئەم رستەیە پێناسەیەکیواقیعیو دروسـتو ناوەرۆکێکی پڕ بە پێستی مرۆڤ دەدات. مانای ئەوە دەدات کە، مرۆڤ دەسبەجێ نەخولقاوە وەک تیورو بیروبۆچوونە پێشـینەکانو ئاینەکان لەوانەش قورئان وتوویانە، بەڵکو مرۆڤ لە پرۆسـەیەکی درێژماوەی گۆڕانو گەشەسەندندا لە گیانەوەرانی دیکەی نزیکی مرۆڤ پەیدابووە.

زانسـتی سـەردەم بە هۆی سـەدان بەڵگەی زانستییەوە، لە ئێسـکو پروسکو پاشماوەی ئەو گیاندارو مرۆڤە سـەرەتاییانە کە دەستی زانایانو پسـپۆرانی جیۆلۆجیو زیندەوەرناسی کەوتوون، لەوانە هەندێکیان بە هۆی تێپەڕبوونی ملیۆنان سـاڵ بە سەریاندا لە ناو چینەکانی زەویدا گۆڕاونەتە سـەر حاڵەتی بەردین، بە تەواوی پشتگیری تیوری پەرەسەندنی گیاندارانی نزیک مرۆڤ بۆ مرۆڤی سەرەتایی دەکات.

بۆ روون بوونەوەی ئەم راسـتییە زانستییە، باشتروایە هەندێک لە سەر چۆنێتی ئەو پرۆسەی گۆڕانە بدوێین: وەک پێشـتر وتمان، لـە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشـەی گیانداراندا جۆری گیانـەوەرە کلکـدارەکان پەیدابوون، بۆ نموونە، مەیمون یەکێکە لەو گیاندارانە.. بە گشـتی جۆرەکانی مەیمون لە ناو دارستانەکاندا لە گەڵ گیانەوەرانی دیکە، لە سەر رووەکو سەوزاییو بەروبوومی درەختەکانی سـەر زەوی ژیاون. تا دواتر لە پرۆسـەی گەشـەکردندا توانیویانە خۆیان سەرکەونە سەر دارەکانو بە دەستی خۆیان میوەو بەروبوومی درەختەکان لێ کەنەوەو بیخۆن. فێربوونی سـەرکەوتن بە سەر دارەکانداو بەکارهێنانی دەستەکانیان بە بەردەوامی بۆ سـەرکەوتنو لێکردنەوەی بەری دارەکانو هاتنە خوارەوە، لە درێژماوەدا ئەم پرۆسـەیە بۆتە هۆی جیاکردنەوەی کاری دەسـتەکان لە کاری قاچەکانیان. کە پێشـتر هەر چوار پەلیان لە کاری رۆیشتندا بەکاردەهێنا.

بەکارهێنانی زۆرو بەردەوامی دەستەکانو هەمیشە دووبارەبوونەوەی ئەم کارە لە لایەن نەوە لە دوای نەوەی مەیمونەکان، بووە هۆی ئەوە کە دەستەکانیان وردەوردە درێژتر بن، تا گەیشتە ئەوەی کە بتوانن جار جارە هەسـتنە سـەر پاشـووو بە تەنیا بە هۆی قاچەکانیانەوە چەند هەنگاو برۆن. ئێستا هەموو جۆرەکانی مەیمون بە گشتی دەتوانن بەم کارە هەستن.

لە ناو جۆرەکانی مەیموندا جۆرێکیان کە بە «شـەمبازی» ناسـراون، لەو پرۆسـەیەدا لە جۆرەکانی دیکە باڵاتر گەشـەیان کردو ئیدی دەسـتەکانیان بۆ رۆیشـتن بەکار نەهێنا. ئەم گۆڕانـە بووە هۆی پتەو بوونی قاچەکانو زیاتر رێک بوونەوەی لەش. «فێربوونی هەسـتانە سـەر قاچەکان» کە نزیکەی حەفتا ملیۆن ساڵ بەرلەئێستا بووە، گەورەترین گۆڕان بوو لەو

جۆرەی مەیموندا، ئەوانی ئامادە کرد بۆ گۆڕانی دیکە بەرەو بوون بە مرۆڤی ســـەرەتایی. ئەم گۆڕانە لەوەدا یارمەتیدان کە دەســـتەکانیان ئازاد بیٚو لـــە زۆر کاری دیکەدا بە کاری بهێنن. بـــۆ نموونە: جگە لەوەی کە بە هۆی دەســـتەکانەوە بەری درەختەکانیـــان لێ دەکردەوە، لە ناو لقی درەختەکاندا بە دەســـتەکانیان کەپریان دروســـت دەکرد بۆ خۆپاراستن لە باران. بە دەستەکانیان داریان هەڵدەگرتو لە بەرانبەر هێرشی گیاندارانی دیکەدا بەکاریاندەهێنا. یان بە دەستەکانیان بەری درەختو بەردیان دەهاویشت. ئەم جۆرەی مەیمون، لە پرۆسەی فێربوونی هەســـتانە سەر قاچەکاندا، ئیدی لە درێژماوەدا پێویستی بە کلک نەما بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەشـــی! بۆیە وردەوردە کلکیان کورت بوونەوە تا رادەی لە ناوچوون. بێگومان ئەم پرۆسەیە هەزاران ســـاڵی خایاندووە. هەمووممان دەزانین شـــوێنەواری کلک هێشتا لە لەشی مرۆڤی ئەم سەردەمەشدا هەر ماوە. بێگومان هەر ئەندامێکی لەشی هەر گیاندارێک کە بە کاری نەهێنێت، یان بە هۆی گۆڕانەوە پێویســـتی پێی نەمێنێت، وردەوردە ئەو ئەندامەی لەش لە درێژماوەدا لاواز دەبێتو دەپووکێتەوە. بەم جۆرە ئەم گیاندارە راهات لە سەر دوو پێ رێکو رەوان بڕواو دەستەکانیشی بۆ پەیداکردنی خواردنو هەندێ کاری سەرەتایی بە کاربهێنێت.

لـــەم بارەیەوە ئەنجلـــس دەڵێت: (لە ژێر کاریگەری شـــێوەی ژیاندا، کەوا پێویســـتی کردووە دەســـتەکانیان لە ســـەرکەوتنی ســـەر دارەکاندا، کارێکی دیکە جیا لە کاری قاچەکان بکەن من وای بۆ دەچم ئەم هۆیە هۆی ســـەرەکی بێت وای لەم مەیمونانە کرد کە ئیدی پشـــت بە دەســـتەکانیان نەبەستن لە رۆیشتنی ســـەر زەویدا. نەوە لە دوای نەوە هەتا هاتووە زیاتر بە شـــاقووڵی رۆیشتوون. بەم شێوەیە ئەم هەنگاوە یەکلایی کەرەوەیە تەواو بوو، بۆ گواستنەوە لە مەیمونەوە بۆ مرۆڤ)٢.

لـــەو قۆناغی گواســـتنەوەیەدا، ئەو گیاندارانە بـــە هۆی بە کارهێنانی دەســـتەکانیانەوە تا هاتووە لە ئەنجامی کارو تاقیکردنەوەدا شـــت فێربوون. بێگومان دەستەکانیش لە درێژماوەدا وردەوردە شـــێوەیان گۆڕاوەو ماسولکەکان بە جۆرێک گەشـــەیان کردووە ئامادە بە جووڵەی زیاترو بەهێزتربوون. پەنجەکان نەرمو باریکو لەبارتر بوون بۆ ئەنجامدانی کاری سەرەتایی لەو قۆناغەدا. ئەم گۆڕانە لە سەرخۆیەی دەستەکان، نەوە لە دوای نەوە لە گەڵ زاووزێو زۆربووندا گوازراوەتەوە بۆ نەوەکانی دیکەی یەک لە دوای یەکو بە شێوەی بەردەوام.

ئەنجلس دەڵێت: (بەم شـــێوەیە دەســـت هـــەر بەتەنها ئەندامێکی کار نییـــە، بەڵکو بەرهەمی کاریشە)٢١.

پەیدابوونی زمان: گۆڕانی دەســـتەکانو ئەنجامدانی کار بووەهۆی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی ئـــەو گیاندارانە بۆ پێکەوە گـــەڕانو بە کۆمەڵ ژیان. لە ژیانی بە کۆمەڵدا پێویســـتیان بەوە هەبووە شـــت بە یەکتر بڵێن. بە بەکارهێنانی دەنگێکی دیاریکراو بەرانبەر بە دیاردەیەک یان رووداوێـــک یەکتریان ئاگادار کردۆتەوە. لە گەڵ چەندبـــارە بوونەوەی ئەو دیاردەو رووداوانە، فێری ئەوە بوون ئەو دەنگانە بڵێنەوە، تا وردەوردە قورگو تۆنەکانی دەنگ لە گەڵ دەنگەکاندا

بەرانبەر بە دیاردەکان راهاتن‌و لە ماوەی یەکجار دوورو درێژدا جێکەوتوون، بە هۆی دەربڕینی ئەو دەنگانەوە توانیویانە مەبەستەکانیان بە یەکتر بڵێن. یانی لەو قۆناغی گواستنەوەیەدا بە هۆی کارو ژیانی بە کۆمەڵەوە، شێوە زمانێکی سەرەتایی لە ناویاندا وەک پێداویستییەک پەیدا بووە. بێگومان بە گوێرەی گەشەی دەنگو دەربڕین، هاوشان هەستی بیستنیش کاراتر بووە. ئەم گۆڕانانە، لە ســـەرخۆ کاریان لە سەر ئەقڵو مێشکی ئەو گیاندارانە کردووەو گۆڕانیان بە سەردا هاتووە.

(یەکـــەم: کار، ئنجا لە هەمان کاتدا دەربڕین‌و خســـتنەکاری دەنگ، ئـــەو دووانە، دوو هۆی سەرەکی بوون کە لە ژێر کاریگەری ئەواندا، مێشکی مەیمون گۆڕا بە مێشکی مرۆڤ)٢٢.

**ڕاوکردن:** گۆڕان‌و گەشـــەی مێشک، بێگومان کاری کردۆتە سەر هەموو ئەندامە هەستییەکان، ئامادە بە کارو گۆڕانی دیکەی کردوون. پێکەوە ژیانی بە کۆمەڵ، زاووزێ‌و زۆربوونی تاکەکانی مرۆڤی ســـەرەتا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆتە هۆی کەمبوونەوەو بەش نەکردنی بەروبوومە سروشـــتییەکانی ناوچەکە. بۆیە بە ناچار، لـــە پێناوی مانەوەدا دەبێ ململانێ بکەن‌و لە گەڵ هەلومـــەرج‌و گۆڕانە سروشـــتییەکاندا بڕۆن. ئەم هەلومەرجە نوێیە فێـــری راوی کردن، راوی گیاندارانی دیکەی دەوروبەری خۆیان، بۆ ئەوەی گۆشتەکەی بخۆن‌و لە ژیاندا بمێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە هاویشتنی بەرد،وەک چەکێک لە راوکردنداوەردەگرت. دواتر بەردەکانیان تیژ دەکردو چ لە راو کردن‌و چ لە لەتو پەتکردنی گۆشتدا بە کاریاندەهێنا.

بەم شـــێوەیە لە گەڵ خواردنی رووەکو بەری درەختەکاندا، فێری خواردنی گۆشـــت بوون‌و گەدەیـــان پێی راهـــات. خواردنی گۆشـــت هەنگاوێکی گرنگی دیکە بوو لە گەشـــەی مرۆڤی ســـەرەتادا، چونکە لە لایەکوزەو توانای زیاتری بە لەشـــیان بەخشـــی، لە لایەکی دیکەش، باشترین خۆراک بوو بۆ گەشەی خێرای مێشک. بەتایبەت دوای ئەوەی مرۆڤی سەرەتا ئاگریان دۆزییەوەو فێری برژاندنی گۆشت بوون، پرۆسەی هەرسکردن خێراترو سوودەکەی زیاتربوو. دۆزینـــەوەی ئاگـــر، نزیکەی دوو ملیۆن ســـاڵ بەر لە ئێســـتا، رۆڵێکی یەکجـــار گەورەی لە بەرەوپێشەوە چوونی مرۆڤی سەرەتا بە تایبەتی‌و هەموو مرۆڤایەتیدا بە گشتی گێڕاوە.

مرۆڤی ســـەرەتا بە هـــۆی فێربوونی راوکردنەوە، فێـــری ئەوەش بوون کـــە گیاندارانماڵی بکەن‌و ســـوود لە بەرهەمەکانیان‌وەرگرن. دواتر فێری کشتوکاڵکردن بوون.. ئەم کارو گۆڕان‌و تاقیکردنەوانە وایان لە مرۆڤی ســـەرەتا کرد وردەوردە هوشـــیاری پەیدا بکەن‌و لە کارکردندا بەرەو پێشـــەوە بچن. نزیکەی ٣٥ هەزار ســـاڵ بەر لە ئێســـتا مرۆڤ رادەیەک لە هوشیارییان پەیدا کردووە کە، لە سەر دیواری ئەشـــکەوتەکان بۆ دەربڕینی خولیاو ئارەزووەکانیان‌وێنەی نێچیرەکانیان کێشـــاوە. پێنج هەزار ســـاڵ بەر لە ئێســـتا، مرۆڤ توانی نووسین بدۆزێتەوەو بیروباوەڕەکانی خۆی لە نووســـیندا بخاتە روو، کە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین بیانخوێنینەوەو لێیان تێبگەین!.

مرۆڤ بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتنی خۆی لە قۆناغە جیاجیاکاندا کاری بۆ ژیان کردووە، لە

ئەنجامی کارکردندا بە گوێرەی ئەو قۆناغانە، تا هاتووە هوشیاری چۆتە سەرتر.(جگە لە راوی ئاژەڵو بە خێوکردنی مەڕومالاَت، مرۆڤ فێری کشتوکاڵ، رستنی خوریو چنین، دروستکردنی قاپو قاچاغ لە گڵی ســـوورەوەکراو، هاتوچۆی دەریایی بوون.. دواتر هونەرو زانســـت لە پاڵ بازرگانیو پیشەسازی دەستیدا دەرکەوتن. خێڵەکان گۆڕان بە نەتەوەو وڵات، یاساو سیاسەت گەشـــەیان کرد)٢٣. پێداویســـتییەکانی ژیان، مرۆڤی بە ناو سەدان جۆری کارکردندا بردووە. هەموو جۆرەکانی کاری مرۆڤ، لە لایەک لە داهێنانی مرۆڤن کە لە ململانێ لە پێناوی مانەوەو باشتر کردنی ژیاندا ئەنجامیداون، لە لایەکی دیکە، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو کارانەی بە درێژایی مێژووی خۆی ئەنجامی داون، شارەزاییو هوشیاری لە مێشکیدا کۆبۆتەوە.

لەم پرۆسەیەدا مێشکی مرۆڤ گەشەی کردووە، تا گەیشتۆتە مرۆڤی هوشیاری ئەم سەردەمە.. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین مرۆڤ بە مانای مرۆڤ لە سروشتدا لە ئەنجامی کارکردندا پەیدا بووە. یان وەک ئنجلس وتوویەتی: (کار مرۆڤی خولقاند)٢٤.

# ئەنجامگیریی بەشی دووەم:

لەســـەر رۆشنایی دەقی ئایەتەکانی قورئان، بە هێنانەوەی چەندین نموونەی ئایەت، سەبارەت بە دروســـتبوونی زینـــدەوەران «ڕووەک، گیانەوەران، مـــرۆڤ» بیروبۆچوونەکانی قورئانمان باسکردو بە گوێرەی توانا لە سەریان دواین.

هەروەها لە ســـەر رۆشـــنایی تیوری گەشەســـەندنو پرۆسەی دروســـتبوونی زیندەوەران لە روانگەی زانستییەوە، باسی دەســـکەوتو بەڵگە زانستییەکانی بواری زیندەوەرناسیمان کرد. پاشـــماوەی پەیکەرە ئێســـکی گیاندارانو مرۆڤـــی چاخەکانی کۆن، شـــوێنەواری ژیانیان لە ناو ئەشـــکەوتەکاندا، ئەو کەرەســـەو ئامرازانەی کە بە گوێرەی قۆناغە جیاوازەکانی گۆڕانو گەشـــەکردنی کۆمەڵگای مـــرۆڤ بە کاریان هێناونو گەلێک نموونەیـــان لێ دۆزراونەتەوەو لە مۆزەخانـــە بەناوبانگەکانی وڵاتاندا پارێزراون. لە ئەنجامی بەراوردکردنی بۆچوونەکانی قورئان بە تیورو بۆچوونە زانســـتییەکانی بواری زیندەوەرناســـی، ئەو راســـتییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە، قورئانو زانســـت تەواو ناکۆکو لە یەک دوورن. وەک ئەنجامگیری باســـەکە، دەکرێ ئەو ناکۆکییانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ـ هەموو ئەو چیرۆکو باسو زانیارییانەی قورئان کە، ســـەبارەت بە رەچەڵەکو دروستبوونی زیندەوەران بە گشتیو مرۆڤ بە تایبەتی باسی کردوونو زۆربەی لە تەوراتو ئینجیلەوەوەرگرتووە، پشتی بە داستانە ئەفسانییەکانی کۆنو سەردەمی خۆی بەستووە، لە گەڵ راستییە زانستیو بەڵگەییەکانی پەیدابوونی مێژوویی واقیعیو گۆڕانو گەشەی ژیانی زیندەوەراندا نایەنەوە.

٢–ڕووەکو گیانـــەوەران لە پێناوی مرۆڤدا دروســـت نەبوون، بەڵکـــو ئەوانیش وەک مرۆڤ، بوونەوەرو بەرهەمی سروشتن، لە ژێر کاریگەری یاساو گۆڕانەکانی سروشتدان.

٣– هەموو ئەو چیرۆکانەش کە لە قورئاندا ســـەبارەت بە گیانداران باسکراون، هەر هەموویان چیرۆکی ئەفســـانەییو داڕێژراوی بۆچوونی ئاینی رووتن. هیچیـــان لەواقیعدا روویان نەداوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی دیارو ئاشکراو زانستی لە سەر روودانیان لە مێژوودا نییە.

٤– لەڕوانگەی زانستەوە، تیوری ئافراندنی دەسبەجێی مرۆڤ، کە قورئان لە چیرۆکی ئادەمو حەوادا باســـی کردووە، هیچ بەڵگەیەکی زانســـتیو واقیعی نییـــە. بەڵکو داڕێژراوی خەیاڵاتی پێغەمبەرانو رێبەرانی هەندێک ئاینن.

مرۆڤی سەرەتا هەرگیز بە فووکردن بە لووتی پەیکەرێکی قوڕیندا، لە (کن فیکن)ێکدا گیانی بە بەردا نەکراوە.. بەڵکو مرۆڤ گیاندارێکی گەشەســـەندووی سروشتە، لە پرۆسەیەکی چەند ملیۆن ساڵیدا پەیدا بووە.

٥– ژن لە پەراســـووی پیاو دروســـت نەبووە. هیچ رشتەیەکی زانست ئەو بۆچوونەی تەوراتو قورئان پەســـەند ناکات.. راستی زانستی ئەوەیە کە ژنیش پێکەوە لە گەڵ پیاودا، بە هەمان پرۆسەی گەشەسەندندا تێپەڕبووە.

٦- مرۆڤی ســـەرەتا لە جێگایەکی خەیاڵی نادیار (بەهەشت)دا، وەک مرۆڤێکی خاوەن هزرو دەســـبەجێ هوشیار، دروســـت نەکراوە. بەڵکو لە ســـەر رووی ئەم زەمینە، لە گیانەوەرانی دیکەی نزیکی مرۆڤەوە گەشـــەی کردووەو لە درێژماوەدا مرۆڤی سەرەتایان لێ پەیدا بووە. لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون‌و شوێنەواریان لە چەندین ئەشکەوتدا دۆزراونەتەوە. هەروەها هەڵکۆڵینی ســـەر دیواری ئەشکەوتەکان بەڵگەی ئەو راســـتییە مێژوویی‌و واقیعیەن. هوشیاری مرۆڤ لە سەرخۆو لە ماوەی دوورودرێژدا لە ئەنجامی کارو تاقیکردنەوەکانی رۆژانەدا، لە هەزاران ساڵدا لە مێشـــکی مرۆڤدا کۆبۆتەوە. ژیان بەردەوامەو ئەم هوشـــیاریەش رۆژ لە دوای رۆژ دەچێتە سەرتر.

٧- مێژووی مرۆڤایەتی، پێنج یا شەش یان دە هەزار ساڵ نییەوەک قورئان‌و تەورات دەڵێن!. بەڵکو زانســـتی نوێ بە بەڵگە زانستییە بەرجەستەکان ســـەلماندوویەتی کە، نزیکەی حەفتا ملیۆن ساڵە مرۆڤ پەیدا بووە.

٨- تەمەنی مرۆڤ، لە هیچ ســـەردەمێکدا هەرگیز (٩٥٠)ســـاڵ درێـــژ نەبووە! وەک قورئان‌و تەورات باســـیان کردووە!. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە زانســـتییەکان، تەمەنی مرۆڤ لە سەردەمە کۆنەکاندا لە چاو درێژی تەمەنی ئێستای مرۆڤدا، کورت بووە.

٩- جیاوازی رەنگی پێســـتی مرۆڤەکان بە هۆی ئـــەوەوە نییە کە، رەنگی ئەو خۆڵ‌و قوڕەی لێی دروســـتکراون جیاواز بێت!، بەڵکو بە هۆی دوورو نزیکی تیشـــکی خۆر بۆ ســـەر ناوچە جیاجیاکانی زەویەوەیە، کە دەبێتە هۆی پلەی گەرمای جیاواز.

١٠- فریشتە، جنۆکە، شەیتان، کە لە قورئانداوەک زیندەوەر ناویان هاتووە، هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر بوونیان لە گەردووندا نییە.

بۆیە هیـــچ رشـــتەیەکـــی زانســـــتی دان بەبوونیانـــدا نانێت، بەڵکـــو تەنـــهـــا لـــەکتێـــبە ئاینییەکاندا باسکراون.

# پەراوێزی بەشی دووەم

١ – إبن كثير، البدايةو النهاية، ج١، ص٨٥.
-٢ الكتاب المقدس، سفر التكوين ٢ / ١٦.
-٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو، سفر التكوين ٢ / ٢١.
-٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو، سفر التكوين ٢ / ٢٠.
-٥ إبن كثير، البدايةو النهاية، ج١،ص٧٤.
-٦ الكتاب المقدس، سفر التكوين ٢ / ١٦.
-٧ هەمان سەرچاوەی پێشوو، سفر التكوين ٣.
-٨ إبن كثير، البدايةوالنهاية، ج١، ص٧٥.
-٩ الكتاب المقدس، ص٦، ص٤٨٦.
-١٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٤١٩.
-١١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
-١٢ حامد حســين الفلاحي، چیرۆکی گیانداران لە قورئانی پیرۆزدا.وەرگێڕانی سۆران محەمەد غەریب، ل ١٢٣.
-١٣ نصر حامد أبو زيد، فلسفة التأويل، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الخامسة ٢٠٠٣.
-١٤ الكتاب المقدس،سفر التكوين، ٣ / ١.
-١٥ ئینجیلی مەتا، ٩ / ٣٤.
-١٦ داروين، أصل الأنواع، ص٥٠٦.
-١٧ هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٩.
-١٨ هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٦.
-١٩ هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٩.
-٢٠ أنجلس، دور العمل في تحول القرد إلى إنسان، ص٢.
-٢١ هەمان سەرچاوە، ل٤.
-٢٢ هەمان سەرچاوە، ل٩.
-٢٣ هەمان سەرچاوە، ل١٦.
-٢٤ هەمان سەرچاوە،ل١.

# بەشی سێیەم

# پەیوەندیی نێوان سروشتو زیندەوەران

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، سەبارەت بە گەردوونو دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی سروشت دواین. لە بەشـــی دووەمیشدا، باســـی چۆنێتی پەیدابوونی زیندەوەرانمان لە سروشتدا کرد. هەروەها جیاوازیو ناکۆکییەکانی نێوان بیروبۆچونەکانی قورئانو زانستمان لەو بوارانەدا خستەڕوو.

ئێستا لە بەشی سێیەمدا، هەر لە درێژەی ئەو باسانەدا، لە سەر پەیوەندییو کاریگەری نێوان سروشـــتو زیندەوەران، لە روانگەی قورئانو زانســـتەوە دەدوێین. هەروەها لە بەر رۆشـــنایی جیاوازی بۆچوونەکانیاندا لەو بوارەدا، ناکۆکییەکانی نێوانیان دەستنیشان دەکەین.

وەک پێشتر وتمان، قورئان پەیوەندی نێوان سروشتو زیندەوەران لە سەر ئەو بنەمایە دەبینێ کە، سروشت بە سەرجەم دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانیەوە، لە سەر فەرمانی خودا بۆ خزمەتی مرۆڤ ئافرانـــدراون. ئەمە فەرمانێکی خودابیەو گۆڕان هەڵناگرێـــت!. زەویو بەروبوومەکانی، خۆرو تیشـــکی خۆر، مانگو ئەستێران، دیاردەی شەوو رۆژ، باران، رووەک، گیانەوەرانی دیکەو.... هتد، ئەوانە هەر هەموویان دەبێ گوێڕایەڵو جێ بەجێکەری ئەو فەرمانە بنو لە خزمەتی مرۆڤ درێغی نەکەن!: -(و هو الذي خلق لكم ما في الأرض جميعا)بقرة/٢٩.

واتا: (هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوە).

کەواتـــە لە روانگەی ئەو ئایەتەی ســـەرەوە، هەموو مرۆڤەکانی ســـەر زەوی دەبێ لە هەموو نیعمەتو رەحمەتەکانی خودا، بە یەکســـانیو بە ئەندازەی پێویســـت، بەهرەمەند بنو بەشی خۆیان هەبێت!، تا ئەوانیش سوپاسگوزاری خودا بنو بیپەرستن!.

قورئان بەو شێوەیە ئەرکی سروشتو مرۆڤی دیاریکردووەو پێناسەی کردوون. ئەم پەیوەندییەی نێوان سروشتو مرۆڤ هەرگیز ناگۆڕێت!. بەڵام با بزانین لەواقیعدا پەیوەندی نێوان سروشتو زیندەوەران چۆنە؟. مەبەست لە سروشت ئەو دەوروبەرەیە کە زیندەوەران تیا دەژینو کاریگەری لە سەر ژیانو بوونیان هەیە.

سروشـــت خۆی لـــە گەلێک هەلومـــەرجو حاڵەتی جیاوازو هەمیشـــە لە گـــۆڕان پێکهاتووەو بەڕێوەدەچێت، کە بە یاســـاکانی سروشـــت ناودەبرێن. ئەو یاســـایانەی سروشـــت، لە سەرو خواســـتو حەزو ئارەزووی مرۆڤەوەن. هەموو زیندەوەران لە ژێر کاریگەری هەلومەرجو یاساو گۆڕانەکانی سروشتدان. بە ناچاری دەبێ هەوڵ بدەن خۆیان لە گەڵ ئەو یاسایانەدا بگونجێنن، دەنا دەفەوتێن.

ئەگەر ســـەیری هەلومەرجی سروشـــتی گۆی زەوی بکەین، لە ئاوو وشکانی پێکهاتووە. بەشە ئاوەکەی لە زەریاو دەریاو روبارەکان پێکهاتووە. بە گشـــتی ئاوی زەریاو دەریا سوێرن، بەڵام

ئاوی روبارەکان شـــیرینن. ئەم جیاوازییە کاریگەریی لە ســـەر شـــێوەو پێکهاتی گیانەوەرە ئاوییەکان هەیە.

بەشەو وشکانییەکەی زەویش، لە سروشتی جیاواز پێکهاتووە: بۆ نموونە، شاخو کێو، شیوو دۆڵ، گردو هەردەکان، دەشـــتی بەرین، بیابانی وشکو فراوان، ناوچەی شێدار، دارستانی چڕ، بـــەردەڵانو رووتەنو.... هتد. هەر ناوچەیەکیش لـــە زەوی، ئاووهەوای تایبەتی خۆی هەیە. لـــە هەندێ ناوچە بە درێژایی ســـاڵ بـــاران دەبارێت، لە هەندێ ناوچە بـــاران مام ناوەندیو لـــە هەنـــدێ ناوچەش باران کەمە. پلەی گەرما بە هۆی دوورو نزیکی تیشـــکی خۆرو بەرزیو نزمیەکانی ناوچەکانەوە جیاوازن. هەندێ ناوچە زۆر گەرمە، هەندێ ناوچەش هەمیشە بەفرە. ئەم هەلومەرجە جیاوازانەی سروشـــتو ئاووهەوای ســـەر زەوی، کاریگەرییان لە سەر بونیادو جۆرو چۆنایەتیو شێوەی هەموو بەروبوومو زیندەوەرانی ناوچە جیاجیاکان هەیە. بە گوێرەی بڵاوبوونەوەی زیندەوەران بە ناوچـــە جیاجیاکانی زەویدا، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تایبەتی سروشتی جیاوازەوە.

# کاریگەریی سروشت لەسەر مرۆڤ:

لە قورئاندا ئاوا هاتووە: -(لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم)التين/٤.
واتا: (ئێمە مرۆڤمان لە رێکترین شێوەداوەدی هێنا).
وەک لە مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوەدا دیارە، قورئـــان پێیوایە کە، خودا یەکەم جار یەکەم مرۆڤی لە رێکترین شـــێوەدا ئافراندووە. ئیدی ئەوە شـــێوەی دیاریکراوو بڕیاردراوە لە لایەن خوداوە، هەرگیز گۆڕان بە سەر ئەو شێوە دیاریکراوەی مرۆڤدا نایەت!. یانی ئادەم کاتی خۆی هەر هەمان شـــێوەی ئێستای ئێمەی هەبووە! هەروەها نەوەکانی دواتری ئادەم هەمان شێوەو ئەقڵو هوشـــیاری ئێســـتای ئێمەیان هەبووە!. یانی بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سەرەوە، سروشـــتو گۆڕانو جیاوازییە سروشتییەکان هیچ رۆڵێکیان لە شـــێوەی دروستبوونی مرۆڤدا نییە!.

یانی دەبوایە هەموو مرۆڤ یەک شـــێوەیان هەبوایە، شـــێوەی لەشو رەنگی پێستو شێوەی لووتو رەنگی چاوو بەرزی باڵایان وەک یەک بوایە!. لە راستیدا ئەو بۆچوونەی قورئان لە گەڵ واقیعی کاریگەرییەکانی سروشت لە ســـەر مرۆڤو بۆچوونە زانستیەکان لەو بوارەدا ناکۆکە. ئێمە پێشتر لە باسی پەیدابوونی مرۆڤ لە سروشتدا لە رووی زانستییەوە، ئەوەمان باسکرد کە مرۆڤ لە سەرەتادا وەک ئێستا نەبووە، بەڵکو لە گیانداری دیکەوە گەشەی کردووە، هەمیشە لە گۆڕانیشدایە.

سروشـــتی جیاوازی ناوچە جیاجیاکانی ســـەر زەوی رۆڵی لە شـــێوەی لەشو رەنگی پێستو

دەموچاوی مرۆڤدا هەیە. لە ناوچەکانی هێڵی ئیستیوا، کە تیشکی خۆر بە ئەستوونی دەگاتە ســـەر زەوی، پلەی گەرما بەرزە. بۆیە مرۆڤی دانیشـــتووی ئەو ناوچانە رەنگی پێستو مووی قژو لەشـــیان رەشی تێرە. بە گوێرەی دوورو نزیکی لەو ناوچە گەرمانە، رەنگی پێستو مووی ســـەرو لەش دەگۆڕێت. لەو ناوچانەی کە ئاووهەوا مام ناوەندییە، رەنگی پێستی مرۆڤ بۆرو قژیان قاوەیی تێرە.

هەتا زیاتر بەرەو باکورو باشـــور لە هێڵی ئیســـتیوا دوور کەوینەوە، رەنگی پێستو قژ کاڵتر دەبنەوە. لە ناوچە ساردو کوێستانەکان، کە تیشکی خۆر بە خواری دەگاتە سەر زەوی، پلەی گەرما نزمە، رەنگی پێســـتی مرۆڤ ســـپیو قژیان زەردە. ژیانی مرۆڤ لە سروشتی جیاوازدا، تایبەتمەندی جیاوازی بە مرۆڤ بەخشـــیوە.. مرۆڤی ناوچە گەرمەکان (رەشپێستەکان) زیاتر بەرگەی گەرما دەگرن وەک لە ســـەرما. مرۆڤی ناوچە ساردەکان زیاتر بەرگەی سەرما دەگرن وەک لە گەرما. دانیشـــتوانی وڵاتی چینو ژاپۆنو هەردوو کۆریا بە گشتی، بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی دیکە، باڵایان کورتە. لەگەڵ کۆچی مرۆڤدا بۆ ناوچەکانی یەکتر، بە مانەوەی درێژی نەوە لە دوای نەوە، رەنگی پێســـتی مرۆڤ دەگۆڕێـــت. یاخود لە جووت بوونو زاووزێی نێرو مێی مرۆڤی رەنگو پێستی جیاوازدا، رەنگی پێستی منداڵو نەوەکان دەگۆڕێت. لە جووتبوونی پیاوێکی رەشپێست لە گەڵ ژنێکی سپی پێستدا، رەنگی پێستی منداڵەکەیان کاڵتر دەبێتەوە. هەروەها لە جووتبوونی ژنێکی رەشپێســـتو پیاوێکی ســـپی پێستدا، بە هەمان شێوەیە. ئەم گۆڕانـــە لە نەوەکانی داهاتوویاندا کاریگـــەریو رەنگدانەوەی دەبێت. تایبەتمەندیەکی دیکە لە شـــێوەی مرۆڤی ناوچە گەرمەکاندا ئەوەیە کە، شـــێوەی لووتیان پانتـــرو کونە لووتەکانیان گەورەترن. ئەمە بە هۆی ئەوەی لە ناوچە گەرمەکان هەوا گەرمترو بڕی ئۆکســـیژن لە هەوادا کەمترە. بۆیە مرۆڤ لە هەناسەوەرگرتندا، بۆوەرگرتنی ئەو بڕە ئۆکسیژنەی کە لەش پێویستی پێی هەیە، دەبێ هەوایەکی زیاتر هەڵمژێ. ئەم حاڵەتە سروشـــتییە، ئەو تایبەتمەندییەی لە مرۆڤی ئەو ناوچانەدا فەراهەم کردووە کە شێوەی لووتیان پانو کونە لووتەکانیان گەورەترن. بە پێچەوانەوە مرۆڤی ناوچە ساردەکان، شێوەی لووتو کونە لووتەکانیان بچووکترن. چونکە لە هەوای سارد دا بڕی ئۆکسیژن زیاترە، هەمان بڕی ئۆکسیژن لە هەڵمژینی هەوایەکی کەمتردا دەســـتدەکەوێت. بۆیە کونە لووتەکانیـــان بچووکتر هەڵکەوتـــوون. تایبەتمەندییەکی دیکەی کاریگەری سروشتی ناوچە گەرمەکان ئەوەیە کە، مرۆڤ لەو ناوچانەدا بە گشتی لە تەمەنێکی زووتردا پێدەگەن (باڵغ دەبن)، بە بەراورد لەچاو مرۆڤی ناوچە ســـاردەکاندا. هەروەها چەند فاکتـــەری دیکە لە گۆڕانی شـــێوەو پەیکەری مرۆڤدا رۆڵیان هەبووە. بۆ نموونە، لە ســـەدە کۆنەکانی پێش پیشەســـازیو داهێنانی ئامێردا، بە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەموو کارەکانیان بە هێزی بازوو ئەنجام دەدا، جووڵەو هەڵســـوکەوتیان زیاترو بە پێ رۆیشـــتنیان زۆر بوو، بۆیە قەبارەی لەشیان مەزنترو بازوویان پتەوترو بەهێزتر بووە لە چاو مرۆڤی ئەم سەردەمەدا.

لە گەڵ پێشـــکەوتنی پیشەســـازیو تەکنۆلۆژیـــدا، هەتا هاتووە مـــرۆڤ کارەکانی زیاتر بە

هــۆی ئامێرەوە ئەنجــام داوە، یانی هەتا بەرەو پێشـــەوە بچین مرۆڤ کەمتــر هێزی بازوو بەکار دەهێنێت، بەڵکو چالاکییەکانی مێشــک روو لە سەرترن. ئەمەوای کردووە کە قەبارەی ماســولکەکانی لەش، بە هۆی کەمتر بەکارهێنانەوە، لاوازو بچووکتر ببنەوە. لە بەرانبەریشدا قەبارەی مێشــکی مرۆڤی ئەم ســـەردەمە بە هۆی زیاتر بەکارهێنانـــەوە گەورەتر بووە. ئەم هاوکێشـــەیەی نێوان قەبارەی لەشو مێشکی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕاندایە.. لە راستیدا ئاسان نییە بزانین شـــێوەی مرۆڤی چەند هەزار ساڵ دوای ئێستا چییان بە سەر دێت؟!. فاکتەرێکی دیکە لە سروشـــتدا کاریگەری لە سەر شێوەی هەڵکەوتنی مرۆڤ هەیە، کە بریتییە لە جۆری خواردنەکانی مرۆڤ. وەکووتمان، بە هۆی سروشـــتی جیاوازو ئاووهەوای جیاجیای ناوچەکانی ســـەر زەوی، بەروبوومی ناوچەکانیش جیاوازن. بێگومان ئەم فاکتەرە لە کۆنەوە رۆڵی خۆی هەبووە.

هەروەها لە گەڵ جۆری خواردنەکاندا، فاکتەری هوشـــیاری تەندروســـتی رۆڵی کاریگەری لە سەر درێژی تەمەنی مرۆڤ هەیە. لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بە هۆی ئەوە کە ئاستی هوشیاری تەندروســـتی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشـــتی بەرزە، بۆیە تێکڕایی تەمەنیان درێژترە. لەوڵاتە دواکەوتووەکانیش بە پێچەوانەوەیە. بۆ نموونە، تێکڕایی درێژی تەمەنی مرۆڤ لە ئەوروپا ٨١ ساڵە، بەڵام تێکڕایی درێژی تەمەنی مرۆڤ لە کوردستان ٥١ ساڵە (١).

لەواقیعدا لە ســـەر بنەمای گرنگی دان بە هوشـــیاری تەندروســـتی، ئیدی جێگایەک بۆ ئەو بۆچوونەی قورئان نەماوەتەوە کە پێیوایە خودا رۆژی مردنی هەموو کەسێکی لە یەکەم رۆژی لە دایکبوونیەوە دیاری کردووە، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت: -(و ما يعمر من معمرو لا ينقص من عمره إلا في كتاب إن ذلك على الله يسير) فاطر/١١.

واتا: (کێ عومری درێژی دەبێو کێ تەمەنی کورتی دەبێ، هەموو لە دەفتەر نووسراوە، ئەمە بۆ خودا هاسانە). مرۆڤ بە هوشیاری تەندروستی سەردەمو گرنگی دان بە تەندروستی خۆی، دەتوانێت لەشی ساغو جوانو تەمەنی درێژ لە رادەیەکی باشتردا بۆ خۆی فەراهەم بکات.

# پەیوەندی نێوان سروشتو گیانەوەران:

قورئان پەیوەندی نێوان سروشـــتو گیانەوەران لەو دیدەوە دەبینێ کە، ســـەرجەمی دیاردەو بوونـــەوەران لە ســـەر فەرمانی خودا بۆ خزمەتی مرۆڤ دروســـت کـــراون. ئەمە فەرمانێکی خوداییە. -(هو الذي خلق لكم ما في الأرض جميعا)بقرة/٢٦.

واتا: (هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوە).

یانی سروشـــت دەبێ هەموو نیعمەتو رەحمەتەکانی خودا بـــۆ هەموو مرۆڤ فەراهەم بکات! بێگومان ئەو بۆچوونەی قورئان لە گەڵ بۆچوونی زانســـتی زیندەوەرناســـی، تەواو ناکۆکە. لە روانگەی زانستیەوە زیندەوەران بە گشتی هیچ جۆرێکیان لە بەر خاتری جۆرێکی دیکەیان دروست نەبوون، بەڵکو سەرجەمی جۆرەکانی زیندەوەران بەرهەمی سروشتن. گیانەوەرانیشوەک مرۆڤ لـــە ژێر کاریگەری هەلومەرجو حاڵەتی جیاوازو گۆڕانە بەردەوامەکانی سروشـــتدان. جیاوازیو گۆڕانە سروشـــتییەکان رۆڵی کاریگەریان لە هەڵکەوتنی شێوەو رەنگو شێوەی ژیانو تەنانەت چارەنووسی مانو نەمانی جۆرەکانی گیاندارانی هەیە.

سروشـــت ئەو گیاندارانە لە ژیاندا دەهێڵێتەوە کە، لە گەڵ گۆڕانەکانی سروشتدا دەگونجێنو دەگۆڕێن، ئەوانەش لە ناو دەبات کە بەرگەی گۆڕانی هەلومەرجە سروشـــتییەکان ناگرن.وەک داروین دەڵێت: (هەڵبژاردنە سروشـــتییەکان کاریگەرییان لە ژیانو لەناوچووندا دەردەکەوێت. ئەو جۆرە لە ژیاندا دەهێڵێتەوە کە باشـــترین توانای خۆگونجاندنی هەیە، ئەو جۆرەش لە ناو دەبات کە کەمترین توانای خۆگونجاندنی هەیە)٢.

بێگومان سروشتی جیاواز تایبەتمەندی جیاوازی بە گیانەوەران بەخشیوە. ئەو تایبەتمەندییانەش هەمیشـــەیی نین، بەڵکو لە ژێـــر کاریگەری گۆڕانەکانی سروشـــتدا دەگۆڕێن. هیچ گیاندارێک سەرەتای وەک ئێستای نەبووە، ئێستاشی وەک داهاتووی نابێت. بۆ نموونە: زەڕافە گیاندارێکی سروشتی ئەفریقایە، لە دارستانەکانی ئەفریقادا دەژی، خواردنی گەڵای درەختەکانە. درەختی دارســـتانەکانی ئەفریقا بەرزن، زەڕافە هەمیشـــە بە ناچاری بۆ ئەوەی گەڵای دەســـتکەوێتو بیخواتو بژی، لمۆزی بەرەو ســـەرو ســـەرتری لقی دارەکان بەرزکردۆتەوە. لە پرۆسەی دوورو درێژی ئەو شێوە ژیانەدا، بە ماوەی درێژو نەوە لە دوای نەوە، تا هاتووە ملی لەو بەکارهێنانەدا درێژتر بۆتەوە.. یانی سروشـــتی دارســـتانی بەرزی ئەفریقا، ملی زەڕافەی بەو چەشـــنە درێژ کردووە. وەک نموونەیەکی دیکەی گیانداران با باسیوشـــتر بکەین:قورئان سەبارەت بەووشتر لە ئایەتێکدا دەڵێت: -(أفلا ينظرون إلى الأبل كيف خلقت)الغاشية/١٧.

واتا: (ئەمانە چۆن رانەماون کەوشـــتر چلۆن چێ بووە). قورئـــان لەو ئایەتەدا پێمان دەڵێت خودا وشـــتری بەم شـــێوەیەی ئێســـتای ئافراندووە!، یانی پێیوایە وشتر حاڵەتێکی نەگۆڕە، ســـەرەتاو ئێســـتاو ئایندەی هەر ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین!. بێگومان ئەو دیدەی قورئان لە رووی زانســـتییەوە دروست نییە، چونکە وشـــتریش وەک هەموو گیانداران حاڵەتێکی نەگۆڕ

نییـــە، بەڵکـــو بە گوێرەی هەلومەرجـــی ژینگەی بیابان گۆڕانی بە ســـەردا هاتووەو خۆی لە گەڵـــدا گونجاندووە. ڕەوی دوورو درێژی ناو لمی نەرمی بیابانی پانو بەرین، ئەو شـــێوەیەی بە چوارپەلی وشـــتر داوە کە، سمەکانی ئەوەندە پانو گەورە بن تا بە ناو لمەکەدا ڕۆ نەچن، بەڵکو بە سەر لمەکەدا بە ئاسانی ڕەوی خۆی دەکات.

هەروەها سروشـــتی وشـــکو کەم ئاوی بیابان، وشـــتری ناچار کردووە کە مـــاوەی زۆر ئاو نەخواتەوە. جگە لەوەش، ئەم سروشـــتە گەدەی وشـــتری وەها ڕاهێناوە کاتێک دەگاتە ئاو، ئاوێکی زیادەش دەخواتەوە، بۆ ئەوەی بەرەنگاری کەم ئاوی بکات.. یانی لە ڕووی زانستییەوە، وشتر لە سەرەتادا ئەو وشترەی ئێستا نەبووە، بەڵکو لە گیاندارێکی دیکەوە هاتووە کە پێشتر ئەو تایبەتمەندیانەی وشتریان نەبووە.

ورچی ســـپی لە ناوچە بەفرینو بەســـتەڵەکیەکانی زەویدا دەژی، پێستی لەشیان لە بەرانبەر ئاووهەوای هەمیشە ساردا بە ڕادەیەک ئەستوور بووە کە دەتوانن بەرەنگاری ئەو سەرما زۆرە بکەن. لە ژێر پێستەکەشـــیانەوە توێژێک چەوری ئەســـتوور دروستبووە، جگە لەوەش دیوی دەرەوەی پێستی لەشیان فەروویەکی نەرمی هەیە. ورچی سپی بەم تایبەتمەندییانەوە لە گەڵ ئەو سەرما سەختەدا بوونی خۆی پاراستووە.

شەمشـــەمە کوێرە باڵدارێکی شـــیردەرە، بە زۆری لە ناو ئەشـــکەوتە تاریکەکاندا دەژی. ئەو باڵدارە پێش ئەوەی لە ژیانی ناو ئەشـــکەوتە تاریکەکاندا بگیرسێتەوە، خاوەنی چاوو بینایی خـــۆی بووە. دوای ئەوەی ڕێی کەوتۆتە ناو ئەشـــکەوتو ژیانـــی دوورو درێژی نەوە لە دوای نەوەی لە تاریکایی ئەشکەوتدا بە سەر بردووە، لە تاریکایی ناو ئەشکەوتیشدا هیچی نەبینیوە، ئیـــدی وردەوردە تا هاتـــووە چاوەکانی کەمترو کەمتر بە کارهێناوە. بـــە مانایەکی دیکە، لە تاریکایی بەردەوامدا پێویســـتی بە بەکارهێنانی چاوەکانـــی نەماوە. بەکارنەهێنانی چاوەکانی وردەوردە بۆتە هۆی لاواز بوونو تا بە یەکجاری کوێربووە.. شـــوێنەواری چاوەکانیشی هێشتا هەر ماون. سروشـــتی ژیانی ناو ئەشکەوتی تاریک، ئەو گۆڕانەی لە شەمشەمەکوێرەدا ئەنجام داوە، لە باڵدارێکی چاو ساغەوە کردوویەتی بە باڵدارێکی کوێر. بەڵام بە هۆی ئەوەی لە گەڵ هەلومەرجی ناو ئەشکەوتدا ڕاهاتووەو قووتی خۆی پەیدا دەکات، بە کوێریش خۆی لە فەوتان پاراستووە. یانی خۆی گونجاندووەو لە سروشتدا جۆری خۆی پاراستووە.

مشکە کوێرەش هەر بەو شێوەیە، لە گەڕان بە دوای خۆراکدا، لە ژیانی ناو خۆڵی ژێر زەویدا گیرساوەتەوە. لەو شێوە ژیانەدا پێویستی بە چاوەکانی نەماوە. لە بەکارنەهێنانی چاوەکانیدا، وردەوردە بینایی لە دەســـتداوە، بەڵام شوێنەواری چاوەکانی هێشتا هەر ماون. مشکە کوێرە خۆراکی خۆی پەیدا دەکاتو جۆری خۆی پاراستووە. سروشتی جیاواز تا ڕادەیەک کاریگەری لە ســـەر ڕەنگی پێســـتی گیانەوەران دەکات. بۆ نموونە، ئەو جۆرە بۆقانەی کە لە سەوزاییدا دەژین، ڕەنگی پێستیان وەک دەوروبەرەکەیان سەوزە. بۆقی زەوی ڕووتەن ڕەنگی پێستەکەی بۆرە.

ڕەنگی کوللە لە ناو گەڵای دارو ســـەوزاییدا سەوزە، لە زەوی ڕووتەندا ڕەنگی بۆرە یان زەرد باوە. مار هەروەها، قۆڕی هەروەها ......هتد.

جۆرەکانی گیانەوەران بە هۆی گۆڕانی ئاووهەواو ئاڵوگۆڕەکانی سروشتەوە، یا بە هۆی گەڕان بە دوای خۆراکدا، یاخود بە هۆی مرۆڤەوە کە بۆ سودی خۆی گواستوونیانەتەوە، بەردەوام لە بڵاوبوونەوەو کۆچکردندا بوون بۆ ناوچە جیاوازەکان.. ئەم کۆچو بڵاوبوونەوەیە بۆتە هۆی ئەوە کە، نەوەکانی داهاتووی ئەو گیاندارانە بە گوێرەی تایبەتمەندی سروشـــتی ناوچە جیاجیاکان، شێوەکانیان بە چەند جۆر گۆڕاون. بۆ نموونە، مریشکو کەڵەشێر چەندین جۆریان بە گوێرەی سروشـــتی جیای ناوچەکان لێ پەیدا بووە. کۆتر هەروەها، ئاژەڵان هەروەها....هتد گیانداران بە هۆی بڵاوبوونەوەیان لە سروشتی جیاوازدا، هەتا هاتووە لە ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە گۆڕانی زیاتریان بە سەردا هاتووەو بە هۆی زاووزێوە لە نەوەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

**ماڵیکردن:** ماڵیکردن بە هۆی دەسەڵاتی مرۆڤەوە، فاکتەرێکی گرنگی دیکەی گۆڕانی شێوەو نەریتی گیاندارانە. بێگومان ئەو گۆڕانانە بە شـــێوەیوردو لە سەرخۆ لە ماڵیکردنی گیاندارانداا دروستبووەو بە هۆی زاووزێوە کاریگەری لە سەروەچەکانیان هەبووە.

سەبارەت بە ماڵیکردن،وەک نموونەیەک، داروین دەڵێت: (تێبینیم کردووە ئێسکی باڵی مراوی ماڵیی، کێشـــی کەمترە لە چاو کێشـــی قاچیدا. بەڵام لە مراوی دەشتەکیدا بە پێچەوانەوەیە. دەتوانین هۆی ئەم گۆڕانە بگەڕێنینەوە بۆ ئەوە کە، مراوی ماڵیی زۆرتر لە ســـەر قاچەکانی دەڕواتو کەمتر دەفڕێت. بەڵام لە مراوی دەشتەکیدا بە پێچەوانەوەیە)٣.

کەواتە باڵداری مراوی، بە هۆی ماڵیکردنیەوە لە لایەن مرۆڤەوە، شێوەی لەشو نەریتی فڕینی گـــۆڕاوە، جۆرێکی لێ هاتووە تەواو جیاوازە لەمراوی دەشـــتەکی. هەروەها دەربارەی گۆڕانی شـــێوەی ئەندامەکانی لەشی گیانداران، بە هۆی ماڵیکردنەوە، داروین دەڵێت: (هیچ گیاندارێک لە گیاندارە ماڵییەکانمان نابینین کە گوێچکەکانیان نەرم نەبووبێتەوە.

مـــن ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو هۆیـــە کە، لە بەکارنەهێنانی ماســـولکەکانی گوێچکەکانیاندا گوێکانیـــان نەرم بوونەتەوە، ئـــەوەش بە هۆی ئەوەی بێ ترس بوونو پێویســـتیان بە گوێ هەڵخســـتنی بەردەوام نەماوە)٤. ئەو نموونانەی باســـمان کردن هەمـــوو بەڵگەی ئەوەن کە، گیانەوەران لەقاڵبێکی دیاریکراوو ســـەرو سروشـــتەوە نەخولقاون، بەڵکو بەرهەمی سروشتنو لـــە پەیوەند بە سروشـــتی جیاوازو گۆڕانی لە ســـەر خۆو بەردەوامی سروشـــتدا، هەمیشـــە لەگۆڕاندان.

# پەیوەندیی نێوان سروشتو رووەک:

پێشـــتر لە باســـی دروســـتبوونی رووەک لە روانگەی قورئانەوە وتمان کە، هەرچی رووکی ســـەر زەمینە بە فەرمانێکی دەسبەجێی خودا، بۆ سوودو قازانجی ژیانی مرۆڤ رواون!، لەو بارەیەوە چەند ئایەتیشمان بە نموونە هێنایەوە. لێرەدا تەنها ئەم ئایەتەیان دووبارە بە بیری خوێنەر دەهێنینەوە:

-(الله الذي خلق الســماواتو الأرض أنزل من الســماء ماء فأخرج به مــن الثمرات رزقا لكم) إبراهيم/٣٢. واتا: (ئەو خودایەی ئاسمانەکانو زەمینی داهێناوەو لە حەواوە ئاوێکی داباراندووە، بەروبووی بژێوی ئێوەی پێ دەروێنێ).

قورئان پێیوایە خودا رووەکی لە گەڵ ئافراندنی مرۆڤداو هەر لە پێناوی مرۆڤیشـــدا دروســـت کردووە!. بەڵام بە گوێرەی زانســـت، رووەک گەلێک لە پێش پەیدابوونی مرۆڤەوە پەیدا بووە.

**لەموێنەیەی خـــوارەوەدا قەدی دارێک دەبینین کە تەمەنی ٢٨٠ ملیۆن ســـاڵە، لە چینەکانی زەویـــدا گۆڕاوە بە بەرد، لەوڵاتی چیـــک دۆزراوەتەوە. بەڵام پەیدابوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٠ ملیۆن ساڵ.**



قورئـــان پێیوایـــە هەموو جۆرەکانی رووەک، ئێســـتا شـــێوەو تامیان چۆنە، لە ســـەرەتای دروستبوونیشـــیانەوە هەر هەمان جۆرو شـــێوەو تامیان هەبووە! هیچ گۆڕانێکیان بە ســـەردا نەهاتووەو نایەت!.

ئەگەر بەروبوومەکانی رووەک بە هە موو جۆرەکانیەوە بۆ سوودی هەموو مرۆڤ درووستبوون! دەبوایـــە هەموو جۆرە رووەکێک لە هەموو ناوچـــە جیاجیاکانی زەوی بچێندرانایەو بهاتنایەتە بەرهەم، تا هەموو مرۆڤ بە بێ جیاوازی لە هەموو جۆرەکان سوودمەند بوونایە. بەڵام دەبینین لەواقیعی سەرزەمیندا بەروبوومی رووەک یەکجار جیاوازو دابەشبوونیشیان بە گوێرەی خواستی مـــرۆڤ زۆر نایەکســـانە. مرۆڤی هەندێک ناوچە، ئەگەرچی رەنجـــی زۆریش دەدەن، بەڵام بە هۆی سروشـــتی نالەبارو بێ بەروبوومەوە گەلێک هەژارن. لە هەندێ ناوچەش بە پێچەوانەوە. لە راســـتیدا راڤەکردنی ئەم جیاوازیو نایەکســـانییانە، لە رووی زانستییەوە هۆکاری دروستی خۆیان هەیە، کە دەکرێ مرۆڤ بە ئاسانی لێی تێ بگات.. ئەویش ئەوەیە کە، زەوی ئاووهەواو هەلومەرجـــی جیاوازی هەیە. هەر ناوچەیەک بە هۆی جیاوازیی سروشـــتەوە، یارمەتی رووانو هاتنە بەرهەمی چەند جۆرێکی دیاریکراو لە رووەک دەدات.

ئـــەو دارەی یـــا ئەو رووەکەی کە لە ناوچەیەکی وشـــکانیدا دەژی، لە ناوچەیەکی شـــێداردا ناژی، بە پێچەوانەشـــەوە. ناوچە گەرمەکان رووەکو بەروبوومـــی رووەکی تایبەت بە خۆیان هەیە. مرۆڤی ئەو ناوچانە سوودیان لەوانەوەرگرتووەو بە خواردنیان راهاتوون.. ناوچە ساردە کوێســـتانەکانیش هەروەها. ئەمە بەڵگەیەکی روونو ئاشکرایە کە رووانو هاتنە بەرهەمی دارو رووەکە جیاوازەکان لە پێناوی مرۆڤدا نەبووە، بەڵکو دیاردەی سروشـــتن. ئەوە مرۆڤە کە بۆ ژیانی خۆی سوودی لە بوونی هەندێکیان وەرگرتووە، هەندێکیشیان سوودیان بۆی نەبووە بۆیە هەوڵی لەناوبردنیانی داوەو بژاری کردوون.

بێگومـــان جۆرەکانی رووەکیش لە ژێـــر کاریگەری گۆڕانو ئاڵوگۆڕە سروشـــتییەکاندان. بۆ نموونە گواستنەوەی تۆوی رووەک لە سروشتدا بە هۆی با، رەوتی ئاو، قاچو دەنووکی باڵندە، هەروەها گواســـتنەوەیان بە هۆی مرۆڤەوە بۆ ناوچە جیاجیاکان، بوونەتە هۆی زۆربوونی ئەو رووەکانـــەی کە لە سروشـــتی جیاجیادا توانای گونجانو رووانیـــان هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەرهەمی سێو بکەین، بە هۆی گواستنەوەی تۆو یا نەمامی سێو بۆ ناوچەو سروشتی جیاواز، چەندین شێوەی سێو هاتۆتە بەرهەم...هتد.

ئێستا لەم سەردەمەدا دوای ملیۆنەها ساڵ ژیان، هەزاران ساڵ کارو تێکۆشانی مرۆڤ، مرۆڤ رۆڵێکی بەرچاوی لە زۆرکردنی جۆرو شـــێوەی بەرهەمە رووەکییەکاندا هەیە.. ئەو رووەکانەی کە بۆ ســـوودی خۆی لای باش بووە، تۆوەکەیانی گرتووەو لـــە زەویدا زیاتریان چاندووە، بۆ باشـــترکردنی جۆرەکەی خزمەتیان کردووە. مرۆڤ وردەوردە زەوی لە رووەکی بێ سوود پاک کردۆتەوەو لە جێگایان بە گوێرەی پێویست، لە گەڵ گونجانی هەلومەرجی سروشتیدا، رووەکی دیکەیان بەرهەمهێناوەو زیادیان کردووە. تەنانەت لە هەڵبژاردنی جۆرێکدا، باشترین تۆوەکەیان

گرتووەو چاندوویانەتەوە، خراپەکەیان لابردووەو نەیانچاندۆتەوە. لەکۆندا، نە مرۆڤ ئەوەندەی ئێســتا زۆر بوون، نە سروشتی جۆری ســەوزەو رووەکیش لە سەر رووی زەمیندا وەک ئێستا بــوون.. بە گوێرەی زۆربوونی ژمارەی مرۆڤ، مرۆڤ توانیویەتی بە گوێرەی پێویســتی خۆی کاریگەری لە ســەر بەرهەمە سروشــتییەکان هەبێتو پەرەیان پێ بدات. بۆ نموونە بەرهەمی تەماتە لە هەموو سوچێکی دنیادا بە شێوەی جیاجیا هەیەو بەشی هەموو مرۆڤایەتیش دەکات. لەو ناوچانەش کە پێشــتر بەرهەمی تەماتەیان نەبووە، ئێستا لە باخی شووشەدا هەلومەرجی سروشــتیی لە ئاوو هەوا بۆ دەرەخســێننو تەماتەی شووشە بەرهەم دەهێنن. هەروەها دەیان جــۆر رووەکی دیکە لە باخی شووشــەدا دەکرێن، بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی بارانی ئاســمان بکەن. مرۆڤ بە هوشــیاریو تاقیکردنەوەکانی خۆی گۆڕانی بەرچاوی لە سروشــتی رووەکو بەرهەمە رووەکییەکاندا کردووە کە بە ئاشــکراو بە ئاســانی دەیانبینین. لەم بارەیەوە داروین دەڵێت: (گۆڕانەکانــی جیهانی رووەک باشــتر دەردەکەون. ئێمە زۆر بە باشــی هەســت بەو باشترکردنە بەرچاوە دەکەین کە شارەزایانی بواری پەروەردەی گوڵ لە بەرهەمی گوڵەکانیاندا کردوویانە. ئەمە بە بەراوردکردنی ئەو جۆرانەی کە ئێســتا هەیە، لە چاو جۆرەکانی بیست تا سی ساڵی رابوردوو)٥.

لە رووی چۆنایەتییەوە جۆرەکانیان باشــتر کردووە. نــەک هەر ئەوە بەڵکو داهێنانیان تێدا کــردووەو جــۆری تازەیان لێهێناوەتــە بەرهەم. بۆ نموونە، دوو جــۆر رووەکی جیا، لە یەک دەدەنو جۆرێکی نوێ دەهێننە بەرهەم، کە پێشــتر لە سروشــتدا بوونی نەبووە. بۆ نموونە: پرتەقــاڵو هەناریان لێک داوە، بەرهەمێکی لێدەرچووە کە بە شــێوەو تــام پرتەقاڵو هەنار تێکەڵن، لێکدانی قۆخو هەنجیر، کاڵەکو شوتیو... هتد.

ئەم گۆڕانکارییانە کە مرۆڤ بە تاقیکردنەوەو شــارەزایی زانســتیانەی خۆی لە سروشــتی رووەکدا بەردەوام پێیان هەڵدەســتێ، نیشــانەو بەڵگەی ئەوەن کە رووەک دیاردەو بەرهەمی سروشتن، لەژێرکاریگەریی بەردەوامی گۆڕانە سروشتیەکاندا، هەمیشە لە گۆڕاندان. بە تایبەتی لە پێناوی مرۆڤدا پەیدا نەبوون، بەڵکو مرۆڤ لە پەیوەندیدا بە سروشــتەوە لە سەر خواردنی هەندێکیان ژیاوەو هەندێکیانی وەلاناوە.

# پەیوەندیی نێوان مرۆڤو گیانداران:

لە بەشـــی دووەمی ئەم کتێبەدا، لە باســـی (مەبەســـتی خودا لە دروستبوونی گیانداران)دا، دیـــدو بۆچوونی قورئانمان روونکردەوە کە، پێیوایە خودا هەموو گیاندارانی بۆ خزمەتی مرۆڤ ئافراندووە! . چەندین نموونەشـــمان لە ئایەتەکانی قورئان لەو بوارەدا هێنایەوە. بۆ چوونە ناو باســـەکە، تەنیا ئایەتی (٧١، ٧٢)ی سورەتی یاسین دووبارە دەکەمەوە، کە دەڵێت: -(أو لم يـــروا أنا خلقنا لهم مما عملت أيدينا أنعاما فهم لها مالكون.و ذللناها لهم فمنها ركوبهمو منها يأكلون)يس/٧٢،٧١.

واتا: (ئاخۆ هێشـــتا نەیاندیوە ئێمە بە دەســـتی توانامان پاتاڵمان بـــۆ بەرهەم هێنان، ئەوان بوونەتە خاوەنیان؟ وا بۆشمان دەستەمۆ کردوون، کە دەتوانن سواریان بنو لێیان بخۆن).

بە گوێرەی مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە، قورئان پەیوەندی باوی نێوان مرۆڤـو گیانداران وەک پەیوەندییەکی هەمیشـــەییو نەگۆڕ چاو لێدەکات کە لە ســـەرو سروشتەوە دانراوەو هیچ قابیلی گۆڕان نییە! . ئەم بۆچوونە رەنگدانەوەی هوشـــیاری ئەو ســـەردەمەیە کە زانیارییەکی واقیعیو زانســـتی دەربارەی پەیدابوونو گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤ نەبووە. قورئان پەیوەندی نێوان مرۆڤـو گیانداران تەنها لەو حاڵەتەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ گۆشـــت دەخواتو ســـواری گیانـــداران دەبێت. نە پێشـــینەی ئەو حاڵەتەو نە داهاتووی ئـــەو حاڵەتە ناخوێنێتەوە. بۆیە زانیارییەکانی قورئان، ســـەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤـو گیانداران، لە رووی زانستییەوە جێگای رەخنەیە. بە گوێرەی زانستی زیندەوەرناسی، مرۆڤی سەرەتا بە هەزاران ساڵ پێکەوە لە گەڵ گیاندارانی دیکەدا پێکەوە ژیاون بە بێ ئەوەی راویان بکاتو مەترسی بۆ سەر ژیانیان هەبووبێـــت. لەو قۆناغەدا نە مرۆڤی ســـەرەتا خاوەنی گیاندارو ئـــاژەڵو مەڕوماڵات بووە، نە گیاندارانیش دەســـتەمۆ بوون تا مرۆڤ ســـواریان بێتو بۆ خزمەتی خـــۆی بەکاریان بهێنێ. لەو قۆناغەدا مرۆڤی ســـەرەتا دوژمنی ئاژەڵ نەبوو، لە ســـەر گۆشتی گیانداران نەدەژیا، واتا گۆشـــتخۆر نەبوو، بەڵکو لەســـەر بەروبوومی دارودرەختەکان دەژیان. بەڵامورددەوردە لە گەڵ زۆر بوونی تاکەکانی مرۆڤی ســـەرەتا، لە ناوچەیەکی دیاریکـــراودا، بۆتە هۆی کەم بوونەوەو بەشنەکردنی بەروبوومە رووەکییەکانی ئەو ناوچەیە.

لەو هەلومەرجەدا مرۆڤی ســـەرەتا بە ناچار لە پێناوی مانەوەدا، بۆ ســـکتێرکردن شـــاڵاوی پەلاماری بۆ کوشـــتنی گیاندارانی دەوروبەری خۆی دەستپێکردووە، تا لە گۆشتەکەیان بخۆنو بمێننەوە. ئەو هەلومەرجە نوێیە لە مێژووی گەشەی مرۆڤدا، بە قۆناغی راوکردن ناودەبرێت.

هەر لە ســـەردەمی قۆناغی راوکردندا، مرۆڤی ســـەرەتا فێری ئـــەوەش بوو کە هەندێک لەو گیاندارانە بە زیندوویی بگرێو بهێڵێتەوە. جێگاو شوێنی دیاریکراویان لە دار بۆ دروستکردنو زیندانیان کردن، بۆ ئەوەی هەرکاتویســـتیان بیانکوژنو گۆشـــتەکەیان بخۆن. لێرەوە مرۆڤی ســـەرەتا دەســـەڵاتی بە ســـەر ئەو گیاندارانەدا پەیدا کردو خۆی کردە خاوەنیان.. تا دەهات

زۆرتریان لێ دەگرتن، نێـــرو مێی ئەو ئاژەڵانەیان پێکەوە ڕاگرتو فێری بەخێوکردنیان بوون. بـــەم جۆرە گیاندارانی ژێر دەســـەڵاتی مرۆڤ بە هۆی زاووزێوە زۆرتـــر بوونو نەوە لە دوای نەوەیان هەر لە بەچکەییەوە دەستەمۆی مرۆڤ بوونو ئازادییان لە سروشتدا لەدەستداو بوونە موڵکی مرۆڤـوماڵیی کران.

ماڵیکردنی ئاژەڵ، فاکتەرێکی گرنگ بوو لە نیشـــتەجێبوونی مرۆڤدا. ئیدی لەوســـاوە مرۆڤ ئاژەڵداری کردووە بە پیشەو لە بەرهەمەکانی ئاژەڵ کەڵکی وەرگرتووە. ئەم قۆناغە لە مێژوودا بـــە قۆناغی ئاژەڵداری ناودەبرێت. لەم قۆناغەدا مرۆڤ فێری کێڵانو چاندنو کشـــتوکاڵکردن بوون.. بۆ کێڵانی زەویو جووتکردنو ســـواریو گواســـتنەوەی بەرهەمەکانیان، سوودیان لە ئاژەڵ وەرگرتو لەو بوارانەدا خۆیانو ئاژەڵەکانیشیان ڕاهێنا. بەم شێوەیە مرۆڤ بۆ زامنکردنی پێویستیەکانی ژیانی خۆی، لە گەڵ گیانداران هەڵسوکەوتی کردووەو کەڵکی لێوەرگرتووەو لەو بارەوە هوشـــیاری لە لا پەیدابووە. یانی پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ گیانداراندا لە تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوەی گرتووەو هیچ نهێنییەکی سەرو سروشت لە پشتی ئەو پەیوەندیو مامەڵەیەوە نییە.

**نەریتی گۆشت خواردن:** بە گوێرەی مانای هەمان ئایەتی سەرەوە، گۆشت خواردن نیعمەتێکی خودایە بۆ مرۆڤ! خودا گیاندارانی بۆ ئەوە دروستکردووە کە مرۆڤ سەریان بڕنو گۆشتەکەیان بخۆن!.

لە ئاینی ئیسلامدا بە گوێرەی دەقی ئایەتی قورئان، خواردنی گۆشتی بەراز حەرامە:- (إنما حرم عليكم الميتةو الدمو لحم الخنزيرو ما أهل به لغير الله)بقرة/١٧٣.

واتا: (تەنیا هەر لاکی مردارو گۆشـــتی بەرازو خوێنو ئەوەی بۆ سەربڕین ناوی غەریزە خودای لێ دێنن، لە سەرتان حەرام کراوە).

وەک لە مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوەدا هاتووە، خواردنی گۆشـــتی بەراز لە سەر موسڵمانان حەرام کراوە. بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی لە سەر باس کردبێت. ئەم بڕیارەی قورئان لەو نەریتەوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵکی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان لەپێش ئاینی ئیسلامیشدا لە ژێر کاریگەری ئاینی جوولەکەدا گۆشتی بەرازیان نەخواردووە. بێگومان لە ئاینی جوولەکەدا خواردنی گۆشتی بەراز حەرامە. ئەوانیش لە ئاینی میسرییە کۆنەکانیانوەرگرتووە. بۆیە لە سەر خواردنی گۆشتەکەی ڕانەهاتوون.

هەروەها مرۆڤی ناوچە جیاجیاکانی سەر ڕووی زەوی، بە گوێرەی سروشتی تایبەتی ناوچەکەو جۆری ئەو گیاندارانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، ئاژەڵدارییان کردووە. هەر لێرەشـــەوە مرۆڤی هەر ناوچەیەک خواردنی گۆشتی هەندێک لەو گیاندارانەیان لا بووە بە نەریتو لە سەر خواردنی گۆشتی ئەوانی دیکە ڕانەهاتوون. بۆ نموونە: بە هۆی ئەوەی لە ئەفریقا مەیمون بە زۆری دەژی، خەڵکی گەلێک ناوچەی ئەفریقا لە سەر خواردنی گۆشتی مەیمون ڕاهاتوون. لە عەرەبستان بە هۆی ئەوەی وشتر بە زۆری دەژی، بۆیە خواردنی گۆشتی وشتر لە لایان نەریتێکی ئاساییە. لە

ئەوروپا بە هۆی ئەوەی بەراز بە زۆری دەژی، لە کۆنەوە گۆشتی بەرازیان خواردووەو ماڵییان کردووە. لە چین گۆشـــتی جۆرەها گیاندار دەخۆن، وەک گۆشـــتی سەگ، کیسەڵ، مارو...... هتد، لە شوێنەکانی دیکە گۆشتی ئەو گیاندارانە ناخۆن. لەو ناوچانە کە نزیکی ئاوی دەریان، بە گوێرەی راهاتن خواردنی جۆرەها گیانەوەری ناو ئاویان لابووە بە نەریت. لە هەندێک شوێن گۆشتی ئەسپو هەندێکیش گۆشتی گوێدرێژ دەخۆن... هتد.

نەریتی کۆمەڵگا جیاجیاکان لە خواردنو نەخواردنی جۆرەکانی گۆشـــتی گیانداراندا، لە ئاینە جیاکانـــدا رەنگیـــان داوەتەوە، نەوە لە دوای نـــەوە پیادەیان کردووەو لە هوشـــیاریی تاکی کۆمەڵگاکاندا چەســـپاون. یانی ئاینە جیاوازەکان لەو بـــوارەدا بە گوێرەی نەریتە باوەکانیان کردووەو بڕیاری حەڵاڵو حەرامیان لە سەر دەرکردوون.

بەم شـــێوەیە حوکمی ئاینە جیاوازەکان لە حەڵاڵو حەرامکردنی جۆرەکانی گۆشـــت، بە هیچ شـــێوەیەک لە ســـەر بنەمای تەندروستیو زانســـتی نییە، بەڵکو تەنها بە شەرعو یاساکردنی نەریتی کۆنە. بۆ نموونە: ســـیخەکان لە هندســـتان بە هۆی ئەوەی گاو مانگایان لا پیرۆزە، بۆیە لە ئاینی ئەواندا ســـەربڕینیان حەرامە. لە ئاینی بودادا خواردنی هەموو جۆرە گۆشـــتێک حەرامە.

لە ئاینی جوولەکەدا گۆشتی وشتر ناخۆن. لە ئاینی ئیسلامدا، وەک وتمان، خواردنی گۆشتی بەراز حەرامە. لە راســـتیدا حەرامکردنی خواردنی گۆشتی بەراز هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، چونکە گۆشـــتی بەرازیش گۆشـــتێکە وەک گۆشـــتی گیاندارانی دیکە. لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاینی ئیســـلام ئاینی کۆمەڵگا نییە، گۆشـــتی بەراز دەخۆنو بە درێژایی مێژوو هیچ زیانێکی تەندروستیشی بۆیان نەبووە.

هەر لە ناو ئیســـلامدا، موسڵمانانی سەر بە مەزهەبی شیعە، گۆشتی کەروێشک ناخۆن، بەڵام موســـڵمانانی ســـەر بە مەزهەبی ســـوننە گۆشتی کەروێشـــک دەخۆن!. ئەمە جگە لە نەریت هیچی دیکە نییە. ئەگەر موســـڵمانێکی شـــیعە گۆشـــتی کەروێشـــک بخوات، جگە لە لایەنە مەزهەبییەکەی، هیچ زیانێکی تەندروســـتی یان کاریگەرییەکی خراپی بۆ نابێت. لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(و لا تأکلوا مما لم یذکر إســـم الله علیه)الأنعام/١٢١. واتا: (هەر ئاژەڵێ لە کاتی ســـەرژێ کردنێ ناوی خودای لە سەر نەیە، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن). ئەم بۆچوونەی قورئان جگە لە نەریتێکی ئاینی کە، پێیوایە ئەو پرۆسەی سەربڕینە بڕیاری خودای لە سەرە، هیچ شـــتێکی دیکە نییە!، لە بەر ئەوەی نەخواردنی ئەو گۆشتە لە سەر بنەمایەکی زانستیو تەندروســـتی نییە. چونکە سوودو تامی گۆشتەکە، چ ئەگەر ناوی خودای لە سەر بهێنرێت یا نەهێنرێت، هیچ ناگۆڕێت.

**گۆشـــت نەخواردن:** لەواقیعدا خواردنی گۆشـــت بە هەموو جۆرەکانیەوە کە مرۆڤ لە سەریان راهاتوون، لە هەموو حاڵەتەکانو لە هەموو ســـەردەمێکدا، ئەگەرچی سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەبووەو هەیە، بەڵام هەمیشە لە سەر حسابی ژیانی گیانداران بووە. چونکە خواردنی گۆشت

بە بێ پرۆســـەی کوشتن نابێت! خواردنی گۆشتی بەرخێک یانی کوشتنی بەرخێک. خواردنی گۆشتی مریشـــکێک یانی کوشتنی مریشکێکو.... هەروەها. مرۆڤی هوشیاری ئەم سەردەمە، هێشـــتا لە سەر نەریتی هەزاران ساڵەی گۆشت خواردن بەردەوامەو لە بەر سوودی خۆی هیچ حسابێکی بۆ ژیانی گیانداران نەکردووە. لە راستیدا ئاسان نییە ئێستا بتوانین داهاتووی ئەم نەریتە کۆنو باوەی مرۆڤ بخوێنینەوە کە، ئاخۆ بەرەو گۆڕانێک دەڕوات؟

لەوەڵامدا دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە، هوشـــیاری مرۆڤایەتی هەمیشـــە روو لە بەرەوپێشتر چوونو سەرکەوتندایە.. بۆچوونێک لە ناو مرۆڤایەتیدا لەو بارەیەوە لە سەرەتای سەرهەڵداندایە کـــە، رەخنە لە دەســـەڵاتی بێ بەزەیی مرۆڤ لە چۆنێتـــی مامەڵەکردنی گیانداراندا دەگرێت. هەروەها رەخنە لە هەموو ئەو ئاینانە دەگرێت کە، رێگایان بە گۆشت خواردن داوەو حەڵاڵیان کردووە.

بزوتنەوەیەک گەشـــبینانە لە ئاسۆی داهاتووی پەیوەندی نێوان مرۆڤو گیانداران دەڕوانێت. هـــەروەک چۆن بزوتنەوەیەک بۆ بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ، لە هەموو دنیادا رێکخراوی هەیەو دژ بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ تێدەکۆشێ، بزوتنەوەیەکیش بەرگری لە مافی گیاندارانو پاراســـتنی ژینگەی خســـتۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ئێستا کەســـانێک هەن لە هوشیاری خۆیانەوە، بەرانبەر بە خواردنی گۆشت هەڵوێستیان وەرگرتووەو خواردنی گۆشتیان لە خۆیان حەرام کردووە.

**شیری گیانداران:** قورئان لە سورەتی (النحل)دا دەربارەی جێگاو شوێنو شێوەی دروستبوونی شـــیری گیانداران دەڵێت: -(وإن لكم في الأنعام لعبرة نسقيكم مما في بطونه من بين فرثٍو دم لبنا خالصا سائغا للشاربين)النحل/٦٦

واتا: (لەوڵساتیشـــا بۆ ئێوە پەندێک هەیە: لە ناو ســـکیان، لە نێوانی ریخو خوێنڕا، شیرێکی پـــاکو رەوانو دەرخوارد ئەدەیـــن، بۆ ئەوانەیوەخۆرەوەن گوارایە). بـــە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوە، قورئان پێیوایە کە، شیری ئاژەڵ لە ناو سکی ئاژەڵەکەدا، لە نێوان ریخو خوێندا دروست دەبێت!. قورئان ئەم بۆچوونەی خۆی وەک موعجیزەیەکی خودایی دەناسێنێو مرۆڤ ئامۆژگاری دەکات کە پەندی لێوەرگرن!.

لە راســـتیدا ئەو بۆچوونەی قورئان لە گەڵ بۆچوونی زانســـتیدا ناتەبایە، چونکە بۆچوونی زانســـتی دەڵێت کە شـــیر لـــە گوانەکانی ئاژەڵداو، لە مرۆڤیشـــدا لـــە مەمکەکاندا، بە هۆی رژێن (غوددە)کانی ناو گوانەکانو مەمکەکانەوە دروســـت دەبن. ئەم پرۆســـەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیـــە: خۆراک لە کۆئەندامی هەرس کردندا، بەهۆی چەند کارلێکردنێکی کیمیاییەوە لە گەدەو ریخۆڵەکاندا هەرس دەبن. ئەو بەشـــە لە خۆراک کە بۆ لەش ســـوودی هەیە، بەهۆی دیواری ناوەوەی ریخۆڵەکانەوە دەمژرێنو بە رێگای سووڕی خوێن بە سەر هەموو ئەندامەکانی لەشدا دابەش دەکرێت.

گوانەکان لە ئاژەڵداو مەمکەکان لە ئافرەتدا، بەهۆی رژێنە لەمفاویەکانەوە، بە سوودوەرگرتن

لەو خواردنەی کە بەهۆی خوێنەوە پێیان دەگات، شیر دروست دەکەن. بەم شێوەیە دروستبوونی شـــیر نە لە ناو ســـکدایەو نە پەیوەندی بە ریخەوە هەیە. هەروەها قورئان پێیوایە کە، شیری ئاژەڵیش‌وەک گۆشـــتەکەی نیعمەتی خـــودان بۆ مرۆڤـو لە پێناوی مرۆڤـــدا ئافراندراون!. لە راســـتیدا لە سروشتی دروســـتبوون‌و زاووزێی گیاندارانداا، شـــیری ئاژەڵ بۆ بەچکەکانی ئەو ئاژەڵانـــە دێتە بوون نەک بۆ خواردنی مرۆڤ. هەروەک چۆن لە مرۆڤدا شـــیری دایک لە گەڵ منداڵ بووندا بۆ منداڵەکە دروســـت دەبێت. بەڵام ئەوە دەســـەڵاتی مرۆڤە بە سەر گیاندارانداا، لەو سەردەمەوە کە خۆی کردووە بە خاوەنیان، بووە بە برابەش‌و شەریکی بەچکەی ئاژەڵان، لە بەشە شیرەکەیان دەخواتەوەو جۆرەها خواردنی دیکەشی لێ دەهێنێتە بەرهەم.

# پەیوەندیی نێوان جۆرەکانی گیانداران:

سەبارەت بە شێوەو چۆنێتی پەیوەندی نێوان جۆرەکانی گیانداران لە گەڵ یەکتردا بە گشتی، قورئان باس‌و بابەتێکی دیاریکراو یا راو بۆچوونێکی لەم بارەیەوە نەداوە. بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، لە ئایەتی (١٠)ی ســـورەتی (فصلت) کەڵک وەردەگرین‌و دەیکەینە سەرچاوەیەک بۆ نیشاندانی بۆچوونی قورئان:- (و جعل فيها رواسي من فوقهاو بارك فيهاو قدر فيها أقواتها في أربعة أيام سواء للسائلين) فصلت/١٠.

واتا: (کەژو کۆشـــی لە زەمین بەرزکردەوەو پیتی تێخســـت، هەر لە ماوەی چوار رۆژاندا، بۆ هەرکێ بژیوی دەوێ بە یەکسانی بژیوی بۆ دابین کرد).

لە مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوەدا ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کە، خودا کە خولقێنەری هەموو زیندەوەرانـــە، ئاگای لە ژیانی هەر هەموویانە، لە سروشـــتدا مافی ژیان‌و بژیوی بۆ هەموویان بە تەواوی‌و بە شێوەیەکی یەکسان فەراهەم کردووە!. ئەگەر کەسێک بەوردیی سەرنجی مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوە بدات واتێدەگات کە، خودا ســـەرچاوەی ژیان‌و خۆراکی تایبەتی هەموو زیندەوەرانی لە سروشتدا مسۆگەرو ئامادە کردووە بە بێ ئەوەی گیاندارێک لە گیاندارێکی دیکە بکەوێت! یا لە سەر خۆراک ناکۆکییان لە نێواندا دروست بێت!.

بـــە کورتی لـــە مانای ئەو ئایەتـــەدا وادیارە کە هیـــچ گیاندارێک نابێ بۆ خـــواردن ئازاری گیاندارێکی دیکە بدات، بەڵکو هەموو گیانداران دەبێ بە ئاشـــتی‌و یەکســـانی پێکەوە بژین!!. بەڵام کە ســـەیری سروشت‌و یاساکانی دەکەین، بە تەواوی پێچەوانەی ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی ســـەرەوەیە. زانستی زیندەوەرزانی لە مێژووی ئەو پەیوەندییەو یاساکانی گۆڕان‌و گەشەکردنی کۆڵیوەتەوەو پێیوایە کە لە ســـەر بنەمای ململانێ دامەزراوەو گەشـــەی کردووە. ململانێ لە گەڵ سروشـــت‌و ئاڵوگۆڕە سروشـــتییەکان، ململانێ لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی گیاندارانداا،

ململانێـــی جۆرێک گیانـــداری دیاریکراو لە ناو خۆیدا..هتـــد. ململانێی نێوان هەندێک جۆری گیانـــداران توندوتیـــژ نییە، یانی دەکرێ پێکـــەوە هەڵکەن، بەڵام ململانێـــی هەندێک جۆری گیانـــداران بـــە رادەیەک توندوتیژو نایەکســـانە کە جۆرێک لە ســـەر خواردنی جۆرێکی دیکە دەژی.. سروشت بەو ململانێو نایەکسانییانەوە هاتووە. هەر جۆرێکی گیانداران بەرەنگاری ئەو ململانێیەی لە توانادا نەبێت، وەک جۆر لە سروشتدا لە ناو دەچێت، ئەمە یاسایەکی سەرەکی سروشتە. ئەگەر بژیوی یەکســـان لە سروشتدا هەبوایە، جۆرێک جۆرێکی دیکەی نەدەخوارد. یانی یاســـاکانی سروشت خۆیان نایەکسانن. مرۆڤ کە ئاقڵترینو هوشیارترین گیاندارە، چەند جۆرێک لە گیاندارانی دیکە دەخوات!. قورئان خۆی لە گەڵ ئەوەشـــدا باســـی بژیوی یەکسان دەکات! گۆشت خواردنی بۆ موسڵمانان حەڵاڵ کردووە.

لە ناو گیانداراندا گورگ لە سروشـــتیدا گیاندارێکی گۆشت خۆرە، لە دروستبوونیەوە لە سەر خواردنی گۆشـــتی گیانەوەرانی دیکە ژیاوە. شێرو پڵنگ هەروەها، چەند جۆرێکی گیانەوەران دەخۆن. چەقەڵو رێوی گۆشـــتی قەلو مریشـــکو قازو مراویو بەچکەکانیان دەخۆن. پشیلە، کۆترو جووجەڵەو مشـــکو....هتد دەخوات. لەق لەق مار دەخـــوات، مار بۆق دەخوات، بۆق مێشـــوولە دەخوات. گیانەوەرانی ناو ئاویش یەکتر دەخۆن. نەهەنگ، ماســـی گەورەو بەتریقو ســـەگی ئاویو.....هتد دەخوات. تیمســـاح هەر گیانەوەرێک بگرێ دەیخوات. ماسی گەورەش ماســـی بچووک دەخوات. یانی ئەو یەکسانییەی کە قورئان لە نێوان گیاندارانو بژیوەکانیاندا باسی کردووە، هیچ دروستییەکی تێدا نییە. لە سروشتدا ژیانێکی بێ کێشەو یەکسان بۆ هەموو گیانەوەران پێکەوە دانەمەزراوە. بەڵکو مێژووی گیانەوەران بە درێژایی خۆی هێرشو پەلامارو یەکترخواردن بووە. هەر لەو ململانێیەدا دەیان جۆری گیانەوەران لە ناو چوونو لە سروشـــتدا نەماون. زۆر جۆری دیکەش ژیانو مانەوەیانوەک جۆر زامن نییە. جۆری گیانەوەرێک کە ئەمڕۆ لە سروشتدا دەژی، مەرج نییە لە داهاتوویەکی دووردا ژیانی خۆی بۆ بپارێزرێتو لە سروشتدا بمێنێت. لە ململانێی توندوتیژی نێوان گیانداراندا، زانستی زیندەوەرناسی ئەوەی سەلماندووە کە، ئەو جۆرەی گیانداران کە بەهێزترو خاوەن فێڵو تاکتیکی باشتری خۆپاراستنن، باشتر لە بەردەم هێرشو پەلامارو کێشەو گۆڕانەکاندا خۆیان دەگرنو جۆری خۆیان بۆ دەپارێزرێت. لە سروشتی دارستاندا یاسای دەســـەڵاتو هێز حاکمو بڕیاردەرە، ئەو گیاندارانەی کە لە بەردەم هێرشـــی گیانەوەرە بەهێزەکاندا لاوازو بێ دەسەڵاتن، هەمیشە قوربانیو نێچیرن. بە بەرچاوی خۆیانەوە بەچکەکانیان دەگیرێنو دەخورێن، هیچ چارەیەکیشـــیان نییە. یاساو رێسایەک نییە بێ دەســـەڵاتان بپارێزێت، شـــتێک نییە بە ناوی یەکســـانیو مافی گیانداران. لاواز هەمیشە مەترسی لە ناوچوونی لە سەرە.

تەنانـــەت لـــە پەیوەندی مرۆڤایەتیشـــدا تا ئەم ســـەردەمە، لەگەڵ ئەو هەموو پێشـــکەوتنە هەمەلایەنەدا، تاڕادەیەکی زۆر هەر یاســـای دارســـتان لەلایەن خاوەن دەسەڵاتو سەرمایەوە کاری پێ دەکرێت!.

# ئەنجامگیریی بەشی سێیەم:

لەئەنجامـــی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیو کاریگەری نێوان سروشـــتو زیندەوەراندا، هەروەها بە بەراوردکردن لە بەر رۆشنایی بۆچوونەکانی قورئانو زانستدا لەو بوارەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە:

١- هەموو جۆرەکانی زیندەوەران بەرهەمی سروشتن، هەموو جۆرەکانیشیان لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی جیاوازو گۆڕانە بەردەوامو هەمیشەییەکانی سروشتدا لە گۆڕاندان.

٢- بژیوی زیندەوەران لەیاســـای سروشتدا بەشێوەیەکی یەکسانو بێ کێشە دروست نەبووە، بەڵکـــو هەر جۆرێکـــی زیندەوەران لەپێناوی ژیـــانو مانەوەدا، لەگەڵ سروشـــتو جۆرەکانی دیکەی زیندەوەرانی دەوروبەردا لەململانێدان، تارادەی یەکتر خواردن!. یاســـای سروشت لەو ململانێیـــەدا ئەوەیە کە ئەو جۆرانەی زینـــدەوەران دەهێڵێتەوە کە دەتوانن لەململانێدا جۆری خۆیان بپارێزنو بەرەنگاری فەوتان ببنەوە.

٣- مرۆڤیش وەک جۆرێک لە زیندەوەری سروشـــت، لە قاڵبێکی نەگۆڕو دیاریکراودا دروســـت نەبووە، بەڵکو بە گوێرەی ژیان لە سروشتی جیاوازداو لە ژێر کاریگەری گۆڕانەکانی سروشتدا، شێوەو تایبەتمەندی جیاوازی پێ بەخشیون.

٤- رۆژو کاتـــی مردنی مرۆڤ لە ســـەرو سروشـــتەوە دیاری نەکراوە، بەڵکـــو جۆری ژیانو هوشیاری تەندروستی مرۆڤ رۆڵی کاریگەریان لە سەر تێکڕایی درێژی تەمەن هەیە.

٥- ماڵیکردنـــی گیانـــەوەران لە لایەن مرۆڤـــەوە فاکتەرێکی گرنگی گۆڕانی شـــێوەو نەریتی گیانەوەرە ماڵیکراوەکان بووە.

٦- لە سروشـــتدا گیانەوەران بۆ مرۆڤو بۆ ســـەربڕین دروست نەبوون، بەڵکو سروشت ژیانی پێداون، هەموو جۆرەکانی زیندەوەرانیش بە گشـــتی، بە غەریزە ژیانی خۆیان خۆش دەوێتو ئارەزووی زاووزێو زۆربوونو مانەوەیان هەیە.

٧- نەریتی گۆشت خواردن لە مرۆڤدا، لە دەسەڵاتی مرۆڤەوە بە سەر گیانەوەراندا سەرچاوەی گرتـــووە. ئەم نەریتە بە گوێرەی بوونی جۆرە جیاوازەکانی گیانەوەران لە ناوچە جیاجیاکانی زەویـــدا، هەروەهـــا حەزو ئارەزووی مـــرۆڤ، خەڵکی هەر ناوچەیەو لە ســـەر خواردنی چەند جۆرێکی دیاریکراوی گۆشت راهاتوون.

بۆیە لە ئاینە جیاوازەکانیشـــیاندا ئەو نەریتە جیاوازانەی گۆشـــت خواردن رەنگیان داوەتەوەو یاسای حەڵاڵو حەرامیان بۆ داڕشتووە.

٨- شـــیری ئاژەڵ لەناو ســـکدا لـــە نێوان ریخو خوێندا دروســـت نابێت! بەڵکـــو لەئاژەڵدا لەگوانەکانداو لەئافرەتیشـــدا لەمەمکەکاندا دروســـت دەبێت. لەسروشتدا هەروەک چۆن شیری دایک لە مرۆڤدا بۆ کۆرپەکەیەتی، لەگیاندارانیشدا بەهەمان شێوە شیرەکەیان بۆ بەچکەکانیان دروست دەبێت، نەک بۆ مرۆڤ.

٩- هەلومەرجی سروشـــتو ئاووهەوای جیاوازی ناوچـــە جیاجیاکانی زەوی، یارمەتی رووانو گەورەبوونو هاتنە بەرهەمی جۆری جیاوازی رووک دەدات.
١٠- رووانو هاتنـــە بەرهەمـــی دارو رووەکـــە جیاوازەکان لە پێناوی مرۆڤـــدا نەبووە، بەڵکو دیاردەی سروشتە. مرۆڤ بۆ ژیانو مانەوەی خۆی،وەک خۆراک سوودی لە بوونیانوەرگرتووە. هەروەها مرۆڤ رۆڵی لە زیادکردنو باشـــترکردنی جۆری ئەو بەروبوومانەدا گێڕاوە کە بۆ ژیان سوودی لێوەرگرتوون، داهێنانی تێداکردووەو جۆری تازەی لێهێناوەتە بەرهەم.

# پەراوێزی بەشی سێیەم

١ – ئەم زانیارییەم لەوەزیری تەندروســـتی کوردســـتان وەرگرتووە لە چاوپێکەوتنێکدا، کەناڵی تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە گەڵیدا ئەنجامیدا.

-٢ داروین، أصل الأنواع،ص٢٥٠.

-٣ هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

-٤ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

-٥ هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

# بەشی چوارەم

## مرۆڤ: جەستەو دەروونو کاریگەرییەکان:

قورئان کتێبێکی ئایینی هەمەلایەنە، لە روانگەی ئایینی خۆیەوە لە سەر گەلێک لە لایەنەکانی ژیانو بوون قسەی کردووە، کە لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا لە سەر هەندێکیان دواین. جگە لەو باسـانە، قورئان سـەبارەت بە چەند لایەنی دیکەی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، وەک: چۆنێتی دروسـتبوونی جەسـتەی کۆرپە لە سکی دایکدا، پێناسەی ژیانو مردن، رۆحو لایەنە دەروونیو کاریگەرییەکان، خەوو خەونبینین......هتد، قسـەی کردووە. لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەین بە گوێرەی توانا بیروبۆچوونەکانی قورئانو زانست لەو بوارانەدا باس بکەین، هەروەها لە بەراوردکاریی نێوانیاندا جیاوازیو ناکۆکییەکانیان بخەینە روو.

## پرۆسەی دروستبوونی جەستە لەڕوانگەی قورئانەوە:

لە بارەی دروسـتبوونی کۆرپەوە لە سـکی دایکدا، قورئان لە جووتبوونی پیاوو ژنەوە دەست پێدەکاتو پێیوایە کە هیچ پیاوو ژنێک بە بێ ئاگاداری خودا جووت نابن!. تەنانەت ئەو ئاوەی کە پیاو لە جووتبووندا دەیرژێنێتە ناو لەشی ژنەوە، بە ئاگاداریو فەرمانی خودایە!، لەوەش زیاتـر، لە قورئاندا هاتووە کە ئەو ئاوەی پیاوان دەیرێژن خودا خۆی دروسـتی دەکات،وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا دەڵێت: -(أفرأيتم ما تمنون أأنتم تخلقونه أم نحن الخالقون)الواقعة/٥٨، ٥٩ .واتا: (ئاخـۆ ئێوە ئەو ئاوی شـاوەتەو دیوە، کە دەیرێژن؟ ئاخۆ ئێـوەوەدی دێنن، یانە ئێمەوەدی دێنین؟).

هەروەها لە سورەتی (الطارق)دا دەڵێت: - (فلينظر الأنسان مم خلق. خلق من ماء دافق. يخرج من بين الصلبو الترائب)الطارق/٥،٦،٧.

واتا: (با مرۆڤ لە خۆ رامێنێ کە لە چی وەدیهاتووە. لە تراوێ فڕکە دەکا. لە نێوان پشـتو بەرمـلان دێتە دەرێ). لەکتێبی (کورتەی تەفسـیری تەبـەری)دا، دەربارەی ئایەتی حەوتی سورەتی تاریق، ئاوا هاتووە: (ئاوی پیاو لە پشتی دا دروست دەبێت. وشەی «صلب الرجل» یانی پشـتی پیاو، وشـەی «الترائب» یانی بەشی سـەرووی مەمکەکانی ژن)١. هەروەها سـەبارەت بە پرۆسەی دروسـتبوونی کۆرپە، لە سـورەتی (المؤمنون)دا دەڵێت: - (و لقد خلقنا الأنسان من سلالة من طين. ثم جعلناه نطفة في قرار مكين. ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاما فكسونا العظم لحما ثم أنشأناه خلقا اخر فتبارك الله أحسن

الخالقين)المومنون/١٤،١٣،١٢.
واتا: (ئێمەین مرۆڤمان لە قوڕێکی خۆشکراو دروست کردووە. ئەوسا کردمانە تنۆکێک لە بنکەیەکی پتەودا. پاشان هەر لەو تنۆکەوە خوێنی پندرمان پێکهێناو لەو خوێنەوە پلە گۆشتێکمان سازکردو ئەوسا لە پلە گۆشتەکە هەستین چێکرد، هەستیەکەشمان خستە ناو پۆشەنێ لە گۆشت، لە پاشانا کردمانە چێکراوێکی تر، دەسڕەنگینی هەر بۆ خودایە، کە هیچ وەستایەک پێی ناگا).
بە گوێرەی مانای ئەو چەند ئایەتەی سەرەوە، لە ئەنجامی جووتبوونی پیاو لە گەڵ ژندا، چەند دڵۆپە ئاوێک لە لەشی پیاوەوە، کە لە پشتیدا دروست دەبێت، بێگومان بە هۆی ئەندامی زاووزێی لەشی پیاوەوە دەڕژێتە ناو ئەندامی زاووزێی لەشی ژنەوە. لە هەمان کاتدا، لە بەشی سەرووی مەمکەکانی ژندا چەند دڵۆپە ئاوێک دروست دەبێت. ئەم دوو ئاوە « ئاوی پیاوو ئاوی ژن » لە منداڵدانی ژندا یەک دەگرن!!!. لە ئەنجامی یەک گرتنی ئەو دوو ئاوە، جەڵتەیەکی خوێن لە منداڵدانی ژندا دروست دەبێت. لەو جەڵتە خوێنەش پلە گۆشتێک پێک دێت، پاشان ئەو پلە گۆشتە دەگۆڕێت بە ئێسک، ئنجا ئێسکەکە بە گۆشت دادەپۆشرێت!.
بەو شێوەیە قورئان پێیوایە کە، منداڵ بە سێ قۆناغ لە سکی دایکدا دروست دەبێت،وەک لەم ئایەتەی خوارەوەشدا دەڵێت: -(يخلقكم في بطون أمهاتكم خلقا من بعد خلق في ظلمات ثلاث ذلكم الله ربكم)الزمر/٦.
واتا: (لە زگی دایکانودا جار لە دوای جار لە سێ قۆناغی تاریکدا، هەڵگێڕ وەرگێڕتان پێدەکا. ئەوە خودای پەروەرێنتان). لە راستیدا ئەو زانیاریانەی قورئان سەبارەت بە چۆنێتی دروستبوونو گەشەی کۆرپە لە سکی دایکدا، چواردە سەدەو نیو کۆنن.. بە هۆی ئەوەی لە سەردەمی محەمەددا لە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستان، هیچ ئامێرێکی پزیشکی بۆ دیتنو بە دواداچوونی گەشەی کۆرپە لە سکی دایکدا نەبووە، بۆیە زانیارییەکانی قورئان یەکجار سەرەتاییو دوورن لە راستی زانستییەوە. ئێستا لەم سەردەمەدا، ئەم پرسە بە هۆی هەوڵو تاقیکردنەوەکانی زانستی نوێی پزیشکییەوە بە تەواوی روونو ئاشکرایە. دەتوانرێت هەر لە سەرەتای پرۆسەکەوە تا کۆتایی ببینرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

# پرۆسەی دروستبوونی جەستەی کۆرپە لەڕوانگەی پزیشکییەوە(٢):

دروســـتبوونی کۆرپە لە سکی دایکدا بەرئەنجامی سروشتیی پرۆسەی جووتبوونی ژنو پیاوە. ئەم پرۆســـەیە لە یەکەم رۆژیەوە تا کامڵبوونی جەستەی کۆرپەو لە دایکبوون، ماوەی ٣٧ تا ٤٢ هەفتە دەخایەنێت.. بە شێوەیەکی گشتی ٣٨ هەفتە دەخایەنێت.

دروســـتبوونی کۆرپە پرۆسەیەکی بەردەوامە، یانی هیچ قۆناغو سنورێکی دیاریکراو لە نێوان هەفتەکانی ئەو پرۆسەیەدا نییە. ئێمە ئەگەر لێرەدا گەشەی هەموو ماوەی ٣٨ هەفتەکە باس بکەین، بێگومان زۆر درێژە دەکێشێ، بۆیە وام بەباشزانی هەر لە یەکەم هەفتەی دروستبوونەوە تا ئەو هەفتەیەی کە پزیشکی تایبەت دەتوانێ بزانێت ئاخۆ کۆرپەی ناو سکی دایک کوڕە یان کچ؟ بە کورتی باس بکەم.. بێگومان ئەمە تا ئەو جێگایەی کە بە تەواوی ئامانجی باســـەکە، یانی روونکردنەوەو دەرخســـتنی ناکۆکییەکانی نێوان قورئانو زانســـت لەم بوارەدا، بدەین بە دەستەوە. لە ئەنجامی جووتبوونی پیاوو ژن پێکەوە، تۆو (سپێرم)ی پیاو بە رێگای ئەندامی زاووزێی پیاوەوە دەڕژێتە ناو ئەندامی زاووزێی ژنەوە. تۆوی پیاو، شـــلەیەکی ســـپی مەیلەو زەردە، پێکهاتووە لە تۆوەکان (ســـپێرمەکان)و ئاوێک کە بە هۆیەوە دەگوێزرێنەوە. تۆوەکان لە گونەکاندا دروســـت دەبن، ئاوەکەش لە هەردوو پرۆســـتاتەکاندا دروســـت دەبن، کە لە ژێر میزەڵداندان.. چەندایەتی ئاوی پیاو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لە جارێکەوە بۆ جارێکی دیکـــە دەگۆڕێت. لە هەر جارێکدا نزیکەی ٣٥٠ ملیـــۆن گیانداری مەنەوی تێدایە، کە بە هۆی میکرۆسکۆبەوە دەتوانرێ ببینرێن.

ژن هێلکەدانی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە کۆتایی هەفتەی دووەمی دوای سوڕی خوێنڕێژی مانگانە، هێلکەدان هێلکەکان دروست دەکاتو دەینێرێتە ناو منداڵدانەوە، کە بە ژمارە نزیکەی ٢٠٠ هەزار هێلکۆکە دەبێت. لەو ژمارەیە تەنیا یەک هێلکۆکە، کە لە هەموو هێلکۆکەکانی دیکە باشترو خێراتر گەشەی کردووە، خۆی دەگەیەنێتە کەناڵی فالوب. لە ئەنجامدا یەکێک لەو ٣٥٠ ملیۆن گیاندارە مەنەوییە لە گەڵ ئەو هێلکۆکەیە لە کەناڵی فالوبدا یەکدەگرن. ئەم یەکگرتنە لە ماوەی ١٢ تا ٢٤ کاتژمێردا دەبێتە هۆی پیتاندنی هێلکۆکەکە.

لـــەم ماوەیەدا ئەو هێلکۆکەیە توێژاڵی بەرگی خۆی دادەخاتو رێگای هیچ یەکێکی دیکە لەو ٣٥٠ ملیۆن گیاندارە مەنەوییە نادات بچنە ناویەوە.

لە ماوەی نزیکەی ســـێ هەفتەدا، یانی هەفتەی یەکەمو دووەمو ســـێیەم، هێلکۆکە پیتاوەکە خانەکانـــی خۆی ئامادەی دابەشـــبوونێک دەکات. ئنجا لە کەناڵی فالوبـــەوە بەرەو منداڵدان دەچێت، تا لەوێدا دابەش بێت بە دوو بەشەوەو گەشەی خۆی بکات.

**هەفتـــەی چـــوارەم:** هێلکۆکە پیتاوەکە لە ناو منداڵداندا بە تەواوی دەبێت بە دوو بەشـــەوە.

بەشـــی یەکەمیان خۆی بە دیواری ناوەوەی منداڵدانەوە دەنوسێنێت، ئەم بەشە کە بەوێڵداش ناو دەبرێت، لە ماوەی ســـکپڕی دا خۆراکی کۆرپەلە بە ڕێگای پەتی ناوک (الحبل الســـري)دا دابین دەکات. بەشی دووەمیش ئەوەیە کە دواتر کۆرپەلەی لێ دروست دەبێت. هەر لە هەفتەی چوارەمدا دەمارەگەل (الأعصاب) لە گەڵ توێژێک لە خانەکانی بەشـــی پشتەوە، بۆریچەیەکی بچووک، کە دواتر بڕبڕەی پشـــتی کۆرپەلە پێک دەهێنێت، دروســـت دەبێت. کۆتایی سەرێکی بۆریچەکە، هەر لەم هەفتەیەدا گەورە دەبێت بۆ ئەوەی بەشـــی ســـەرەکی کە مێشکە لێ پێک بێت.

**هەفتەی پێنجەم:** ســـەرەتای دروســـتبوونی کۆرپەلەیە لە ناو منداڵداندا. لە کۆتایی ســـەری کۆرپەلەدا دوو ڕیشاڵ دروست دەبن کە دواتر گوێچکەکانیان لێ دروست دەبن. ئەو بۆریچەیەی کە باســـمان کرد، لە هەفتەی پێنجەمدا، مۆخ، بڕبڕەی پشت، دەمارەگەلی لێ دروست دەبێو ئێســـکی سەروی پشتی لێ جیا دەبێتەوە. دڵ، سییەکان، گەدە، سەرەتای ئەندامی میزکردن دەردەکەون.

**هەفتەی شەشـــەم:** دڵ بە رادەی دەنکە گەنمەشامییەک گەورە دەبێت، توانای لێدانو ناردنی خوێن پەیدا دەکات. ئێســـتا درێژی کۆرپەلە نزیکەی ٠،٦ ســـم دەبێت. گورچیلەکانو جگەر دروســـتدەبن. ســـەرەتای هەر چوارپەل وەک گرێ لە تەنیشـــتەکانەوە پەیدا دەبن. شێوەی دەرەوەی روو (دەموچاوو لووت) لەم هەفتەیەدا بە دیار دەکەون.

**هەفتەی حەوتەم:** ســـەری کۆرپەلە لە لەش گەورەتر دەبێت، درێژیی کۆرپەلە نزیکەی ١،٢٥ سم دەبێت. دەستەکانو قاچەکان دەردەکەونو دەجوڵێن. ڕیشاڵەکانی ماسولکە دەردەکەون. لە نیوەی دووەمی هەفتەی حەوتەمەوە کۆرپەلە دەست دەکات بە جووڵە، بەڵام دایک هێشتا هەست بە جووڵەی ناکات. دڵ نزیکەی ١٥٠ جار لە خولەکێکدا لێدەدات.

**هەفتەی هەشـــتەم:** لە هەفتەی هەشـــتەمەوە تا هەفتەی بیســـت، گەشەکردنی کۆرپەلە زۆر خێرا دەبێت. ڕیشـــاڵی پەنجەکانی دەستو قاچ دەردەکەون. جگەر خڕۆکە سوورەکانی خوێن دروستدەکات. پێستی کۆرپەلە لە هەفتەی هەشتەمدا یەکجار تەنکو ڕووناکە، کە دەتوانرێ لە پێستەکەوە بۆرییە وردەکانی خوێن ببینرێن.

**هەفتەی نۆیەم:** کۆرپەلە گەورەتر دەبێت تا نزیکەی ٢،٥ سم. ماسولکەو ئەعساب زیاتر گەشە دەکـــەنو بە کاری خۆیان هەڵدەســـتن. برژانگی چاوەکان دەردەکـــەون، بەڵام چاوەکان هەر داخراون.

**هەفتـــەی دەیەم:** درێژی چوارپەل زیاتر دەبن. پێکهاتی ناوەوەی گوێچکەکان دروســـت دەبن. ئەندامەکانی زاووزێ دروســـت دەبن، بەڵام هێشتا ناتوانرێ بزانرێت ڕەگەزی کۆرپەلە بزانرێت، ئاخـــۆ کوڕە یان کچ؟ لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا درێژیی کۆرپەلە نزیکەی ٣،٧٥ ســـم دەبێت. کێشی دەگاتە نزیکەی ٩،٣ گم.

**هەفتـــەی یانزەهەم:** نینۆکـــەکان وردەموو دەڕوێـــن. ئەندامەکانی وەک جگـــەر، گورچیلە،

ریخۆڵەکان، مێشـــک، سییەکان بە تەواوی گەشەیان کردووەو کارەکانی خۆیان دەکەن. درێژی کۆرپەلە لە نێوان ٤ تا ٧،٥ سم دایە. کێشی دەگاتە نزیکەی ١٤ گم.

**هەفتەی دوانزەهەم:** روودانی لەبارچوونی کۆرپەلە لەم هەفتەیەوە زۆر کەم دەبێتەوە. دەستو قاچەکان جیا دەبنەوە.

**هەفتەی ســـیانزەهەم:** دەموچاوی کۆرپەلە بە روونـــی دەردەکەوێت. کۆرپەلە جووڵە دەکات، بەڵام دایک هێشتا هەست بە جووڵەی ناکات.

**هەفتەی چواردەهەم:** درێژی کۆرپەلە لەم هەفتەیەدا لە نێوان ٧،٥ تا ١٠ ســـم دەبێت. کێشی دەگاتە نزیکەی ٢٨ گم. نەخشی پەنجەکان دەردەکەون.

**هەفتەی پانزەهەم:** لەشی کۆرپەلە لەم هەفتەیەدا لە چاو سەریدا زیاتر گەشە دەکات. برۆکان دەڕوێن. کۆرپەلە هەندێک جووڵە بە ســـەریو دەستو قاچەکانی دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی مێشکەوە. کۆرپەلە دەستی دەبات بۆ دەمیو پەنجە گەورەکەی دەست دەمژێ.

**هەفتەی شـــانزەهەم:** لەم هەفتەیەدا دایک بە ئاسانی هەست بە جووڵەی کۆرپەلەی ناو سکی دەکات. پزیشـــک لەم هەفتەیەوە دەتوانێ بە ئاسانی بزانێت رەگەزی کۆرپەلە کوڕە یا کچ، بە هۆی ئامێری شەپۆلەکانی سەرەوودەنگەوە.

بەم جۆرە گەشـــەکردنی کۆرپەلە بەردەوام دەبێت تا لە هەفتەی ســـیو حەوتەمدا گەشـــەی خـــۆی تەواو دەکات. ئیدی توانای ئەوەی پەیدا کردووە کە لە دەرەوەی ســـکی دایکیدا بژی. لە هەفتەی ٣٧دا درێژی نزیکەی ٤٧ سمو کێشی زیاتر لە دوو کیلۆو نیوە. ئەگەر کۆرپەلە لە پێش هەفتەی ٣٧دا لەدایک ببێت، ئەوا ئەو کۆرپەیە نابەکامەو پێویستی بە چاودێری پزیشک هەیە. هەروەها ئەگەر لە دایکبوونی کۆرپە بگاتە دوای هەفتەی ٤٢ ئەوە دواکەوتووە.

**رەگەزی کۆرپە:** قورئان لەم بارەیەوە لە ئایەتی ٨ ی سورەتی (الرعد)دا دەڵێت:-(الله يعلم ما تحمل كل أنثى )الرعد/٨.

واتا: (لـــە تۆلی هەر مێچکەیەکدا هەرچی هەیە خودا دەیزانێ). ناوەرۆکی مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوە ئەوەیە کە، تەنها خودا دەزانێت رەگەزی کۆرپەی ناو سکی دایک نێرە یا مێ! جگە لە زانستی خودا، زانستی مرۆڤ ناتوانێت پەی بەو نهێنییە ببات!. ئەم بیروبۆچوونەی قورئان بۆ کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانی سەردەمی محەمەد گونجاو بووە، چونکە بە زانستی ئەو کاتە مەحاڵ بووە بزانرێت کۆرپەی ناو سکی دایک نێرە یا مێ.

بە پێوانەی زانستی ئەم سەردەمە، ئەو بۆچوونەی قورئان جێگای رەخنەیە، چ لەو رووەوە کە نەیتوانیوە جۆری رەگەزی کۆرپەی ناو سکی دایک بزانێت، هەروەها لەو رووەوە کە پێشبینی گەشەی زانستی دوای سەردەمی خۆی نەکردووە.

زانستی پزیشکی ئەمڕۆ، بە تەواوی ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوەی تێپەراندووەو ناکۆکە لە گەڵی. وەک وتمان لە هەفتەی شـــانزەهەمەوە پزیشـــک دەتوانێت رەگەزی کۆرپەی ناو سکی دایک لە شاشەیەکەوە نیشانی دایکو باوک بدات.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(لله ملك السماوات‌و الأرض يخلق ما يشاء يهب لمن يشاء إناثاو يهب لمن يشاء الذكور)الشورى/٤٩.

واتا: (لەو ئاسمانان‌و زەمینە فەرمانڕەوا هەر خودایەو چی بخوازێ دروس دەکا، بە یەکێ کچ دەبەخشێت‌و بە یەکێ کوڕ، ئیتر بە مەیلی خۆیەتی).

هەروەها لەوتەیەکی محەمەد دا کە ئیمام موسلیم دەیگێڕێتەوە، دەڵێت: (ماء الرجل أبيض‌و ماء المرأة أصفر، فأذا أجتمعا فعلا مني الرجل مني المرأة أذكر بأذن الله،و إذا علا مني المرأة مني الرجل أنثا بأذن الله)٣.

واتا: (ئاوی پیاو سپییەو ئاوی ژن زەردە، ئەگەر لە جووتبووندا ئاوی پیاوەکە لە ئاوی ژنەکە زۆرتر بوو ئەوە کوڕیان دەبێت بە ئیزنی خودا. بەڵام ئەگەر ئاوی ژنەکە لە ئاوەی پیاوەکە زۆرتر بوو ئەوا کچیان دەبێت بە ئیزنی خودا).

وەک لەو ئایەت وتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هیچ زانیارییەکی دروستیان تێدا نییە.. ئاستی زانیاری‌و هوشیاری کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی جاهیلییان تێنەپەڕاندووە. لەواقیعدا لە رووی زانستییەوە دروستبوونی جۆری رەگەزی کۆرپە بە هۆی جۆری ئەو کرۆمۆسۆمانەوەیە کە سپێرمەکانی پیاو هەڵیانگرتووە. کرۆمۆسۆمی ئێکس (X) مێ‌و کرۆمۆسۆمی وای (Y) نێرە، ئەمە لە حاڵێکدا کە هێلکۆکەی ژن هەمیشە هەڵگری کرۆمۆسۆمی ئێکس (X)واتە مێیە.

ئەگەر یەکگرتن لە نێوان سپێرمی هەڵگری کرۆمۆسۆمی جۆری ئێکس (X)و هێلکۆکەی ژندا کە هەمیشە ئێکس (X)ی هەڵگرتووە روو بدات، ئەوا کۆرپەکە ئێکس ئێکس ( XX ) یانی رەگەزی مێ،واتا کچ دەبێت.

بەڵام ئەگەر یەکگرتن لە نێوان سپێرمی هەڵگری کرۆمۆسۆمی‌وای (Y)و هێلکۆکەی ژندا روویدات، ئەوا رەگەزی کۆرپەکە ئێکس‌وای ( XY ) یانی نێر، واتا کوڕ دەبێت.

**دیاریکردنی رەگەزی کۆرپە:** وەک لە باسی رەگەزی کۆرپەدا وتمان، قورئان بە گوێرەی ئایەتی ٨ی سورەتی (الرعد) پێیوایە کە، مرۆڤ ناتوانێت پەی بە نهێنی ناو سکی دایک ببات، چونکە ئەو زانستە تەنها بۆ خودایە! بەڵام بە پێچەوانەوە زانستی مرۆڤ نەک هەر توانیویەتی زانیاریی تەواوی هەبێت، بەڵکو دەتوانێت تا رادەیەکی باش رۆڵی خۆی لە بڕیاری دیاریکردنی جۆری رەگەزی کۆرپەدا بگێڕێت. زانستی ئەمڕۆ بە چەند هۆکارو رێگایەک، لە ژێر چاودێری پزیشکدا، دەتوانێت بە خواست‌و بڕیاری دایکو باوک جۆری رەگەزی خوازیاری خۆیان بۆ ئەنجام بدات، بۆ نموونە:

**١- بە رێگای بەرنامەی جۆری خواردن:** بە هۆی پیادەکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراوی جۆرەکانی خواردنەوە، دەکرێت کار لە توێژاڵی بەرگی هێلکۆکەی ژن بکرێت لەوەرگرتنی سپێرمی نێر(وای) یا مێ(ئێکس) بۆ پیتاندن. بۆ نموونە ئەو خواردنانەی کە زیاتر سۆدیۆم‌و پۆتاسیۆمیان تێدایە، کاریگەرییەک لە سەر توێژاڵی بەرگی هێلکۆکە دەکەن کە تەنها سپێرمی نێر (وای) بۆ خۆی راکێشێت. هەروەها ئەو خواردنانەی کە کالیسیۆم‌و مەگنیسیۆمیان تێدایە،

کاریگەرییەک لە سەر توێژاڵی بەرگی هێلکۆکە دەکەن کە تەنها سپێرمی مێ (ئێکس) بۆ خۆی رابکێشێت.
بێگومان جۆری خواردنەکان خشتەیەکی دیاریکراویان هەیە. بە پێی رێنمایی‌و چاودێری پزیشک، ژن دەبێ بۆ ماوەی دوو مانگ زیاتر ئەو خواردنانە بخوات کە دەبێتە هۆی کاریگەری بۆ دروستبوونی جۆری ئەو رەگەزەی کە خوازیارن ببێت‌و لەو خواردنانە پارێز بکات کە دەبنە هۆی کاریگەری بۆ دروستبوونی ئەو رەگەزەی کە خوازیاری نین. بەم رێگایە دایک‌و باوک دەتوانن لە سەر خواستی خۆیان رەگەزی کۆرپەی داهاتووی خۆیان دیاری بکەن.
**٢- رێگای دیاریکردنی کاتی جووتبوون:** ئەم رێگایە لە سەر بنەمای دیاریکردنی تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی سپێرمەکان دیاری دەکرێت. [تایبەتمەندی سپێرمە نێرەکان (وای) ئەوەیە کێشیان سووک‌و جووڵەیان خێراو ماوەیەکی کەم دەژین. بەلام سپێرمی مێ (ئێکس) کێشیان قورسترو جووڵەیان لە سەرخۆو ماوەیەکی درێژتر دەژین. بەم شێوەیە لە گەڵ دیاریکردنی کاتی هێلکە دروستکردنی ژن، دەکرێت کاتی گونجاو بۆ جووتبوونی ژن‌و پیاو دیاری بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر جووتبوون راستەوخۆ دوای هێلکە دروستکردنی ژن بێت، ئەوا رەگەزی کۆرپەکە کوڕ دەردەچێت، پێچەوانەش هەر راستە]٣.
بێگومان دەبێت کاتی هێلکە دروستکردن بەوردی دیاری بکرێت، لە بەر ئەوەی لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی دیکە دەگۆڕێت.
**٣- جیاکردنەوەی سپێرم:** ئەم رێگایە بە هۆی جیاکردنەوەی سپێرمە نێرەکان (وای) لە سپێرمە مێیەکان (ئێکس) لە تاقیگەدا بە هۆی ئامێری تایبەتییەوە دەکرێت. دوای جیاکردنەوەی سپێرمەکان، لەسەر خواستی دایک‌و باوک بۆ جۆری ئەو رەگەزەی کە ئارەزوویانە، سپێرمەکە دەکرێتە ناو منداڵدانی دایکەکەوەو ئنجا بەشێوەی سروشتی لەگەڵ هێلکۆکەدا یەکدەگرێت‌و هێلکەکە دەپیتێت.
یاخود بە رێگای پیتاندنی ناو شووشە. هێلکۆکەکە لە ناو شووشەدا بە سپێرمەکە دەپیتێندرێت‌و ئنجا دەخرێتەوە ناو منداڵدانی دایکەکە.
ئەم رێگایەنەی سەرەوە چەند نموونەیەک بوون لە رۆڵی زانست‌و توانای مرۆڤ لە دیاریکردنی رەگەزی کۆرپەدا.
**کەمئەندامیی‌و نەخۆشییەکانی کۆرپە:** وەک پێشترووتمان لە قورئاندا هاتووە کە: ئەو ئاوەی پیاو دەیرژێنێتە ناو لە شی ژنەوە، خودا خۆی دروستی دەکات!. هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت:
- (لقد خلقنا الأنسان في احسن تقويم)التين/٤.
واتا: (ئێمە مرۆڤمان لە رێکترین شێوەداوەدی هێناوە).
بە کورتی یانی هەر ناتەواوییەک لە جەستەی کۆرپەی ناو سکی دایکدا، لە گەڵ بیروبۆچوونەکانی قورئاندا ناکۆک دێتەوە، چونکە وەک قورئان دەڵێت، کاری خودا ناڕێکی‌و ناتەواوی تێدا

نییـــە!!. بەڵام لەواقیعـــدا بە هەزاران مرۆڤ هەر لـــە کۆرپەییەوە لە ناو ســـکی دایکەوە بە کەموکـــوڕیو ناتەواویی دروســـت دەبن، بۆ نموونە حاڵەتەکانـــی: منداڵی دووانەی بە یەکەوە نووســـاو، منداڵی بێ دەســـتو قاچ، کوێر، کەڕ، لاڵ، کورتە باڵا، مەنغۆلو شێتی، نێرەمووک، شـــەلو کۆڵو ئیفلیجو دەیان جۆری دیکەی ناتەواویو نەخۆشـــی زگماک. بێگومان زانســـتی پزیشـــکی ئەم ســـەردەمە چۆتە بنجو بناوانی هەموو حاڵەتەکانی ناتەواوی کۆرپە، هەروەها ئەو هۆیانەی دەستنیشـــان کردووە کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەو حاڵەتانە، بۆ نموونە: ناکامڵی سپێرمی پیاو یا هێلکۆکەی ژن، لە دایکبوونی پێشوەخت، یەکگرتنی دوو جینی خراپ لە پیاوو ژنەوە (لە هەموو کرۆمۆســـۆمێکدا جینی باشو جینی خراپ هەن)، نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان، جۆری خواردنی دایک لە ماوەی سکپڕی دا، کێشانی جگەرەو ئالکهول، هەڵسوکەوتو جووڵەی نادروســـتی دایک دەبێتە هۆی ســـەقەتی کۆرپە، هاوســـەرگیری نێوان خزمە نزیکەکان، کە زۆر جـــار دەبێتە هۆی لە دایکبوونی منداڵـــی لاوازو نەخۆشو ناتەواو.....هتد. لێرەدا جێگای خۆیەتی هەندێک زیاتر لە سەر هاوسەرگیری نێوان خزمە نزیکەکان،وەک هۆیەکی لەدایکبوونی منداڵی ناتەواو بدوێین:

**هاوسەرگیری نێوان خزمە نزیکەکان:** لە قورئاندا لە سورەتی (الأحزاب)دا دەڵێت:- (يا أيها النبـــي إنا أحللنا لك أزواجك التي أتيـــت أجورهنو ما ملكت يمينك مما أفاء الله عليكو **بنات عمكو بنات عماتكو بنات خالكو بنات خالاتك التي هاجرن معك**) الأحزاب/٥٠.

واتا: (ئەی پێغەمبەر! بە ڕاســـتی ئێمە ئەو ژنانەی تۆ کە مارەیی ئەوانت داوە، بۆتمان حەڵاڵ کـــرد، هەروا کەنیزانێ کە لە ڕێگای غەنیمەتەوە خوا پێی بەخشـــیویو **کچانی مامتو کچانی پورتو کچانی خاڵتو کچانی خوشکی دایکت کە لە گەڵ تۆدا کۆچیان کرد**).

ئەو بڕگانەی کە لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا بە خەتی تێر نووســـراون، ئەوانە خزمە نزیکەکانن، کە لە ڕوانگەی قورئانەوە هاوسەرگیرییان لە گەڵ یەکتردا پەسەندە!. ئەم نەریتە لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا هەتا ئێستاش بە ڕادەیەکی بەرچاو بە ڕێوە دەچێت.

هاوســـەرگیری لە نێوان خزمە نزیکەکاندا، نەریتێکی بنەماڵەییو خێڵەکییە، کە لە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتانی ســـەردەمی محەمەددا باوی هەبووە. ئەم نەریتە خێڵەکییە لە قورئانیشـــدا ڕەنگی داوەتەوەو پەســـەندی کردووە. بێگومان قورئانیشوەک خەڵکی سادەی دواکەوتووی ئەو ســـەردەمە درکی بە ئەنجامە خراپەکانی ئەم شێوە هاوسەرگیرییە نەکردووە کە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی منداڵی لاوازو ناتەواو.

زانستی پزیشکی لەم ڕووەوە ناکۆکە لە گەڵ قورئاندا، لێکۆڵینەوە زانستیو بەڵگە واقیعییەکان ئەوەیان ســـەلماندووە کە نەخۆشییەکانی وەک، سالاســـیما، هیمۆفلیا، لاوازی ماسولکەکان، دەرەنجامی هاوسەرگیری نێوان خزمە نزیکەکانن. بۆیە زانستی پزیشکی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەسەند ناکات.

**نەزۆکیـــی:** نەزۆکیی یانی حاڵەتەکانی منداڵ نەبوون. هەندێـــک ژنو پیاو، بە هەر هۆیەکەوە

بێـــت، لە جووتبوونیاندا منداڵیان نابێت. لە روانگـــەی قورئانەوە، نەزۆکی مەیلێکی خوداییە، وەک لـــەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:- (او یزوجهم ذکراناو اناثاو یجعل من یشـــاء عقیما انه علیم قدیر)الشوری/٥٠.

واتا: (جڤێکـــی کورو کچانیان دەداتێو مەیلی لێ بـــێ هەندێکتانیش نەزۆک دەکا، هەر خۆی زانایەو توانایە).

بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی ســـەرەوە، خودا وای پێخۆشـــە هەندێک ژنو پیاو لە منداڵ بێ بەشـــبن! بۆیە ئەوەی لە چارەنووســـیون. مرۆڤ بۆی نییە بپرســـێو بزانێ هۆی چییە خودا هەندێک ژنو پیاو نەزۆک دەکات؟.

یا بە دوای چارەسەردا بگەڕێن! ئەوە دەستێوەردانی کاری خودایە. لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی قورئان، رەنگدانەوەی ئەو ســـەردەمەیە کە لە کۆمەڵگاکەی محەمەددا هیچ زانیارییەک لە سەر حاڵەتی نەزۆکیی نەبووە.

بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو ئایەتەی ســـەرەوە، زانستی پزیشکیی ئەم سەردەمە توانیویەتی لـــە زۆربەی هـــەرە زۆری حاڵەتەکانـــی نەزۆکیی بکۆڵێتـــەوەو هۆکانی دەستنیشـــان بکات. ســـەلماندوویەتی کە نەزۆکیی لە ســـەر خواســـتی هێزێکی دەرەوەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو دەرئەنجامی نەخۆشـــی یا ناتەواوییەکە لە سروشتی دروستبوونی ئەو کەسەدا، چ ژن بێت یان پیاو. سا ئیترئەو ناتەواوییە زگماکی بێت یان لە دوای لە دایکبوون بە هەر هۆیەکەوە تووشی ئەو کەسە بووبێت.

حاڵەتەکانـــی نەزۆکیی گەلێـــک جۆرنو هۆی جیاجیایان هەیە، بـــۆ نموونە: لە ژندا، هۆکانی پەیوەند بە بۆری زاووزێ، منداڵدان، هەردوو کەناڵی فالوب، هێلکەدان، هۆکانی هۆرمۆنیو.... هتد. لە پیاودا، هۆکانی پەیوەند بە گونەکان، ســـپێرم، پرۆستات، هۆکانی هۆرمۆنی، سستی ئەندامـــی زاووزێو....هتد. بێگومان هەر یەکە لەو نەخۆشـــییانەی ســـەرەوە، بۆ خۆیان لقی دیکەیان لێ دەبێتەوە.

ئەوەی شـــایانی باســـە، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی قورئان سەبارەت بە حاڵەتی نەزۆکیی، زانستی پزیشـــکیی ئەمڕۆ تا رادەیەکی باش توانای چارەسەری گەلێک لەو حاڵەتانەی هەیە. بۆ نموونە، بە رێگاکانی وەک: پێدانی هۆرمۆن، نەشـــتەرگەری، ئامۆژگارییەکانی پزیشـــک بۆ باشـــکردنی چەندایەتیو چۆنایەتی سپێرم، چارەسەری نەخۆشییەکانی ئەندامی زاووزێو..... هتد.

لێرەدا پێویستە ئەوەش باس بکەین کە، چەند حاڵەتێکی نەزۆکیی بە هەوڵەکانی تا ئێستای زانســـتی پزیشکیی، هێشتا چارەســـەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێت کە رەوتی زانســـت بە شێوەیەکی خێرا روو لە پێشەو داهاتوو رووناکترە. رێگایەکی دیکە بۆ چارەســـەری هەندێک حەڵەتی نەزۆکیی، بریتییە لە پیتاندن لە شووشـــەی تاقیکردنەوەدا. ئەم پرۆســـەیە بە منداڵی شووشە ناو دەبرێت. جێگای خۆیەتی لێرەدا باسی ئەم پرۆسەیەش

بکەین:

**منداڵی شووشـــە:** منداڵی شووشـــە بریتییە لە پیتاندنی هێلکۆکەی ژن بە ســـپێرمی پیاو لە شووشـــەی تاقیکردنەوەدا، یانی لـــە دەرەوەی منداڵدانی ژندا. (هێلکۆکـــەکان وەردەگیرێن، بێگومان دوای شـــتنەوەیان، بۆ ئەوەی بە ســـپێرمە هەرە باشـــەکان بپیتێندرێن. دوای ئەوە هێلکۆکە پیتێندراوەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ناو منداڵدانی دایکەکە. ئەم پرۆسەیە ماوەی دوو تا پێنج ڕۆژ دەخایەنێت. لەم پرۆســـەیەدا ئەو دەرفەتە دەڕەخسێ کە باشترین هێلکۆکەی پیتاو هەڵبژێردرێ، بۆ ئەوەی بگەڕێنرێتەوە بۆ منداڵدانی دایکەکە)٤.

لە ڕوانگەی قورئانەوە، ئەم چارەسەرکردنە لە سەر بنەمای ئەم ئایەتەی خوارەوە دروست نییە:

-(يخلقكم في بطون أمهاتكم خلقا من بعد خلق في ظلمات ثلاث ذلكم الله ربكم)الزمر/٦.

واتا: (لە زگی دایکانودا، جار لە دوای جار، لە سێ قۆناغی تاریکدا، هەڵگێڕوەرگێڕتان پێدەکا، ئەوە خودای پەروەرینتان).

راڤەکارانی ئیســـلام لە ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتەی ســـەرەوەدا دەڵێن، منداڵی شووشە دروست نییە چونکە پیتاندنی ناو شووشە لە ڕووناکیدا دەکرێت‌ووەک منداڵدانی دایک بە سێ قۆناغی تاریکدا ناڕوات!، بۆیە بە نەزۆکیی بمێننەوە باشترە!!.

لەواقیعدا زانســـتی پزیشـــکیی ئەو ئایەتەی قورئانی تێپەڕانـــدووەو ناکۆکە لە گەڵی..ئەمڕۆ منداڵی شووشە ڕێگاچارەیەکی باوو زانستیو بێ تەگەرەیە. کەم نین ئەو ژنو پیاوە نەزۆکانەی کە بەم ڕێگایە بوونەتە خاوەنی منداڵی خۆیان.

(لەم سێ ساڵەی دواییدا، لە هەموو جیهاندا زیاتر لە حەفتا هەزار تاقیکردنەوەی منداڵی شووشە کراوە، کە نزیکەی ٥٠ ٦٠ لە ســـەدی ئەوانە تاقیکردنەوەی ســـەرکەوتوو بوون)٥. ڕێگاچارەی منداڵی شووشـــە، جگە لەوەی کە چارەســـەری هەندێک لە حاڵەتەکانی نەزۆکیی دەکات، بە هـــۆی ئەوەی بـــەم ڕێگایە لە ناو ملیۆنەها ســـپێرمی پیاودا دەتوانرێت باشـــترینو کامڵترین ســـپێرم هەڵبژێردرێت. هەروەها لـــە هێلکۆکەکانی ژنیش باشـــترینیان هەڵبژێردرێ. ئنجا لە شووشەی تاقیکردنەوەدا لە یەک دەدرێن. هەروەها لە پرۆسەی دروستکردنی منداڵی شووشەدا چەند ســـوودێکی دیکەش هەیە، وەک: بەرەنگاری تووشـــبوون بە نەخۆشییە بۆماوەییەکان، بەرگری لە کەمئەندامییو ناتەواویی، بۆ دروســـتکردنی منداڵی دووانە، بۆ دیاریکردنی جۆری ڕەگەزی کۆرپە.....هتد. بە گشـــتی منداڵی شووشە خزمەتێکی گەورەی زانستی پزیشکییە بە مرۆڤایەتی.

# رۆح لە روانگەی قورئانەوە:

بە گوێرەی قورئان خودا کاتێک ئادەمی ئافراند، لە پێشـــدا پەیکەری جەستەیەکی بێ گیانی لە خاک بۆ دروستکرد، ئنجا دواتر لە رۆحی خۆی فووی بە پەیکەرەکەدا کردو گیانی بە بەردا کرد. وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:

-(فإذا سويتەو نفخت فيه من روحي)الحجر/٢٩.

واتا: (هەرگا رێکوپێکم کردو لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد).

سەبارەت بە دروستبوونی مرۆڤیش لە سکی دایکدا، قورئان پێیوایە لە پێشدا خودا جەستەی منداڵەکە دەئافرێنێ، دوای ئەوە بە فریشـــتەدا لە ئاســـمانەوە رۆحی بۆ ناوســـکی دایکی بۆ دەنێرێت. بەم شـــێوەیە بە دابەزینی رۆح لە ئاســـمانەوە بۆ ناو جەستەی کۆرپە، ژیان پەیدا دەبێت! . بە شـــێوەیەکی دیکە، قورئان پێیوایە ژیان لە یەکگرتنی دوو بەشی سەربەخۆ، واتا رۆحێکی دەرەکیو جەستەدا دروست دەبێت. یانی مرۆڤێک کە دەژی، رۆحێک وەک کائینێکی زیندووی نادیار لە ناو جەستەیدایە، کە لە مرۆڤ نهێنیو شاراوەیە. لە جیابوونەوەشیاندا خەو یان مردن روو دەدات!.

وشەی رۆح، کە لە زمانی کوردیشدا هەندێکجار بەکاردێت، لە بنەڕەتەوە لەوشەی «الروح»ی زمانی عارەبییەوە وەرگیراوە، بە مانای گیان دێت.

لە راســـتیدا قورئان پێناســـەیەکی روونو دیاریکراوی بۆ رۆح تێـــدا نەهاتووە، بەڵکو تەنها ئەوەندە دەڵێت کە رۆح نهێنییەکی خودابیە، زانستی مرۆڤ ناتوانێت لەو نهێنییە بکۆڵێتەوەو لێیتێبـــگات، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:-(و يســـألونك عن الروح قل الروح من أمر ربيو ما أوتيتم من العلم إلا قليلا)الإسراء/٨٥.

واتا: (لە تۆ دەپرســـن گیان چییە؟ بێژە: گیان لەوانەیە کە هەر پەروەرندەم دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێدراوە).

بەو ئایەتەی ســـەرەوە، قورئان دەرگای لە ســـەر ئاوەزو هوشـــیاری خۆیو مرۆڤ بە گشتی داخســـتووە، هیچ بواری بۆ هزرو زانستو تێگەیشتنو پێشـــکەوتنی دوای سەردەمی خۆیشی نەهێشـــتۆتەوە! لەواقیعدا تیوری پێکهاتی مرۆڤ لە دوو بەشـــی سەربەخۆ «جەستەو رۆح»، هەروەها رابەریکردنی جەســـتە لە لایەن رۆحەوە، بـــە تەنها تێڕوانینو داهێنانی قورئان نییە، بەڵکـــو زۆربەی کۆمەڵگا دێریـــنو ئاینە دێرینەکانی مرۆڤایەتی هەمـــان تێڕوانینیان هەبووە. سۆمەرییەکان، بابلییەکانو ئاشورییەکان لەوڵاتی نێوان دوو روبار، میسرییە کۆنەکان، هەروەها ئاینەکانی جوولەکەو دیان هەمان بۆچوونیان هەبووە. مرۆڤ لە کۆمەڵگا دێرینەکاندا پێیانوابوو مـــرۆڤ ئەگـــەر خاوەنی رۆحی پاک بێت کردەوەی چاکـــە دەکات، ئەگەر مرۆڤێکیش خاوەنی رۆحی پیس بێت کردەوەی خراپە دەکات!، بەم شـــێوەیە لایانوابوو رۆح جەســـتەی مرۆڤ بۆ کاری چاکە یان خراپە رابەری دەکات.

(لە ســـەردەمە دێرینەکاندا نەزعەی رۆحیی بە ســـەر ئاوەزی خەڵکیدا زاڵ بوو. وایاندەزانی گەردوون بە هەموو دیاردەکانییەوە لە رۆحو ماتریال پێکهاتووە، لە پشتی هەر ماتریالێکیشەوە رۆحێک هەیە کە زاڵە بە سەریدا. رۆحی هەرە گەورەش لە گەردووندا بریتییە لە خودا)٦.

قورئان وەک خۆی لە چەند ئایەتێکدا وتوویەتی کە تەوراتو ئینجیلی پەسەندکردووە، هەمان تێڕوانینی ئەوانیشـــی سەبارەت بە رۆحی مرۆڤ پەسەندکردووە، کە دەڵێن رۆح لە ئاسمانەوە بۆ ناو جەستەی مرۆڤ دادەبەزێت. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەش لە سەردەمی محەمەددا لە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتان، هەمان تێگەیشـــتن سەبارەت بە پێکهاتی مرۆڤ لە جەســـتەو رۆحی سەربەخۆ باوبووە. ئەمانە کاریگەرییان لە سەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی قورئان هەبووەو لە ئایەتەکاندا رەنگیان داوەتەوە. کەواتە قورئان لە بارەی ناســـینی پێکهاتی مرۆڤەوە، درێژەی هەمان هوشـــیاری ســـەردەمەکانی پێش خۆیو ســـەردەمی خۆیەتیو هیچ هەنگاوێکی روو لە پێشـــی نەناوە. لە سەردەمی پێش زانستدا هەروەک چۆن خەڵک بڕوایانوا بـــوو کە زەوی چەقی گەردوونە، ئاوهاش بڕوایـــان وابوو کە رۆحی مرۆڤ لە دڵیدایەو رۆح بە هـــۆی دڵەوە کۆنترۆڵی هەموو کاروبارەکانی مـــرۆڤ دەکات!. بۆ نموونە قورئان لەم ئایەتەی خوارەوەدا پێیوایە کە دڵ ئامرازی تێگەیشتنە:

-(و قد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجنوالإنس لهم قلوب لا يفقهون بها)الأعراف/١٧٩.

واتا: (ئێمـــە گەلێک لە جنۆکەو مرۆمان بۆ جەهەنـــدەم وەدیهێنا دڵیان هەیەو پێی تێناگەن). بێگومان بۆچوونی قورئان لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا لە گەڵ بۆچوونی زانست تەواو ناکۆکە! بە لای زانســـتی ئەمڕۆوە ئەوە ئاشـــکرایە کە دڵ جگە لە ماسولکەیەک کە خوێن بۆ هەموو لەش دەنێرێت هیچ کارێکی دیکە ناکات.. دڵ بە هیچ شێوەیەک لێپرسراوی تێگەیشتنو هەستەکانی خۆشـــیو ناخۆشیو ترسو سۆزو خۆشەویســـتیو...هتد نییە. بە کورتی رۆح شتێک نییە لە دڵدا حەشار درابێت!.

# ڕۆح لە ڕوانگەی زانستییەوە:

پێشـــڕەوییە زانستییەکانی ئەم سەردەمە لە بوارەکانی بایۆلۆژی‌و دەروونناسیدا، توانیویەتی ســـەبارەت بـــە ژیان‌و بوون‌و پێکهات‌و لایەنـــە دەروونییەکانی مرۆڤ، هەنـــگاوی مەزن بەرەو پێشەوە بنێت. پێشڕەوییە زانستییەکان ئەوەیان ساغکردۆتەوە کە چەمکی «ڕۆحی سەربەخۆ» دەربڕینێکی ئاینی رووت‌و جیاکردنەوەیەکی نادروست‌و بێ بنەمای زانستی لایەنە دەروونیەکانی مرۆڤە لە جەستە. ئەوەی کە قورئان سەبارەت بە چەمکی ڕۆح باسی کردووەو بە سەرچاوەی ڕاگرتنـــی ژیانی مرۆڤی دەزانێت، ئەگەر بە مانا زانســـتییەکەی پێناســـەی بکەین، بریتییە لە سەرجەمی هەستەکان‌و لایەنە دەروونییەکانی ناخی مرۆڤ. واتا هەست‌و نەستی مرۆڤ، کە لە لایەن مێشکی مرۆڤەوە ڕابەری دەکرێن.
وەک ئاشکرایە هەستەکان بریتین لە (هەستی بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن)، هەروەها هەستی شەشەم. نەستیش بریتییە لە ئاوەزی ناوەکی مرۆڤ.
لە بواری زانســـتی دەروونناسیدا زاناو پزیشـــکی بەناوبانگی نەمسایی فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) بە شێوەی زانستییانە لەو بوارانەدا گەلێک لێکۆڵینەوەو داهێنانی گرنگی ئەنجامداوە. دوکتۆر عەلی وەردی کە باســـی گرنگی فرۆید دەکات دەڵێت: (گرنگی فرۆید بۆ دەروونناسی هاوشانە لە گەڵ گرنگی داروین بۆ زیندەوەرزانی)٧.
پێش فرۆید دەروونناسان بڕوایانوابوو کە، مرۆڤ تەنیا یەک ئاوەزی هوشیاری هەیە، هەستەکانی مرۆڤ لە گەڵ دنیای دەرەوەی مرۆڤدا سەرچاوەی ئەو ئاوەزە هوشیارەن. ئەو ئاوەزە هوشیارە ڕابەری هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات! واباو بوو کە مرۆڤ تەنیا یەک خودە لە ســـایەی ئاوەزێکی هوشیاردا! ئەوە ڕۆحی مرۆڤە. بەڵام فرۆید بەشیکردنەوەو تاقیکردنەوە زانستییەکانی لە ســـەر مرۆڤ ئەو ڕاســـتییەی لە ژیان‌و بوون‌و ناخی مرۆڤدا دۆزییەوە کە جگە لە ئاوەزی هوشـــیار، ئاوەزێکی دیکـــەی ناوەکی هەیە، بە بەراورد لە گەڵ ئاوەزی هوشـــیاردا کاریگەری زیاتری لە ســـەربیرکردنەوەو ژیان‌و هەڵســـوکەوتی مرۆڤ هەیە. فرۆید ئەم ئاوەزە ناوەکییەی ناو نا «نەست». بە هۆی ناسینی نەستەوە لە مرۆڤدا، فرۆید سەلماندی کە مرۆڤ یەک خود نییە بەڵکو دوو خودە، لە لایەن هەردوو ئاوەزی هوشیارو ئاوەزی ناوەکیی (نەست)ەوە ڕابەری دەکرێت. هەست‌و نەست پێکەوە ڕۆحی مرۆڤن.
هەست‌و نەست کە پێکەوە ڕۆحی مرۆڤ پێکدەهێنن ناکۆکیشن، بۆیە مرۆڤ بە هۆی ناکۆکی نێوانیانەوە هەمیشـــە لـــە ململانێدایە لە ناخی خۆیدا. ئاوەزی هوشـــیار کە پەیوەندی نێوان مـــرۆڤ‌و کۆمەڵگەو دەوروبەری ڕێک دەخـــات، نایەڵێت مرۆڤ خودە ڕاســـتەقینەکەی ناخی خۆی بێت، بەڵکو هەمیشـــە چاودێرە بە ســـەر ناخی مرۆڤەوەو ڕێگری دەکات. فرۆید دەڵێت: (نەســـت واقیعی خودی ڕاســـتەقینەیە، بە گوێرەی سروشتی شـــاراوەی ئەوەندە زانیاریمان دەربارەی نابێت)٨. هەروەها سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەست‌و نەست دەڵێت: (کارکردە

هەســـتییەکان بەرهەمی دەروونن، دوورن لە پرۆسە نەســـتییەکان. پرۆسە نەستییەکان نابنە هەستیی، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەیەو کارکردی خۆی دەکات. بە هیچ شێوەیەکیش خۆی بۆ کارکردە هەستییەکان ئاشکرا ناکات)٩.

# پەیوەندیی نێوان جەستەو رۆح لە روانگەی قورئانەوە:

قورئان پێیوایە پەیوەندییەکی کاتی لە نێوان جەستەو رۆح (بە مانا ئاینییەکەی)دا هەیە. ئەو ماوە دیاریکراوەی کە رۆح لە ناو جەستەدایە، واتا ئەو ماوەیەی کە مرۆڤ لە ژیاندایە، رابەری جەستە دەکات، جەستە جێبەجێکاری فەرمانەکانی رۆحی مرۆڤە!.

هەروەها قورئان پێیوایە مرۆڤ لە کاتی نوســـتندا، بە هەمان شـــێوەی مرۆڤی مردوو رۆح لە جەستەیدا نامێنێت، تا ئەو کاتەی لە خەو رادەبێت. بە گەڕانەوەی رۆح بۆ جەستە نوستووەکە بێدار دەبێتەوە!. یانی قورئان جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤی مردوو و مرۆڤی نوستوودا نابینێت، وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەڵێت:

-(الله يتوفى الأنفس حين موتهاو التي لم تمت في منامها فيمســـك التي قضى عليها الموتو يرسل الأخرى إلى أجل مسمى)الزمر/٤٢.

واتا: (ئەوانـــەی کە دێنـــە مردن، ئەوانەش کە دەخـــەو راچوونو نەمـــردوون، خودا گیانیان رادەگـــرێ، جا ئـــەو گیانانەوا مەرگی بڕیـــارداون هەر رادەگرێ، ئەوی دیکـــەش تاوەختێکی دیاریکراو دێڵێتەوە).

بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سەرەوە، لە مردنی هەر مرۆڤێکدا تەنها جەستەی ئەو مرۆڤە دەمرێت، بەڵام رۆحەکەی بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمینێتەوە!. کاتێک لە ئاسمانەوە بڕیاری مردنی مرۆڤێک دەدرێت، بە هۆی فریشتەی گیانکێشان (ئیزرائیل)ەوە رۆحەکەی لە جەستەی دەردەهێنرێـــتو دەبرێتەوە بۆ ئاســـمان!. لە گەڵ دەرهێنانی رۆحدا ئیدی جەســـتە دەمرێت، تـــا لـــە رۆژی زیندووبوونەوەدا خودا هەمان رۆح دەکاتەوە بە بەری هەمان جەســـتەی مرۆڤە مردووەکەداو بۆ لێپرســـینەوەو حســـابو کیتاب کردن لە گەڵیدا زیندووی دەکاتەوە! إبن القيم الجوزيـــة لە کتێبەکەیدا بە ناوی « الروح » دەڵێت: (خودای گەورە هەواڵی دوو جۆر مردنی پـــێ داوین، مردنێکی گەورە کە لەناوچوونی کەســـە مردووەکەیـــە، مردنێکی بچووک ئەویش خەوە. رۆحی کردووە بە دوو بەشـــەوە، بەشـــێکیان کە بڕیاری مردنی گەورەی لە سەر داوە، لای خۆی رادەگرێ، بەشەکەی دیکەیان هێشتا ماوەی ماوە خودا دەیگەڕێنێتەوە بۆ جەستەکە بۆ تەواوکردنی ماوەکەی)١٠.

ئەوانەی ڕۆحی باشـــن لەو ڕۆژەدا دەکرێنەوە بە جەســـتەکەی خۆیانداو زیندوو دەکرێنەوە بۆ ژیان لە ناو بەهەشتی هەتاهەتاییدا! بۆ نموونە:
-(و لا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون)آل عمران/١٦٩.
واتا: ( ئەو کەســـانەی لەڕێی خودا دا کوژراون هەرگیز نابێ بە مردوویان حیســـاب بکەن، هەر زیندوونو خودا بژیویان دەداتێ).
ئەوانـــەش کە ڕۆحی خراپن لە ڕۆژی قیامەتدا دەکرێنەوە بە جەســـتە مردووەکەی خۆیانداو زینـــدوو دەکرێنەوە بۆ ژیـــان لە ناو ئاگری دۆزەخدا! بۆ نموونـــە: - (إن الذين كذبوا بآياتناو اســـتكبروا عنها لا تفتح لهم أبواب الســـماءو لا يدخلون الجنة، حتى يلج الجمل في سم الخياطو كذلك نجزي المجرمين)الأعراف/٤٠. واتا: (ئەوانەوا نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ داناو بە فیزەوە لەوانە ڕوویان وەرگێڕا، دەروازەکانی ئاســـمانیان بۆ ناکرێتەوەو ناچنە ناو بەهەشـــتەوە، هەتا وشتر بە کونی دەرزیدا نەچێ، ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین).
ئەم تێگەیشـــتنەی قورئان لە پەیوەندی نێوان جەستەو ڕۆح، بەڵگەی نەبوونی هوشیارییەکی زانستییە سەبارەت بە ناسینی پێکهاتی مرۆڤ، بەڵکو تەنها وتنەوەو لاساییکردنەوەی بۆچوونە سەرەتاییەکانی ئاینەکانی پێش ئیسلامو بیروباوەڕی باوی سەردەمەکەی خۆیەتی.

# پەیوەندیی نێوان جەستەو ڕۆح، لەڕوانگەی زانستەوە:

لە ڕوانگەی زانستی بایۆلۆژیو دەروونناسییەوە ڕۆح ڕابەری جەستەی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەو ئەندامە گرنگو ســـەرەکییەی لەشی مرۆڤ کە هەموو هەستو نەستو سەرجەم چالاکییەکانی مـــرۆڤ ڕابەری دەکات، بە شـــێوەیەکی دیکە ئەو ئەندامە گرنگەی کـــە مرۆڤ بە زیندووییو هوشیاری بەڕێوەدەبات بریتییە لە مێشکی مرۆڤ. مێشک ڕابەرو چاودێری بەردەوامی سەرجەم چالاکییەکانی هەموو ئەندامەکانی جەســـتەی مرۆڤ دەکات. مێشـــک لە ناو کاسەی سەردایە، لـــە خانە دەمارگەلیـــەکان (الخلايا العصبية) پێکهاتووە کە لە بەرزترین پلەی گەشـــەکردنو پێکهاتندایە. لە دوو بەشـــی لای ڕاستو لای چەپ پێکهاتووە، بەشی لای ڕاست ئەندامەکانی لای چەپی لەشـــی مرۆڤ بەڕێوەدەبات، بەشـــی لای چەپیش ئەندامەکانی لای ڕاستی لەشی مرۆڤ بەڕێوەدەبات. بەشی خوارەوەی مێشک بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، یانی بە بێ ئەوەی مـــرۆڤ بیری لێبکاتەوە، چەند ئەندامێکی لەش بەڕێوەدەبـــات، وەک: لێدانی دڵ، کۆئەندامی هەناسەدان، فشاری خوێن، ڕاگرتنی پلەی گەرمای لەش.... هتد.
مێشـــک لە ناوخۆیدا لـــە چەندین ناوەند پێکهاتـــووە، کە هەر ناوەنـــدەو کارو چالاکییەکی دیاریکراوی مرۆڤ بەڕێوەدەبات، وەک: ناوەندی بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن، بیرکردنـــەوە، یادەوەریی، ڕامان، فێربوون، داهێنان، ســـۆزو خۆشەویســـتی، غەریزەو حەزو ئارەزووەکان، هەڵچـــوونو تووڕەبوون، خەوبینینو..... هتد. هەموو پرۆســـە ئەقڵییەکان لە

پرۆسە فیزیکییە ئاڵۆزەکانی مێشکن، یانی هۆشمەندیی بە شێوەیەکی گشتی بەرهەم‌و سیفەتی خانەکانی مێشکن.

بـــە کورتی ژیانی مرۆڤ، یانی ئەو حاڵەتەی کە قورئان بە رۆح ناویدەبات، بە هۆی چالاکی‌و رابەری مێشـــکەوەیە. هەرچی زانیارییەک کە مرۆڤ هەیەتی‌و بەردەوام رۆژانە وەریدەگرێت، بە هۆی هەســـتەکانەوە بە رێگای خانە دەمارگەلیەکانەوە، کە بە هەموو لەشـــدا بڵاوبوونەتەوە، دەگەن بە مێشـــک. لە مێشـــکدا ئەو زانیارییانە لێکدەدرێنەوەو بە سەر ناوەندە جیاوازەکانی مێشـــکدا دابەشدەکرێن. ئەو ناوەندانە کار لە سەر هەموو ئەو زانیارییانە دەکەن کە دەربارەی ناوەوەو دەرەوەی لەش پێیان دەگات. ئەوەی کە پێویســـت بەوەڵامدانەوەو ئەنجامدان بکات، بە گوێرەی زانیارییەکە لە مێشکەوە فەرمان دەنێردرێت بۆ ماسولکە، بۆ نموونە بۆ دەستەکان بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن.  بەم شێوەیە جەستەو هەموو لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ، هەتا مرۆڤ لە ژیاندایە، یەکەیەکی پێکەوەبوونن. هەر حاڵەتێکی گۆڕان بە سەر جەستە یا دەروونداد بێـــت، کاریگەری لە ســـەر هەردووکیان هەیە. بۆ نموونە: کاتێک کتوپڕ مرۆڤ دەســـتی بەر شتێکی گەرم دەکەوێت، یەکسەر بە هۆی دەمارەگەلیەکانەوە مێشک ئاگادار ئەبێت‌و دەسبەجێ فەرمان بە ماسولکەکانی ئەو دەستە دەدات بۆ دوورخستنەوەی خێرای دەست.

- خواردنەوەی کوپێک قاوە کار لە مێشک دەکات‌و مرۆڤ وریا دەکاتەوە.

- خواردنەوەی ئالکهول کار لە مێشـــک دەکات‌و بە شێوەیەکی کاتی توانای هۆشمەندی مرۆڤ دەگۆڕێت. ئەوەش کار لە ماسولکەکان دەکات‌و باڵانسی مرۆڤ تێک دەدات.

- بەکارهێنانی مادەهۆشـــبەرەکان حاڵەتی هوشـــیاری دەگۆڕێ‌و ماسولکەکانی لەش لاوازو بێ هێز دەکات.

- پزیشـــک لە کاتی نەشـــتەرگەریدا بۆ ئەوەی نەخۆشەکەی هەســـت بە ئازاری بڕین نەکات، کۆئەندامی دەمارەگەلی نەخۆشـــەکە ســـڕ دەکات، ئیدی نەخۆشـــەکە ئاگای لەوە نابێت کە نەشـــتەر لەشـــی دەبڕێت‌و بە تەقەڵ دەدروێتەوە. ئەو نموونانەی سەرەوە بەڵگەی یەکبوونی جەســـتەو دەروونی مرۆڤن لـــە حاڵەتی ژیاندا. مرۆڤ هەتا ئەو کاتەی لە کارکردی مێشـــک‌و هەســـتەکان بەهرەمەندە، خاوەنی ژیانە. بەوەستان‌و لەکارکەوتنی مێشک‌و هەستەکان، ئیدی جەســـتە دەمرێت، یانی دڵیش لە لێدان دەوەستێ‌و ژیان تەواو دەبێت، ئەمە سروشتی ژیانە. کە جەســـتە مرد، شـــتێک نییە لە جەستە جیابێتەوەو بەرەو ئاســـمان یا بەرەو لایەکی دیکە بچێت. بەڵکو حاڵەتی مردن بە هەر هۆیەکەوە بێت بریتییە لە لەکارکەوتنی ئاســـایی کۆمەڵی هەستەکان.

(بە هۆی ئەوەی ئاوەزێکی ســـەربەخۆ لە جەستە بوونی نییە، کەوایە توانای مانەوە لە دوای مردنی بایۆلۆژی نییە)١١. بەم مانایە سروشـــتی ژیانی مرۆڤ یەک جارە، لە دوای وەســـتانی ســـەرجەمی هەســـتەکان، واتا لە دوای مردن، ئیدی ژیانی ئەو مرۆڤە بە یەکجاری کۆتایی پێ دێت‌و جارێکی دیکە ژیانی بۆ ناگەڕێتەوە.

# نوستنو خەون بینین لە روانگەی قورئانەوە:

لە باســـی پەیوەندی نێوان جەســـتەو رۆحدا وتمان قورئان پێیوایە کە جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤی نوســـتوو و مرۆڤی مردوودا نییە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا رۆح لە جەستەیاندا نامێنێت! لەو بارەیەشەوە ئایەتی ٤٢ی سورەتی (الزمر)مان وەک بەڵگەو نموونە هێنایەوە.
یانی مرۆڤی نوســـتوو بە هـــۆی ئەوەی لە لایەن خوداوە رۆح لە جەســـتەیدا راگیراوە، بۆیە ئاگاداری هیچ شـــتێک نییەو پەیوەندی لە گەڵ دنیای دەرەوەی جەستەیدا نامێنێت!. هەروەها سەبارەت بە خەون بینین، قورئان ئەم دیاردەیە وادەبینێت کە لە غەیبەوە فریشتە تایبەتەکانی خەونبینین یاخود شـــەیتان، لە شـــێوەی جیاجیادا دەچنە خەوی مرۆڤی نوستووەوە، هەڵی دەســـوورێننو کاریگەرییان لە سەری دەبێت!. قورئان پێیوایە بابەتی خەونەکان کاریگەرییان لە ســـەر داهاتووی ژیانو چارەنووســـی مرۆڤ هەیە! بۆ نموونە دیتنـــی خەونێک بۆی هەیە مرۆڤ تووشـــی رووداوو کارەساتی ناخۆش بکات، یان بە پێچەوانەوە!. لەم بارەیەوە سورەتی (یوســـف) کە لە ١١١ ئایەت پێکهاتووە، تایبەتە بە باســـی هاتنەدی خەونەکانی (یوسف)١٢، هەروەهـــا توانای ئەو لە لێکدانەوەی خەوندا. لێرەدا لە بەر درێژی دەقی ســـورەتەکە ناکرێت هەمووی بنووســـینەوە، خوێنەر ئەگەر بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ تەواوی سورەتەکە لە قورئانـــدا. بۆیە لێرەدا تەنهـــا ئەم چەند ئایەتەی خـــوارەوەی وەک نموونە لێوەردەگرین، کە تایبەتە بە توانای یوسف لە لێکدانەوەی خەونداو کاریگەری خەون لە سەر داهاتوو. ئایەتەکە باسی خەونێکی فیرعەونی میسر دەکات: -(و قال الملك أني أرى سبع بقرات سمان يأكلهن سبع عجافو سبع سنبلات خضرو أخر يابسات يا أيها الملأ أفتوني في روئياي أن كنتم للروئيا تعبرون) یوســـف/٤٣. واتا: (شـــا گوتی: لە خەوما دیتم، حەو گای قەڵەو حەو چێڵی لەڕ دەیانخواردن، حەو گوڵە دەخڵی شینیشو حەوتی دیکەی وشکەڵاتوو. ئەی دیوەخاننشینەکان! ئەم خەونەم بۆ لێکدەنەوە، ئەگـــەر لێکدەرەوەی خەونن). بۆ لێکدانـــەوەی خەونەکەی فیرعەون، پەنایان بردۆتە لای یوســـف. ئەویش وەک لەم ئایەتانەی خوارەوەدا هاتووە، بەم جۆرە خەونەکەی بۆ لێکدەداتەوە: -(قال تزرعون سبع سنين دأبا فما حصدتم فذروه في سنبله إلا قليلا مما تأكلون. ثم يأتي من بعد ذلك سبع شداد يأكلن ما قدمتم لهن إلا قليلامما تحصنون. ثم يأتي من بعد ذلك عام فيه يغاث الناسو فيه يعصرون)یوسف/٤٧،٤٨،٤٩.
واتا: (وتی: حەو ســـاڵ لە کشتوکاڵوچان نادەن، هەرچیەکی درووتانەوە کەمێک نەبێ کە لێی دەخۆن، لەوشـــووی خۆیا بێڵنەوە. لە پاش ئەمە حەوتی قاتو قڕی دادێ، هەرچی پێشوو بۆ ئەمانەتان هێشـــتەوە، هەمووی دەخۆن، مەگین کەمێ لەوەی قایم هەڵیدەگرن. لە دوای ئەمە ئەمجارە ساڵێکیوا دێ، بۆ هەموو کەس بارانو رووەک مشەیە).
لێرەدا شایانی باسە ئەوە بڵێین کە، قورئان ئەو چیرۆکەی لە تەوراتەوە وەرگرتووە. ئنجا بە گوێرەی مانای ئەو ئایەتانەی سەرەوە، قورئان پێیوایە خەون دیتن پێشبینییە بۆ داهاتوویەک

کـــە ڕوودەدات! هەروەهـــا پێیوایە خەون دیتن پەیوەندی بە غەیبەوە هەیەو زانســـتی مرۆڤ ناتوانێ پەی بە هـــۆی دیتنی خەونەکان ببات!.. تەنیا ئەوەندە هەیە، خودا بەهرەیەکی داوە بە پێغەمبەرانو هەندێک لە پیاوچاکان بۆ لێکدانەوەی خەونەکان. بە گوێرەی قورئان یوســـف یەکێک بووە لەوانە. ئەم بیروبۆچوونانەی قورئان ســـەبارەت بە نوستنو خەون دیتن، درێژەو ڕەنگدانەوەی هەمان بیروبۆچوونی ئەو ســـەردەمە کۆنانەیە کە پێیانوابوو ڕۆحی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری غەیبدایە،وایان دەزانی کە مرۆڤ نوست ئیدی بە شێوەیەکی کاتی لە لایەن غەیبەوە ڕۆحی رادەگیرێت!، هەروەها ســـەبارەت بە خەون دیتن، لایانوابوو ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی کـــە مـــرۆڤ لە خەوندا دەیانبینن، ڕووداوی ڕاســـتین، یـــا ڕوویان داوە یا لـــە داهاتوودا ڕوو دەدەن!. بۆیە داهاتووی خۆیان زۆر بە لێکدانەوەی خەونەکانەوە دەبەســـتەوە. ئەم بۆچوونانە لە ئاینەکانی پێش ئیسلامیشـــدا باویان هەبووەو لە قورئانیشـــدا بە هەمان شـــێوە ڕەنگیان داوەتەوە.

# نوستنو خەون بینین لە ڕوانگەی زانستەوە:

دیاردەی نوستن چییە؟ ئێمە لە باسی چۆنێتی پەیدابوونی مرۆڤدا وتمان کە، مرۆڤ بەرهەمی سروشـــتە. بێگومان ئەمـــە بەو مانایە کە مرۆڤ لـــە ژێر کاریگەری دیـــاردەو ئاڵوگۆڕەکانی سروشتدا پەیدا بووەو لە گۆڕاندایە. بۆ نموونە، دیاردەی ئاڵوگۆڕی شەوو ڕۆژ. دیاردەی شەوو ڕۆژ ملیۆنەها ساڵ پێش پەیدابوونی زیندەوەران هەبووە. زیندەوەران بەگشتی لە بونیادیانەوە لە گەڵ بوونی ئەو دیاردەیەدا هاتوون، بۆیە لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا ڕاهاتوونو خۆیان لە گەڵدا گونجاندووە. ئەگینا لە دروســـتبوونی دیاردەی شەوو ڕۆژدا بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ مەبەست نەبووە، دیاردەی شەو بۆ ئەوە دروست نەبووە کە مرۆڤ لە سایەیدا بحەسێتەوە وەک قورئان وادەڵێـــت. بەڵکو هەموو زیندەوەران هـــەر لە بوونیانەوە، بە هۆی بوونـــی دیاردەی تاریکی شـــەوەوە، ناچار گەڕانیان بۆ نەکراوە، بۆیە هەر جۆرە زیندەوەرەو لە شوێنی تایبەتو لانەی خۆیانـــدا ماونەتەوەو چاوەڕوان بوون تـــا ڕووناکی ڕۆژ دووبارە بێتەوە. لە گەڵ ڕووناکی ڕۆژدا دووبارە دەســـتیان کردۆتەوە بە جووڵەو گـــەڕان بە دوای خۆراکدا. بێگومان جووڵانەوەیان لە درێژایی ڕۆژدا ماندووی کردوون، تاریکی شەویش بێ جووڵەی کردوون. مانەوەی بە بێ جووڵەو بـــە ماندوویی لە تاریکی شـــەودا، وایلێکردوون چاو داخەنو وردەوردە لە گەڵ حەســـانەوەدا دیاردەی خەویان لا دروســـت بووە. ئەم حاڵەتە لە بوونیانەوە هەموو شەوێ دووبارە بۆتەوە، تـــا بووە بە دیاردەیەکی هەمیشـــەیی لە زیندەوەرانداو نەوە لە دوای نـــەوە لە زاووزێدا وەک غەریزە گواستراوەتەوە. ئیدی نوستن بەشێکی گرنگە لە ژیانی هەموو زیندەوەراندا لە شەواندا. ئـــەو بۆچوونـــەی قورئان کە دەڵێت لە حاڵەتی نوســـتندا ڕۆحی مـــرۆڤ ڕادەگیرێتو مرۆڤی نوســـتوو وەک مرۆڤی مردوو وایە، بۆچوونێکی نازانســـتییە، چونکە لە حاڵەتی نوستندا تەنها

هەردوو هەســتی بینینو بیســتن تا رادەیەک لە کار دەوەســتن، ئەگینا هەموو هەستەکانی دیکەی مرۆڤ کارەکانی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە، ئەگەر شــتێکی ســارد یا گەرم بەر لەشی مرۆڤێکی نوستوو بکەوێت، دەسبەجێ لە خەو را دەبێت. یاخود ئەگەر بۆنێک لە نزیک لووتی کەســێکی نوستووەوە بپرژێنیت، دیســان لە خەو رادەبێت. لە کاتی نووستندا دڵ لە لێدانی خۆی ناکەوێت، بەڵکو ســووڕی خوێن بەردەوامە، کۆئەندامی هەناســەدانو هەرسکردنو..... هتد خۆیان دەکەن. هەروەها نەســتی مرۆڤ لە کاتی نوســتندا نەک هــەر لە کار ناکەوێت، بەڵکــو کاراتر کاری خۆی دەکات. لەم بارەیــەوە دوکتۆر عەلی وەردی دەڵێت: (کاتێ مرۆڤ بە شــێوەیەکی سروشتی دەنوێت، لەو دەمەدا نەست لە کۆتەکانی قوتارو بەرەڵا دەبێتو بەو هۆیەوە خەونە جۆراوجۆرەکان سەرهەڵئەدەن)١٣.

**دیــاردەی خەون بینین چییە؟** خەون بینینیش دیاردەیەکی غەیبی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چالاکی ئاوەزی ناوەکی (نەست)ی مرۆڤەوە هەیە. لە کاتی نوستندا ئاوەزی هوشیاری مرۆڤ لە حەسانەوەدایە، بۆیە چالاکییەکانی نەست باشتر دەردەکەونو کاریگەریو رەنگدانەوەیان بە دیتنی خەونەکان سەرهەڵ ئەدەن. ئەو خەیاڵو ئارەزوو خواستە رێگەپێنەدراوو سەرکوتکراوانەی مرۆڤ، کە لە ژیانی واقیعیدا بە هەر هۆیەکەوە بە ئەنجام نەگەیشتوون، لە نەستدا ماونەتەوە. وەک فرۆید دەڵێت: (هیچ شــتێک لە نەســتدا ون نابێتو لە بیر ناچێتەوە)١٤. بۆیە لە کاتی نوســتندا، لە حاڵێکدا کە ئاوەزی هوشــیار لە پشوودایە، نەســتی مرۆڤ چالاکتر دەبێت بۆ لێدانەوەو بەجێگەیاندنی ئەو ئارەزووە کۆکراوانە.

کەواتــە وەک فرۆید دەڵێت: (خەون بینین بەئەنجامگەیاندنی ئارەزووەکانن لە نەســتدا)١٥. لەواقیعدا خەون بینین پەیوەندی بە ئەندێشەو بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە، نەک بە فریشتەو شەیتانەوە. (ئەو خەونەی مرۆڤ لە ساتەوەختی نوستندا دەیبینێت، هیچ نییە جگە لەوێنەیەکی گەورەکراوی ئەو وەهمو ئەندێشە سەیرانەی لە بێداریدا دێنو دەچن)١٦.

هەروەها پزیشکو زانای دەروونناس سینل لەم بارەیەوە دەڵێت: (خەون هیچ نییە بیرکردنەوە نەبێت، تاکە جیاوازییەک کە هەبێت لە نێوان خەونو بیرکردنەوەی بێداریدا ئەوەیە کە هەردوو هەســتی بیســتنو بینین لە کاتی خەوتنــدا وازیان لە ئەرکی خۆیان هێنــاوە، بۆیە ئامرازی بیرکردنەوە تێکچووەو مرۆڤ هەنگاوی شڵێتو پڵێت دەنێ)١٧. بێگومان سەرچاوەکانی خەون بینین تەنها خەیاڵو ئارەزووە بە ئەنجام نەگەیشتووەکانی مرۆڤ نین، بەڵکو چەندین فاکتەری دیکەش دەبنە هۆو ســەرچاوەو لە دروســتکردنی خەونەکانماندا رۆڵی خۆیان دەگێڕن. فرۆید بە تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە زانســتییەکانی زۆر بە روونی باســی لەو سەرچاوانە کردووە. بۆ نموونە:

**١- ئاگادارکەرە دەرەکییەکانی هەستەکان:** فرۆید پێیوایە ئاوەزی مرۆڤ لە کاتی نوستندا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لە گەڵ دنیای دەرەوەدا. هەروەها هەســتەکان لە کاتی نوســتندا بــە یەکجاری لــە دەوروبەر دانابڕێن.. هەر بۆیە هەر شــێوە ئاگادارکردنەوەیەک دەبێتە هۆی

بەخەبەرهاتــــن. هەندێک جــار کاریگەرییەکی دەرەکی کار لە یەکێک لە هەســـتەکانی مرۆڤ دەکاتو دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی چیرۆکێک لە خەوندا. بۆ نموونە، ئامادەبوونی تیشکێک لە کاتی نوستندا لە سەر چاو، پەیدابوونی دەنگەدەنگێک لە دەوروبەردا، یا لاچوونی پێخەفو دەرکەوتنی لەش لە کاتی نوســـتنداو هەستکردن بە سەرما. هەر یەکێک لەم حاڵەتە هەستییانە، کاریگەرییان لە سەر نەستی مرۆڤ هەیە بۆ دروستکردنی چیرۆکێک لە خەوندا، کە بابەتە سەرەکییەکەی لە سەر هەمان تەوەر دادەڕێژرێت.(دەنگی هەورەگرمە دیمەنی شەڕێکی خەست لە خەوندا دادەڕێژێت. دەنگی بە یەکدادانی دەرگا خەوێک دەهێنێت کە دز لە دەرگاوە خۆیان دەکەن بە ژوورداو دێنە ســـەرت. بە لاچوونی پێخەف لە سەرمان خەوێک دەبینین کە بە پێی پەتی دەڕۆین، یا دەکەوینە ناو ئاوەوە. ئەگەر بە ڕێکەوت روو بدات لە کاتی نوستندا ســـەرمان ببێت بە ژێر سەرینەکەوە، ئەوا خەوێک دەبینین کە بەردێکی یەکجار گەورە لە سەر سەرمانەو خەریکە لە ژێریا پانو پلیش ببینەوە)١٨. بۆیە کاتێک کە لە خەو را دەبین هەست بـــە پەیوەندییەک دەکەین لە نێوان بابەتی خەونەکەو ئەو هەســـتە یا ئەو ئەندامەی لەش کە بۆتە سەرچاوەی خەونەکە.

**٢- ئاگادارکەرە جەســـتەییە ناوەکییەکان:** ئەندامەکانی ناوەوەی لەشـــی مرۆڤ، بۆ خۆیان هەندێک جار لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراودا دەبنە هۆو سەرچاوەی دیتنی خەون، بۆ نموونە، گەدە لە حاڵەتی زۆرخواردن، برسێتی، تینوێتی یان لە کاتی نەخۆشیو ئازاردا، ئەمانە دەبنە سەرچاوەی خەونێک کە تەوەری چیرۆکی خەونەکە پەیوەندی بەو حاڵەتە دیاریکراوەی گەدەوە هەیە. هەروەها نەخۆشـــیو ئازاری ئەندامێکی دیاریکراوی لەشـــی مرۆڤ دەبێتە ســـەرچاوەی دیتنی خەونێکی دیاریکراو کە چیرۆکەکەی پەیوەندی تەواوی بەو ئەندامەی لەشـــەوە دەبێت. لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێت: (ئەو کەســـانەی کە دووچاری نەخۆشی سییەکانن، خەون دەبینن کەوا خەریکە دەخنکێن، یا لە جێگایەکدان کە توانای هەناســـەدانیان نییە، یا دووچاری جۆرە هەڵوێستێک دەبن کە بە ناچار دەبێ راکەن)١٩. کاتێک مرۆڤ لە چیرۆکی خەونێکدا ددانێکی کەوتووە، ئەوە بێگومان یەکێک لە ددانەکانی بۆتە ئاگادارکەرەوەو سەرچاوەی خەونەکەی، کە رەنگە ئازارێکی کەمیش بێت، یان هەست بە ناتەواوییەکەی نەکات.

**٣- ســـەرچاوە دەروونییەکانـــی ئاگادارکردنـــەوە**: زۆر جار خولیاو خەمو کێشـــەو گرنگیدانە رۆژانەییەکانی مرۆڤ، یانی ئەو هەموو بابەتە جیاوازانە کە رۆژانە بیرو مێشکو دەروونی مرۆڤ پێیانەوە ســـەرقاڵەو ماندووی دەکەن، دەبنە ســـەرچاوەیەکی دەروونیی خەونەکانی مرۆڤ لە کاتی نوســـتندا. بۆ نموونە، لە کاتێکدا کەسێک خەریکی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بێت، ئەو رۆژانە کە بیری لێدەکاتەوەو مێشکی پێوەی جەنجاڵە، شەو لە کاتی نوستندا لەو تەوەرەدا خەونی جۆراوجۆر دەبینێت.

**٤- خولیاکانی ســـەردەمی منداڵی**: بیرو خەیاڵو چالاکیو بەســـەرهاتو خولیاکانی سەردەمی منداڵـــی، هەروەها حـــەزو ئارەزووە جێبەجێ نەکـــراوو ســـەرکوتکراوەکانی تەمەنی منداڵی،

بابەتگەلێکی فراوانن لە نەســتی مرۆڤــدا، کە جار بە جارێک یەکێــک لەوانە دەبنە هەوێنی دروستکردنی چیرۆکی خەونێک لە کاتی نوستندا. بۆ نموونە، جاری واهەیە خەون بە کەسێکەوە دەبینین کە لە پۆلێکی خوێندنی سەرەتاییدا پێکەوە بووین، کە رەنگە زیاتر لە بیست تا سی ساڵە لێمان دابڕاوە، بەڵام نەست ئەو هاوڕێیەی سەردەمی منداڵی بەسەردەکاتەوەو چیرۆکێکی نوێی بۆ دادەڕێژێت کە هیچ لە خەیاڵی مرۆڤدا نییە. وەک فرۆید باســی تایبەتمەندی چیرۆکی خەونەکان دەکات، پێیوایە بە گشتی چیرۆکی روون‌و پڕمانا نین. بەڵام هەر یەکەیان تەوەرێکی دیاریکراویان هەیە کە بە ئاشــکرا رەنگدانەوەی یەکێک لەو ســەرچاوانەن کە باسمان کردن، بــە کۆمەڵێک دیاردەو رووداوو شــتی بێ مانا گەورە کراون. لەگەڵ ئەوەشــدا کە خەونەکان بــە چەندین رەگــەزی ناماقوڵ‌و بێ مانــا دەورە دراون، بەڵام مانای خۆیــان هەیە، دەکرێ لێکبدرێنەوەو حســابیان بۆ بکرێت. پزیشــکەکانی بواری دەروونناســی هەندێک جار لە سەر بنەمای خەونەکان مامەڵە لە گەڵ نەخۆشەکانیان دەکەن‌و چارەسەریان دەکەن. خاڵێکی دیکە کە لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە، رووداوو چیرۆکی خەونەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی داهاتــووی مرۆڤــەوە نییە. یانی هیچ رۆڵێک لە رووداوەکانی ژیان‌و چارەنووســی مرۆڤەکەدا، یاخود ئەو مرۆڤەی کە لە خەونەکەیدا بووە، ناگێڕن. لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێت: (راڤەکردنی خەونەکان لە پێشــبینیکردنی داهاتوودا، بیروباوەڕێکی ســادەو باوی کۆنــە، لەواقیعدا هیچ نرخێکی زانســتیی نییە)٢٠. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە زانســتی دەروونناسی لە بواری سەرچاوەی خەون‌و راڤەکردنی خەونەکاندا، بە تەواوی لە گەڵ قورئاندا ناکۆکە.

# ئەنجامگیریی بەشی چوارەم:

لێـــرەدا لە بەراوردی نێوان بۆچوونەکانی قورئانو زانســـتی پزیشـــکیدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە، لەم بوارەشـــدا قورئانو زانســـت جیاوازو ناکۆکن، ئەم خاڵانەی خـــوارەوە کورتەو چەند نموونەیەکن لەو ناکۆکییانە:

١- تۆوی پیاو(سپێرم) لە پشتیدا دروست نابێت! بەڵکو لە گونەکاندا دروست دەبن.

٢- ژن لـــە جووتبوونـــدا لە گەڵ پیاو ئاو نارێژێت! تا لە گەڵ ئاوی پیاودا یەک بگرن. بەڵکو راســـتیە زانســـتییەکە ئەوەیە تۆوی پیاو لە گـــەڵ هێلکەی ژندا یەک دەگـــرنو دەبێتە هۆی پیتاندن.

٣- دروستبوونی کۆرپە بە سێ قۆناغ، کە لە قورئاندا واهاتووە، دروست نییە. بەڵکو کۆرپە لە یەک پرۆسەی بەردەوامدا لە ماوەی نزیکەی ٣٨ هەفتەدا لە دایک دەبێت.

٤- کۆرپە بەو شـــێوەیەی کە قورئان دەڵێت (لەگۆڕانی جەڵتە خوێن بۆ پلە گۆشـــتو پلە گۆشتیش بۆ ئێسک، ئنجا داپۆشینی ئێسکەکە بە گۆشت) دروست نابێت! بەڵکو لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا گۆشتو ئێسکو خوێن پێکەوە دروستدەبن جەستەی کۆرپەلە پێکدەهێنن.

٥- قورئان پێیوایە تەنها خودا دەزانێ کۆرپەی ناو ســـکی دایک کوڕە یان کچ! بەڵام زانستی پزیشکی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، بە ئاسانی رەگەزی کۆرپەی ناو سکی دایک دەبینێتو دەزانێت کوڕ بێت یان کچ. نەک هەر ئەوە بەڵکو بە چەند رێگایەک دەکرێت مرۆڤ لە دیاریکردنی جۆری رەگەزی کۆرپەدا رۆڵی هەبێت.

٦- مـــەرج نییە کۆرپە هەمیشـــە بە تەواوی لە دایک بێـــتو مرۆڤی رێکو پێکی لێدەربچێت! بەڵکو گەلێک جار کۆرپە هەر لە سکی دایکەوە بە ناتەواوی لە دایک دەبێت.

٧- هاوســـەرگیریی نێوان خزمە نزیکەکان، کە قورئان پەسەندیکردووە، نەریتێکی بنەماڵەییو خێڵەکییە.

قورئـــان ئەو زانیارییەی نەبـــووە کە زۆر جار دەبێتە هۆی لـــە دایکبوونی منداڵی نەخۆشو ناتەواو. بۆیە بە لای زانستی پزیشکییەوە چاکتر وایە ئەو جۆرە هاوسەرگیریە نەکرێت.

٨- قورئان پێیوایە دیاردەی نەزۆکی لە ئاســـمانەوە بڕیاری لە ســـەر دراوە! بەڵام زانســـتی پزیشکی ئەم سەردەمە لە هەموو شێوەو لایەنەکانی کۆڵیوەتەوەو تا رادەیەکی باش توانیویەتی چارەسەری دیاردەی نەزۆکی بکات.

٩- قورئان پێیوایە رۆح دیاردەیەکی سەرو سروشتە، تەنها خودا دەزانێ چییە! بەڵام زانستی پزیشـــکی ئەم ســـەردەمە ئەو بۆچوونەی تێپەڕاندووە، زانیاری وردی لە سەر جەستەو ژیانو لایەنـــە دەروونییەکانی مـــرۆڤ هەیە. ئەوەی قورئان بە رۆح ناوی دەبات، بە لای زانســـتەوە بریتییە لە هەموو هەســـتو نەســـتەکانی مرۆڤ. مێشک ئەو ئەندامە گرنگەی لەشی مرۆڤە کە رابەری هەموو هەستو نەستو ژیانو کارو چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات، نەک دڵ. مرۆڤ هەتا

ئەو کاتەی لە کاری مێشکو هەستەکان بەهرەمەندە، یانی خاوەنی ژیانە. دوای لە کارکەوتنی مێشکو هەستەکان، یانی مردن، شتێک نییە لە جەستە جیابێتەوەو بەرەو ئاسمان بچێت.
١٠- قورئان پێیوایە کاتێک مرۆڤ دەنوێت رۆحی دەوەستێت! بەڵام لە راستیدا رۆح ناوەستێت، بەڵکو لە هەستەکانی مرۆڤ تەنها هەستی بینینو بیستن تا رادەیەک لە کار دەوەستن، مرۆڤی نوستوو پەیوەندی لە گەڵ دەوروبەریدا دەمێنێت.
١١- خەون دیتن دیاردەیەکی غەیبی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چالاکی نەستی مرۆڤەوە هەیە. بە هۆی ئەوەی لە کاتی نوستندا ئاوەزی هوشیاری مرۆڤ لە پشوودایە، نەستی مرۆڤ چالاکتر دەبێــتو لە خەون بینیندا دەردەکەوێت. هەروەها چەنــد فاکتەرێکی ناوەکیو دەرەکی دەبنە هۆکاری خەون دیتن.. لە خەون بینیندا بە هیچ شێوەیەک داهاتوو ناخوێندرێتەوە.

# پەراوێزی بەشی چوارەم

١ – الطبري، مختصر تفسير الطبري، ص٥١٩.
-٢ بۆ ئەم باســـە سوودم لە نووســـينێك لە ئينتەرنێت وەرگرتووە،.. www.rafed.net بەم ناونيشانە: عالم المرأة/ أمومةو طفولة/ الحمل، فترة الحمل، مراحل نمو الجنين.
-٣ د. نجيب ليوس، أختيار جنس المولود، مقالة، أنترنيت
-٤ د. نجيـــب ليوس،الطريق الصحيح لتشـــخيصو علاج العقم، مقالة أطفـــال الأنابيبو أنواعه، ص٣.
-٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمانووتار.
-٦ علي الوردي، خەونەكان لە نێوان زانستو بيروباوەڕدا،ل٨٩.
-٧ هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.
-٨ فرويد، تفسير الأحلام، ص٧٣٠.
-٩ هەمان سەرچاوە، ل٧٢٩.
-١٠ إبن القيم الجوزية، ص٨٧.
-١١ د. صلاح الجابري، الوعيوالعالم السايكولوجي، ص١٧٩
-١٢ بە گوێرەی تەوراتو ئينجيلو قورئان، يوســـف يەكێك بووە لە پێغەمبەران كە، خودا بەهرەی لێكدانەوەی خەوی پێ بەخشيوە.
-١٣ علي الوردي، خەونەكان لە نێوان زانستو بيروباوەڕدا، ل٢١٨.
-١٤ فرويد، تفسير الأحلام،ص ٥٦.
-١٥ هەمان سەرچاوە، ل٥٧.
-١٦ علي الوردي، خەونەكان لە نێوان زانستو بيروباوەڕدا، ل١٣٣.
-١٧ هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.
-١٨ فرويد، تفسير الأحلام، ص٩٨.
-١٩ هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.
-٢٠ هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.

# بەشی پێنجەم

# چەند پرسێکی دیکەی قورئانی

## موعجیزەو ئیعجاز:

لەڕوانگەی قورئانەوە موعجیزە بریتییە لەو رووداوو بەسەرهاتانە کە لە توانای مرۆڤ بەدەرن. بەڵکو تەنها بەفەرمانی خودا، راستەوخۆ یا بەهۆی پێغەمبەرانەوە، روویانداوە.
لـــەو بوارەدا قورئان چەندین داســـتانو چیرۆک دەگێڕێتەوە، کـــە وەک موعجیزەی خودایی باســـیان دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە رێگای گێڕانەوەی ئەو رووداوانەوە لە تواناو دەســـەڵاتی رەهـــای خودا تێبگەنو بـــاوەڕی پێبهێنن. بۆ نموونە: -(ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل. ألم يجعل كيدهم فى تضليل.و أرســـل عليهم طيرا أبابيل. ترميهم بحجارة من ســـجيل. فجعلهم كعصف مأكول)الفيل/-١ ٥.
واتـــا: (ئەدی نەتدی پەروەندەت چ پەندێکی بە ســـەر فیل ســـوارەکان هێنـــا؟ ئەدی فێڵو گزیەکانی هەموو لێ پوچەڵ نەکردن؟ دەستە دەستە باڵداری هەنارده سەریان. گزمۆڵە قوڕی وەک بەردیان تێدەگرتن. تا بە دەردی کایەکی خوراوی بردن).
لە ســـورەتی (الكهف)یشدا قورئان باسی ئەو موعجیزەیە دەکات کە خودا کۆمەڵێک گەنجی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ سەد ساڵ خەواندووە، بە بێ ئەوەی نە خۆیان نە هیچ کەسێکی دیکە پێ بزانن!: -(و لبثوا في كهفهم ثلاث مائة سنينو ازدادوا تسعا) الكهف/٢٥.
واتا: (سێسەد ساڵان لە ئەشکەوتەکەدا مانەوەو نۆ ساڵیشیان لێ زێدە کرد).
هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت: -(و إذا نتقنا الجبل فوقهم كأنه ظلةو ظنوا أنهواقع بهم) الأعراف/١٧١.
واتـــا: (ئەو کاتە کە کێوەکەمان وێنەی ســـەیوان بە ســـەریانا راهەنگاوتو لایـــان وابوو بە ســـەریاندا دەڕووخێ). سەبارەت بە موعجیزەی پێغەمبەرانیش قورئان واباسدەکات هەر کاتێک خودا پێغەمبەرێکی بۆ خەڵک ناردووە، لە سەرەتادا خەڵک بڕوایان پێ نەکردوون، بۆیە خودا بە نیشـــاندانی موعجیزە لە لایەن پێغەمبەرانەوە پشـــتگیری لێ کردوون. خەڵکی بە بینینی موعجیزەکان سەرسامبوون، ئەم سەرسامییە وای لێکردوون بڕوا بە پێغەمبەرەکان بهێنن!.
کەوایە لە روانگەی قورئانەوە (موعجیزە بریتییە لە بەڵگەی پشتگیریو سەلماندن، بەڵگەیەک کە لە لایەن خوداوە پێشـــکەش بە نێردراوەکەی «پێغەمبەرەکەی» کراوە بۆ ئەوەی راستیو دروستی پەیامەکەی بۆ خەڵک بسەلمێنێ)١.
قورئان باسی گەلێک داستانو چیرۆکی موعجیزەی پێغەمبەرانی کردووە، لەوانە: موعجیزەکانی

ئیبراهیم، سولەیمان، موسا، عیسا، بۆ نموونە: -(و إذ قال إبراهيم رب أرني كيف تحي الموتى قال أو لم تؤمن قال بلى و لكن ليطمئن قلبي قال فخذ أربعة من الطير فصرهن إليك ثم اجعل على كل جبل منهن جزئا ثم ادعهن يأتينك سعياواعلم أن الله عزيز حكيم)الأعراف/٢٦٠.

واتا: (ئەوسـاش کـە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم! ئەتۆ مریـان چلۆن زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشـانم دە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشـتا باوەڕت نییە؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام من گەرەکمە ئیتر بە تەواوی دڵنیا بم. گوتی: دە سـا چوار مەل بگرەو پەل پەلیان بکەو بیانکە چوار کوت، هەر کوتێکیان بە سەر کەرێکەوە دانێو بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆ لات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەسەڵاتو لە کار زانە). دەربارەی سولەیمان لە قورئاندا ئاوا هاتووە: (و لسليمان الريح غدوها شهرو رواحها شهرو أسلنا لەعين القطرو من الجن من يعمل بين يديه بأذن ربه)سبأ/١٢.

واتا: (سـولەیمانیش بامـان بۆ کەوی کردبوو، تەنیا لە دانی بەیانی سـی ڕۆژە ڕێو سـەر لەنگۆرەش سی ڕۆژەڕێ ڕێگەی دەبڕی. بۆ ئەو کانی مسیشمان تاواندبۆوە. چەند جنۆکەش بە فەرمانی پەروەرندەی لە بەر دەسـتی کاریان دەکرد). سەبارەت بە موساش قورئان لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی بە موعجیزەکانی کردووە، بۆ نموونە: -(فأوحينا إلى موسا أن اضرب بعصاك البحرفانفلق فكان كل فرق كالطود العظيم)الشـعراء/٦٣. واتا: (ئەوسا موسامان تێگەیاند: بە عاساکەت لە دەریا بدە، دەریا قەڵشیو هەر لایەکی وەک چیایەکی مەزن بوو). (فألقى عصاه فإذا هي ثعبان مبين.و نزع يده فإذا هي بيضاء للناظرين)الأعراف/١٠٧،١٠٨.

واتا: (موسـا عاسـاکەی فڕێدا، کەچی لە پڕ بوو بە مارێک بە ئاشـکرا. دەستی خۆشی لە باخەڵیەوە وەدەرخسـت، لە بەر چاوی چاودێران سـپیەکی بە بێ خـەش دەرکەوت). (و إذ استسـقى موسـا لقومه فقلنا اضرب بعصاك الحجر فانفجرت منه اثنتا عشر عينا)البقرة/٦٠.

واتا: (ئەو هەڕەتەش کەوا موسا ئاوی بۆ پەیڕەوانی خواست، گوتمان: بە دارعاساکەی خۆت لەو بەردە بدە، دوازدە کانی لێهەڵقوڵی). هەروەها دەربارەی موعجیزەکانی عیسـا، قورئان لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی پێکردووە، بۆ نموونە: کاتێک کە مەریەم هەر بە کچێنی عیسای بووە، بە بێ ئەوەی پیاو توخنی کەوتبێ!، لە تەمەنی سـێ ڕۆژەی عیسادا خەڵکەکە لە مەریەمیان پرسی: تۆ کچیت ئەم منداڵەت لە کوێوە هێنا؟. قورئان ئەم چیرۆکە لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاوا باس دەکات: - (فأشارت إليه قالوا كيف نكلم من كان في المهد صبيا، قال إني عبدالله أتاني الكتابو جعلني نبيا) مريم/ ٢٩ ٣٠.

واتا: (هێمای بۆ مناڵەکە کرد، وتیان جا چلۆن لە گەڵ سـاوای سـەر بێشـکەدا بئاخێوین، منداڵەکە وتی: من خوڵامی خودام کتێبی بە خەڵات دامێو منی کردۆتە پێغەمبەر). لە ئایەتێکی دیکەدا دیسان دەربارەی عیسا دەڵێت: -(و إذ تخلق من الطين كهيئة الطير بأذني فتنفخ فيها فتكون طيرا بأذنيو تبريء الأكمةو الأبرص بأذنيو إذ تخرج الموتى بإذني)المائدة/١١٠.

واتا: (لە حەڕی بە ئیزنی من شـێوەی مەلێکت چێکردو فووت تێکرد، هەر بە ئیزنی من بوو بە باڵدارێکو دەفڕی. دیسـان هەر بە ئیزنی من، تۆ کوێرەکانی زگماکو نەخۆشینی بەڵەکیت

خۆش دەکردەوەو بە ئیزنی من مردووشـــت زیندوو دەکردەوە). شـــایانی باسە قورئان زۆربەی ئەو داســـتانو بەسەرهاتانەی لە تەوراتو ئینجیلەوە وەرگرتووە. بێگومان تەوراتو ئینجیل لە نووسینو بەرهەمی فیکری موساو عیسا نین، بەڵکو ئاشکرایە دوای مردنی خۆیان بە چەندەها ســـاڵ، موریدەکانیان لە بیســـتنی دەماودەمەوە بە گوێرەی باوەڕی خۆیان، بۆ گەورەکردنو پیرۆزکردنیان ئەو موعجیزانەیان بۆ دروســـتکردوونو نووســـیویانەتەوە. وەهاشیان داڕشتووە کە موعجیزەکانیان لە بەرچاوی خەڵکدا نواندبێت!. دوای نووســـینەوەیان، وەک کتێبی پیرۆز سەیر کراونو بە ناو خەڵکی سەردەمەکەی خۆیاندا بڵاو بوونەتەوە. خەڵکیش لەو سەردەمانەدا بڕوای قووڵیان بە ئەفســـانەو خورافە هەبووە. باســـی موعجیزەیـــان زۆر لا گرنگ بووە،وەک بەڵگەو نەریتی پێغەمبەرایەتی گوێیان بۆ شـــل کردووەو بڕوایان بە توانای غەیبی پێغەمبەران هەبووە. بۆیە بەرانبەر بە کتێبەکانیشیان هیچ گومانیان لا دروست نەبووە.

(تایبەتمەندی هەر کتێبێکی پیرۆز ئەوەیە کە زانیارییەکانی هەروا لە خۆڕا ڕێگا بە توێژینەوە نادەن)٢. محەمەد ئەو داستانانەی تەوراتو ئینجیلی بۆیە گواستۆتەوە ناو قورئانو بە گرنگییەوە چەندین جارلە چەندەها سورەتو ئایەتدا چەندبارەی کردوونەتەوە تا بە خەڵک بڵێت کە، خودا بە هەموو شێوەیەک، لەوانە بە موعجیزە، پشتگیری پێغەمبەرانی خۆی دەکات!. ئامانجی لەو باســـانە ئەوە بووە، بەو ڕێگایە بە خەڵکی کۆمەڵگاکەی خۆی بســـەلمێنێت کە، پێغەمبەران کەسانی شایستەو هەڵبژاردەی خودان، محەمەد خۆیشی یەکێکە لەوان، بۆیە پێویستە خەڵک بڕوای پێ بهێننو ببن بە موسڵمان!.

**موعجیزەی محەمەد:** قورئان ئەگەرچی داســـتانی موعجیزەکانی موساو عیساو گەلێکی دیکەی بە گرنگییەوە باس کردووەو بڕوای پێیان هەیە، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەک باســـی موعجیزەی ڕاستەوخۆی محەمەدی نەکردووە. ئەمە خاڵێکی جیاوازیی قورئانە لە تەوراتو ئینجیل.. ئەوەش هۆی ئەوەیە کـــە قورئان بەرهەمی دوای مردنی محەمەد نییە، تا موریدو باوەڕدارانی چۆنیان ویســـتبێت وەهایان داڕشتبێت، بەڵکو قورئان لە ماوەی بیستو سێ ساڵ پێغەمبەرایەتیدا لە لایەن محەمەد خۆیەوە داڕێژراوە. لە بەر ئەوە نەیتوانیوە باســـی موعجیزەیەکی ڕاستەوخۆ لە قورئاندا بکات کە لەواقیعدا نەیکردووە.

محەمـــەد لە ماوەی پێغەمبەرایەتییەکەیدا «بە تایبەت لە قۆناغی مەککەدا» زۆرجار لە لایەن نەیارانییەوە داوایلێکراوە کە ئەگەر ئەو پێغەمبەری خودایە دە با موعجیزەیەکیان بۆ بنوێنێ، بۆ ئەوەی وەک بەڵگەیەکی پێغەمبەری نیشانیان بدا، ئنجا بڕوای پێ دێنن.

-(و قالوا لن نؤمن لك حتى تفجر لنا من الأرض ينبوعا) الإسراء/٩٠.

واتا: (گوتیان بڕوات پێناهێنین تا لەم عەرزە کانییەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی). بەڵام محەمەد بە هیچ شـــێوەیەک توانای کارێکی لەو جۆرەی نەبـــووە. ئەمەش ناکۆکە لە گەڵ ئەو بۆچوونەی قورئاندا کە دەڵێت موعجیزە بەڵگەی پێغەمبەرایەتییە. وەڵامی محەمەد بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە ئەوە بووە کە ئەو مرۆڤێکی ئاساییەو توانای موعجیزەی نییە: -(قل سبحان ربي هل كنت إلا

بشـــرا رسولا)الإسراء/٩٣. واتا: (بێژە پاکی هەر بۆ پەروەرندەمە، ئاخۆ من چیم بل لە مرۆیێ پێغەمبـــەر). یاخود وەها وەڵامی داونەتەوە کە لە بەر ئەوە موعجیزە نانوێنێ، چونکە خەڵک هەمان پرســـیاریان لە پێغەمبەرانی پێشـــتر کردووە، بەڵام کاتێک پێغەمبەران موعجیزەشیان نواندووە، درۆیان لە گەڵ کردوونو هێشتا بڕوایان پێ نەکردوون:(و ما منعنا أن نرسل بالآيات إلا أن كذب بها الأولون) الإسراء/٥٩.

واتا: (ئێمە کە نیشانەکانمان نەدەناردن، بۆ ئەوە بوو پێشینەکان بە درۆیان لە قەڵەم دەدان)!.
یانی خودا بۆیە موعجیزە نانێرێت چونکە دەزانێ خەڵک هەر بڕوا ناکەن!!.

ئـــەوە کە محەمەد توانای موعجیـــزەی نەبووە، لای نەیارانی خاڵێکی لاوازی ئەو بووە. دیارە محەمەد بۆ پڕکردنەوەو پاســـاودانەوەی ئەو لاوازییە پەنای بردۆتە بەر ڕێگایەکی دیکە، وەک لە ئایەتەکانی قورئاندا دیارە، ئەویش ئەوەیە کە خودا بە بەڵگەی غەیبی پشتگیری محەمەدی کـــردووە! یانی کاتێک خودا موعجیزەیەکی بۆ محەمەد ڕەخســـاندووە، هیچ کەســـێکی دیکە نەیبینیوە! بۆ نموونە: -(سبحان الذي أسرى بعبده ليلا من المسجد الحرام إلى المسجد الأقصى الذي باركنا حوله لنريه من آياتنا إنه هو الســـميع البصير)الإسراء/١. واتا: (پاکییو بێ عەیبیی بۆ کەســـێ لە شەوێکدا شـــەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد، لە «مسجد الحرام»ەوە تا «مسجد الأقصـــى» ئەو مزگەوتەی ئێمە پیـــتو پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکـــەی، بەو نیازەی کە هێندێک بەڵگەی خۆمانی نیشـــان بدەین، هەر خۆی بیسەرو زانایە). (لەم ئایەتەی سەرەوەدا محەمەدی پێغەمبەری ئیســـلام خۆی پاڵەوانی ڕوداوێکی ئەفســـانەییە، لە ماوەی یەک شەودا بە بێ هیچ ئامرازێکی گواســـتنەوە لە مەککەوە گەیشـــتۆتە فەلەســـتینو لەوێشەوە چووە بۆ حەوتەمین تەبەقەی ئاسمانو ئنجا گەڕاوەتەوە مەککە، هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە)٣.

بـــەڵام هیچ کەس بـــەو موعجیزەیەی محەمەدی نەزانیوە! هیـــچ بەڵگەیەکیش لە ڕوودانی بە دەستەوە نەبووە. [ئەبی بەسیر دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر وتی: لە مەککە جوبرائیل هات بۆ لامو پێیڕاگەیاندم، محەمەد هەســـتە! منیش هەســـتامو لە گەڵیا بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشتین. میکائیلو ئیسرافیل لە بەر دەرگاوەستابوون. جوبرائیل (بوراق)ی هێنا. بوراق گیانەوەرێکی لە گوێدرێژ بەرزترو لە هێستر نزمتر بوو. ڕووی وەک ڕووی مرۆڤ وابوو، کلکی وەک کلکی مانگا وابوو، ڕەفتاری وەک ڕەفتاری ئەســـپ بوو، چوارپەلی وەک چوارپەلی وشتر بوون. تەختێکی دانیشتنی بەهەشتی لێبەسترابوو، دوو باڵی لای ڕانەکانیەوە هەبوون، لە ڕۆیشتندا بە خێرایی لە چاووون دەبوو.

وتی: ســـواربە! ئەوە بوو ســـواربوومو لە بەیتولموقەدەس گیرســـامەوە. کە گەیشتمە ئەوێ، فریشتەکان بە ڕووی خۆشەوە لە ئاسمانەوە دابەزینو پێشوازییان لێ کردم. لەوێ نوێژم کردو ئیبراهیمو کۆمەڵێک لە پێغەمبەرانم بینی. ئیبراهیم باســـی موســـاو عیسای بۆ کردم، سڵاوی خودایان لێ بێ. جوبرائیل دەستی گرتمو لە سەر بەردێک داینیشاندم، بەرزکرامەوە بۆ ئاسمان، هەرگیز جوانیی وەهام نەبینیبوو، بەرەو ئاسمانی خوارەوە، فریشتەکان سڵاویان لێ دەکردم.

ئنجا بەرەو ئاسمانی سێیەم سەریخستم، لەوێ (یوسف)م بینی، سڵاوی خودای لێ بێ. دوای ئەوە بەرەو ئاسـمانی چوارەم سەرخرام، لەوێ دیسان (یوسف)م بینی، سڵاوی خودای لێبێ. ئنجا بەرەو ئاسمانی پێنجەم بەرزکرامەوە، لەوێ (هارون)م بینی، سڵاوی خودای لێبێ. دواتر بەرەو ئاسمانی شەشەم بەرز کرامەوە، ئەوێ پڕ بوو لە ئافەریدە، شەپۆلیان دەدا. ئنجا بەرەو ئاسمانی حەوتەم بەرز کرامەوە، لەوێ گەلێک ئافەریدەو فریشتانم بینی]٤. هەر لە بارەی ئەم چیرۆکەوە، لەوتەیەکی دیکەدا، محەمەد وتوویەتی: [موسـام بینی، سـڵاوی خودای لێبێ. لە ئاسمانی حەوتەمدا ئیبراهیمم بینی، سڵاوی خودای لێ بێ. بەرەو هەرە بەرزایی سەرکەوتین، لەوێ خودا قسـەی لە گەڵدا کردمو منیش قسـەم لە گەڵدا کرد. هەروەها بەهەشتو دۆزەخو تەختی فەرمانڕەوایی خودام بینی. دوای ئەوە گەڕامەوە مەککە، کە گەیشتمەوە لەو بارەیەوە قسەم بۆ خەڵک کرد، ئەوە بوو ئەبو جەهلو کافرەکان بڕوایان پێ نەکردم] ٥.

لە سـورەتی (آل عمران) دەڵێـت: (إذ تقول للمؤمنين ألن يكفيكـم أن يمدكم ربكم بثلاثة ألف من الملائكة منزلين. بلى إن تصبرواو تتقواو يأتوكم من فورهم هذا يمددكم ربكم بخمسـة الاف من الملائكة مسـومين.و ما جعله الله إلا بشرى لكمو لتطمئن قلوبكم به)آل عمران/١٢٤، ١٢٥،١٢٦.

واتا: (ئەوسـا کە تۆ بە خاوەن باوەڕەکانت ڕاگەیاند: ئەگەر خودا سێ هەزار لە فریشتەکانی بۆ ئێوە بنێرێتە خوار، بێنە یاریو، بەسـتان نییە؟. بەڵێ ئەگەر خۆراگرنو ترسـتان لە خودا هەبێ، لە جەنگەی پەلاماردانی دوژمندا، پەروەرندەو پێنج هەزار لە فریشـتانی، بە دروشـمو کۆمەکـەوە دەنێرێ. خـودا هەر بۆ ئەوە مزگێنێک بە ئێوە بداتو هەر بۆ ئەوە دڵنیا بن، ئەو کارەی کرد). بەڵام هیچ کەسێک لە یارانی محەمەد لەو شەڕەدا هیچ فریشتەیەکی شەڕکەریان نەدیوەو لە هیچ سەرچاوەیەکیشـدا باسیان نەکردووە. جگەلە موعجیزە غەیبییەکان، محەمەد تەنها شـێوەی داڕشـتنی ئایەتەکانی قورئانی بە بەڵگەی پێغەمبەرێتیو موعجیزەی خودایی خۆی زانیوە،وتوویەتی قورئان قسـەی خودایە، هیچ مرۆڤێـک ناتوانێوەک نموونەی قورئان داڕێژێت: -(قل لئن إجتمعت الأنسو الجن على أن يأتوا بمثل هذا القرآن، لا يأتون بمثله،و لو كان بعضهم لبعض ظهيرا)الإسراء/٨٨.

واتا: (بێژە ئەگەر مرۆو جن، گشوەکۆ بن، وێنەی ئەم قورئانە بێنن، لە شبی ئەو دادەمێنن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن).

مەبەستی ئەو ئایەتەی سەرەوە ئەوەیە کە، قورئان لە رووی زمانەوانیو داڕشتنو رەوانبێژییو ناوەرۆکـەوە، یانی لە رووی ئەدەبییەوە نموونەی هەرە باڵاو موعجیزەیەکی خودابیە، بۆیە لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نییە وەک نموونەی ئایەتەکانی قورئان داڕێژێت، یاخود بتوانن رەخنەی لێبگـرن. بـەڵام بە بەڵگەی ئایەتی قورئان، خەڵکانێک لە سـەردەمی محەمەد خۆیدا رەخنەیان لە قورئان گرتووەو بە لاسایی و ئەفسانەی کۆنیان زانیوە: -(و قالوا أساطير الأولين اكتتبها فهي تملى عليه بكرةو أصيلا)الفرقان/٥. واتا: (گوتیان: ئەمانە چیرۆکی پێشـینانن،

هەموو بەیانیو ئێواران بۆی دەڵێنو لە بەری دەنووسێتەوە). لە دوای محەمەدیش، هەتا ئێستا زۆر نووســـەرو شـــارەزای زمانەوانی رەخنەی دروستو بە جێیان لە داڕشتنی قورئان گرتووەو کەموکوڕیو هەڵە زمانەوانییەکانیان دەستنیشان کردووە. ئەوەی جێگای سەرنجە، دوای مردنی محەمەد لایەنگرانو راڤەکارانی ئیسلام دەیان داستانو چیرۆکی موعجیزەیان بۆ دروستکردووە، کە گوایە بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجامی داون. وەک ئەوەی عەبدولقاهر ئەلبەغدادی لە کتێبی «الفرق بين الفرق»دا دەڵێت: (لە موعجیزەکانی محەمەد «دخ» دووپارچەکردنی مانگ، وردە بەرد لە ناو دەســـتیدا ویردی خودایـــان کردووە، هەڵقوڵانی ئاو لە نێـــوان پەنجەکانیەوە)٦. یانوەک ئەم باسەی خوارەوە کە ئیبن عەباس لە سەر محەمەد گێڕاویەتییەوە: [هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەشی محەمەد (دخ) موعجیزەیەکی هەبووە: موعجیزەی سەری ئەوە بووە پەڵە هەورێک لە ســـەر سەریەوە وەستاوە ســـێبەری بۆ کردووە. موعجیزەی چاوەکانی ئەوە بووە لە پشـــتی سەریشـــیەوە روانیویانە. موعجیزەی گوێچکەکانی ئەوە بووە لە کاتی نوستنیشدا هـــەروەک بێداری بیســـتوویانە. موعجیـــزەی زمانی ئەوە بووە بە بزنمـــژەی وتووە من کێم؟ بزنمـــژە وەڵامی داوەتەوە: تۆ پێغەمبـــەری خودایت. موعجیزەی دەســـتەکانی ئەوە بووە لە نێـــوان پەنجەکانیەوە ئاو هەڵقوڵاوە. موعجیزەی قاچەکانی ئەوە بووە: (جابر) بیرێکی هەبووە ئاوەکەی تاڵ بووە. ئەمەی بۆ پێغەمبەر باســـکردووە. پێغەمبەر (دخ) داوای تەشـــتێک ئاوی کردووە، قاچەکانی خۆی تێدا شتووەو فەرمانی داوە ئاوی تەشتەکە بکاتە ناو ئاوی بیرەکەوە. ئیدی ئاوی بیرەکە شیرین بووە. موعجیزەی ئەندامی نێرینەی ئەوە بووە بە خەتەنەکراویی لە دایک بووە. موعجیزەی پشـــتی ئەوە بووە مۆری پێغەمبەرایەتی (لا اله الا الله محمد رســـول الله)ی لە سەر نووسراوە]٧.

بە بێ ئەوەی ئەو راڤەکارو نووســـەرانە هیچ ســـەرچاوەیەکی راســـتو بەڵگەیەکی دروستو زانســـتییان لە ســـەر هیچ یەکێک لەو موعجیزانە هەبێت. لە ســـەر ئەو بنەمایانەی باســـمان کـــردن دەتوانین بڵێین کە، محەمەد هیچ رووداوێکی موعجیزەی نەکردووە. لەواقیعدا موعجیزە هیچ بنەمایەکی زانســـتی نییە، بەڵکو تەنها بڕوایەکی ئاینی رووتە، پێچەوانەی راســـتییەکانی ژیانوواقیعە.

**ئیعجازی زانســـتی:** وەک باسمان کرد، لە روانگەی محەمەدەوە داڕشتنی سورەتو ئایەتەکانی قورئان موعجیزەی خوداییـن! هەمیشـــە بەرەنگاریی ئەدیبو شـــاعیرە نەیارەکانی ســـەردەمی خۆی بەو داڕشتنە ئەدەبییەی قورئان کردووەو پێیوا بووە کە هیچ کەس ناتوانێ لە نموونەی قورئان، بەو ئاســـتە ئەدەبییە، داڕێژێ. جگە لەو بەرەنگارییە ئەدەبییە روونو ئاشـــکرایە کە قورئان لە نێوان محەمەدو نەیارانیدا باسی کردووە، ئاماژەو پێشبینی هیچ داهێنانێکی زانستی بۆ دوای ســـەردەمەکەی خۆی نەکردووە. لە سەردەمی محەمەددا بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبســـتان لە ئاستێکی زانســـتی نزمدا بووە، بوارە زانستییەکان نەبوونەتە جێگای مشتومڕی نێوان محەمەدو نەیارەکانی. سەردەمانێک دوای محەمەد، پێش سەرهەڵدانی

زانســـت، راڤەکارانی ئیســـلام هەبوون پێیانوابووە گرنگی قورئان لەوەدایە کە، زانستی غەیب زانینی تێدایە: (ئەبولقاسم ئەلبەلخی کە لە گەورە بیرمەندانی موعتەزیلەیە سەبارەت بە ئیعجازی قورئان دەڵێت: گرنگی قورئان لەوەدایە کە پێشـــبینی غەیب دەکات، نەک لە داڕشتندا)٨. لە ســـەردەمی زانستیشدا راڤەکارانێک باسیان لەوە کردووە کە قورئان سەرچاوەیەکی زانستییە! بە تایبەت لە ســـەردەمی ســـەرهەڵدانی زانســـتی نوێوە، هەندێک راڤەکاران باس لە ئیعجازی زانســـتیو پێشبینی هەمەلایەنی زانستی لە قورئاندا دەکەن!. ئەوانە (قورئان وەک کتێبێکی زانســـتی سەیردەکەن کە، فیزیاو گەردووونناســـیو ماتماتیکو پزیشکیو هەندەسەو بایۆلۆژیو زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانی ئابوریو کۆمەڵناســـیو هەرچی دۆزینەوەو داهێنانەکانی داهاتووە تێدایە)٩. بێگومان ئەو جۆرە بۆچوونانە لە سەر قورئان تەنیا لایەنگیرییەکە کە رەنگدانەوەی ئیمـــانو باوەڕی رەهایانە بە کتێبی قورئان. تەســـلیمبوونو ئیمانو باوەڕی رەها، رێگایان بە خوێندنـــەوەی قورئان بە پرســـیارو گومانەوە، یا بەراوردکردنی لە گەڵ زانســـتەکاندا نادات. (ئەوانـــە بەو بۆچوونانەیان زیادەڕۆییەک لـــە گەورەکردنی قورئانو ئیعجازی قورئاندا دەکەن، هـــەروەک دەیانبینی هەرچی تێدایە کردوویانـــە بە نموونەی باڵای زمانەوانیو رەوانبێژی، هیچ کەموکورتییەکی تێدا نابینن. هیچ رەخنەیەک دەربارەی قورئان لە نەیارانیەوە نابیســـتنو بە هیـــچ بەڵگەیەک قایل نابن. ئەم بابەتەیان لە بابەتی ئەدەبو هونەر دەرکردووەو کردوویانە بە بابەتێکی ئاینی رووت، هەرکەس سەرپێچی بکات لە روانگەی ئەوانەوە کافرو لە رێ لادەرە)١٠. کە لە روانگەی زانستییەوە بۆچوونەکانی قورئان لە گەڵ زانستەکاندا بەراورد دەکەین، هەروەک لە بەشـــەکانی پێشـــووی ئەم کتێبەدا، ســـەبارەت بە گەردوونو ژیانی زیندەوەران بە درێژی باســـمان کرد، گەیشـــتینە ئەو ئەنجامە کە زۆربەی بۆچوونەکانی قورئان لەو بوارانەدا لە گەڵ بۆچوونەکانی زانســـتی نوێی ئەم ســـەردەمەدا تەواو ناکۆکن. لە مێژووی زانستەکانیشدا هیچ بوارێکی زانســـتی پشتگیری لە بۆچوونەکانی قورئان نەکردووە کە هیچ پێشبینییەکی زانستی تێدا بێت. ئەگەر کەســـێک قورئان بەوردیو بە چاوی ســـەرنجەوە بخوێنێتەوە، ئەو راستییەی بۆ روونده‌بێتەوە کە ئاســـتی زانست لە قورئاندا یەکجار سەرەتاییو رەنگدانەوەی هەلومەرجی واقیعی دواکەوتووی کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستانە لەسەردەمی محەمەددا.

# سەرچاوەی زانیاریی ئەرکو فەرزەکانی ئیسلام لە قورئاندا:

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بەشـێکە لە هوشـیاری کۆمەڵـگای مرۆڤایەتی. بیروباوەڕە ئاینیە جیاوازەکانوەک هــەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، بەگوێرەی قۆناغە جیاجیاکانی پێشـکەوتنی ژیانو هوشیاری مرۆڤ، گەشـەیان کردووەو لە گۆڕاندا بوون. یانی لە لایەک لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا جێگاوشـوێنو رۆڵیان هەبووە، لە لایەکی دیکەش ئاینەکان خۆیان لە ژێر کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا گۆڕانیان بە سـەرداهاتووە. هەندێک لە ئاینەکان، هەر بە یەکجاری لە ناوچوونو نەماون، هەندێکیش پووکاونەتەوەو لە پەراوێزی کۆمەڵگاکاندا بەرەو نەماندەچن. هەندێک ئاینیش هەتا ئەم سەردەمە بیروباوەڕی ملیۆنەها خەڵکن.

ئاینەکان بە گشتی، چ ئەوانەی کە نەماون، وەک: ئاینی میسرییە کۆنەکان، بابلییە کۆنەکان، گریکە کۆنەکان، رۆمانیە کۆنەکان...هتد، چ ئەو ئاینانەش کە تاکو ئێستا بوونیان هەیە، وەک: ئاینی هندۆسـی، بودایی، چینی، زەردەشـتی، هەروەها ئاینەکانی جوولەکە، دیان، ئیسلام، بــە گوێرەی تێکەڵیو دوورونزیکی کۆمەڵگا جیاجیاکانـی مرۆڤایەتی، یان بە گوێرەی کۆنیو نوێییان لە مێژوودا، کاریگەرییان لە سەر یەکتر داناوە.

ئاینە نوێکان سوودیان لە زانیاریی ئاینە کۆنەکان وەرگرتووەو بەڕوونی لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا رەنگدانەوەکانیان دەخوێنینەوە، یا لە ڕێو رەسـمو نەریتو ئەرکو فەرزە ئاینییەکانیاندا، کە پەیڕەوییان دەکەن، دەیانبینین.

ئاینـەکان جگە لـەوەی هەر یەکەیان بە گوێرەی سـەردەمو هەلومەرجی سـەرهەڵدانی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لە ژێر کاریگەری ئاینەکانی دیکەشدا خاوەنی خاڵی هاوبەشن لە نێوانیاندا.

لەم باسـەدا بە پێویسـتی نازانم بچمە ناو درێـژە وردەکارییەکانی ئـەرکو فەرزو نەریتی ئاینـەکانو چۆنێتی ئەنجامـدانو بەڕێوەبردنیان، بەڵکو تەنها وەک بەسـەرکردنەوە ئەرکو فەرزەکانی هەندێکیان دەخەمە پێش چاوی خوێنەر:

**ئاینی میسـرییە کۆنەکان:** باوەڕیان بە فرەخودایی هەبووە، پەیکەریان بۆ خوداکانیان هەبووە بــە ناوەکانی (رع، جیب، فتاح)، خۆرو گیانداریان پەرسـتووە. نوێژیـان کردووەو رۆژویان گرتووە. چوونەتە زیارەتی خوداکانیانو قوربانییان بۆ کردوون، واتا حەجیان کردووە.

**ئاینـی سـۆمەرییەکان:** باوەڕیان بە فرەخودایی هەبووە، ئانو ناوی خودای ئاسـمان، ئەنلیل ناوی خودای (با)و ئەیا ناوی خودای زەوی بووە. نوێژیان کردووەو رۆژویان گرتووە. چوونەتە زیارەتی خوداکانیانو پەرستوویانن، قوربانییان بۆ کردوون.

**ئاینـی گریکە کۆنـەکان:** باوەڕیان بە فرەخودایی هەبووە، زیۆس نـاوی خودای گەورەیانە،

ڤینۆس خودای جوانیو....هتد. باوەڕیان بە نوێژکردنو ڕۆژو گرتن هەبووە. چوونەتە زیارەتی خوداکانیان، پەرستوویانو قوربانییان بۆ کردوون.

**ئاینـــی ڕۆمانییە کۆنــەکان:** باوەڕیان بە فرەخودایی هەبووە، جوبیتر ناوی خودای ئاســـمان، فستا خودای مردن، جینوس خودای پاراستنی مرۆڤ، بنتس خودای پاراستنی خواردن بووە. باوەریان بە نوێژ کردنو ڕۆژو گرتنو زەکات دان هەبووە.

**ئاینی هندۆسی:** باوەڕیان بە فرەخودایی هەیە، پەیکەریان بۆ خوداکانیان هەیە. براهما ناوی خودای ئافراندنو، قشندا ناوی خودای پاریزگاری لە بوونەوەرە، سیڤا ناوی خودای تێکدەرە، لاکیشـــمی خودای سەروەتو سامانە. نوێژیان بۆ دەکەنو بە ڕۆژو دەبن. حەج کردنیان هەیە، کە بریتییە لە زیارەتی خوداکان لە پەرستگاکاندا، هەروەها قوربانیان بۆ دەکەن.

**ئاینـــی بودایی:** بـــودا رابەری ئاینەکەیانە. بودا خۆی باوەڕی بە خودای ئاســـمان نەبووە، بە خۆیشـــی نەوتووە خودا، بەڵام موریدو پەیڕەوەکانی بە خودای خۆیانی دەزانن‌و دەیپەرستن. کتێبـــی پیرۆزیـــان هەیە، نوێژ لە بەردەم پەیکەری بودادا دەکـــەن، بە ڕۆژو دەبنو زەکات بە هـــەژاران دەدەن. لەو شـــوێنەی کە بودای لێ لەدایک بووەو لەو شـــوێنەش کە نێژراوە حەج دەکەن.

**ئاینی چینی:** کۆنفۆشـــیۆس رابەری ئاینی چینییە، خـــۆیو موریدەکانی باوەڕیان بە خودای ئاســـمان هەیە. کۆنفۆشـــیۆس پێنج کتێبی پیرۆزی داناوە، باوەڕیان بە زیندوبوونەوەو ڕۆژی ئاخر نییە. نوێژ دەکەن، بە ڕۆژو دەبنو زەکات بە هەژاران دەدەن. دوای مردنی کۆنفۆشیۆس، موریدەکانی پەرستوویانە.

**ئاینی زەردەشـــتی:** باوەڕیان بە خودای چاکە بە ناوی ئاهورامەزداو، خودای شـــەڕ بە ناوی ئەهریمەن هەیە. باوەڕیان بە پەرســـتنی پەیکەری خودا نییە. کتێبی پیرۆزیان هەیە بە ناوی ئاڤێستا، کە موریدەکانی زەردەشت دوای خۆی کۆیان کردۆتەوە. پیرۆزی دەدەن بە ئاگروەک ســـیمبولی پاکیی. لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ دەکەن، باوەڕیان بە ڕۆژو گرتن نییە، لە ئاینی زەردەشتیدا زەکات دان فەرز نییە، بەڵکو سەربەستن لە یارمەتیدانی هەژاراندا.

جگە لەو ئاینە دیارو بەناوبانگانەی ســـەرەوە، ئاینەکانی جوولەکە، دیان، ئیســـلام لە ئاینە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمەن. خاڵی هاوبەشی ئەو سێ ئاینە ئەوەیە کە، بە ئاینە ئاسمانیەکان خۆیان ناســـاندووە، باوەڕیان بە خودای نادیار (غەیب)ی ئاســـمان هەیە. رابەرەکانیان‌وایان ڕاگەیاندووە کە ئاینەکانیان لە ئاســـمانەوە بۆ هاتووە. یانی باوەڕیان بە خودای ســـەر ئەرزو پەیکەردروســـتکردن بۆ خودا نییە. بەڵکو خودایان بە یەکجاری لە ســـەر زەوی هەڵگرتووەو بردوویانە بۆ ئاسمان.

**ئاینی جوولەکە:** باوەڕیان بە یەک خودای ئاســـمان هەیە، موســـا رابەری ئاینەکەیانو تەورات کتێبـــی پیرۆزیانە. نوێـــژ دەکەنو بەڕۆژو دەبن، زەکات بە هـــەژاران دەدەن، حەج دەکەن لە قودسو لە کێوی سینا.

**ئاینی دیان:** باوەڕیان بە یەک خودای ئاسمان هەیە، عیسا رابەری ئاینەکەیانە، ئینجیل کتێبی پیرۆزیانە. نوێژ دەکەن، بەڕۆژو دەبن، سەدەقە بە هەژاران دەدەن، حەج دەکەن لە فەلەستین، لەو شـــوێنەی کە باوەڕیان‌وایە عیســـا ی تیا لە خاچ دراوە. هەروەها لە فاتیکان لە رۆما، کە مەنزڵگای هەردوو قەشە پترس‌و پولسی لێیە.

**ئاینی ئیسلام:** ئیسلامیش ئاینێکە وەک ئەو ئاینانەی کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤ کە باسمان کردن. خاوەنی تایبەتمەندی‌و لە هەمانکاتدا خاوەنی خاڵی هاوبەشە لە گەڵ ئاینەکانی دیکەدا. محەمەد رابەری ئاینەکەیە، باوەڕیان بە خودای ئاســـمان هەیە، کتێبی پیرۆزی ئاینی ئیسلام قورئانـــە. لە رۆژێکدا پێنج جار نوێژ دەکەن، بەڕۆژو دەبن، زەکات بە هەژاران دەدەن، دەچنە زیارەتی کەعبە بۆ حەج کردن، قوربانی دەکەن.

**ئەرکو فەرزەکانی ئاینی ئیسلام:** کە بە پێنج ئەرک لە سەر موسڵمانان فەرز کراون: شایەتمان، نوێـــژ، رۆژو، زەکاتو حەج کردن.. دەبینین جگە لە شـــایەتمان کە نەریتێکی تایبەتی ئاینی ئیسلامە، چوار فەرزەکەی دیکە لە گەلێک لەو ئاینانەدا کە باسمان کردن بوونیان هەیە.

**١ — شایەتمان:** (أشهد أن لا إله إلا اللّهو أشهد أن محمدا رسول الله).

واتا: (شـــایەتی دەدەم کە جگـــە لە خودا هیچ خودایەکی دیکە نییە،وە شـــایەتی دەدەم کە محەمەد نێردراوی خودایە). ئەم دروشـــمە یەکێکە لە پێنج کۆڵەکەکەی ئاینی ئیســـلام. ئەو کەسانەی کە داوای بوون بە موسڵمانیان دەکرد، یا ئەوانەی دەکران بە ئیسلام، پێویست بوو لە سەریان کە ئەو دروشمەوەک بەڵگەی بڕواهێنان بە ئاینی ئیسلام، بڵێنەوە.

ســـەرچاوەو هۆی داڕشتنی ئەو دروشمە ئەوە بوو کە، خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەبستان لە پێش هاتنی ئاینی ئیســـلامدا باوەڕیان بە فرە خودایی هەبوو. باوەڕیان‌وابوو کە هەر دیاردەو رووداوێک خودای خۆی هەیە لە ئاســـمان. بۆ هەر خودایەکی ئاســـمان، لە سەر زەوی لە لای خۆیان بتێکیان دروســـت کردبـــوو کە بە نوێنەری خودای ئاســـمانیان دەزانین. ئەو بتانەیان دەپەرستو نوێژیان بۆ دەکردن، دەچوونە زیارەتیان‌و قوربانییان بۆ دەکردن.

محەمەد پێش راگەیاندنی پێغەمبەرێتیش، باوەڕی بە فرە خودایی‌و بت پەرســـتی نەبوو، ئەو کـــە لە گەڵ رەوتـــی حونەفادا بوو، باوەڕیان بە یەک خودای غەیبی لە ئاســـمان هەبوو، واتا هەمـــان بۆچوونی جوولەکەو دیانەکانی ئەو ســـەردەمەی مەککەو مەدینە. کاتێک پێغەمبەریی خۆی راگەیاندو باوەڕو ئاینەکەی ئاشکرا کرد، داوای لە خەڵک کردواز لە بت پەرستی بهێنن. کاتێکیش ئیسلام دەســـەڵاتی پەیدا کردو دواتر لە ساڵی (٨)ی کۆچیدا لەشکری موسڵمانان مەککەیان گرت، دەســـبەجێ هەموو بتەکانیان شـــکاندن. خەڵکیان ناچـــار کرد کە باوەڕ بە یەک خودای ئاســـمان بهێنن‌و دان بەوەدا بنێن کە محەمەد پێغەمبەری خودایە. ئیدی لێرەوە شـــایەتمان وەک دروشـــمی ئەو قۆناغەی ئاینی ئیســـلام لە بەرانبەر ئاینی فرە خوداییدا، لە ســـەر دەســـتی محەمەددا داڕێژراو لە گـــەڵ پتەوبوون‌و فراوانبوونی دەســـەڵاتەکەیدا تا هات زیاتر چەســـپا. لێرەدا شایانی باســـە بە جێبەجێبوون‌و چەسپاندنی بڕگەی یەکەمی دروشمی

شایەتمان (اشـــهد ان لا الـــه الا الله) لە بەرانبەر فرەخوداییدا، ئیدی ناوەرۆکی ئەو دروشـــمە لەو ســـەردەمەوە بە ســـەر چووە.. بە تایبەت لەم سەردەمەدا ناکۆکیەکە لە نێوان یەک خودا پەرستیو بێ باوەڕیدا خۆی دەنوێنێت.

**٢- نوێژکردن:** نوێژکردن یەکێکە لە نەریتە ســـەرەکییەکانی زۆربەی هەرەزۆری ئاینە کۆنو نوێکانـــی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چ ئەو ئاینانەی باوەڕیـــان بە ژیانی دنیایەکی دیکە هەیە لە دوای مردن، چ ئەوانەی ئاینی دنیایین.

لە هەموو ئاینەکانیشـــدا، نوێژکردن بە پەیوەندی نێوان مرۆڤـو خوداوەندەکەی راڤە دەکەن. شـــێوەی نوێژکردنو ژمارەی نوێژەکان لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی دیکە جیاوازە، بەو شێوەیەی رابەری ئاینەکە نوێژیکردووە، پەیڕەوەکانیشی نوێژیان کردووە.

کەواتە نەریتی نوێژکردن تەنها تایبەت بە ئاینی ئیســـلام نییە. بۆ نموونە، ئاینی بودایی کە زۆر لە ئاینی ئیســـلام کۆنترەو باوەڕیان بە بوونی خودای ئاســـمان نییە، لە بەردەم پەیکەری بـــودا ی رابەریانـــدا نوێژ دەکەن. مرۆڤ لە ئاســـمانەوە فێری نوێژکردن نەکـــراوە، بەڵکو لە داهێنانی خۆیەتی.

بۆیە دەکرێ بڵێین ئاینی ئیسلام، نەریتی نوێژکردنی لە ئاینەکانی پێشترو سەردەمی خۆیەوە وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەی جیا دەیخوێنن.

لە ئاینی ئیســـلامدا وەک ئاینەکانی دیکـــە، نوێژکردن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێک کـــە بە یەکێک لە پێنج کۆڵەکـــە گرنگەکانی ئاینەکە دەژمێردرێت. بۆیە لە قورئاندا نوێژکردن لە سەر موسڵمانان فەرزکراوە.

- (قل لعبادي الذين آمنوا يقيموا الصلاة)إبراهيم/٣١.

واتا: (تۆ بە عەبدە باوەڕدارەکانم بێژە نوێژ بکەن). محەمەد وەک رابەری ئیســـلامو کەسێکی هوشـــیارو بە دەربەست بۆ کۆمەڵگاکەی، واقیعی ئەو سەردەمەی ژیانی دواکەوتوو ناهوشیاری خەڵکەکەی بۆ پاکو تەمیزی لەشو جلو بەرگیانی لە بەرچاوگرتووە. بۆیە لە گەڵ نوێژکردندا زانیاریی پاکو تەمیزی لە سەر داناوەو لە ئایەتدا ئاماژەی پێکردووە: -(يا أيها الذين آمنوا إذا قمتم إلى الصلاة فاغسلواوجوهكمو أيديكم إلى المرافقوامسحوا برؤسكمو أرجلكم إلى الكعبينو إن كنتم جنبا فاطهرواو إن كنتم مرضى أو على ســـفر إو جاء أحد منكم من الغائط أو لمســـتم النساء فلم تجدوا ماء فتيمموا صعيدا طيبا فامسحوا بوجوهكمو أيديكم منه ما يريد الله ليجعل عليكم من حرجو لكن يريد ليطهركمو ليتم نعمته عليكم لعلكم تشكرون)المائدة/٦.

واتـــا: (ئەی گەلـــی خاوەنباوەڕان، ئەگەر دێنە ســـەر ئەو بڕیارەی نوێـــژ بکەن، دەمو چاوو دەســـتەکانو هەتا سەر ئانیشکان بشۆن، دەستان بەتەڕی بماڵن بە سەرتانداو پاکانیشتان تا هەردوو گوێزینگ بشـــۆرن. ئەگەر تووشی لەش پیســـی بوون خۆتان خاوێن بکەنەوە، ئەگەر نەخۆش یان رێبوار بوون یان یەکێکتان لە سەر پێشاوێ دێتەوە یان لە گەڵ ژنان وێک کەوتنو دەستان بە ئاو رانەگەیشت، بە تۆزی پاکی سەر زەوی دەمو چاوو دەستەکانی خۆو بهەنوون،

خـــوا نایەوێ بتانخاتە تەنگانەوە، بـــەڵام گەرەکیە خاوێنتان بکاتەوەو بـــە تەواوی چاکەتان دەربارە بکا، بەشکو شوکرانە بژێر بن).

-٣ **ڕۆژو گرتـــن:** ڕۆژوگرتـــن نەریتێکی ئاینییە، بـــەڵام لە داهێنانی ئیســـلام نییە، بەڵکو لە گەلێک ئاینەکانی پێش ئیسلام‌و سەردەمی ئیسلامیشدا،وەک باسمان کرد، نەریتی ڕۆژوگرتنیان هەبووە. فەلســـەفەی ڕۆژوگرتن لە ئاینەکاندا بە گشتی، ئەوەیە کە خوداوەندەکان دەیانەوێت خەڵک، بە تایبەتی دەوڵەمەندان، لە ســـەر برســـێتی‌و تینوێتی ڕابێـــن‌و تاقییان بکەنەوە. لە ڕێگـــەی ڕۆژوگرتنەوە خەڵک لە حاڵی هەژاران، کە تێر ســـکی خۆیـــان نان ناخۆن، تێبگەن‌و بەزەییان بە حاڵیاندا بێتەوەو زەکات‌و خێریان پێ ببەخشن.

لە کۆمەڵگای نیمچە دوورگە، لە پێش ئیســـلامدا ڕۆژوگرتن هەبووە. لە شـــاری مەککە خێڵی قوڕەیش ڕۆژی عاشورا (واتا ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەم) بە ڕۆژو دەبوون. محەمەد خۆی‌و یارانـــی، هەتا پێش چوونە مەدینەش، لەو ڕۆژەدا لە گەڵ قورەیش بە ڕۆژو دەبوون. جگە لەو ڕۆژە، خەڵکـــی نیمچە دوورگە لـــە ڕۆژەکانی ١٣، ١٤، ١٥ی هەموو مانگێکدا بە ڕۆژو دەبوون، بەو ڕۆژانەیان دەگوت ڕۆژە ســـپیەکان. محەمەد خۆیشـــی ئەو ڕۆژانە بـــە ڕۆژو دەبوو. دوای کۆچی محەمەد بۆ مەدینەو دامەزراندنی دەسەڵات، ئیدی کەوتە دژایەتی کردنی قورەیش، هەر بۆیـــەوازی لە ڕۆژو گرتن لە گەڵ قورەیش هێناو لە جیاتـــی ئەوە ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی بۆ موسڵمانەکان دیاری کرد. ئەم ئەرکەی وەک فەرزێک لە قورئاندا بۆ داڕشتن: -(یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون)البقرة/١٨٣.

واتا: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆو نووســـراوە ڕۆژو بگرن هەروەک لە سەر پێشینەکانیشو نووسرا، شایەت لە خوا بترسن).

یانی لێرەوە دەکرێ بڵێین کە، نەریتی ڕۆژو گرتن بۆ محەمەد شتێکی نوێ نەبوو لە ئاسمانەوە بـــۆی دابەزیبێـــت، بەڵکو لە ژێـــر کاریگەری نەریتی کۆنـــی کۆمەڵەکەی خـــۆی‌و ئاینەکانی دەوروبەردا، ئەم زانیاریەی وەرگرتووەو لە ئاینەکەی خۆیدا بڕیاری لە سەرداوە. بەڵام ئەوەندە هەیـــە گۆڕانکاریی تێدا کردووەو بۆ پەیڕەوانی خۆی قورســـتری کـــردووە. ژمارەی ڕۆژەکانی کـــردووە بە مانگێکی تەواو، جگە لەوەش موســـڵمانان لە کاتـــی ڕۆژو گرتندا نابێ هیچ جۆرە خواردن‌و خواردنەوەیەک بخۆن‌و بخۆنەوە! لەواقیعدا ڕۆژو گرتن تەنیا پرســـێکی ئاینییە، یانی جێبەجێکردنی ئەرکێکە لە بڕواو ئیمانەوە. جگە لە لایەنی بڕواداری، ڕۆژو گرتن نە چاکسازییە لە باری ژیانی هەژاراندا، نە لە رووی تەندروستیشـــەوە هیچ ســـودێکی بۆ مرۆڤ هەیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، گەلێک زیان بە تەندروســـتی مرۆڤ دەگەیەنێت. راســـتە مرۆڤ بە ڕۆژو گرتن دەسبەجێ نامرێت، بەڵام لە درێژماوەدا چ کەم خۆراکی‌و چ تێکچوونی کات‌و بەرنامەی خواردن، بە هۆی ڕۆژو گرتنەوە، دەبنە هۆی ســـەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی. لەشی مرۆڤ لە ڕۆژێکدا پێویســـتی بە بڕێکی دیاریکراو کالۆری هەیە، کە بە هۆی خواردنەوە وەریدەگرێت. لەشی پیاو پێویستی بە ٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠ کالۆری هەیەو لەشی ژن پێویستی بە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ کالۆری هەیە.

هەروەها لەشـــی مرۆڤ لە رۆژێکدا پێویستی بە ١،٥ تا ٢ لیتر ئاو خواردنەوە هەیە. خواردن‌و خواردنەوەو جۆری خواردن، پێویســـتیی هەرە گرنگن بۆ پەیداکردنی وزەو دروســـتکردنەوەی خانەکانی لەش. لە رۆژێکدا سێ ژەم خواردن بۆ مرۆڤ، بەیانیان، نیوەڕوان‌و ئێواران حاڵەتی تەندروســـتە کە پرۆسەی هەرســـکردن لە نێوانیاندا بە شێوەی ئاسایی ئەنجام دەدرێت. بەڵام کاتێک مرۆڤ بە رۆژو دەبێت، دوو ژەم خواردن دەخوات. جگە لەوەی ژەمی گرنگی نیوەڕوانی لـــە کیس دەچێت، دەبێت ژەمی بەیانیانیشـــی پێش بانگدانی بەیانی (پاش شـــێو) لە خەو هەستێت‌و بخوات. نێوانی ئەو دوو ژەمە لە رۆژگاری ئاساییدا نزیکەی ١٢ کاتژمێرە.. مرۆڤ بە هۆی برسێتی‌و تینوێتی زۆرەوە یەکجار بێ هێزو لاوازو بێ حەوسەڵە دەبێت.

ئەم کەمخۆراکییە مرۆڤ تووشـــی کەمخوێنی دەکات، باڵانس‌و کێشـــی لەش تێک دەچن، لە برسێتی زۆردا گەدەو ریخۆڵەکان تووشی ئازار دەبن.

بە هۆی کەمخوێنییەوە مرۆڤ هەست بە سەرئێشە دەکات. بە تایبەت ئەگەر کەسێک بە رۆژو بێت‌و بچێتە ســـەر کار، زۆر لە لەشـــی خۆی دەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکەی. جاری‌وا هەیە مرۆڤی بە رۆژو لە ئەنجامی بێ هێزیدا لە هۆشی خۆی دەچێت. واتە بوورانەوە روودەدات.

ئێواران کاتی رۆژو شـــکاندن، بە هۆی برســـێتی زۆرەوە مرۆڤ ئەوەندەی دەتوانێت خواردن دەخوات.. دوای تێرخواردنێکی زۆر، گەدەو ریخۆڵەکان بە ئاسانی خواردنی زۆریان بۆ هەرس نابێـــت، بەو حاڵەوە بە ســـەریا دەنوێت. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی نووســـتن‌و بینینی خەونی ناخۆش، یا ئازاری گەدەو ریخۆڵە.

هەندێک کەس بە نیازی دابەزینی کێش (رێجیم) بە رۆژو دەبن! لە راســـتیدا کارێکی یەکجار هەڵەیە. چونکە دابەزینی کێش بۆ مرۆڤی قەڵەو دەبێت لە ژێر چاودێری پزیشکدا بێت. بۆ هەر کەســـێک بە گوێرەی کێش‌و درێژی باڵا، پزیشـــک بەرنامەی تایبەتی خواردن‌و ماوەی تایبەتی بۆ دیاری دەکات. مانگرتن لە خواردن‌و بە رۆژو بوون لە بری رێجیم زیانی بۆ لەش هەیە نەک سوود.

٤- **زەکات دان:** ئاینـــەکان وەک دیـــاردەی کۆمەڵایەتـــی، هەر یەکەو بە گوێرەی ســـەردەم‌و هەلومەرجـــی دیاریکراوی کۆمەڵگای خۆی، لە هەوڵی گۆڕانکاریی‌و چاکســـازیی کۆمەڵایەتیدا بوون. گەلێک لە ئاینەکان لە رۆڵی خۆیان لە مێژوودا، چاکسازی مەزنیان بۆ سەردەمی خۆیان ئەنجام داوە. زەکات دان یەکێکە لەو چاکسازییانە کە لە گەلێک لە ئاینەکاندا هەیە. بە گشتی بریتییە لە بڕێکی دیاریکراو لە داهاتی مرۆڤ، کە پێویســـتە لە ســـەریان بیدەن بە هەژاران. ئاینی ئیســـلامیش لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد دا، گەلێک چاکسازی لە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتاندا کردووە، لەوانە هێنانە گۆڕو کردن بە یاســـای زەکاتە. ئاینی ئیسلام لە ژێر کاریگەری ئاینەکانی پێشـــترو ســـەردەمی خۆیدا، لەوانە ئاینی جولەکەو دیان، زەکاتی لە ســـەر موســـڵمانان بە بڕێکی دیاریکراو داناوە: -(و أقيموا الصلاةو اتوا الزكاةو اركعوا مع الراكعين) البقرة/٤٣.

واتـــا: (نوێژبکەن‌و زەکاتبدەن، دەگـــەڵ کڕنۆش بەرەکاندا کڕنۆش بـــەرن). (إنما الصدقات للفقراءوالمساكين‌والعاملين عليهاوالمؤلفة قلوبهم‌و في الرقاب‌والغارمين‌وفي سبيل الله‌وابن السبيل فريضة من الله)التوبة/٦٠.

واتا: (زەکات هەر دەبێ بدرێتە هەژاران‌و کەم دەســـتان‌و ئەو کەســـانەی پێ رادەگەن، بەخت بکرێ بۆ هۆگـــری نەیاران‌و رزگارکردنی کۆیلان‌و قەرزداران لە رای خوداو لە رێگابەجێماواندا. بڕیارێکە لە خوداوە.

**-٥ حەجکردن:** حەجکردن بە مانای چوونە زیارەتی پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان. ئەم نەریتە لە گەلێک لە ئاینەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووەو هەیە.

لـــە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبســـتاندا، پێـــش پەیدابوونی ئاینی ئیســـلام، نەریتی حەجکردنیان هەبووە. وەک پێشـــتر وتمان باوەڕیان بە فرەخوداییو بتپەرســـتی هەبوو.. لە شاری مەککەدا کۆمەڵێک پەرستگایان هەبوو بتەکانیان کە پەیکەری خوداکانی ئاسمان بوون، لەو پەرستگایانەو دەوروبەریاندا دانابوون.

لەوەرزی بازرگانیدا لە هەموو لایەکی نیمچە دوورگەوە خەڵک دەهاتن بۆ بازرگانیو حەج کردن. بە هۆی ئەوەی وا باو بوو لە لایان کە پەرســـتگاکانیان لە شـــێوەی شـــەش پاڵو (مكعب)دا دروست دەکردن، بۆیە ناویان نابوون کەعبە. ژمارەی زۆریان لەو کەعبانە هەبوو.

[کەعبەی کۆن، کە گەورەترین کەعبەی مەککە بوو، ٣٦٠ بتی جۆراوجۆری خێڵە جیاجیاکانی تێـــدا بـــوو،وەک: (لات) خودای خێڵی ســـەقیف، (عوزا) خودای خێڵـــی قورەیش، (منات) خـــودای خێڵی ئەوس‌و خەزرەج. گەورەترین بتی کەعبە ناوی (الله) بوو. ئەم کەعبەیە دواتر ئیسلام کردی بە کەعبەی خۆی، بەردەڕەشەکەش کە لە پێش ئیسلامەوە لای خەڵکی حیجاز بە پیرۆز زانراوە، لەوێ دانرا. هەتا ئێســـتاش موســـڵمانان هەروەک ســـەردەمی پێش ئیسلام بە پیرۆزی دەزانن‌و لە مەراســـیمی حەج کردندا بە دەوری هەمان کەعبەو بەردە رەشـــەکەدا دەسوڕێنەوە]١١.

ئاینی ئیســـلام درێژەی بەم نەریتەدا، هەمان پەرســـتگای کەعبەی بە هەمان ناوەوەو هەمان زیارەتیشی بە هەمان ناوی حەج کردنەوە پیرۆزکرد.

کەوایە نەریتی حەجکردن نە لە ئاسمانەوە بە محەمەد رانەگەیەنرا، نە بۆ خەڵکی عەرەبستانیش نوێ بوو، بەڵکو بە زۆربەی مەراســـیمەکانیەوە درێـــژەی نەریتێکی ئاینی کۆنی کۆمەڵگاکەی خۆی بوو، کردی بە یەکێک لە پێنج کۆڵەکەکەی ئاینی ئیسلام:-(و أذن في الناس بالحج يأتوك رجالاو على كل ضامر يأتين من كل فج عميق)الحج/٢٧.

واتا: (بانگەوازی خەڵک بکە بێنە حەج، با بە پیادەیی‌و بە سواری، تەنانەت لە سەر چارەوێی لاوازیش، لە رێی دوورو درێژیش را، بە تۆ بگەن).- (و اتموا الحج‌والعمرة لله)البقرة/١٩٦.

واتـــا: (حەج‌و عەمرە هەر بۆ خودا بـــە تەواوی بە جێبێنن). جیـــاوازی نێوان حەج‌و عەمرە لە ئاینی ئیســـلامدا ئەوەیـــە کە، حەج کردن کاتی دیاریکراوی هەیـــە، عەمرەکردنیش هەمان

مەراسیمەکانی حەج کردنە، بەڵام هەموو کاتێک موسڵمانان دەتوانن بچن بۆ عەمرەکردن.
لەشـــکری ئیســـلام بە رابەری محەمەد، لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا کە هێزی تەواویان پەیدا کردبوو، مەککەیان گرت. موســـڵمانەکان هەتا ســـاڵی نۆیەمی کۆچیـــش لە گەڵ خەڵکە بت پەرستەکاندا پێکەوە حەجیان دەکردو بە دەوری کەعبەو بتەکاندا دەسوڕانەوە!.
لە دوای ساڵی نۆیەمی کۆچییەوە، ئیدی محەمەد بت پەرستانی لە حەج کردن قەدەغە کردو لە سەر موسڵمانان فەرزی کرد:
-(و لله على الناس حج البيت من استطاع اليه سبيلا)آل عمران/٩٧.
واتـــا: (خودا حەجی بڕیارداوە بۆ هەر کەســـێ کـــە بۆی بلوێ). بەم شـــێوەیە دەبینین لە خوێندنـــەوەو روونکردنەوەی زانیاریەکانی قورئانو ئاینی ئیســـلامدا، هەروەها بەراوردکردنیان لـــە گەڵ ئاینەکانی دیکە دا، ئەو راســـتیەمان بۆ روون دەبێتەوە کـــە زانیاریەکانی قورئان لە ئاســـمانەوە دانەبەزیون! بەڵکو لە ئاینەکانی پێش خۆیو سەردەمی خۆیو لەواقیعی تایبەتی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی محەمەدەوە سەرچاوەیان گرتووە.

# ئاستی زانیاریی لە قورئاندا:

کۆمەڵـــگای نیمچـــە دوورگەی عەرەبســـتان لە ســـەردەمی محەمەددا بە هۆی ئـــەوە کە لە ئاســـتێکی نزمی گەشـــەی ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیدا بووە، هەر بەو رادەیەش خاوەنی فەرهەنگو هوشـــیاریی‌و زانیاریی سادەو ساکاری تایبەت بەو واقیعە بووە. دەتوانین بڵێین زانیارییەکانی قورئان هەڵقوڵاوی ئەو ئاســـتە دیاریکراوەی گەشەی ئابوریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی تایبەت بە کۆمەڵگای عەربســـتانن. با وەک نموونە باســـی هەندێک لەو ئاســـتانەو رەنگدانەوەیان لە ئایەتەکانی قورئاندا بکەین:
**لـــە رووی ئابوریی‌و پیشـــەییەوە:** بە هۆی ئەوەی بەشـــێکی زۆری خاکـــی نیمچەدوورگەی عەرەبســـتان بیابانە، زەوی بۆ کشتوکاڵ بێ پیتو نالەبارە. لە سەردەمی محەمەددا بەشێکی زۆری خێڵە عەرەبەکان کۆچەری بوون، بەخێوکردنی مەڕوماڵات ســـەرچاوەی ژیانیان بوو. بە دوای لەوەڕگادا هەمیشە لە کۆچدا بوون. هەندێک لە خێڵەکان لە گەڵ ئەوەدا کە نیشتەجێش بـــوون، بە دوای لەوەڕگادا کۆچی زســـتانەو هاوینەیان هەر کـــردووە، لەوانە خێڵی قورەیش. قورئـــان ئەم زانیاریەی بە ئایەت داڕشـــتووە:-(لإيلاف قريش. إلا فهم رحلة الشـــتاءو الصيف. فليعبدوا رب هذا البيت)قريش/١،٢،٣.
واتا: (بۆ پێکەوەمانی قورەیش. کە ساڵانە دوو جار دەچن بەرەو زۆزانو گەرمیان. با خودانی ئەم خانووە بپەرســـتن). خێڵە عەرەبەکان کەڵکی زۆریان لەوشـــتر وەرگرتووە، جگە لە وشتر مەڕو ماڵاتو مانگایان بەخێوکردووە، سوودیان لە بەروبوومەکانیانوەرگرتووەو لە گۆشتەکانیان

خواردوون. هەروەها ئەسـپو ئێسـترو گوێدرێژیان هەبووە، کە بۆ سواریو بارکردن کەڵکیان لێوەرگرتوون. وەک لەم دوو ئایەتەی خوارەوەدا ئەم زانیارییەی باسی کردووە:
-(و من الأنعام حمولةو فرشا كلوا مما رزقكم اللهو لا تتبعوا خطوات الشيطان)الأنعام/١٤٢.
واتـا: (لە ماڵاتیش بڕێکی بـۆ بارلێنانو بڕێکی بۆ کوڵکەو خـوری بەدیهێنا، لەوەی وا خوا کردوویەتە ڕۆزی بۆتان بخۆنو ڕێوشوێنی شەیتان مەگرنەبەر).
-(و الخيلو البغالوالحمير لتركبوهاو زينة)النحل/٨. واتا: (ئەسـپو ئێسـترو کەریشی هەم بۆ سـواریو هەم بۆ خۆبەجوان ڕانانی ئێوە چێکرد). خەڵکی نیمچەدوورگە ئەو شـێوە ژیانە لە قورئانەوە فێر نەبوون، بەڵکو قورئان زانیارییەکانی خۆی لە شـێوەی ژیانی ئەو سـەردەمەی ئەوان وەرگرتووەو لەو ئاسـتەدا دایڕشـتۆتەوە. جگە لە شـێوە ژیانی کۆچەری، بەشـێکی دیکەی خێڵە عەرەبەکان لە گوندو شـارەکاندا نیشـتەجێبوون. هەندێک لەوانە بە کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون.
لە شـاری مەدینەو تائیفـو دەوروبەری بە هۆی ئەوەی ئاودار تر بووە، بەشـێکی خەڵکەکەی ڕەزو باخی دارخورماو هەنارو زەیتونیان کردووە. لەو سەردەمەدا لە ترێو لە خورما شەرابیان دروستکردووەو ناردوویانەتە بازاڕ بۆ فرۆشتن.واتا خواردنەوەی ئالکهول ئاسایی بووە.
قورئان زانیارییەکانی ئەم لایەنەی ژیانی بەم شێوەیە لە ئایەتدا داڕشتووە: -(و من النخل من طلعها قنوان دانيةو جنات من أعنابوالزيتونوالرمان مشتبهاو غير متشابه)الأنعام/٩٩.واتا: (لە کڵۆکی دارخورماوە هێشـووی پڕو شۆڕەوەبوو لە گەڵ باخاتێک لە ڕەزو زەیتونو بنە هەناری هاو وێنەو لە یەک جیامان بەرهەم هێنا).
-(و من ثمرات النخيلو الأعناب تتخذون منه سكراو رزقا حسنا)النحل/٦٧.
واتا: (لە بەرهەمی دارخورماو ڕەزەکانیش، سەرخۆش کەرەو بژیوی باش ڕەنێو دێنن).
بەشـێکی دیکەی خەڵکی عەرەبسـتان بە کاری بازرگانییەوە خەریک بوون. شاری مەککە بە هۆی شـوێنی جوگرافیەوە، کە دەکەوتە سـەر ڕێی کاروانە بازرگانیـەکان، ببوە ناوەندێکی بازرگانی. بازاڕی عەکاز بازاڕێکی وەرزیی بەناوبانگی بازرگانی ئەو شارە بوو. هەروەها بازاری قەینوقـاع، بازاڕی جولەکەکانی مەککە بـووە، کە زۆربەیان زێڕینگەر بـوون. لەو بازاڕانەدا پێوانەو کێشانەیان هەبووە، واتا تەرازویان بەکار هێناوە. قورئان ئەو ئامێرە سەرەتاییەیوەک زانیارییەک وەرگرتووەو دەیەوێت بەم شـێوەیە ڕۆڵی خۆی تێـدا بگێڕێت: -(و أوفوا الكيلو الميزان بالقسط)الأنعام/١٥٢.
واتا: (با پێوانەو تەرازوشتان بەرامبەر بێو کەموکوڕی تێدا نەبێ).
دەوڵەمەنـدە ئەرسـتۆکراتەکانی خێڵـی قورەیش، هەر لە کۆنەوە بە هۆی دەسـەڵاتیانەوە باجیان لە کاروانە بازرگانیەکان وەردەگرتو سـەرچاوەیەکی باشـی داهاتیان بوو. خۆشیان کاروانـی بازرگانییان دەکرد. محەمەد خۆی پێش ڕاگەیاندنـی پێغەمبەرایەتیەکەی، بۆ کاری بازرگانی دوو جار چووە بۆ شـام، جارێک لە گەڵ ئەبو تالیبی مامی، جارێکیش لە گەڵ ئەبو

بەکری ســـدیقی هاوڕێی. دەوڵەمەندە ئەرستۆکراتەکانی مەککەو مەدینە بەرهەمو سامانیان بە قەرزی ســـوو بە خەڵک دەدا، تا دواتر بە قازانجێکی زۆرەوە بۆیان بگەڕێننەوە. د. حســـەین مروە لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەرســـتۆکراتەکان پارەیان بە قەرز ئەدا بۆ بەشـــداری لە کاروانە بازرگانیەکاندا بە ســـودێکی یەکجار زۆر، کە دەگەیشـــتە رادەی لە ســـەدا سەد)١٢. محەمەد رەخنـــەی لەم حاڵەتە گرتووە، هەوڵیداوە چاکســـازییەک لەو دیاردەیـــەدا بە قازانجی خەڵک بکات، داوای لە دەوڵەمەندەکان کردووە کە سوو وەرنەگرنو هانیان دەدات زەکات بە هەژاران بدەن. ئەم حاڵەتەی لە قورئاندا بەم شێوەیە داڕشتووە: -(و ما أتيتم من ربا ليربوا في أموال النـــاس فلا يربوا عند اللهو ما أتيتم مـــن زكاة تريدونوجه الله فأولئك هم المضعفون)الروم/٣٩. واتا: (ئەوەی بە ناوی سوو ئەیدەن کە لە ناو ماڵی خەڵکدا زێدە ببێ، لجەم خودا زێدە نابێ، بـــەڵام ئەو ماڵی کە بە زەکات دەیدەنو دەتانەوێ خـــودا لە خۆتان رازی کەن، زۆرترتان پێ دەگاتەوە). هەندێک لە خەڵکی نیمچەدوورگە لەو سەردەمەدا بە کاری پیشەسازی دەستییەوە خەریک بوون. وەک دروســـتکردنی قاپو کەرەسەی گڵین، پێستە خۆشەکردن، خوری رستن، جۆلایی، دروســـتکردنی شـــەراب لە ترێ، عەرەق لە خورما، دروســـتکردنی شمشێر، قەڵغان، باڵاپۆش، چەقۆ، زنجیر لە ئاســـن، دروســـتکردنی خشـــڵی رازاندنەوەو جوانی لە زێڕو زیوو گەوهەری دەریا، دروستکردنی قاپو مەنجەڵی مسو......هتد.

لە ســـەردەمی محەمەددا لە ناوچەی حیجاز ئەو پیشەســـازیە دەستییانە هەبوون. لە شاری مەککـــەدا گەلێک دوکانی زێڕینگەر هەبووە. دوکانی ئاســـنگەری کـــورە هەبووە، کە بە هۆی دەماندنـــەوە ئاگرەکەیان گەرم کردووەو ئاســـنیان لە ناودا ســـور کردۆتـــەوەو نەرم کردووە. دەبینین زانیاریەکانی قورئان لە ئایەتەکاندا ئاماژەن بەو ئاستە پیشەییەی کە لەو سەردەمەدا باو بووە:- (و ألنا له الحديد. أن أعمل سابغاتو قدر في السردو اعملوا صالحا إني بما تعملون بصير)ســـبأ/١١،١٠.واتا: (ئاسنیشـــمان بۆ نەرم کرد. کە تۆ باڵاپۆش لە ئاسن دروست بکە، گەوچن لە ئەندازەدا بن، با کارەکانتان هێژا بن، خۆم کاری ئێوە دەبینم).

-(و الذين يكنزون الذهبو الفضةو لا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم)التوبة/٣٤.

واتا: (ئەو کەســـانەی زێڕو زیو کۆدەکەنەوەو لە رای خوادا بەختی ناکەن، تۆ لەو ئازارە بە ژانەی تووشی دێن ئاگاداریان بکە).

-(و ترى المجرمين يومئذ مقرنين في الأصفاد)إبراهيم/٤٩.

واتا: (ئەوی رۆژێ تاوانبارەکان دەبینی بە زنجیر جەلە کراون).

(أنزل من الســـماء ماء فســـالت أودية بقدرها فاحتمل الســـيل زبدا رابياو مما يوقدون عليه في النـــار ابتغاء حلية أو متاع زبد مثله)الرعد/١٧. واتا: (لەو حەوایە ئاوێکی داڕژاندووە، پڕاوپڕی بارستایی نەواڵان دێ، لافاوی کەفێکی سەربڵندی دێتەسەر، هەروەک ئەو کەفەی بە هۆی ئاگر دەماندنێ، دێتە ســـەر کەرەستەی خشڵو ئەسپابی تر). لەو سەردەمەدا ئەو میتاڵانە هەبوون، بۆیە دەبینین زانیارییەکانی قورئان لەوانە واوەتر نەچووە، بە هیچ جۆرێک پەی بەوە نەبردووە

کە لە سروشـــتدا چەندین میتاڵی دیکەی وەک فافۆن، پۆڵا، ئەڵماس....هتد هەن. یاخود لە تێکەڵکردنـــی جۆرەکانی میتـــاڵ، جۆری دیکەی میتاڵی پتەوتر دروســـت دەکرێن، کە ئەوانە هەموو لە دوای ســـەردەمی محەمەدو قورئان دۆزراونەتەوە. جگە لەوانە قورئان باسی کەشتی چارۆکەداری کردووە کە بە هۆی «با»وە لە دەریادا دەڕواتو دەجولێت. کە لەو ســـەردەمەدا هەبووە: -(و من آياته الجوار في البحر كالأعلام. إن يشـــاء يســـكن الريح فيظللن رواكد على ظهره إن في ذلك لآيات لكل صبار شكور)الشورى/۳۲،۳۳.

واتا: (هەر لە نیشـــانانی ئەون، ئەو گەمیانەی کە چیائاسا لە ناو دەریادا دێنو دەچن. ئەگەر حەز کا، با رادەگرێو بە قەتیسی دەمێننەوە، لەمەدا بۆ ئەوانەی خۆڕاگرو سوپاسکارن، بەڵگە فرەن). لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا دەڵێت کە، هاتوچۆی ئەو کەشتیانە لە دەسەڵاتی خودادایە، بەوە کە بە هۆی باوە دەجولێن، ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ «با» کە رابگرێ، ئەو کەشتیانە پەکیان دەکەوێتو لە شوێنی خۆیان لە دەریادا گیردەخۆن!. ئەم زانیارییەی قورئان پەیوەستە بە ســـەردەمی محەمەدەوە کە کەشـــتی چارۆکەدار پێشـــکەوتوترین داهێنانو جۆری کەشتی بووە. ئەو جۆرە کەشـــتییانە بە خێراییەکی کەمو دیاریکراو لە دەریادا هاتوچۆی پێکراوەو لە گواستنەوەو بازرگانیدا بە کارهاتووە.

ئـــەوەی لێرەدا گرنگـــە بوترێت ئەوەیە کە، زانیارییەکانی قورئان تایبەت بە ســـەردەمەکەی خۆیەتی، هیچ پێشـــبینییەکی دەربارەی داهاتووی کەشـــتی سازی نەبووە. پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە، رۆژێک لە رۆژان لە ســـەردەمی زانســـتو تەکنۆلۆژیادا داهێنانی مرۆڤ دەگاتە رادەیەک، ئاســـتی زانیاریی ئەو ئایەتە تێدەپەڕێنێو جۆرێک لە کەشـــتی دروست دەکات هیچ پێویســـتی بە «با» نامێنێت، بەڵکو بە هۆی مۆتۆڕەوە بە قەبارەو خێراییەک بە ناو دەریادا دێتو دەچێت کە هەرگیز خەیاڵو بیری محەمەد بۆی نەچووە.

**لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:** بۆ ئەوەی بزانین زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی قورئان لە چ ئاستێکدانو لە کوێوە ســـەرچاوەیان گرتووە، باشـــتروایە بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمینـــە کۆمەڵایەتییەی کە ئاینی ئیســـلام تیایدا ســـەریهەڵدا. تا لەوێـــوە لە دیاردە کۆمەڵایەتـــیو نەریتە باوەکانی ئەو ســـەردەمەو پەیوەندییان بە زانیارییو دەقی ئایەتەکانی قورئان بکۆڵینەوە. وتمان کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان لە سەردەمی محەمەددا کۆمەڵگایەکی خێڵەکی بوو. یانی دیاردەو دابو نەریتـــە خێڵەکیەکان زاڵو باو بوون. ئاینی ئیســـلام رەخنـــەی لە هەندێک لەو نەریتانە گرتووەو چاکســـازی تێدا کردوون. هەندێکیشـــیانی درێژە پێداوەو لە ئایەتەکانی قورئاندا بۆ هەمیشـــە پیرۆزی کردوون. لە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەدا ئەو راســـتیەمان بۆ رووندەبێتەوە کە، ئاســـتی زانیارییەکانی قورئان تایبەتن بە کۆمەڵگای عەرەبســـتان لە ســـەردەمی ژیانی محەمەددا.

**دیاردەی شـــەڕو تاڵانکردن:** شـــەڕی نێوان خێڵـــەکان کە نەریتێکی باو بـــوو، زیاتر بە هۆی نەداریيو کەمدەرامەتیو ســـەختی ژیان، یان لە ســـەر لەوەڕگاو تۆڵەی خوێنو ناموسپەرستی

بەرپا دەبوو. چەکدارانی خێڵ کە بە شمشـــێر چەکداربوون، لەو هێرشو پەلامارانەدا دەستیان لە کوشـــتن نەدەپاراست. لە دوای کوشتاریش خێڵی ســـەرکەوتوو، مەڕوماڵاتو ئاژەڵو ژنانی خێڵی شـــکاویان بە تاڵانـــی دەهێنانو لە ناو خۆیاندا دابەشـــیان دەکـــردن. ژنانی تاڵانکراو دەکرانە کۆیلەو کەنیزەک بۆ خزمەتی پیاوانی خێڵی ســـەرکەوتوو. بەم شێوەیە بەدەستهێنانی دەسکەوت لەو شەڕانەدا، ئامانجو ئارەزوش بوو!.

ئەو کەســـە بە ئازاو دلێر لە قەڵەمدەدرا کە دەســـکەوتی باشتری لە شەڕدا هەبوایە!. کاتێک ئاینی ئیســـلام لە مەدینە دەســـەڵاتی پەیدا کرد، محەمەد لە پێناوی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیدا بە سەر خێڵەکانی نیمچەدوورگەدا، بۆ ئەوەی لەشکری موسڵمانان بە ئامانجی دەســـکەوت باشـــتر بجەنگن، نەریتی باوی شەڕو تاڵانکردنی درێژە پێدا، لە قورئاندا بە ئایەت حەڵاڵی کردو یاســـای بۆ دانا، بە گوێرەی ئەم ئایەتەی خـــوارەوە: -(واعلموا أنما غنمتم من شـــيء فأن لله خمسەو للرسولو لذي القربیواليتامیوالمساكينوابن السبيل إن كنتم آمنتم بالله) الأنفال/٤١.

واتـــا: (وە بزانن بە راســـتی هەر جۆرە ســـوودو غەنیمەتێک بە ئێوە بـــگات، یەک پێنجەمی ئـــەوە بۆ خوداو پێغەمبەرو خزمانو هەتیوانو مســـکێنانو لە رێـــگا داماوانە، ئەگەر بڕواتان بـــە خودا هەیە). -(فكلوا مما غنمتم حـــلالا طيباو اتقوا الله)الأنفال/٦٩. واتا: (ئەو تاڵانەی گرتووتانە حەڵاڵو زەڵاڵە بیخۆن، ترسیشـــتان لە خودا هەبێ). دەبینین زانیاریو یاسایەک کە لەو دوو ئایەتەدا هاتووە، لەواقیعی شـــەڕەنگێزیو دواکەوتوویی ئەو ســـەردەمەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاینی ئیسلام لە پێناوی سەرکەوتنی خۆیدا درێژەی پێداوە، بە رێگای ئایەتو قورئان موســـڵمانانی هانداوە بۆ شەڕو تاڵانکردنو پیرۆزی کردووە.

**دیـــاردەی کۆیلەداریـــی:** هەرچەندە کۆیلەداریی وەک سیســـتەم لە ســـەردەمی محەمەددا لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبســـتاندا نەمابوو، بەڵام وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هێشتا لە شـــارەکانی مەککەو مەدینەو تائیف هەر مابوو. کۆیلـــەکان لە دەرەوەو لە ناوماڵدا کاری بـــێ کرێیان پێ دەکرا، جگە لە نانەســـکی هیچ مافێکی دیکەیان نەبـــوو.وەک کاڵا لە بازاڕدا لە پێناوی قازانجدا کڕینو فرۆشـــتنیان پێوەدەکرا. محەمەد خۆی کۆمەڵێک کۆیلەی هەبووە، لەوانە: (زەید کوڕی حارسە، کە خەدیجە پێشکەشی کردبوو. ئەبو رافع، قیبتی بوو، عەباسی مامی پێشکەشـــی کردبوو. ســـاڵح، لە عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف کڕیبووەوە. بەهران، ئوم ســـەلمە پێشکەشـــی کردبوو، محەمەد پێی دەگووت سەفینە. ئەنجەشـــە، رەش پێست بوو. مابور، قیبتی بوو، ئەمەیان لە گەڵ ماریەدا لە لایەن مقەوقەســـەوە پێشکەشی کرابوو. أفلح، عبيدة، طهمان، ذكوان، حنين، سندر، فضالة يماني، أبوواقد، قسام، أبو عسين، أبو مويهية)١٣. هەروەها گەلێک لە یارانی محەمەد خاوەن کۆیلە بوون. بەو هۆیەوە کە کۆیلەداری لە سەردەمی محەمـــەددا مابوو، ئەم دیاردەیە بۆتە ســـەرچاوەی زانیارییەک کە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا

باســـی هاتووە. بێگومان ئەگەر ئـــەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای عەرەبســـتاندا نەبوایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو زانیاریانەی کە لە هەندێک ئایەتی قورئاندا باسی هاتووە نەدەبوون، بۆنموونە:
- (يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى الحر بالحروالعبد بالعبدوالأنثى بالأنثى) البقرة/١٧٨.

واتا: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان لە مەڕ ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون، رزگار لە تۆڵەی رزگارو کۆیلـــە لە تۆڵەی کۆیلەداو مێوینە لە بری مێوینە). دیارە بە گوێرەی نەریتو یاســـای خێڵەکی باوی ئەو سەردەمە، باوەڕی پتەویان بە تۆڵەسەندن هەبووە. حاڵەتی کوشتنیان هەر بە کوشتن چارەسەر کردووە!، جگە لەوەش پیاوو ژنو کۆیلەیان بە سێ مرۆڤی جیاواز سەیر کردووە! بۆ نموونە ئەگەر خـــاوەن کۆیلەیەک کۆیلەیەکی کوژرابێت، لە تۆڵەی ئەوەدا دەچوو کۆیلەیەکی خاوەن کۆیلەی بەرانبەری دەکوشـــتەوەو کێشـــەکە کۆتایی پێدەهات. بەڵام بۆی نەبووە لە بەرانبەر کۆیلەیەکدا کەســـێکی ئازاد بکوژێتەوە. ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە کە، لە لایەک ئاینی ئیسلام درێژەی بەو نەریتە خێڵەکیە داوە، لەلایەکی دیکەش پێیوابووە دیاردەی کۆیلەداریی بۆ هەتا هەتایە هەر دەمێنێت!. دەبینین زانیارییەکانی قورئان لەم ئایەتەدا تەواو رەنگدانەوەی ئاستی گەشەی دیاریکراوی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی محەمەدە.

**دیـــاردەی فرەژنی:** دیاردەی فرەژنی یەکێکە لە نەریتەکانی کۆمەڵگای پیاوســـالاری، کە پیاو تیایدا خاوەن دەســـەڵاتو بڕیارەو ژن پلەی کۆمەڵایەتی نزمیان هەیە. ئەم دیاردەیە لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا لـــە کۆمەڵگای خێڵەکی نیمچەدوورگەدا بە شـــێوەیەکی بەربڵاو باوی هەبوو. پیاوان بە گوێرەی نەریتی خێڵ بۆیان هەبووە چەند ئارەزویان کردووە ئەوەندە ژنیان هەبووبێت. هەر کاتێکیش ویســـتبێتیان ژنیان تەڵاقـــداوە، بە بێ ئەوەی هیچ مافێکی بدەنێ. (تەبـــەری لە زوحاکەوە دەگێڕێتـــەوە کە پیاو هەبووە خاوەنـــی «١٠» ژن بووە)١٤. ئەمە واقیعی پلەی ژنان بووە لە کۆمەڵگای عەربســـتاندا پێش هاتنی ئاینی ئیسلام. ئاینی ئیسلام بە رۆڵی خۆی چاکســـازییەکی لەو نەریتە باوەدا کردو ســـنورێکی بۆ دانا. ئەو یاســـایەی بۆ کۆمەڵـــگای عەرەبســـتان دانا کە پیاو بۆی نەبێت لە یـــەک کاتدا لە چوار ژن زیاتری هەبێت. شـــایانی باسە ئەم یاسایە محەمەد خۆی نەدەگرتەوە! خۆی زیاتر لە (١٠) ژنی هەبووە، جگە لە کەنیزەکەکانی. ئەم چاکسازییە لە قورئاندا بەم شێوەیە هاتووە:-(و إن خفتم ألا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النســـاء مثنىو ثلاثو رباع فإن خفتم أن لا تعدلوا فواحدة أو ما ملكت أيمانكم)النســـاء/٣. واتا: (ئەگەر لە مەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترســـان کە نەتوانـــن بـــە تەرزێکی حەقو رەوا دەگەڵیان بجوڵێنەوە، دەتوانـــن وازیان لێ بێنو ژنانی تر مارە بکەن، دوان بن یان ســـیان پێکەوە یا چواریش بن هەر رەوایە، ئەگەر ترســـان هەبوو کە نەتوانـــن ژنەکانتان وەکو یەک تماشـــا بکەن، با یەکێک بێ، یـــان دە گەڵ ئەوانە رابوێرن کە بوونەتـــە موڵکی خۆتان). لەم ئایەتەدا مەبەســـتی لەو ژنانە کـــەوا بوونەتە موڵکی خۆتان، ژنانی کۆیلەن کە لە بازاڕ بە پارە دەیانکڕین، هەروەها ژنانی کەنیزەک کە لە شـــەڕدا بە دیل

دەیانگرتن. محەمەد بێجگە لە ژنەکانی خۆی، کۆمەڵێک کەنیزەکی هەبووە، لەوانە: (سلمی أم رافع، میمونة بنت ســعد، خضیرة، رضوی،دیشحة،أم ضمیر، میمونة بنت أبي عسیب، ریحانة، أم أیمن، أمیمة، سیرین لە گەڵ ماریەی خوشکیدا پێشکەشی کرابوو، هەندێک دەڵێن کە محەمەد سیرینی پێشکەش بە حسان کوڕی سابت کرد)١٥. لێرەدا دەبینین زانیارییەکانی ئەم یاسایە کە لە ئایەتی قورئاندا داڕێژراوە، تەواو پەیوەســتە بە تایبەتمەندییەکانی واقیعی ژیانی ژنانو ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عەرەبستانەوە لە سەردەمی محەمەددا.

**دیاردەی مەی خواردنەوە:** وەک پێشــتر وتمان لە کۆمەڵگای عەرەبستاندا پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، دروستکردنو خواردنەوەی شەراب ئاسایی بوو. لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامیشدا خواردنەوەی ئالکهول هەر ئاسایی بوو. [مەعاز کوڕی جەبەلو چەند کەسێک لە ئەنسارەکان لە پێغەمبەر (دخ)یان پرســی: روونکردنەوەیەکمان لە سەر بادەو قومار بدەریێ؟ بە دوایدا ئەم ئایەتە دابەزی: (یســالونک عن الخمروالمیســر قل فیهما اثم کبیرو منافع للناسو اثمهما اکبر من منافعهما) بقرة/٢١٩.]١٦. واتا: (لە مەیْ شــەرابو قوماریش لێت دەپرسن، بێژە: تاوانیان گەورەیــەو بــۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە، تاوانەکە لە بەهرەکەیــان زۆرترە). بە هۆی ئەوەی ئەم دیاردەیە لە هەندێک رووەوە کێشــەی بۆ موســڵمانەکان دروســت دەکرد، وەک ئەوەی بــە سەرخۆشــی نوێژیان بە هەڵە خوێنــدووە، بۆ نموونە: [هەندێک لــە هاوەڵانی پێغەمبەر (دخ) مەییان ئەخواردەوەو بە سەرخۆشــی نوێژیان ئەخوێند. ئەبی عەبدولڕەحمان گێڕایەوە: عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف دەعوەتی هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دخ)ی کرد. خواردیانو خواردیانــەوە، دوای ئەوە بە سەرخۆشــی چوون بۆ نوێژی خەوتنــان. عەبدولڕەحمان خۆی پێشــنوێژی بۆکردنو ئاوادەســتی پێکرد: (قل یا ایها الکافرون...!) بۆیە خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: (یا أیها الذین آمنوا لا تقربوا الصلاةو أنتم سکاری حتی تعلموا ما تقولون ) النساء/٤٢. ] ١٧. واتا: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە سەرخۆشی لە نوێژێ نزیک مەبنەوە، هەتــا تێبگــەن دەڵێن چی). داڕشــتنی ئەو ئایەتە بــۆ ئەوە بووە کە ســنورێک بۆ مەی خواردنەوەی موسڵمانەکان دابنێت. هەندێک جاریش موسڵمانان بە سەرخۆشی لە ناو خۆیاندا شــەڕیان کردووە، بۆ نموونە: [ســەماک کوڕی حەرب وتی: مەســعەب کوڕی سەعد کوڕی ئەبیوەقاس بۆی گێڕامەوە کە باوکی وتوویەتی: چووم بە ســەر چەند کەسێک لە موهاجریندا لە بێســتانێکدا، پێیانوتم: وەرە با تێر خواردنو خواردنەوەت بکەین پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت.. لە لایان دانیشــتم، گۆشتی بەرخیان دەبرژاندو قەڕابەی مەی دانرابوو، دەستمان بە خواردنو خواردنەوە کرد.. من باسی ئەنسارو موهاجرینم بۆ کردن، وتم: موهاجرین لە ئەنسار باشــترن. لە سەر ئەم قسەیە یەکێک لەوان مستێکی کێشا بە لووتما. منیش چوومە خزمەت پێغەمبەر (دخ)و رووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەوەبوو خودای گەورە بەو بۆنەیەوە ســەبارەت بە مەی خواردنەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند: (یا أیها الذین آمنوا إنما الخمروالمیسروالأنصابوالأزلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه)(المائدة) ٩٠ ]١٨.

واتا: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، شـــەراب خۆریو قوماربازیو کێل پەرســـتیو گرەو لە سەر تیران کردن، لە کارەکانی شـــەیتانن، خۆتانی لێ بپارێزن). داڕشـــتنی ئەم ئایەتەی سەرەوە کاتێک بوو کە ئیســـلام دەسەڵاتی مەحکەم بوو بوو، بۆیە ئیدی بەیەکجاری مەی خواردنەوەو ئەو یارییانەی کە لە ئایەتەکەدا باســـیان هاتووە لە موســـڵمانان حەرام کرا. لێرەدا دەبینین هەڵوێستی قورئان سەبارەت بە دیاردەی مەی خواردنەوە، لە رووە زانستیەکەیەوە نییە کە زۆر خواردنەوەی مەی زیان بە تەندروســـتی مرۆڤ دەگەیێنێت، بەڵکو زانیارییەکانی قورئان لەوێوە ســـەرچاوەی گرتووە کە موسڵمانان بە سەرخۆشـــی نوێژ بە هەڵە دەخوێنن!، یان سەرخۆش بوون شـــەڕو کێشـــە دەخاتە ناو موســـڵمانانەوە. کەواتە بۆیە مەی خواردنەوەی لێ حەرام کردوون، چونکە زیانی بۆ ئاینەکەیان هەبووە!. یانی ئاســـتی زانیاریی قورئان ســـەبارەت بە دیـــاردەی مەی خواردنەوە، لە رووە ئاینیو کۆمەڵایەتییەکەیەوە بە گوێرەی واقیعی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی محەمەد، سەرچاوەی گرتووە.

# ئەنجامگیریی بەشی پێنجەم:

١ — قورئان زۆربەی داســـتانو بەســـەرهاتی ئەو موعجیزانەی کە باسی کردوون، لە تەوراتو ئینجیلەوە وەریگرتوون. ئەو داســـتانە موعجیزانە رەنگدانەوەی هوشیاری ئەو سەردەمانەن کە ئەفسانەو ئاین لە بیروباوەڕی خەڵکدا ئاوێزانو دەستلەملانی یەکتربوون.

٢- محەمەد لە لایەک تەنها قورئان بە موعجیزەی خۆی دەزانێت، بەڵام لە لایەکی دیکە هەر لە قورئاندا دەڵێت کە لە ماوەی شـــەوێکدا چۆتە فەلەســـتینو لەوێشـــەوە چووە بۆ ئاسمانو گەڕاوەتەوە!. ئەمە دوو خاڵی ناکۆکن لە قورئاندا.

٣- هەموو ئەو موعجیزانەش کە لە دەرەوەی قورئان لە ســـەر محەمەد باســـکراون، لە لایەن باوەڕدارانی ئەوەوە، بۆ گەورەکردنو بە پیرۆزڕاگرتنی دروستکراون. لەواقیعدا هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە سەر روودانیان نییە.

٤- ئەرکو فەرزەکانی ئیسلام کە لە قورئاندا باسکراون، لە ئاسمانەوە نەهاتوونەتە خوارەوە، بەڵکو زۆر پێش ئیســـلام ئەو بابەتە ئاینیانە لە ئاینەکانی پێش ئیسلامو سەردەمی ئیسلامدا پیادەکراون. ئەوانە خاڵی هاوبەشی گەلێک لە ئاینەکانن. بەڵگەی ئەو راستییەن کە ئیسلامیش ئاینێکە وەک هەموو ئاینەکانی دیکەی مرۆڤایەتی.

٥- زانیارییەکانی قورئان رەنگدانەوەی ئاســـتی گەشـــەی ئابوریـــی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی ســـەردەمی محەمەدن، لەو ئاستە دیاریکراوە تێپەڕیان نەکردووە. هەر بۆیە لە گەڵ زانیارییو زانستەکانی دوای سەردەمی خۆیدا ناکۆک دێتەوە.

٦- قورئان سەرچاوەیەکی زانستی نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی ئەدەبیو رۆشنبیریی سەردەمی خۆیەتی. جێگای هەڵســـەنگاندنو تێڕامانـــە. دەقێکی مێژوویی گرنگە کـــە بایەخی تایبەتی هەیە.

# پەراوێزی بەشی پێنجەم:

١ – مجموعة من المجتهدين، الأعجاز العلمي في القرآن حقيقة أم وهم، ص١٧.
٢- صادق النيهوم، الأسلام في الأسر، ص١١٢.
٣- نووسەر، ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١١٢.
٤- قطب الدين سعيد بن هبة الله الراوندي، قصص الأنبياء،ص٣٢٥.
٥- هەمان سەرچاوە، ص٣٢٥.
٦- هەمان سەرچاوە، ص٣١٢.
٧- عبدالقاهر البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٣٤٤.
٨- د. رشيد الخيون، جدل التنزيل، ص٨٤.
٩- هەمان سەرچاوە،ل٨٥.
١٠- معروف الرصافي، الشخصية المحمدية، ص٥٩٩.
١١- نووسەر، ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، ل١١
١٢- د، حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية، ص٢٢٣.
١٣- معروف الرصافي، الشخصية المحمدية، ص
١٤- ئارام رەشید، جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ، ل٢١٢
١٥- معروف الرصافي، الشخصية المحمدية، ص٣٤١.
١٦- أبي الحسن النيسابوري، أسباب النزول، ص٣٨.
١٧- الواحدي، أسباب النزول، ص٨٠.
١٨- هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

**کۆتایی**

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

# سەرچاوەکان


١ – القرآن الكريم .
٢- الكتاب المقدس (التوراتوالإنجيل)، دار الكتب المقدس في الشرق الأوسط، ١٩٩٦.
٣- البدايةوالنهاية، إبن كثير، دار الفكر.
٤- مختصر تفسير الطبري، دار إبن كثير، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.
٥- الروح، إبن القيم الجوزية، دار إبن كثير، دمشق، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٠.
٦- أسباب النزول، جلال الدين السيوطي، عالم الكتب، بيروت، ١٤٢٢ الهجري.
٧- أسباب النزول، أبي الحسن النيسابوري، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩١.
٨- الشخصية المحمدية، معروف الرصافي، منشورات الجمل، المانيا، كولن، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.
٩- الفرق بين الفرق، عبدالقاهر البغدادي.
١٠- أصل الأنواع، تشارلز داروين، دار التنوير، بيروت، ٢٠٠٧.
١١- دور العمل في تحول القرد إلى إنسان، أنجلس، ١٨٧٦.
١٢- تفسير الأحلام، سيگموند فرويد، ترجمة عبد المنعم الحفنى، مكتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٧.
١٣- النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية، د. حسين مروة، دار الفارابي، بيروت.
١٤- جدل التنزيل، د. رشيد الخيون، منشورات الجمل، المانيا، كولن، الطبعة الأولى،٢٠٠٠.
١٥ - الأســـلام في الأســـر، صادق النيهوم. دار رياض الريس للكتبو النشـــر، الطبعـــة الرابعة، ٢٠٠٠.
١٦- الثورة العلمية الحديثةو ما بعدها، علي الشـــوك، دار المدى للثقافةو النشر، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.
١٧- الوعيو العالم السايكولوجي، د. صلاح الجابري، دار الأوائل للنشرو التوزيع، سورية، ٢٠٠٥.
١٨- الأعجاز العلمي في القرآن، حقيقة أموهم، مجموعة من المجتهدين.
١٩- الطريق الصحيح لتشـــخيصو علاج العقم، د. نجيب ليوس، من الأنترنيت، بهذاالعنوان: عالم المرأة، الأمومةو الطفولة، الحمل.www.rafed.com
٢٠- أختيار جنس المولود، د. نجيب ليوس، من الأنترنيت. نفس المصدر السابق.
٢١- قورئانی پیرۆز*،وەرگێڕدراوی مامۆستا هەژار، چاپخانەی بزرگ قرآن كريم.
٢٢- خەونەکان لە نێوان زانستو بیروباوەڕدا، علي الوردي،وەرگێڕانی، عبدللە جبار، چاپو پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
٢٣- بانکی زانیاری بۆ نەوجەوانان، د. ســـۆنیتا گۆپتا / د. نینا ئاگراول،وەرگێڕانی بۆ کوردی باســـط حەمە غەریب، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠.
٢٤- چیرۆکی گیانداران لە قورئانی پیرۆزدا، حامد حســـين الفلاحي،وەرگێڕانی سۆران محمد غریب، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆز، ٢٠٠٠.
٢٥- جەهالەتی ئیسلامو دنیای هەوچەرخ، ئارام ڕەشید، چاپی یەکەم،٢٠٠١.
٢٦- قصص الأنبياء، قطب الدين سعيد بن هبة الله الراوندى، من الأنترنيت، بهذا العنوان: المكتبة الأسلامية، التأريخ.www.rafed.net
٢٧- ئایا قورئان ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، تەهاوەهاب، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.


***وەرگێڕانی ســـەرجەم ئایەتەکان لەم کتێبەدا بۆ کوردی، لەوەرگێڕدراوی قورئان بە کوردی مامۆستا هەژار وەرمگرتووە.**

# ناوەرۆک

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی ........ ل٥
دەروازە ........ ل٩
**بەشی یەکەم:**
دروستبوونی گەردوون ........ ل١٤
ئەسڵی گەردوون لە روانگەی قورئانەوە ........ ل١٥
ئەسڵی گەردوون لە روانگەی زانستەوە ........ ل١٦
ماوەی دروستبوونی گەردوون ........ ل٢٠
دیاردەو پێکهاتەکانی گەردوون لە روانگەی قورئانەوە ........ ل٢٣
پێکهاتی گەردوون لە روانگەی زانستی نوێوە ........ ل٣٢
دیاردەو ئاڵو گۆڕەکانی پەیوەند بە زەوی ........ ل٣٥
ئەنجامگیری ........ ل٤٢
پەراوێزی بەشی یەکەم ........ ل٤٣
**بەشی دووەم:**
زیندەوەران ........ ل٤٤
دروستبوونی زیندەوەران لە روانگەی قورئانەوە ........ ل٤٤
دروستبوونی مرۆڤ لە روانگەی قورئانەوە ........ ل٤٥
گیانەوەرانی دیکە ........ ل٥١
دروستبوونی رووەک لە روانگەی قورئانەوە ........ ل٥٤
فریشتە، جنۆکە، شەیتان ........ ل٥٥
دروستبوونی زیندەوەران لە روانگەی زانستەوە ........ ل٥٩
پەیدابوونی مرۆڤ لە روانگەی زانستەوە ........ ل٦٩
ئەنجامگیری ........ ل٧٣
پەراوێزی بەشی دووەم ........ ل٧٥
**بەشی سێیەم:**
پەیوەندی نێوان سروشتو زیندەوەران ........ ل٧٦

کاریگەری سروشت لە سەر مرۆڤ ..... ل٧٧

پەیوەندی نێوان سروشتو گیانەوەران ..... ل٨٠

پەیوەندی نێوان سروشتو رووەک ..... ل٨٣

پەیوەندی نێوان مرۆڤو گیانداران ..... ل٨٦

پەیوەندی نێوان جۆرەکانی گیانداران ..... ل٩٠

ئەنجامگیری ..... ل٩٢

پەراوێزی بەشی سێیەم ..... ل٩٤


**بەشی چوارەم:**


مرۆڤ: جەستەو دەروونو کاریگەریەکان ..... ل٩٥

پرۆسەی دروستبوونی جەستە لە روانگەی قورئانەوە ..... ل٩٥

پرۆسەی دروستبوونی جەستەی کۆرپە لەڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە ..... ل٩٧

ڕۆح لە روانگەی قورئانەوە ..... ل١٠٥

ڕۆح لە روانگەی زانستەوە ..... ل١٠٧

پەیوەندی نێوان جەستەو رۆح لە روانگەی قورئانەوە ..... ل١٠٨

پەیوەندی نێوان جەستەو رۆح لە روانگەی زانستەوە ..... ل١٠٩

نوستنو خەون بینین لە روانگەی قورئانەوە ..... ل١١١

نوستنو خەون بینین لە روانگەی زانستەوە ..... ل١١٢

ئەنجامگیری ..... ل١١٦

پەراوێزی بەشی چوارەم ..... ل١١٨


**بەشی پێنجەم:**


چەند پرسێکی دیکەی قورئانیی ..... ل١١٩

موعجیزەو ئیعجاز ..... ل١١٩

سەرچاوەی زانیاری ئەرکو فەرزەکانی ئیسلام لە قورئاندا ..... ل١٢٦

ئاستی زانیاری لە قورئاندا ..... ل١٣٣

ئەنجامگیری بەشی پێنجەم ..... ل١٤١

پەراوێزی بەشی پێنجەم ..... ل١٤٢

سەرچاوەکان ..... ل١٤٣

ناوەرۆک ..... ل١٤٤


******

# بڕگەیەک لە دەروازەی ئەم کتێبەدا:

-(ومن يبتغ غير الأسلام دينا فلن يقبل منه) آل عمران/٨٥.
واتا: (وە هەرکەسێ بێجگە لە ئیسلام دینێ تر هەڵبژێرێ، هەرگیز لێی قەبوڵ ناکرێ).
دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چواردە ســـەدەو نیو بە ســـەر نووسینو ئامانجێک کە لەو ئایەتەی ســـەرەوەدا ڕاگەیەندراوە، یانی ئەوە کە ئاینی ئیســـلام دەبێ ببێتە ئاینی تاقانەو هەمیشەیی سەرجەم مرۆڤایەتیو قورئانیش ببێتە بەرنامەی ژیانو بیروباوەڕیان! دەبینین هەروا بێ ئاکام ماوەتەوە.

ئەمـــە بەڵگەیەکیواقیعی یە کە ئیســـلامیش ئاینێکەوەک ئاینەکانـــی دیکەی کۆنو نوێ ی کۆمەڵگای مرۆڤ، قورئانیش کتێبێکـــەوەک کتێبە پیرۆزەکانی هەر ئاینێکی دیکە. کۆمەڵێک مرۆڤ بڕوایان پێی هەیەو کۆمەڵێکی زۆری دیکەش بڕوایان پێی نییە.

قورئان ئەگەرچی خۆی ســـورەتو ئایەتەکانی بە هەمیشـــەیی دەزانێـــت! بەڵام زانیاریەکانی تایبەتن بە ســـەدەکانی پێش زانســـت، هەر بۆیە بۆچوونەکانی لە گەڵ گۆڕانو بەرەوپێشەوە چوونـــی بەردەوامی ژیانو سروشـــتو گەردووندا، هەروەها لە گەڵ زانســـتەکانی مرۆڤایەتیدا تووشی ناکۆکیو دواکەوتوویيو بە جێمان هاتووە.

# Comparison Between
# Science and Quraan

Taha Wahab